# شانۆی پۆست مۆدێرنیتی

نیهاد جامی

**کەرکووک- ٢٠٠٨**



**لیژنەی سەرپەرشتیاری زنجیرەی چاپ**

- ئەحمەد تاقانە
- حەمە سەعید زەنگنە
- یوسف لەتیف

ناوی کتێب: شانۆی پۆست مۆدێرنیتی
ناوی نووسەر: نیهاد جامی
بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
تایپ و هەڵەچنی: نووسەر
دەرهێنانی هونەری: زیاد تاریق
لە زنجیرە کتێبی دەزگای شەفەقی ڕۆشنیری- کەرکووک، ژمارە ()
چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر
ساڵی ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە      ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ



## پێشکەشە..

- ❖ بە ڕۆحی باوکم کە لەلای خۆم گاڵتەی بە شانۆ دەکرد و لەناو خەڵکیش شانازی بەوە دەکرد کە کوڕەکەی شانۆکارە
- ❖ بە دایکم کاتی خەریکی پرۆڤەی (زولێخا لەخەونی یوسفدا) بووین ئەو نەخۆش بوو لەسەر بەرماڵ لەخوا پاڕابۆوە تا ئێمە شانۆگەریەکە نمایش دەکەین ئەو هیچی بەسەر نەیەت.
- ❖ بە ئێوە، ئێوە لەنێو گرمەی تەقینەوەکان خەونی بەردەوامیتان لەناوما دروست کرد

# دەسپێک

نووسینەوەی ئەزموونەکان بەتەنیا ریپۆرتوارێکی شانۆیی نیە بەمەبەستی دیکۆمێنت کردنی پرۆژە ئەزموونکاریەکان، بەڵکو وەک سەرچاوەیەک بۆ پرۆژەی ڕەخنەیی و توێژینەوەو گەڕان و پشکنین و تێگەیشتنێکیشە بۆ ئەزموونەکانمان، دەبێت بە تێکستی نووسراومان لەبارەی ئەزموونەکان، لەو تێگەیشتنەوە نووسینەوەی ئەزموونەکان لەو کتێبەدا بووە خولیایەکی سەرەکیمان، بەتایبەت کە هەنگاوێکی درێژمان لە قۆناغی یەکەم بە ٥ ئەزموونی شانۆیی بڕی، سەرەتا پرۆسەیەکی ناونان بوونی نەبوو، هێندەی خولیایەکی ئەزموونی بوو بۆ ئەزموونگەری لەبواری جەستە و دەرکردنی ووشە لە شانۆدا، ئەوەش لەڕووی تیۆریەوە بە شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی و شانۆی وێنەیی پاڵپشتی لە بۆچوونەکان دەکرد، تا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەو ئەزموونە لەجیهاندا وەک ئەزموونێکی نوێ ئامادەبوونی هەیە، بە (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی) ناسراوە، ئیدی ئەو ناونانە بووە هۆی ئەوەی لەڕووی تیۆریەوە بەدوایدا بچین بەتایبەت کە ئەو ئەزموونەی ئێمە سەر بەهەمان تێڕوانینە، ئەوە لەکاتێکدا بوو ئێمە لەماوەی ١٠ ساڵدا ٥ ئەزموونی شانۆیمان لەو بوارە پێشکەش کردبوو، خەڵکانێک بە بانتۆمایم ناویان دەبرد، لەپشت ئەو ناوبردنەش دەیانویست ئەزموونەکان مەحکوم بکەن بە ڕێساکانی بانتۆمایم، بەو ناوەی کە ئێمەی پێ بخەنە تۆڕی ناشارەزاییەوە، بێئاگا بوون لەوەی ئەو کارەیان خۆیانی خستە دادگای تاوانەوە، ئەوە بۆ ئێمە گرنگ نەبوو، هەندێکی تریش بە شانۆی مۆدێرنیتی ناویان دەبرد، ئەوسا و ئێستاش ئێمە هاوڕاین لەوەی کە ئەوە بانتۆمایمە، بەڵام بانتۆمایمێکی جیاواز، بانتۆمایمە لەدژی بانتۆمایم، ئێمە لەو ماوەیە ئەو شانۆگەریانەی نمایشمان کرد تیۆریزەمان کرد وەک قۆناغی یەکەمی ئەزموونەکانمان ناونا (خەونی سرووت ئامێز) نووسینەوەی ئەو ئەزموونەمان وەک پێویستیەک بینی. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە جێگەی بایەخە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئێمە دامەزرێنەر و بەرهەمی بۆشایی نین، بەڵکو کەسانێک لەپێش ئێمە توانیویانە ڕێگە خۆشکەریمان بۆ بکەن، ئێمە بەبێ ئەوان دەبوایە ئەمرۆ ڕێگایەکی درێژترمان ببڕیبا، بەڵام ئەوان بەر لەئێمە هاتن ئەو کارەیان ئەنجامدا، بۆیە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری هەوڵدانێک بوو بۆ زەمینەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی، ئەگەر چی مۆدێرنیتی شانۆیی یەکێک بوو لە دروشمەکانی ئەزموونگەری، بەڵام مۆدێرنیتیەکی ڕەخنەیی بووە، ئەگەرچی نەیتوانیووە لەساتەوەختی خۆیدا پرۆژەکەی تەواو بکات بەوەی بێتە قۆناغی پۆست مۆدێرنیتی، بەڵام توانی دەرگایەک بکاتەوە بۆ ئایندە، ئەو دەرگایە هەمیشە لەلای ئێمە جێگەی بایەخە، بۆیە ئەو قۆناغە نەک هەر بەکەم بایەخ سەیر ناکەین، بەڵکو بەخاڵی وەرچەرخان و سەرەتای پرۆژەی شانۆییمان تەماشای دەکەین.

# دەروازەیەکی تیۆریی

پرسیارکردن لەشانۆی پۆست مۆدێرنیتی، بەمانای وەستاندنی شانۆیەکە لەناو مۆدێرنیتیدا، ئەوەی لەشانۆدا پێی دەوترا مۆدێرنیتی، بەمانا فەلسەفیەکەی پڕۆژەیەکی ناتەواو نیە، بەڵکو پڕۆژەیەکی تەواو بووە، پڕۆژەیەکە پێویستی بە قۆناغێکی نوێ هەیە، شانۆی مۆدیرنیتی خۆی لەسەر دەیالۆگ بنیاتنا، شانۆی نوسەر بوو، ئەکتەر و دەرهێنەر لەڕێگەی نوسەرەوە بەرەو شانۆ هەنگاویان نا، کەچی پۆست مۆدێرنیتی شانۆ لەنوسەر دەسەنێتەوە، بەو سەندنەوەیە پڕۆسەی نوسین دەگۆڕێت بۆ کردەی دەرهێنان، ئەو گۆڕینە شانۆ لەدەیالۆگەوە دەباتە سەر جولە، بەمانای گۆڕان لەجەوهەردا کودەتایەکی زمانەوانیە، بەوەی جەستە دەبێتە زمانی شانۆ، ئەوە ڕزگارکردنی شانۆیە لە ئەدەب و بنیاتنانەوەیەتی لەناو شانۆ خۆی، سڕینەوەی دەق نیە، بەڵکو دەق وەک سێکێج و ئەکسیۆنێک دەمێنێتەوە، بەمانای دەق وەک پڕۆسەیەکی ئەدەبی نانوسرێت، بەڵکو ئەکسیۆنێکە بۆ ئەوەی لەڕێگەی جەستەوە مەشق و خەیاڵبردنەوەی دروست کردنی وێنە بنیاتی بنێتەوە، هاوکێشەیەک نیە وامان لی بکات، خۆمان بدەینە دەست دەقەوە، ئەو هێلی کارکردنەمان بۆ دەست نیشان بکات، بەڵکو دەق زەمینەیەکی لەکار کەوتووە، بۆئەوە دەنووسرێتەوە تا یادەوەریمان بە ئاگا بێنێتەوە، بەوەی ئێمە چۆن بچینە ناو مەملەکەتی ڕەنگی شانۆ، شانۆ بەتەنیا لەو ڕێگەیەوە لە ئەدەبەوە بەرەو شانۆ نایەتەوە، بەڵکو چەندە شانۆیەکی فۆرمالیستیە، بەڵام شانۆیەکە لەناو زانستەکاندا بیر دەکاتەوە، کێشەی کولتوری بە کێشەی سەرەکی شانۆ دەبینێت، ئەگەر شانۆی نەتەوەیی بەشێک بێت لەناو شانۆی مۆدێرنیتی، بەو پێیەی کە نەتەوە بەرهەمی مۆدێرنیتیە، ئەو شانۆیەش کێشەی کەلەپور بەکێشەی سەرەکی شانۆ بزانێت، ئەوا شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ئەوەی بەلایەوە کیشەی خۆیەتی کەلەپور نیە، بەڵکو کولتورە. سێنتەر لەو شانۆیەدا هەڵوەشاوەتەوە، بینەر لەپڕۆسەی بینین لەبەردەم گوتارێکی بەدوا یەک هاتوو دانەنیشتووە، بەڵکو ئەو لەبەردەم کۆمەڵە بونیادێکی لێکترازاوە کە توانای خستنەوە سەر هێلێکی بەدوا یەکیان نیە، بەپێی زەمەنی کرنۆلۆژی، بەڵکو زەمەنی فەلسەفی سێنتەری گوتاری هەڵوەشاندۆتەوە، ڕێکخستنەوەی بونیادەکانی وێنە دەبێ لەلای بینەر بگەیەنرێتەوە یەک، وێنەی شانۆیی سێنتەرێکی نیە بۆ کۆبوونەوە، وێنە لەو ئەزموونەدا خاوەنی کۆمەڵە دەلالەتێکی بەرهەم هێنراوە، کە توانای خوڵقاندنەوەو دەلالەتی جیاوازی هەیە،



چونکە ئەکتەر ڕۆڵی نێرەرێک دەبینێت، کە کۆد ئاراستەی بینین دەکات، بەپێچەوانەی شانۆی مۆدێرنیتی کە ئەکتەر دەنگی نوسراوی نوسەری بەرجەستە دەکرد، بۆیە کاتێ دەق دێتە ناو ئەو پرۆسەیە، هاتنی دەنگی نوسەر نیە، بەڵکو ئەو دەنگە دەبێتە ئاماژەیەکی نێو یادەوەری وێنە. دەق توانایەکی ئەوتۆی نیە کە زیندەگی بە شانۆ ببەخشێت، ئەوە وێنەیە لەڕێگەی ئەکتەر و جولەی پەیوەندیەکانی بینین زیندەگی بەشانۆ دەبەخشێت، بۆیە ئەو شانۆیە پرۆژەیەکە کەبیرکردنەوە دەردەکات لەناو بیرکردنەوە لەو سیستەمە ڕێکخەرەی دەق، بەڵکو ئەو سیستەمە هەڵدەوەشێنرێتەوە، لەناو کۆمەڵە ئاماژەیەکەوە وێنە سەر لەنوێ بەشێوەی جیاواز شانۆ دەخوێنێتەوە، خوێندنەوە توانای بەرجەستە کردنی چەمکی ووشەی هەیە، چەمک ووشە لە گوتراو دەگۆڕێتە سەر پانتایی، ئەو کاتەی لەسەر ئەو تێگەیشتنە کارمان کرد بڕوامان بەوە نابێت، کە لەووشەی نوسراو نزیک بکەوینەوە، ئەوە وامان لێ دەکات بڕوا بەو ووتەیەی شانۆکاری ئیتاڵی (کارمیلۆ بینی) بێنین کە ووتی "ووشەی نوسراو زەنگی مەرگە بۆ ووشەی دەربڕاو، وەلابردنێکی هەمیشەییە بۆ هەموو ئەوانەی لەناوەوە دان"(١) بەمانای ووشەی نوسراو تێگەیشتنێکی ڕەهای هەیە، توانای بەزاندنی نیە، هەموو ئەوانەش فڕێدەدات کە لەناوەوەی جەستە ماوەتەوە، ئەو کاتانەی متمانە نەکرێتە سەر ووشەی نوسراو، بەڵکو پشت بە چەمکی ووشە ببەسترێت، بەمانای سنورێکی فراوانتر بە دەربڕین ببەخشرێت، کە چەمک لەڕێگەی جولەوە گوزارشت لەمانا شیعریەکانی ووشە دەکات، مانا لەو سیاقەدا خوڵقاندنی شیعریەتی شوێنە، شیعریەتی شوێن ڕووبەرێکی نوێیە بۆ خوڵقاندنەوەی ماناکانی پانتایی، بەوەی ئەوە بەرجەستە کردنی ووشەی نوسراوی نوسەر نیە پانتایی بەرهەم دێنێتەوە، بەڵکو (بێدەنگی) و (تاریکی) دوو بونیادی ئەکتیڤی نێو پانتاین، بە ڕادەی ئەوەی بێدەنگی دەبێتەوە دەنگێک بۆ ئاراستە کردنی ئاماژەکانی جولە و تاریکیش ڕووبەرێکە بۆ خوێندنەوەی پانتایی، ئەوانەش ستراتیژی سەرەکی شانۆن، وەک چۆن پیتەر بروک بەخاڵی سەرەکی شانۆی دادەنێت، بەوەی بوونی پانتایەکی بۆش ناو دەنێت بە شانۆ، هەر ئەوەشە بەلایەوە کە لەکاری شانۆیی داوای دەکەین. ئەو هەوڵەی توانای دەرباز بوونی هەیە لە دەق، دەرباز بوون بەمانای سڕینەوە نا، بەڵکو بەو مەبەستەی کە چۆن دەق بەپێی تێگەیشتنی نوسەر ناخەینە ناو ئەو پانتاییەوە، هێندەی بەپێی روئیای شانۆکار بۆ پەیوەندی نێوان دەق و کولتور سەیری گرفتەکان دەکات، ئەوەش لەدایکبونەوەیەکی نوێیە بۆ دەق، هەوڵێکە بۆ دەرباز بوونی ستاڤی کار لە دەست دەسەڵاتی دەق و لە هەمان کاتیشدا نە کوشتنی زمانی نێو دەقە، ئەو دەقەش پەیوەندی بە زمانی کراوە هەیە، زمانی داخراو لەناو زەمەنێک دەژیێت توانای ئەوەی نیە دەق دنیایەکی نوێ و

لەدایکبونێکی جیاواز بێنێتە بوون. زمانی کراوە توانای بەرهەم هێنانەوەی مانای تری هەیە، ئەو کاتانەی لەسەر پەیوەندی دەق و کولتور کار دەکات، کولتور لەو شانۆیەدا لەناو ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی شانۆیی بەرهەم دێنێت، کە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیە، ئیشکردنەوەیەکی تیۆری ڕووت نیە، بەڵکو ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمکی سرووت و پەیوەندی جەستەی مرۆڤەکان بە یەکتریەوە لەناو وێنە شانۆییەکە. جولە کە بەشێکی زۆری سرووت لەسەر جولەکانی سەما پێک دێت، هەڵگری گوتارێکی کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئایینیە، گۆڕینی ئەو گوتارە بۆ دەلالەتی جیاواز پەیوەستە بە تێکشکاندنی چەمکی باو لە گوتاردا، بەوەش سرووتی شانۆیی سرووتە کۆمەڵایەتیەکە بەتەواوی دەگۆڕێتە سەر پانتاییەکی تر کەپانتایی جولە و سەما و بونیادە دەلالیەکانی وێنەیە. لێرەدا جەستە لەشانۆدا جەستەیەک نیە هەڵگری زەمینەیەکی کۆنکرێتی کولتور و دەلالی زمان بێت، بەڵکو ئەو زەمینەیە دەبێتەوە یادەوەری بۆ جەستە و ئەو یادەوەریە هاوکاری دەکات بۆ خوڵقاندنی سرووتی شانۆیی، بەواتای بونیادی دەلالی زمان و بونیادی کولتوریی لەئیشکردنەوەیان لەناو یادەوەری خۆیان بەرهەم ناهێننەوە، بەڵکو جەستە لەڕێگەی یادەوەریەوە دەیانهێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنەیان ئاراستە بکات و مانا کۆنکرێتیەکانی تێک بشکێنێت. ئەو کاتانەی دەقی ئەدەبی شانۆ دروست ناکات، بەڵکو پرۆسەی بینین دەبێتە زمانی شانۆ، دەبێ لەسەر دوو ئاست لەشانۆی پۆست مۆدێرنیتی بوەستین، کە پێکهاتەی زەمەنی فەلسەفی وێنەیە، ئەوانیش (ڕەهەندی چوارەمی وێنە) و(پانتایی لەسرووتی شانۆی بینین) جارێ با لەسەر ئاستی یەکەم بوەستین و بپرسین: ڕەهەندی چوارەمی وێنە چیە؟ بۆ ئەوەی لەو ڕەهەندە تێبگەین، پێویستە ئاستی دووەم کە پانتاییە لە سرووت فەرامۆشی نەکەین، چونکە هەردوو ئاستەکە پەیوەندیەکی تەواوکەریان بەیەکەوە هەیە، ڕەهەندی چوارەم بریتیە لە "دیدگای بینین لە پانتایی شانۆیی لە ڕێگای جێگرتنەوەی پراکتیکی و پرۆسەی دەرهێنان و دیدگایی، واتە ئاشکراکردنی نهێنی ئێستا و ئایندە کە دوو دڵیان کردووین، بەڵام ڕابردوو خزمەتی یادەوەری جەستەی ئەکتەری میتۆلۆژی دەکات، کە بە پێویست پابەست دەبێتەوە بە ئێستا"(٢) بە مانای ڕەهەندی چوارەم بەرەنجامی ئامادەبوونی جەستەیە لە پانتاییدا، داڕشتنەوەی جەستە و نوسینەوەی بۆشاییە، ڕەهەندی چوارەم فێرمان دەکات دەق لەسەر کاغەز بەقەڵەم نانوسرێتەوە، دەقی بینین لە ڕێگای جەستەوە لە پانتایی دەنوسرێتەوە، ئەوەش نوسینەوەی ڕەهەندی چوارەمی زەمەنە، ئەو نوسینەوەیە دەمانگەیەنێت بە ئاستی دووەم کە (پانتایی لە سرووتی شانۆی بینین) ە، پەیوەندی نێوان ڕەهەندی چوارەم لەگەڵ پانتایی، خوڵقاندنی سرووتی بینینە لە ڕەهەندی چوارەمدا، چونکە سرووتی شانۆیی پێکهاتی سەرەکی



شانۆیە، سرووت لە پانتایدا شانۆ دەباتە سەر بارگاویکردنی جەستە بە فرە دەلالەتیەوە، ئەوەش حەقیقەتی سرووت و ڕەهەندی چوارەم دەدۆزێتەوە، جیاوازی خۆی لەتەک شانۆی مۆدێرنیتی تەرخان دەکات، کە ڕەهەندێکی نوێیە بۆ زەمەن، ڕەهەندێک پێشتر نەمان ناسیووە، کە زەمەنی ئەفرێنەرە، زەمەنی میتافیزیکی نیە، وەک چۆن زەمەنی فەلسەفی ناو دەقیش نیە، نە زەمەنی ئۆدیبە، نە زەمەنی شکسپیر و کارەکتەرەکانی هاملێت و ماکبێسە کە لە ڕێگەی دەیالۆگی کارەکتەر بە زەمەنی فەلسەفی کوشتن و تاوان ئاشنامان دەکات، وەک چۆن زەمەنی بینەریش نیە، وەک چۆن برێخت لە شانۆی داستان خوازیاری بوو، بەڵکو زەمەنی ڕاستەقینەی شانۆیە، زەمەنێکە شانۆ خوڵقێنەریەتی لەڕێگای دیدگا و بینینەوە، ئەو زەمەنە توانای گۆڕانی هەیە لە بونیادەکانی شانۆ، چونکە بونیادەکان بونیادی ئەدەبی بوون، هونەری نەبوون، ڕەهەندی چوارەمی زەمەن.. زەمەنی بینین دەگۆڕێت بۆ زەمەنی ئەفرێنەر، لەڕێگەی گۆڕینی "مانای شوێن، لە دیکۆری ئەندازەیی بۆ سینۆگرافیای پانتایی بینین"(٣) ئەوەش کاریگەری بەسەر ئەزموونی بینینی بینەریش بەجێ دێلێت، چونکە بینەر لەبەردەم دوو پرۆسەی ئاوێتە دەمێنێتەوە، کە دەقی بینین و نمایشی بینینە، هەر دوو پرۆسەکە ئاوێتەی یەکتری دەبن، بەمانای گۆڕانێکی ئەوتۆ لە چەمکی بینەر ڕوو نادات، بەڵام ئەوەی ڕوو دەدات تێکەڵ بونی ئەوە لەناو بینین، نەوەک شانۆ بی بینێت لە تێگەیشتنی ستانسلافسکی و نەوەک شانۆی برێخت هەڵوێستی هەبێت لەبەرامبەر ڕووداوەکان، بەڵکو بینەر بەدوای پرۆسەی بینین، دەبێت بە کارلێکەرێک بۆ خوێندنەوە، بەمانای بەشێک دەبێتەوە لەناو بینین، ئەوەش ناو دەنێین (بینینی بینەر) بینینێک کە دەرفەت بۆ فرە دەلالەتی خوێندنەوە دەکاتەوە. گۆڕینی هاوکێشە و بەخشینی وەزیفەی نوێ بە چەمکەکان وا دەکات ئەو شانۆیە لە شانۆی وێنەیی جیا بکەینەوە، بەو پێیەی شانۆی وێنەیی جەخت لەسەر هاوکێشەی تایبەت دەکاتەوە، ئەو شانۆیە بڕوای بەو هاوکێشانە نیە. ژاکلین مارتن لە کتێبێکدا باس لەو خاڵە هاوبەشانە دەکات، کە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی و شانۆی وێنەیی(٤) لەیەک نزیک دەکاتەوە، ئەگەر چی ڕێساکانیان بە جیاواز دەبینێت، ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە شانۆی وێنەیی بە کەناڵێک لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دادەنرێت، کە بەرهەمی قۆناغی پۆست مۆدێرنیتیە. هەرچەندە هاوکێشەکانیان بۆ کردەی دەرهێنان تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن، لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی هاوکێشەکانی (دەرهێنەر+ ئەکتەر+ دەق) یا (دەق+ ئەکتەر+ دەرهێنەر) یا هەر هاوکێشەیەکی تر، یا ئەو هاوکێشە گریمان کراوەی شانۆی وێنەیی (ئەکتەر+ دەرهێنەر+ دەق) بەتەنیا ئەو هاوکێشەیە گۆڕانی تیا ناکرێت، بەڵکو گۆڕان لە چەمکێکی تاکەوە بەرەو چەمکێکی سەراپاگیریی دەچێت، مردنی نوسەر و

مردنی دەرهێنەر ڕا دەگەیەنرێت، لە ڕێگەی لەدایکبونی دەقی بینین ونمایشی بینین، نوسەر لە ڕێگەی مردنی دەسەڵاتی ڕەهای نوسین ئاوێتەی ئەو سیستمە ئاماژە کاریە دەبێت، کە زمان وێنای جیهانی جولە و سەما و پێکهاتەی وێنەیی دەکات، وەک چۆن دەرهێنەریش دەچێتەوە ناو هەمان گریمانەی مردنی نوسەر، دیکتاتۆریەتی دەرهێنەر دەمرێت و لەشوێنیدا مردن دەرهێنەر دەباتە ناو خەون و دیدگای بینین، هەریەکە لە ئەکتەر و بینەر بەدەر نین لەناو گۆڕانکاریەکان، ئەکتەر بەو پێیەی دیدگای شانۆ دیدگای ئەوە، بۆیە ئەو لە ئەکتەرەوە وەک بونیادێک کە دەیالۆگ فرمانی پێ دەکات، مردنی دەیالۆگ لەدایکبونی ڕاستەقینەی ئەکتەرە، لە ڕێگەی گۆڕینی لە کارەکتەرەوە بۆ فیگور، لە ئەکتەرەوە بۆ جەستە، جەستە لەناو پانتایی وێنای وێنە دەکات بۆ ڕەهەندی چوارەم.



# لە پراکتیکەوە بۆ خوێندنەوە

ئەم شانۆیە لە بنەرەتدا متمانە دەکاتە سەر شانۆی بانتۆمایم، بەڵام بانتۆمایمێکی جیاواز لەوەی پێناسەمان بۆی هەبووە و کارمان تێیدا کردووە، بەر لەوەی بێینە سەر چۆنیەتی پرۆسەی ناونان و بنیات و تیۆر و روئیای ئەو شانۆیە چیە؟ بە چ شێوەیەک دەتوانین کاری بۆ بکەین؟ تا ئێستاکە چیمان تیایدا ئەنجام داوە؟ سەرەتا لەسەر چەمکی بانتۆمایم دەوەستین، چونکە ئێمە دەمانەوێ لە بانتۆمایمێک بدوێین کە لەراستیدا دەتوانین ناوی بەرین بە (بانتۆمایم دژی بانتۆمایم). سەرسوڕمانیەک لەوەدا نیە چەمکێک قەبووڵ بکەین، لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی، چونکە دژبوون لێرەدا بە مانای سڕینەوە نیە، هێندەی نووسینەوە و داڕشتنەوەیەکی جیاواز و تازەیە، خاڵی کردنەوەی چەمکە لە مانا فەرهەنگیەکەی و نووسینەوەی ئەو ماناییە لە ڕووبەرێکی نادیاری سیمیۆلۆژیدا . چەمک دەروازەیەکە بۆ کرانەوە بەسەر دنیا ، بەڵام لە دەرەوەی گریمانەی پێشوو، ئەوەش وا دەکات بە هەمان دەرەنجام لێی نەیەینە دەرەوە، بەڵکو لە کۆتایی باسەکەدا خاوەنی دەرەنجامی نوێ بین، نوێ بوون بە مەبەستی بەخشینی شوناسێکی جیاواز، جیاواز لە ڕووی ستایل و نەسوڕانەوە لەناو چەقی ئەو بازنەیەی کە لەیەک بچین، لێکچوون مانای هەموومان یەک وەزیفەمان پێ دەبەخشرێت و داکۆکی لە دەسەڵاتی موتڵەقگەرا و تاکە حەقیقەت دەکەین، لە کاتێکدا ئێمە قوربانی دۆخێکی هەرەمەکین، زەمینەیەکی تیۆری ڕابردووی ئێمەی بنیات نەناوە، ئارەزووی کارکردن فاکتەری سەرەکی دەرکەوتنمان بووە لەو بوارەدا ، بە تایبەت لە شانۆی بانتۆمایمدا ، کە لە حەفتاکانەوە وەک ئارەزوویەک ئارەزوویەکی دەگمەن لەلای چەند شانۆکارێکەوە دەرکەوتووە، بەڵام پڕۆژەیەکی تیۆری لە پشت ئەو کارانەوە نەبووە، یان لە یەک دوو نمایش کۆتایی پێی هاتووە، کە سەرچاوەیەکمان نیە ئاماژە بۆ شێواز و پڕۆژەی نمایشەکان بکات، هێندەی وەک ئەرشیفێک لەناو بیبلۆگرافیاکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، دیارە ئەوەی زۆر ڕوونە لە بارەی ئەدا کردنی ئەم شانۆیە، زیاتر پەیوەست بووە بە بانتۆمایمی حالەت و کەسێتی، کە ئەو شێوازانەش لەگەڵ مێژووی شانۆی یۆنانی و ڕۆمانی بوونە بە خاوەن بنەمای کۆنکرێتی، بە مانای بۆ شانۆکارێکی نا ئەکتیڤ بە تایبەت بۆ ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکان یارمەتیەکی باشیان دەدات بۆ هاوکێشە ماتماتیکیەکان، کە پێویستیان بە خۆ ماندوو کردن و گەڕان نیە بۆ سەرچاوەی نوێ، تا ئاگاداری دواترین هەوڵی ئەو بوارە بن، بۆیە کاتێ بانتۆمایمێکی هاوچەرخ ببینن،

هیستریایەک ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە، هستریای لادان لە بنەما کۆنکرێتیەکان، ئەو لادانە دژایەتیکردنی چەمکی باوی نێو ڕۆشنبیری ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکانە، کە وای کردووە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەر لەوەی بۆ خۆمان.. ئەو شانۆکارانەی لەتەک من وەک ئەکتەر کاریان کردووە بنووسرێت، بەتایبەت بۆ ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک بۆ ئەوەی وەک بابەتی تیۆری ناو کارەکانمان ببێ بە سەرچاوە، بۆ ئەو دەنگە تۆز لێ نیشتووەی سەلەفیەت نووسراوە کە نایەوێ تێبگات، ئەوەش بە ئاگا هێنانەوەی ئەوان نیە، چونکە تازە بە ئاگا نایەنەوە، بەڵکو بۆ ئەو نەوە نوێیە نووسراوە کە سەلەفیەت چۆن بە موتڵەق قسە دەکات و چ کەلێنێکی ڕۆشنبیری گەورە لە نێوانماندایە، کە شایەنی بەزەییە نەک خوێندنەوە. شانۆی پۆست مۆدێرنیتی چیە؟ چۆن ئەو ئەزموونە بناسین؟ ئایا شانۆیەکە پەیوەستە بە دەرهێنەرێکی تایبەتەوە؟ لە کورترین پێناسەدا دەڵێین ئەو شانۆیە بە هەموو شێوەیەک دەیالۆگ ڕەت دەکاتەوە، بەڵام پابەندی ئەو ستایلە نابێت کە لە بانتۆمایم و ئەزموونە شانۆیەکاندا هەبوو، بەوەی ووشە بەشداری تیادا بکات، یاخود دەبێت ئەکتەر تەنها لەڕێگەی جەستەوە وێنای دنیای دەور و بەری بکات، بەڵکو لێرەدا ئەو شانۆیە هەر چەندە متمانەی سەرەکی لەسەر جەستەی ئەکتەرە، بەڵام شانۆیەکە بە دوای خوێندنەوەی ئەزموونە جیاوازەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە ئەمڕۆ بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ناو دەبرێت، سەبارەت بە ناو نانی ئەو شانۆیە ئەوە یەکێکە لەو سیما نوێیانەی ئەمرۆی شانۆ، نەک هەر لەئاستی وولاتێکدا بەڵکو بەم دواییە لە ڤیستڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە ئەو شانۆیە سیمیناری تایبەت و کۆڕ و لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە نووسراو دوانی لەبارەوە کراوە، ئەوەش مانای وایە شانۆیەکە لەو سەردەمەدا  کە گفتوگۆ لە نێوان  مۆدێرنیتی و فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنیتی هەر تەنها لە ناو هونەری بیناسازی شوێنی خۆی نەگرتەوە، بەڵکو پەڕیەوە بۆ شانۆش، بەڵام بۆ ئەوەی وەک ئەو هەموو ئەزموونەی لە ڕابردوودا شانۆی ئێمە بە درەنگ پێی ئاشنا نەبێت، ئەگەر هەوڵێکی بچووک و بێتواناش بێت ویستمان لەڕێگەی ئەو نووسینەوە بەشداری لەو شانۆیە بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت بتوانین لە ئایندەدا ئەو ئەزموونە نەخەینە خانەی بێئاگایی خۆمانەوە، یان بە بیانوی ئەوەی لە ئەوروپا باوی نەماوە، ئەو بیانووە نەک هەر هێندە بێمانایە کە کەس گوێی لی ناگرێت، بەڵکو بێمانایەکەی لەوێوە دەست پێدەکات، کە ئەو ئەزموونە ئەمرۆ گفتوگۆی زۆری شانۆکارانی لەسەرە و ئەوە تەنها نەگبەتی ئێمەیە کە پێمان وایە سەردەمی نەماوە، لە ڕاستیدا سەردەمی بیانووە بێهێزەکانی شانۆکاری کورد کۆتایی هات. ئەو کاتانەی ئەو ئەزموونە متمانەی سەرەکی بە جەستەیە دەبێت، یەکەم پرسیار لێرەدا بە پێویستی بزانین و بەهەند وەری بگرین جەستەیە، بۆیە لەو



سەرەتایەوە دەپرسین: جەستە چیە؟ ئاخۆ گرنگە ئێمە بابەتێکی بۆ تەرخان بکەین؟ گرنگی و ڕۆڵی لە چیدایە؟ ئایا جەستە توانای خوڵقاندنەوەی مانای هەیە؟ یاخود ئەوە زمانی ووتراوە مانا بەرهەم دێنێت؟  ئەو جۆرە پرسیارانە چەندە دەروازەی چوونە ناو بابەتی جەستە بن، بەڵام بە تەنیا توانای ئەوەیان نیە دیدێکی ڕۆشنمان پێی ببەخشن، گەر بێت و لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیەوە سەیری چالاکیە جەستەییەکان نەکەین، نەک هەر لە سەرکوت کردنی لەناو ژیاندا، بەڵکو دەرخستنی ماهیەتی لە هونەری شانۆشدا، کە ئەوەی دواییان بابەتی سەرەکی ئەو نووسینەیە، بەڵام ئەو باسە دانابڕێت لەرووی پەیوەندی کولتوری جەستەوە بە ژیان و دواتر چۆنیەتی ئامادە بوونی ئەو جەستەیە لە شانۆدا. بۆیە پێویستمان بە ئارامگریەکی باش دەبێت  تا دەچینە سەر تەواوی کونج و کەلە بەرەکانی باسەکە، مەبەست لەو سەرنجەش ئەوەیە کە ئێمە ناکرێ تەنیا لە شانۆوە بدوێین و ئەو دوانە داببڕین لەو فەزا کولتوری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەی  کە تیایدا دەژین، لەلایەکی تر بەهەند وەرنەگرتنی ئەزموونی جەستە لەخۆر ئاوا، ئەگەر چی لەنێوان ئازاد بوونی جەستەی مرۆڤی خۆر ئاوایی لە بەرامبەر جەستەی کوردی کە جەستەیەکە هەمیشە دەزگا کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان سەرکوتی دەکەنەوە، جیاوازی زۆر بنەڕەتی بەدی دەکەین، چونکە جەستەی کوردی جەستەیەکە لەناو خۆیدا کار دەکات، هەرچی جەستەی مرۆڤی خۆر ئاواییە جەستەیەکە لە دەرەوەی خۆیەوە ئیش دەکات، ئەوەش وای لێ دەکات هێمن بێت وەک جەستەی کوردی هەڵنەچێت، بەڵام ئەو جیاوازیانە نابنە ڕێگر لەوەی قسە لە جەستە بکەین لە کۆمەڵگا و دواتر تاچەند جەستەی ئەکتەر دەتوانی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕووبەری نمایشە شانۆییەکان بکات، ئێمە سەرەتا پێویستمان بەوەیە خوێندنەوەیەکی تیۆری بۆ جەستەی کوردیی بخەینە ڕوو، بۆ ئەوەش هەوڵی پڕۆسەیەکی ڕەخنەیی دەدەین لەڕێگەی چەمکی ئەرکیۆلۆژی بۆ جەستە و سەرکوتکردنی ئەو چەمکە لەکۆمەڵگای کوردیدا، ئەو تەوەرەیە ئەگەرچی تا ڕادەیەک لە باسە سەرەکیەکە دوورمان دەکاتەوە، بەڵام بە پێویستیەکی دەزانین بۆ توێژینەوەکەمان.

# ئەرکیۆلۆژیای جەستە و سەرکوتکردنی لە کۆمەڵگای کوردیدا

هەر کاتێک لەسەر جەستە وەستاین بەمانای مەبەستمان وەستانە لەبارەی ڕووبەرێکی حەرام، بەهۆی ئەوەی هیچ بابەتێک لەتەواوی کایە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە هێندەی جەستە نەبۆتە وێستگەی قسەکردن لەسەر حەرام، جەستە ئەو حەرامەیە هەمیشە نەک نزیک بوونەوە وەک مەترسی تیایدا سەیر کراوە، بەڵکو قسەکردنیش لە جەستە یەکێک بووە لە ترسناکترین حەرامەکانی نێو دنیای ڕوناکبیریمان، بۆیە لە ئەدەبی کۆن و نوێماندا ئەو شاعیرانە بە بوێر ناسراون کە جورئەتی وەسف کردنی جەستەی ڕەگەزەکانیان هەبووە، یا لەبواری هونەری گۆرانیدا دیسان ئەوە بە لوتکەی ئازایەتی بینراوە کاتێ حەرامەکانی جەستە ویستراوە تێک بشکێنرێ، هیچ سەیر نیە شکاندنی حەرامەکان بە لوتکەی بوێری ناو برابێت، بۆیە ئێمە هێندەی قسەکردن لە جەستەمان بۆتە حەرام، ئەوا پەیوەندی ڕەگەزی هێندە سنوری حەرامی گەورە نەبووە، چونکە تێگەیشتووی لەوەی حەرامە، بەڵام قسەکردن بە مانای قبووڵ نەکردنی حەرام و هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بەو دیدە غەیبانیە ترسناکە. بۆ ئەوەی بتوانین تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی لەو بارەیە بخەینە ڕوو ئەوە پێویستمان بە خوێندنەوەی تیۆریانەیە بۆ جەستە، دەبێت لەپشت تیۆرەوە قسە لە جەستە و حەرامەکانی بکەین نەوەکو لە ساتەوەختێکی هەڵچوون ئامێزەوە کرنۆلۆژیای جەستە بگێڕینەوە، نووسینەوەی کرنۆلۆژیا و چیرۆکەکانی بۆ جەستە باسێکە پەیوەندی بەو توێژینەوەی ئێمەوە نیە، ئەو باسەی ئێمە هێندەی مەبەستی خوێندنەوەی تیۆریانەی جەستەیە بۆ دنیای کوردی بەهیچ جۆرێک مەبەستی خوێندنەوەی کرنۆلۆژی نیە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ تەواوی کرنۆلۆژیا بە چەمکێکیتر بگۆڕین، چونکە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا تەواوی نووسینەکان بۆ خستنە ڕووی ئارگۆمێنتی جەستەیە، وەک بەشێکی زۆری ناوەندەکانی ژنان زیاتر بەو کارە هەڵدەستن.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئارگۆمێنت مەبەستێکی کرنۆلۆژی نیە، بەڵکو ئارگۆمێنت بۆ ئێمە شتێ نیە جگە لە بەخشینی خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژی بۆ جەستە، خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژی ئیشکردنەوەیە لەسەر جەستەی سەرکوتکراو و ڕۆڵی دەزگا سەرکوتکارەکان لە دنیای کوردیدا، ئەوە خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان جەستە و دەزگاکانە، نووسینەوەی سەرکوتکردنە، نووسینەوە دەرخستنی ئەو



تێڕوانینە نەنووسراوەی کۆمەڵگایە کە نایەوێ بنووسرێتەوە، نووسین دێت لە نمایشێکی ئەرگۆمێنتیەوە دەیگۆڕێت بۆ خوێندنەوەیەکی ئەرکیۆلۆژیانە، ئیشکردنەوەیە لەسەر چەندین چەمکی فەلسەفی، گۆڕینی یەقینە کۆمەڵایەتیەکانە بە پرسیار، ئەوە گومان کردنە لە دیدی خورافی و تێگەیشتنی غەیبانی بۆ جەستە. هەر بۆیە خوێندنەوەی ڕووبەر و پانتایەکانی جەستەی کوردی بابەتێکە بەرەو چەندین تێگەیشتنی جیاوازمان دەبات، بەتایبەت گەر وەک ئاماژەمان بۆ کرد نەمانەوێ تۆماری مێژوویی بۆ جەستە ئەنجام بدەین، بەڵکو تێگەیشتنی فەلسەفی بە جەستە ببەخشین، ئەوەش لەڕێگەی ئیشکردنەوە بە کۆمەڵە چەمکێکی فەلسەفی، کە چەمک دابەزێنینە ئاستی پراکتیزە کردنەوە، لە پێناو خوێندنەوەی دنیای کوردی، ڕۆڵی دەزگاکانی سەرکوتکردن کە تاچەند بەشداری لە سەرکوتکردنەوەی جەستە دەکەن، بۆ پرۆژەیەکی لەم چەشنەش ڕاستەوخۆ پشت دەبەستین بە چەمکە فەلسەفیەکانی میشێل فۆکۆ بەهۆی ئەوەی ئەو فەیلەسوفە ئیشی لەسەر ئەو چەمکانە کردووە، بەڵام مەبەستمان نیە ئەو تێگەیشتن و دەرەنجامە بسەپێنینەوە سەر جەستەی کوردی، هێندەی لەڕێگەی چەمکەکانەوە دەمانەوێ جەستە بخوێنینەوە، خوێندنەوەی جەستە خوێندنەوەی هەریەکە لە بونیاد و گوتارەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە، وەستانە لەسەر وێنەی حەرام لەجەستەی کوردیدا، ئەوە چەمکە توانای ئەوەی هەیە ئاسۆیەکی نوێمان لەبەردەمدا ئاوەڵا بکات بۆ خوێندنەوە، مێژووی بنیاتنانەوەی چەمک مێژووی بەردەوامیدانە بە ئیشکردنەوە لەسەر گۆڕینی دەرەنجامی ماناکان، بەتایبەت کاتێ ئەو ئیشکردنە لەسەر چەمکەکانی فۆکۆ ئیش بکات، ئێمە بەر لەوەی لەتێڕوانینی فەلسەفی فۆکۆ بۆ جەستە و گواستنەوەی چەمکەکان بەمەبەستی خوێندنەوەی جەستەی کوردی بێینە دوان، جارێ هەوڵ دەدەین، لەسەر بنیاتنانی چەمکە فەلسەفیەکانی فۆکۆ بووەستین، کە چەندین بیریار و فەیلەسوفی تر ئیشیان لەسەر چەمکەکان کردۆتەوە.

چەمک چیە؟ ئایا توانای خوێندنەوەی نوێی هەیە بۆ دەق؟ ئەو ڕووبەرە نوێیە کامەیە کە لە خوێندنەوە بە چەمک دەبەخشرێت؟ ئایا فەیلەسوف لەتوانایدا هەیە سەرلەنوێ چەمک بنیات بنێتەوە؟ پرسیارکردن لە چەمک گەڕانەوەیە بۆ پرسیارکردن لە فەلسەفە، کە پەیوەندی نێوان چەمک و فەلسەفە دەبێت بە پەیوەندی فەیلەسوف بە پرسیارەوە، ئەوەش دەمانباتەوە سەر پرسیارەکەی دۆلۆز لەفەلسەفە، پرسیارێک کە بەدوای کۆمەڵێک پرۆژەی فەلسەفی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پرسیارکردن لەفەلسەفە کاتی هاتووە، بۆیە لەوەڵام بەو پرسیارەش فەلسەفەی بە خوڵقاندنەوەی چەمک ناوبرد، کاتێ بمانەوێ لەئاستی پرسیاری فەیلەسوفەوە

سەیری دەق بکەین، دەبێت ئەو سەیرکردنە دابەزێنینە نێو ئەو تێگەیشتنەی کە ئەو دەقـە تاچەند توانای خـولْقـاندنەوەی چەمکی هـەبووە، بەوەی ئـاخـۆ پڕۆسـەی خولْقاندنەوە توانای بەخشینی مانای جیاواز و ڕووبەری نوێی هەیە؟ ئەوەش ئەو کـاتە وەڵامەکـەیمان دەست دەکـەوێت کە مـانای پێشووی چەمکمـان ناسـیبێت، بەواتایەکی تر دەبێت هـەردوو دەقـەکـە بناسـین کـە چەمک مـانای جـیـاوازی تێدا بەرهەم دێنێت، بۆیە کـاتێ سـەیری چەمکە فـەلسـەفیـەکـانی فـۆکـۆ دەکـەین، لە خـوێندنەوەی خـۆرهەڵاناسـیانە لای ئێدوارد سـەعـید، دەبێت هەریەک لەو چەمکە بەکار هاتووانە لەوێوە سەیر بکەین، کە تاچەند توانای دەرەنجامی نوێی دەبێت بۆ مانا، ئایا دەتوانێت سنوری مانا فۆکۆییەکان تێ بپەڕێنێت، یاخود لەناو ڕەوانبێژی فۆکۆیی دەسوڕێتەوە؟ ئەگەر لەڕووی زاراوەییەوە سەیری ئەو چەمکانە بکەین کە کاری پێ کردوون، ئەوە کـۆمـەڵە چەمکێکی فۆکـۆیی لەنێـو دەقـەکە دەبینین، بەڵام کاتێک لەڕووی فەرهەنگیەوە سەیری چەمکەکان دەکەین، ئەوسا ئەو مانا زاراوەییە تێدەپەڕێنێت، دەچێـتـە نێـو کۆمـەڵە مـانایەکی فـەرهەنگی کـە پەیوەندی بە دیدی خۆرهەڵاتناسیانەوە هەیە.

ئەگەر فۆکۆ توانی هەریەکە لەو چەمکانەی بەکاریان دێنێت، سەر لەنوێ بارگاوی بکات بە مـانای نوێ لەناو ئەو چەمکانە پرسـیـار بخـولْقـێنێت بۆ مـەعـریفـەی خۆرئاوایی، ئەوا ئێدوارد سەعیدیش هەوڵیداوە چەمکە فۆکۆییەکان بگۆڕێتە سەر مـەعـریفـەی خـۆرهـەڵاتی، ئەو پرسـیـارەش بگوازێتـەوە بۆ خـوێندنەوەی خـۆرهەڵاتناسـیـانە، بۆ ئەوەش توانی هێـز و مەعـریفە وەک دوو چەمکی فـۆکـۆیی لەیەکتری جیا بکاتەوە، کە لای فۆکۆ پەیوەندیەکانی هێز بۆ مەعریفە توانای بەرهەم هێنانی دەسەڵاتی هەیە، وەک چۆن دەسـەڵات بۆخـۆشی بەرهـەمی ئەو پەیوەندییـە، بەڵام سـەرباری جـیـاکـردنەوەی کـەوتە ژێر گـریمانـەی ئەو چەمکە، بەواتـای چەندە ویسـتی لەیەکـتـریان جـیـا بکاتەوە، بەڵام دواجـار نەیتـوانی دەسـبـەرداری ئەو تێگەیشتنە فۆکۆییە بێت، کە فۆکۆ هەڵدەستێت بە جۆرە نوێنەرایەتی کردنێک بۆ مـاتریالێک بەمەبەستی مانەوەی نـەوەکو جـێگۆرکـێکردن، بۆیە ئەگـەر ئەو خـاڵە لەواقیـعدا بوونی نەبێت، بەڵام فـۆکۆ لەناو بیرکردنەوەدا دەیسەپێنێت، ئەو سەپاندنە نوێنەرایەتیەکی خۆیەتی، بۆ گـەمە کردن لەگەڵ چەمک و بارگاویکردنی ئەو چەمکە بەو وێنە خولْقێنراوە، کە لەناو بیرکردنەوەدا دەیهێڵێتـەوە، کە بنەماو ئیشکردنە لەسـەر ئەو تێگەیشـتنەی مـارکس بۆ خـۆرهـەڵاتناسـی کـە خـۆرهەڵات ناتوانێ نوێنەرایـەتی بکات، بەڵکو دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن، ئێدوارد سـەعـید نەیتـوانیـوە دەسـبـەرداری ئەو تێگەیشـتنە بێت و بیگۆڕێت، ئەگـەر لە ئاسـتی دەقـیش وەک ڕەوانبێژیەکی فـۆکۆیش سـەیری بکەین، ئەوا نەیتـوانیوە بیگۆڕێت، چونکە وێنەیەکی



نێو واقیع نیـە کە خۆی جێگیـر بێت، بەڵکو ڕوانینی فەلسەفی جێگیـر دەکات، لێرەوە تێـدەگـەین گـۆڕینی واقـیع بۆ دەق ئـاسـانـتـرە لە گـۆڕینی چەمکێک کـە لەمـانا زاراوەییەکەی دەق، وەک زەمـینەیەک بۆ کارکـردن وەریگرتووە، چونکە "حـەقـیـقـەت شـتـێکە و نوێنەرایەتیکردنیش لـە وێنەی بنیـاتنانـی ڕاگـەیەندراو بە کـاریگەری پاڵنەرەکان شـتێکیـترە" (٥) بەڵام ئەوە مانای چیە؟ ئایا مـەبەست لەدروست کردنی کەلێنێکە لەنێوان حەقیقەت و دەق؟ لەوە دەچێت ڕێک پێچەوانەکەی ڕاست بێت، لای سـەعید ئەو نوێنەرایەتیـە گـەیشـتنـە نێو حـەقیقەتی واقیعـە نـەک دابڕان بێت لێی، ئەوەش مـومارەسە کـردنەوەیە بۆ گـوتار، ئەو تێگەیشتنە بۆ مومارەسـەکردنی گـوتار ڕەت ناکـرێتـەوە، بەڵکو گـەشـەی پێدەدرێت، بەڵام بـەبێ ئەوەی گـوتار بەپێـی چەمکە فۆکۆییەکە دەرەنجامـەکانی دووبـارە بکاتەوە، بەڵکو بە دەرەنجـامی نوێ دەگات، کە تایبـەتە بە خـۆی، چونکە هـەر زەمـەنە و هـەڵگری گـوتارێکی تایبـەتمەندە، ئەوە بەپێی دۆخی زەمـەنی نییـە، بەڵکو مەبەست لە پرسیارە هەنوکەییەکانی زەمـەنە، بۆیە ئەوە بە ئاگـاهـاتنەوەیە بەرامـبـەر بە چەمکی گـوتار، چونکە "چ گـوتارێک بە تێپـەڕینی زەمەن دەیەوێت خـۆی بسەپێنێت، بەڵکو ئەوە هۆکار و دەرەنجامـە، ئەوە هونەر کاری تێدا ناکات لەبەکار هێنانی دەسـەڵاتدا"(٦) بەڵکو هـانی دەدات بۆ بەگژداچونەوەش، ئەو گۆڕانەش بۆ گـوتار دەبێتـە دەرکـەوتنی ئـەو حـەقیقـەتەی کە چـەمک لەرەخنەوە بەرەو ناسـین دێت، بەواتای کـاتێک فـۆکـۆ لەڕێگەی چەمکـەوە ڕەخنەی ئاراسـتـەی مـەعریفـە کرد، لەڕێگەی ڕەخنەگـرتنی لەمێژووی (شـیـتی، سێکسـوالێتی، سزا) کولتوری خـۆرئاوای خستە ژێر ڕەخنەوە، مێژووی دەردەکرد لە ستایش و بێگوناهـی و دەیخـسـتـە نێـو کـایەیەکی گـوناهبـار، بەمـجـۆرەش مـەعـریفـەی خـۆرئاوایی دەبووە مـەعـریفـەیەک بۆ گـومـانکردن، ئەو گـومـانەش دەیگەیـاندە پرسـیـاری ئەرکیـۆلۆژی لەمێژوو، پرسـیـارێک کـەدەبوو بەو ڕابـردووەدا بچێـتـەوە، ئەوە سـەرەڕای ئەوەی ئەو لەناو سـێنتـەر (خـۆرئـاوا) ڕەخنە لەسـێنتـەر دەگرێت، هـەرچی سـەعـیـدە لەڕێگەی خـۆرهەڵاتەوە (کـەنار) ڕەخنە دەگرێت، ئـەوە سـەرەڕای ئەوەی لەڕەخنە مـەعریفە بۆ چەمک بەرهەم ناهـێنێت، بەڵکو چەمک بەنێو گـەڕان و ناسـین دەبات بۆ دەسکەوتنی مەعریفە، بەڵام ئەو ناسینە لە جەوهـەردا گـەشـتێکی فەلسەفیە، سەرەڕای ئەوەی کار بەچەمکە فۆکۆییـەکان دەکاتەوە، دیدی فەلسـەفی تریشـی فـەرامۆش نەکردووە، لەوانە "تێـڕوانینی گـرامـشـی لەبارەی هـەیمەنـەی ڕۆشنبـیـری و پەیـوەندییـەکـانـی نێـوان هـەریەکـە لەکـۆمـەڵگای مـەدەنی و سـیـاسـی لەلایەک، لەلایەکی تریش وێنـاکـردنی هیـومانیـزمی پێشکەوتوو، پەیوەنـدی سەعید بە هیـومانیـزمی خۆرئاوایی ئاڵۆزە، کە دەکری ئەو هیـومـانیـزمـە خۆرئاواییـە وا دەست نیـشان بکرێت، کە کۆمـەڵە بەها و بیـرۆکـەی وابەسـتـەیە بە وێناکـردنی سـەردەمی ڕۆشنگەری لەبارەی مـێژوو" (٧) کـە

دواجار دەقە سەر لەنوێ مانای جیاوازی بە چەمک بەخشیووە، فرەمانایی چەمک قووڵبونەوە و تێڕامانە بەنێو پرسیارکردن لە فەلسەفە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئێدوارد سەعید لەئاستێکی فەلسەفیەوە سەیر بکەین، پەیوەندی بە خوڵقاندنەوەی چەمکەوە هەیە، هەڵبەت بۆ هەر فەیلەسوفێکی تریش لەسەر ئەو تێگەیشتنە ڕاست دەردەچێت، کاتێک توانای ئەوەمان هەبوو ئەو ڕووبەرە نوێیە ببینین کە چەمک بۆخۆی دەست نیشانی کردووە، دیارە بەتەنیا سەعید نیە کە توانیویەتی گەشە بە چەمکە فۆکۆییەکان بدات، ئەگەر سەیری کارەکانی محەمەد ئەرگۆن بکەین، دەبینین ئەویش لەسەر چەمکەکانی (گوتار، ئەبستیم، ئەرکیۆلۆژیا) ی فۆکۆ ئیش دەکات، بەڵام بەمانای جیاواز کە تایبەت بێت بە خوێندنەوەی خۆی، بۆ ئیشکردن لەسەر ئاین، کە قسەکردن لەویش تەواو جیاوازە لەو پرۆژەیەی سەعید کە هەریەک بە پرۆژەی سەربەخۆ سەیر دەکەین.

ئەو کاتەی لەمێژووی سەرکوتکردنی جەستە بدوێین هەرگیز ئەو دوانە بەرەو تۆماریی ڕووداوەکانی ڕابردوو نامان بات، هێندەی لەناو خوێندنەوەی ئەو ڕووداوە دەبینەوە بەرهەم هێنەری کۆمەڵێک مانای تر بۆ جەستە، هۆیەکەشی ئەوەیە ستراتیژی ئەو کارەمان هەر لەسەرەتاوە هێندە ڕۆشنە کە ڕێگە بەخۆی نادات بەرەو تۆمارە مێژوویەکان بڕوات، دیارە مەبەست لەڕۆشنی ئەو کارە مەبەست لەوەیە ئێمە هەر لەسەرەتاوە مەبەستمان ڕوونە، کە نامانەوێ کاری مێژوو نووسین بۆ جەستە ئەنجام بدەین، بەڵکو دەمانەوێ لەتێڕوانینێکی میتۆدیانەوە سەیری مێژووی سەرکوتکردنی جەستە بکەین، بۆیە ئەوە ئێمە نین، بەڵکو میتۆدی خوێندنەوەیە ڕێگە نادات بەرەو تۆماری مێژوویی بچین، هێندەی دەمانخاتە ناو مومارەسەیەکی فکری، ئەوەش قسەکردنەوەیە لەکۆمەڵێک چەمکی ڕەخنەیی بۆ جەستە و پەیوەندی دەزگا سەرکوتکارەکان کە تاچەند جەستە سەرکوت دەکەنەوە، ئەوەش بۆخۆی قسەکردنێکی تاڕادەیەک جیاوازە، چونکە جەستە باسێکە لە ڕۆشنبیری ئێمە بە تەواوی فەرامۆشکراوە، بۆیە چەندە کولتوری کوردی ڕۆڵی سەرەکی لەو سەرکوتکردنە بینیوە، بەهەمان شێوە گوتاری ڕۆشنبیریمان لەبەرامبەر ئەو باسە گوناهبارە، ئەو باسەی کە بەردەوام کولتور گوناهبار دەکات، باسێکە دەبێت بیخەینە نێو گومانکردنەوە، کاتێ گومانمان لەو تێگەیشتنە کرد، پێویستمان بەوە دەبێت سەر لەنوێ پرسیار لە جەستە بکەینەوە، پرسیارکردن بەمەبەستی نوقم نەبونە لەناو بێئاگایی بەوەی خۆمان لەناو گرفتە سەرەکیەکە وون نەکەین، بەڵکو پێویستمان بەوەیە لەجەوهەری گرفتەکە نزیک بینەوە، چونکە ئەوەیان باسێکی ڕاستەوخۆیە کەپەیوەست بێت بەژیانی ئێمەوە.

جەستە چییە؟ ئایا جەستە پەیوەندی هەیە بەڕۆشنبیریەوە یاخود تەنها لەهەناوی



کۆمەڵگا هاتۆتە بوون؟ ئەگەرچی پرسیارکردن لەجەستە پرسیارە لەکۆی ئەو کولتورەی کە جەستە هەڵگریەتی، بەڵام ئێمە لەپانتاییەکی دەست نیشان کراوەوە هەوڵ دەدەین باز نەدەین لەسەر بونیادی پێکهاتەی کە دەبێ  بە گوتاری کولتور، کە لەڕاستیدا گوتاری جەستەیە.

ئەگەر لەپێناسێکی سادەوە بۆ جەستە دەست پێبکەین، بەوەی جەستە پێکهاتێکی ئۆرگانی فیزیکی بێت و ڕووبەرێکی بۆخۆی تەرخان کردبێت، لەناو ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیە گەشە بەخۆی دەدات، ئەودۆخە دەیکات بە هەڵگری نەریت و ئاکاری تایبەت بەو کۆمەڵگایە، دواتر کۆی ئەو ئاکارەی جەستە بووە بە شوناسی ئاکاری کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە جەستە ئاکار دەسەپێنی، بەڵکو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان گریمانەی دەکەن لەڕێگەی جۆرێک لەبیرکردنەوەوچەپاندن، کە خوڵقاندنی شورەیەکە بۆ چالاکیەکان و سانسۆرکردنیان، سانسۆرکردن بە تەنیا پەیوەست نییە بە ڕێگە نەدان بە پەیوەندیەکان، بەڵکو یەکێک لەو هۆکارانەی کۆمەڵگا بۆ شەرعیەتدان هێز لە ئاین وەردەگرێت (خۆداپۆشینی جەستەیە) ئەوەش ترسێکی دیاری کۆمەڵگای ئێمەیە لە جەستە، هەر بۆیە هەریەکە لە گروپە کۆمەڵایەتیە دواکەووتوەکان و هێزە ئیسلامیەکان هێزی بەشداریکردن لەگەڵ یەکتر بە خاڵی مانەوەی ئەو ئاکارە سەیر دەکەن، کە لەدوا دەیەی سەدەی بیستەم بینیمان چۆن وویستیان لەڕێگەی داپۆشینی جەستە مۆدی ئاکارێکی داخراو بسەپێنن، دیارە ئەگەر مۆد پەیوەست بێت بە سەردەمی ئەمرۆ، ئەوا مۆد لەکۆمەڵگای ئێمەدا پەیوەست بوو بە ئاکاری خێڵەکی تاکە بیانووش خۆبەستنەوە بوو بەئیسلامەوە.

هەر بەوەندەش  وازیان نەهێناوە بەڵکودژایەتی کردنی خۆیان بۆ گەنج کورت کردۆتەوە بۆ شەڕی پیاوبوون، کە هەڵبەت پیاوبوون وابەستە کراوە بەو سیفاتە خێڵەکیەی کە ئیسلام لەبیاباندا هەڵگری بوو، ئەو ئاکارە لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا بووە بەهەڵگری دەلالەتی ئەوەی بتوانین لەهەر شوێنێک ئەو عەقڵە خێڵەکیە ئامادەگی هەبوو بڵێین، پڕۆسەی ئامادە نەبوونی گەنج لەئارادایە، چونکە لەهەر شوێنێک دژایەتی کردنی ئەو عەقڵەمان بینی مانای وایە گەنج پڕۆسەی ئامادەبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، بۆ دژایەتی کردنی یاساکانی بیابان، ئەوەش لەبنەماوە پەیوەندی گەنجە بە جەستەوە، ئەو پەیوەندیە کورت ناکرێتەوە لەناو پڕۆسەی سێکسی، بەڵکو ئەوە هێزە دواکەوتوەکانی ئێمەن دەیانەوێ پەیوەندیی گەنج و جەستە لەناو سێکس کورت بکەنەوە، هەر بۆیە شەڕی ئەو هێزە دواکەووتوانە لەگەڵ گەنج دەبێ  بەشەڕی (خۆ داپۆشین) و (خۆ دەرخستن).

گەنج کۆمەڵە ئاماژەیەکی خۆ دەرخستنی هەیە کەپەیوەستە بەزیندەگی ئەوەوە، ئەوەش ئامادە بوونی گەنجە لەناو مۆدی سەردەم، لەجۆری"جل و بەرگ، قژبڕین،

ملوانکە" هەریەکە لەو دیاردانەی گەنج لەلای هێزە سەلەفیە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان بۆ پیاو نەبوونی ئەو توێژە ناو دەبرێ، ئەو ناوبردنە هەوڵێکە بۆکوشتنی گەنج و گواستنەوەی بۆناو ئاکاری خێڵەکی و یاسای بیابان، هەرچی ملوانکە و زنجیریشە بۆ گەنجی کوڕ بە بەشێک لەسووکایەتی سەیرکراوە، چونکە پێیان وابووە ئەوە بۆ ژنانە، لەکاتێکدا لەژنیشی قەدەغە دەکات تەنیا کاتێ ئاهەنگ و نێو نوێنی خۆی نەبێت، ئەوەش وەک سەرکەووتوی باری ئابوری مێرد لەو شوێنانە سەیر دەکرێت، وەک چۆن ڕێگەدان بەخۆڕازاندنەوەی ژن وەک ستایش و سەرکەوتنی پیاوە بەسەر نەیارەکانی، کەچی لەباری ئاسایدا ئەو خۆ دەرخستنەی لەژنیش قەدەغە کردووە وگۆڕیویەتی بە خۆداپۆشین، خۆداپۆشینیش مانای گواستنەوەی گەنجە بۆناو کۆمەڵێک دەمامک کە وەزیفەی ئەکتیڤبوون لەجەستە بسەنێتەوە و ڕۆح لەشوێنی ئەودا ئەو ڕۆڵەی پێ بسپێردرێت، ئەگەڕ کور بۆ وێنەی پیاوبوون پێویست بێت (جامانە، ڕیش، تەزبیح، گۆچانی) هەبێت، ئەوە داپۆشینی ژن تەنیا حیجاب بوونیەتی، چونکە جەستەی ژن لەناو ڕووبەری لەزەت بترازێ بە هیچیتر نەشوبهێندراوە، حیجاب بوونیش تاکە تێگەیشتنێکی ئەو عەقڵەیە کەپێی وایە لەو ڕێگەیە دەتوانێ جەستە بکوژێ و ڕۆح زیندوو ڕابگرێت، ژن ئەگەرچی لەکۆمەڵگای کوردیدا زۆربەی جار ناچار بووە ملکەچی ئەو بڕیارە بێت، چونکە دڵنیابووە سزاکەی کوشتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی لەئاهەنگەکاندا یا ئەو کاتەی دێتە ناو بازاڕ بۆ پێویستیەکانی گەورەترین حەقیقەت دەبینین ئەویش ئەوەیە کە ئەو ناتوانێ دەسبەرداری جەستە بێت، ئەو خانمە سەرپۆش بەسەرەی، کە ملوانکەیەک بەسەر لاملی شۆڕبۆتەوە و لەنزیک مەمکەکانی وێنەی دڵی سەر ملوانکەکە شوێنێکیان داگیرکردووە، بۆخۆی سەرنج ڕاکێشانی هەموومانە، بەرامبەر بەو ئارەزووە گەورەیەی ئەو بۆ ژیان.

ئەگەر جەستە لەهەناوی کۆمەڵگاوە دیدێکی گۆشەگیریانەی بەسەردا بسەپێنرێ، ئەوا ڕۆشنبیری کوردی بەشدارێکیترە لەو داپۆشینە لەڕێگەی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاوە، ئایدیۆلۆژیا هەر بەو مانا تەسکەی نا کە ئایدیۆلۆژیای حزب بێت، بەڵکو ڕۆشنبیری کوردی لەناو بەرگی کوردبوونەوە ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی بینیووە بۆ دیلکردنی جەستە، ئەو بەشداری گەمەیەکی کردووە، دواتر گەمەکە بە دیلکردنی جەستە کۆتایی هاتووە، دیلیەتی زەمینەی دۆخێکی خوڵقاندووە کە لەسەر ڕابردوو کار بکاتەوە، بۆیە ڕۆشنبیر ئەو ڕابردووەی کردووە بەکولتوری کار لەسەر کراو، کولتوری جەستە کولتوری سەرکوتکردنەوە بووە، نەک تەنها بۆکورد، بەڵکو ئەو خاڵەیان هەموو ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە شەرعیەتدانی ژیان وابەست کراوەتەوە بە ئاین، جەستە جگە لەپانتایەکی حەرام بۆ پرۆسەی سێکسی وەک



ڕووبەرێکی ئەکتیڤ نەبینراوە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری سەمای خۆرهەڵاتی بکەین، دەبینین سەمایەکە پەیوەستە بەدەرخستنی جەستەی حەرامکراو، نمایشکردنی جەستەیە وەک ڕووبەرێکی سێکسی، مانای ئەو کۆنەستییە کە جەستەی چەپاندووە، لەکاتێکدا سەمای خۆرئاوایی هێندەی دەیەوێ کەشفی نهێنی ئەودیوی جەستە بکات، خۆی ناکات بە دەروازە بۆ وورووژاندن، وەک لەسەمای ئیسپانیدا دەبینین سەمازان سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ خودا بدوێت، ئەوەش دواندنی ڕۆحە لەتەک سەمادا، هۆیەکەشی ئەوەیە جەستە بونیادێکی ئەکتیڤی بوونە، بەپێچەوانەوەی جەستەی خۆر هەڵاتی کە جەستەیەکی حەرامکراوە، جەستەیەکە مێژووی بوونی یەکسان کراوەتەوە بە مێژووی حەرام، بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە بەهیچ چەشنێک پێویستمان بەوە نیە بزانین سەرەتای ئەو سەرکوتکردنەوەیە بۆکوێ و بۆکەی دەگەڕێتەوە، هێندەی پێویستیەکی زۆرمان بەوەیە لە پەیوەندی دەزگا سەرکوتکارەکان تێبگەین و کەشفی ئەو دەزگایانە بکەین لەناو دامەزراوە کوردیەکاندا، کە ئەوەش پێویستی بەخوێندنەوەی جەستەیە لە ڕووی تیۆریەوە، ئەو کارەش پێویستی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک چەمکی فەلسەفی هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو چەمکانەوە بتوانین جەستە بخوێنینەوە، ئێمە لەو سەرەتایەوە هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک چەمک دابەزێنینە ناو ئەو نووسینە و لەو ڕێگایەوەش هەوڵی بەدواندنی جەستە بدەین.

ئەوکاتەی دەمانەوێ جەستە بدوێنین مانای وایە نامانەوێ چیتر ڕۆح هەموو بەهاکان بۆخۆی بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەوکارە لەسەر فەرامۆشکردنی جەستەوە وەستاوە، ڕازی نەبوون بەو فەرامۆشکردنە هەوڵێکە بۆ خوڵقاندنی شۆڕش، ئەگەر بێت و چەمکی شۆڕش لەو سیاقەدا ڕاست بێت، کە مانای کودەتایەک بێت بەسەر ڕۆحدا، ستراتیژی ئەو شۆڕشە دوو قۆناغی ڕۆشنی لەپشتەوەیە ئەویش(بەختەوەری) و (چێژ) ە.

چێژ کە ڕۆح لە ڕێگەی چەپاندن لەخۆی قەدەغە دەکات و نایەڵێت خود بگات بە ئۆرگازم، ئەوەش هەوڵێکی دەزگا سەرکوتکارەکانە لە پێناو نەگەیشتن بە بەختەوەری، بەختەوەری بەهۆی چەپاندنەوە بووە بە وەهمێک کە دەشێ لە دنیایەکی غەیبانیدا پێی بگەین، ئەو دنیایە لەسەر ئەرزی واقیعی بوونی نییە، بۆ ئەوەی بەو دنیا غەیبانیەش بگەین، دەبێت بیر لەپیرۆز کردنی ڕۆح بکەینەوە و جەستە فەرامۆش بکەین، بۆیە کاتێ جەستە دەیەوێ بەختەوەری و چێژ لەناو ئەو دنیایە بدۆزێتەوە، مانای وایە جەستە پرۆژەی بیرکردنەوە لەشۆڕشی لەلایە، بۆ ئەوەی چیتر چێژ و بەختەوەری دوو بونیادی نائامادەبوو نەبن، ئامادە نەبوونی ئەو دوو بونیادە بە پەراوێزکردنی جەستەیە، مەبەست لەو پەراوێز نەکەوتنەوەیە بۆ ئەوەیە

تاپۆ نەکرێنەوە بە سیستمێکی دەست نیشان کراو لەحەرام، چونکە تەسلیمبوون بەو سیستمە بەمانای دەست نیشان کردنی جەستەیە لەناو چوار چێوەیەکی دەست نیشان کراو، ڕێک وەک ئەو دۆخەی جەستەی کوردی تیایدا دەژیێت، بەوەی جەستە کورت کراوەتەوە بۆ مومارەسەی سێکسی لەناو چوار چێوەی خێزاندا، ئەگەر دەنگێک هەبێت پێی وابێت ئەوە هۆکارێکە بۆ پەیوەندی مرۆیی دەبێت بێدەنگ نەبین لەو پەیوەندیەی کە کوشتنی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرهەمی ئەو پەیوەندیە نامرۆییە، کە قبووڵ کردنی ژیان وەک ئەوەی هەیە دۆزەخێکە، چونکە لەنێوان پڕۆسەی ژیانی هاوسەری و جەستە وەک بکەرێکی ئەکتیڤی نێو ژیان جیاوازیەکی زۆر هەیە، کە هەوڵ دەدەین دواتر لەبارەیەوە بدوێین، بەوەی ڕۆڵی جەستە چییە، لەکاتێکدا کورت کردنەوەی جەستە لەناو ژیانی هاوسەریدا پڕۆسەیەک نییە بۆ گەیشتنە چێژ و بەختەوەری، بەڵکو پڕۆسەیەکە بۆ خولقاندنی منداڵ.

پەیوەندی جەستە بەهەریەک لەدەزگا و مێژوو پەیوەندیەکە بۆ قسەکردن لەزەمینەی گوتاری سەرکوتکردن، چونکە ئەو گوتارە بارگاوی کراوە بەچەمکێکی ئاکاری، بەڵام ئەو بارگاوی کردنە بنیاتی راستەقینەی ئەو گوتارە نیە، بەڵکو بنیاتی ئەو گوتارە لەهەناوی دەزگا سەرکوتکارەکان و مێژووی سەرکوتکردن بەرهەم هاتووە، ئەوەش پەیوەندی فکری ئیستدلالی و بنیاتی ئابووریە، ئەو دوو بنیاتە بۆ جەستەی کوردی پەیوەندی بەکۆی مێژووی سەرکوتکردنەوە هەیە، چونکە بوونی بنیاتی ئابووری لەلایەن ڕەگەزێک وای کردووە ڕەگەزی بەرامبەر پەراوێز کراوبێت، وەک چۆن بوونی ئابووری بەدەست گروپە کۆمەڵایەتییەکان لاوازکردنی تاک بووە لەناو کۆمەڵگادا، ئەو لاوازکردنەش بووە بەسەرکوتکردن، بەردەوامی بەخشین بەو سەرکوتکردنە مێژوویەکی بەخشیوە. لەلایان دەزگا سەرکوتکارەکان، ئەو دەزگایەش چەندە گروپە کۆمەڵایەتیەکان لەشێوەی پێکهاتی خێڵەکی لەکۆمەڵگای کوردیدا نەهێشتووە خێزان بەپێی دەلالەتی نوێ دروست بێت، لەڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئابووریەکی سەربەخۆ، ئەوەش لەسەر ئاستی تریش بووە بەمێژوویەکی بەردەوام، مێژوویەک وایکردووە لەئاست گروپەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی رەگەزی، ئەو میکانیزمە سەرکوتکاریە مێینەی کردووە بەو تاکە بێ دەسەڵاتەی کە گروپە کۆمەڵایەتیەکان شەرعیەت بەنێرینە بدەن لەپێناو پتەوکردنی دەزگا سەرکوتکارەکان، چونکە ئەو مێژووە پرۆسەی سەرکوتکردنی سێکس بە بەشێک لەخۆی سەیر دەکات، ئەو سەیرکردنەش هاو یەکسانکردنی پەیوەندی نێوان سێکس و سەرکوتکردنە. چونکە مێژوی سێکس مێژووی سەرکوتکردنە، بۆیە بۆ سەرهەڵدانی زانستی سێکسی پێویستە دەزگا سەرکوتکارەکان ڕەت بکرێنەوە، چونکە پەیوەندی نێوان مێژووی سەرکوتکردن و دەزگا سەرکوتکارەکان، لەسەر ئاستی گێڕانەوەی



مێژووی ئاکار و رەفتار و مێژووی کۆمەڵایەتی نییە بۆ پرۆسەی سێکسی، هێندەی دەوردانی ئەو بابەتەیە لەناو مێژووی فیکردا. تائەو ساتە وەختە قسەکردن لەو پرۆسەیە، دوان نەبووە لەمێژووی ئەو پەیوەندیە و پرۆسەکە وەک زانستێک، بەمانای باسێک نەبووە لەناو میتۆدێکی فەلسەفییەوە، بەڵکو پاڵنەرەکانی چەپاندن زمانی هێناوەتە دوان، لەو بەدەنگ هاتنەش نەمان ویستووە ڕووبەرێک بۆ جەستە تەرخان بکەین، بەڵکو زمان هەڵساوە بەگێڕانەوەی جەستە بۆ ناو چەپاندن، ئەوەش رەخنەیە لەنائاگایی ئاکاری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی (ئاگایی هەنووکەیی) نەخاتە نێو مێژوو، بەڵکو ئەو نائاگاییە مێژووییە لەهەنووکەدا ئامادە بکاتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەوەی چۆن نوقمی نێو (نائاگایی مێژوویی) بووە، بۆیە نووسینەکانی ئەو بوارەش نەیانتوانیوە لەسیاقی ئاکاری کۆمەڵایەتی نەسوڕێنەوە و (جەستە، زمان، مێژوو، دەزگا، زانست) بخەنە نێو گوتارێکی فەلسەفییەوە.

کاتێ بمانەوێ لەدەرەوەی چەپاندنەوە، بەڵکو لەناو بونیادەکانی ئەو گوتارەوە لەجەستە و پەیوەندی سێکسی بدوێین، دەبێ چەمکی دەسەڵات فەرامۆش نەکەین، چونکە ئەگەر دەسەڵات (بەپێی چەمکە فۆکۆییەکە) بریتی بێت لەپەیوەندییەکانی هێز، ئەوا دەسەڵات دەبێ بەو گوتارە سێکسیەی کە پەیوەندیەکانی هێز کۆی بونیادەکانی پێک دێنێت، ئەوەشیان باسێکی فەرامۆش کراوە لەرۆشنبیری جەستەی کوردیدا، بەڵکو کولتوری جەستە لەو نێوەندەدا کولتورێکی داخراوە، کولتورێکە نەبوونی دیدێکی رۆشن و ئامادە نەبوونی میتۆد بۆ خوێندنەوەی ئەو کولتورە، بەداخراوەیی هێشتوویەتیەوە، کاتێ لەتێگەیشتنی (فۆکۆ) وە سەیری ئەو بابەتە دەکەین مەبەستمان لەوەدایە، بۆ خوێندنەوەی کولتوری جەستە جیاوازیی لەنێوان خود و جەستەدا بکەین، نەبوونی ئەو جیاوازیە پەیوەندیی بەو ڕابردووە چەپێنراوە هەیە، کە مێژووی سێکس.. مێژوویەکە وابەستەیە بەمێژووی گوتارەکان، چونکە لەگەڵ هاتنی قۆناغ و دۆخی کۆمەڵایەتی نوێش، گوتارەکان نەیانتوانیووە سێکس لەسیاقی مێژوویی دەربکەن، بەڵکو بووە بەخاڵێک لەنێوان ئاکار و رەفتار، کە ئەگەر ئەو دووانە لەڕۆشنبیری ئێمەدا بەیەک واتا ڕاڤەکرابن، ئەوا دوو واتای جیاوازیان هەیە، یەکەمیان (ئاکار) بەرهەمی داکۆکی کردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵگا هەڵگریەتی، هەرچی (رەفتار) ە لای فۆکۆ بەهونەری بوون ناسراوە و بە (ئیتیکا) ناوی دەبات، ئەوەش دیارخستنی ڕەفتاری تاکە، بەواتای پێشڤەچوونی گوتارەکان هەوڵی خولقاندنی ئەو جیاوازیەیان نەداوە، بەڵکو ویستویانە ڕەفتاری تاک لەناو ئاکاری کۆمەڵگا بتوێننەوە، ئەوەش وای کردووە پەیوەندی سێکس و گوتارەکان ببنەوە خاوەن یەک مێژووی هاوبەش. کاتێ دەکەوینە بەردەم چەمک، ئەوا چەمک دەبێ بەپێکهاتەی مێژووی سێکسوالێتی، ئەو مێژووەش لەناو خۆیدا مانا بەو

چەمکانە دەداتەوە لەدەرەوەی دامەزراوە سەرکوتکاریەکان، ئەوەش لەدایکبوونی زانستی ڕەفتارە، کە زانستێکە لەناو فەزای دەسەڵاتەوە پەیوەندی نوێ دەخوڵقێنێت، ئەو پەیوەندییەش جەستەی نەخوێنراو دەباتە نێو ڕووبەرێکی جیاواز کە کۆی ئەو کولتورەی جەستە لەگەڵی خۆیدا هێناویەتی دەکەوێتە نێو ڕەخنەوە، ئەوەش ڕەخنە لەوە دەردەکات قسە لەپەیوەندی نێوان جەستە و کۆمەڵگا بکات، بەڵکو بەر لەهەر شتێک دەبێ جەستە لەخود جیا بکاتەوە، ئەو جیاوازیەش پەیوەندی بەو پێشنیارە فەلسەفیەی مەرگی مرۆڤەوە هەیە، ئەو مەرگەش دەگەڕێنینەوە نێو ڕەخنەگرتن لەمرۆڤی مۆدێرنیتی، ئەو مرۆڤە کە بەلای (دیکارت)ەوە بوونی ئەو پەیوەندی بەبیرکردنەوە هەیە.

مرۆڤی مۆدێرنیتی مرۆڤێکە لەگەڵ کۆجیتۆکەی دیکارت دێتە بوون، ئەو مرۆڤە بڕوای بەجیاکردنەوەی خود نییە لەجەستە، بەڵکو مرۆڤێکە تەواوی بوونی خۆی وابەستەی بیرکردنەوەی دەکات، بیرکردنەوە مانای بوونی پێدەبەخشێت، بەمانای خود و جەستە لەو کاتەدا (ئیتیکای مرۆڤی بیرکەرەوە)(٨) ی پێ دەبەخشن هەرگیز ئەو ئیتیکایە دابەش نابێتە سەردوو بوون لەناو مرۆڤدا.

بەمانای مۆدێرنیتی مرۆڤ وەک جەستەیەک نابینێت، کەخاوەن بوونێکی سەربەخۆ بێت، بەڵکو تەواوی جەستە لەناو خود کە پێکهاتەی مرۆڤەکەن بونیان وابەستەی بیرکردنەوە دەکات، ئەوەش بوون یەکسان دەکاتەوە بە عەقڵ، بۆیە مرۆڤ بەلایەوە (مرۆڤی عاقڵ )ە بوونی هەیە (مرۆڤی شێت) مرۆڤێکە کە توانای بیرکردنەوەی لەدەست داوە بوونی نییە، لێرەدا بوون لەنێوان شێتی و عەقڵدا ڕووبەرووی گومانمان ناکاتەوە، هێندەی ئەگەر عەقڵ پەیوەندی بە سیستمێکی زمانەوانییەوە هەبێت و شێتی لەناو ئەو سیستمە شوێنی نەبێتەوە، ئایا دەتوانرێ ئەو زمانە فەرامۆش بکرێت کە شێتەکان بەدامەزراوەی نەست دەبەستێتەوە؟ چونکە داهێنان لەدەرەوەی ئەو دامەزراوە نەستییەوە نەهاتۆتە بوون، تەنانەت پەیوەندیەکی بەردەوام لەنێوان شێتی و داهێنانەوە هەیە، (ئارتۆ و نیتچە و مالارمێ) سێ نموونەی مرۆڤی خۆرئاوایین کە بەپێی تێگەیشتنی مۆدێرنیتی دەبێ بەبیرکەرەوە سەیریان نەکەین، چونکە پەیوەندیان بەو زمانە عەقلانییەوە نییە، بەڵام دەبینین نەست زمانێکی سەربەخۆی هەیە، وەک هەست خاوەنی سیستمێکی تایبەتمەندە و تەنانەت ئەو زمانە لای نیتچە دەبێ بەزمانی ڕەخنە، یەکەم دابڕان لەعەقڵی مۆدێرنیتی دەخوڵقێنێت، بۆیە ئەگەر دیکارت توانی زەمینەی لەدایکبوونی مۆدێرنیتی بێنێتە بوون، ئەوا نیتچەش توانی ئەو عەقڵە بخاتە ژێر ڕەخنەوە، ڕەخنەی نیتچە لەمۆدێرنیتی لەوێوە قووڵ دەبێتەوە، کاتێ پێی وایە دیکارت لەبەرامبەر مرۆڤی خۆرئاوایی تووشی دەسخەڕۆدان هاتووە، بەڵام بۆ فۆکۆ ئەوەندە



نەبووە مایەی تەئویلکردن بۆ دیکارت، بەڵکو ئەو خوێندنەوەکانی (هیگل، نیتچە، هۆسیرل، هایدگەر) ی هێنایەوە ناو تەئویلکردنی، بۆیە ئەوە کولتورێکی فەلسەفی نێوان لایەنگرانی مۆدێرنیتی و نەیارانی بوو، کە فۆکۆ ڕەخنەی پێ دەگرت، تەنانەت ئەو کولتورە ببووە جومگەکانی چارەسەرکردنی بۆ فەلسەفەی دیکارت، کە هەریەک لەو فەیلەسوفانە لەڕێگەی پرۆژەی فەلسەفی خۆیانەوە بە دیکارتی دەگەیاندنەوە. بۆیە مۆدێرنیتی چەندە بەقۆناغێکی ترەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بۆتەوە، ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتیش ئەو ڕابردووە مۆدێرنیتیەی خستە ناو تەوەری رەخنەوە، بەوەی بەیەکەم زەمینەی دامەزراندنیدا بچینەوە، بەتایبەتی کاتێ دەبینین فۆکۆ لەکۆجیتۆکەی دیکارتەوە رەخنە نیتچەییەکە گەشە پێدەدات لەڕێگەی گۆڕینی (بیرکردنەوە) ی دیکارتی بۆ (هەڵەکردن).

هەڵەکردن کاتێ دەبێ بەپێوانە بۆ سەپاندنی بوون، بەمانای زمانی نەست شوێنی عەقڵ دەگرێتەوە، چونکە مۆدێرنیتی پێی وایە ئەوانەی هەڵە دەکەن شێتەکانن، چونکە توانای بیرکردنەوەیان لەدەستداوە، فۆکۆش کاتێ هەڵەکردن لەشوێنی بیرکردنەدا دەبینێت راستەوخۆ دەیەوێ رەخنەگرتنی لەمۆدێرنیتی لەناو ئەو دابەشکردنە بۆ عەقڵ و شێتی پۆلێن بکات، کە پۆلێنکاریەکە لەبنەماوە لەزمان نەگەیشتووە، مۆدێرنیتی لەوە نەگەیشتووە کە نەست زمانێکە ناکرێ بکرێتە دەرەوە، بۆیە کاتێ بمانەوێ لە پەیوەندی جەستە بدوێین، پەیوەندییەکە بەپێی زمانی عەقڵی مۆدێرنیتی سنوری بۆ کێشاوە، بۆ بەزاندنی ئەو سنورەش پێویستە لەڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتیەوە دەست پێبکەین، بەبێ رەخنەگرتن لەو رابردووە توانای ئەوەمان نابێت لەمانا و بوونی جەستە نزیک بکەوینەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤی مۆدێرنیتی بناسین، دەبێ رەخنە لەو مرۆڤە بگرین. بەبێ ڕەخنەگرتن لەو مرۆڤە ناتوانین قسە لەمرۆڤێکی ڕەخنەگر بکەین کە خود و جەستەی تیا لەیەک جیا بکەینەوە. مۆدێرنیتی لەڕێگەی دیکارتەوە چەمکی (خودگەرایی) هێنایە بوون، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا جەستەی بەتەواوی فەرامۆش کرد، جەستە بەهایەکی نەبوو، بەڵکو بەهای جەستە بەهای خود دەست نیشانی دەکرد، ئەو فەرامۆش کردنەش پەیوەندی بەو ئاستی بیرکردنەوەیە هەبوو، کە هەموو ئەوانەی دەکەوتنە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە بێنرخ سەیر دەکران، گەڕانەوەی جەستە بۆ ناو ئەو چالاکییە مانای بەخشینەوەی ڕەهەندێکی ئیتیکیە بۆ جەستە، کە ئەو کاتە ئیتیکا تەنیا جەستە وەک بوونێکی فەرامۆش کراو ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو پرسیاری ئاکاریش دێنێتە بوون، ئەوەش پرسیارێک نابێت بۆ ئاشتکردنەوەی جەستە و خود، بەڵکو پرسیارکردن لەماناکانی جەستە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی جیاوازی، جەستە لەڕێگەی پرسیارەوە جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ خود دەست نیشان دەکات، ئەوەش پرسیارە لەچیەتی جەستەوە، ئەگەر پرسیار

لەچییەتی جەستە یەکسان بکەینەوە بە پرسیارکردن لەچییەتی خود، ئەوساتە چییەتی پرسیار رووبەڕوی جیاوازی نێوان ئەو دوانەمان دەکاتەوە، چونکە ئەو پرسیارە جیاوازی جەوهەری دەردەخات، بەوەی گەر خود چەمکێک بێت وابەستەبێ بە پرۆسەی بیرکردنەوە، بەو پرۆسەیە مانای بەخشینی بوونی ئەوبێت، ئەوا بوونی جەستە دوو ئاراستەی کەینونی ئەو دەردەخەن، ئەوانیش (سروشتی جەستە) و (کولتوری جەستە)ن، جەستە لەفکری مۆدێرنیتی بوونێکە و پەراوێز کراوە، چونکە شوێنی گومانە، بەوەی ئەو کە نەتوانێ بیرکردنەوە بیکات بە خاوەنی (مەعریفی جەستە) بە مانای کاتێ جەستە نەبێ بە خاوەن مەعریفەیەک، ئەوە دەبێ بخرێتە ناو پرۆسەی گومانەوە، مۆدێرنیتی ئەوەی بیرچوو کە کولتوری جەستە بەرهەمی مەعریفەی جەستەیە، بەڵام مەعریفەیەک پەیوەندی بە عەقڵەوە نیە. سروشتی ئەو پێکهاتە و گەشە فیسیۆلۆژییە کە جەستە تیایدا دەست بە بزاوتە سەرەتاییەکان دەکات و تێکەڵ بە دۆخە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. ئەو دۆخە لەخەسڵەتی سروشتی خۆی دەیگوازێتەوە ناوجەستەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگاش بەهۆی سیستمێکی ئاکاری پیادەکراو دەیکات بەشوناسی (ئاکاری کۆمەڵگا)، ئەو چەمکی ئیتیکە ئاکاریە تەواو بوونە لەئاراستەی سروشتی جەستە بۆ چوونە ناو ئاراستەیەکی تر کە ئەویش کولتوری جەستەیە، ئەو کولتورەی خاوەن یادەوەرییەکی سانسۆر کراوە، کە ئاراستەی یەکەمی جەستە لەناو کولتوردا سانسۆر کراوە، ئەوەش کولتوری داگیرکردنی جەستەیە، ئەو داگیرکردنە مانای وانیە جەستە لەبوونێکی ئەکتیڤەوە بەرەو مردن دەچێت و ماناکانی پرسیار لەلایدا کۆتایی دێت، بەڵکو ئەو سیستمە ئاکاریە سانسۆری خستۆتە سەری.

بۆیە ئەگەر مۆدێرنیتی پێی وابێت ئەوە مردنی جەستەیە و ئیدی جەستە تەنیا بەچونە نێو خودەوە دەتوانێ ڕەهەندێکی لاواز بەخۆی ببەخشێتەوە، ئەوە هەڵەیەکە، چونکە داگیرکردنی جەستە مردنی نییە، بەڵکو زەوتکردنی ئەو ئیرادەیە لەناو سیستمێک کە دەرچوون لەو سیستمە مانا بەخشینەوەیە بەجەستە، بەڵام مۆدێرنیتی چونکە جەستە دەکاتەوە بەشێک لەناو میکانیزمی دامەزراوەکانی خۆی، بۆیە ئازادبوونی وەک وەهم سەیر دەکات، لەشوێنیدا ئاخاوتنی خود بەو ئەلتەرناتیڤە دەبینێ، کە دەتوانێ ببێ بە بوونێکی چالاک، ئەوەش چەپاندنێکی تری جەستەیە.

جەستە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بۆ هەر یەک لەڕەگەزەکان هەڵگری مانایەکی جیاوازە، چونکە لەبنەڕەتدا جەستە لەئارەزووی سێکسی بەتاڵکراوەتەوە، وەسفکردنی بۆ جەستەی نێرینە گەڕانە بەدوای وێنەی پاڵەوان، جەستەی نێرینە هێز بەخشینە بەخود، کەچی هەرچی جەستەی مێینەیە جەستەیەکی پەراوێزکراوە، جەستەیەکە بوونی سوکایەتیە بۆ کۆمەڵگا، ئەو کولتورەی جەستە کولتوری سانسۆرکردنی



سروشتی جەستەیە، بوونی ژن وابەستە نییە بەجەستەوە، بەڵکو بوونی پەیوەندی بەخودەوە هەیە، ئەو بۆئەوەی خۆی بسەپێنێ دەبێ دەسبەرداری جەستە بێت و هەوڵی سەپاندنی خود بدات، (لەیلا قاسم، زەکیە ئەلکان، لەیلا زانا) بەرهەم و سەپاندنی ئەو خودەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کەجەستەی بێ خود مانای جەستەی بێدەنگن، چونکە بوونی وابەستەی خودە، جەستە لەڕێگەی خودەوە توانای قسەکردنی هەیە، ئەو جەستانەی ناتوانن قسە بکەن، جەستەیەکی کۆن و بەسەرچوون، بەراوردکردنی بەو ڕابردووە بێ بەهاکردنی مرۆڤە بۆ سەردەمێک کەمرۆڤ لەئەشکەوت ژیاوە و ژیانی سەرەتایی لەگەڵ سروشت تێکەڵ بووە، خاوەن کولتور و ژیارێک نەبووە، بێ ئەوەی نرخ بۆ ئەوە دابنرێت ئەو ئاراستە و قۆناغەی جەستە لەتەک سروشتدا ژیاوە، جەستە لەناو بێدەنگی خۆی توانای زمان و زیندەگیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە.

تەئویلکردنەوەی مێژوو تێگەیشتنە لەڕابردوویەک کە تەئویلکار لەناو زەمەنی خۆیدا مردنی مێژوو رابگەیەنێت، ئەو مردنەش ڕێک بەو مانا (نیتچە) ییە کە بۆ ئازادبوونی مرۆڤ مەرجە مێژوو بمرێت، نیتچە ئاوا باس لەو مردنە دەکات "تاڕادەیەکی باش شیاوە کە مرۆڤ بتوانی بژییێت بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە وەک ئاژەڵە، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانی بژییێت بێئەوەی لەبیری بکات" (٩) چونکە بەلای نیتچەوە مردنی مێژوو، ئازادبوونی مرۆڤە، چونکە بەو مردنە دەوڵەت شوێنی یەزدان وزانست شوێنی ئاین دەگرێتەوە. بۆیە مردن چەمکێکە لای نیتچە گوزارشت لە(بیرچوون) دەکات، ڕێک بەپێچەوانەی دیکارتەوە بەلای نیتچە بیرکردنەوە مردووە، ئەو مردنەش لەفۆرمی مردنی یەزدان ڕاگەیاند، مردنێک کە مردنی عەقلانیەتی دیکارتی بوو، لە شوێنیدا بە دوای مرۆڤێکی باڵا دەگەڕا کە خاسیەتی سوپرمانی لە خۆدا کۆکردبێتەوە، ئەو ڕەخنەیە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو مرۆڤە هەبوو، بەتایبەتی کاتێ بەلایەوە مرۆڤ یەزدان دەکوژێت، بەو مردنە توانای خۆی لەدەست دەدات، ئەوەی بە ناتەواوی بەجێهێشت، تا فۆکۆ مردنی ئەو مرۆڤەی راگەیاند، مردنێک کە خود و جەستە تیایدا لەناو ئەو مرۆڤە جیا دەکردەوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ مانا فۆکۆییەکە بۆمێژوو، کە مەبەست لەگۆڕینی مێژووە بۆ یادەوەرییەکی هاودژ. ئەوەش هەوڵێکە بۆ گۆڕینی مێژووی سەرکوتکردن، مێژوویەک لەڕێگەی دەزگا سەرکوتکارەکانەوە، شوناسی پاکیزەیی داوە بە جەستە، ئەو پاکیزەییە سەرکوتکردن بووە، لەپێناو کوشتنی رەهەندی بوونی جەستە وەک ئیتیکایەکی چالاک، بەخشینی وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی پێداوە لەناو ژیانی هاوسەری، وەزیفەیەک لەپێناو خوڵقاندن و زۆربوون و پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە بووە، نەوەک لەپێناو چێژ بەخشین لەرێگەی جەستەوە، چونکە بوونی ئەو دەزگا

سەرکوتکارییە لەڕووی پاوانکردنی ئابووری لای پیاو بەڵگەی ئەوەیە خێزان بەرژەوەندیی ئابووریی دەیهێنێتە بوون، نەک غەریزەی ئیرۆسی جەستە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو غەریزە جەستەییە وەک تاوانی شێتی سەیر دەکرێت، تاوانێک عەقڵ لێی بەرپرسیار نابێت، بۆیە ئەگەر شێتەکان دەبێ بخرێنە شێتخانەوە، ئەوا تاوانباریش دەبێ بخرێتە زیندانەوە، ئەگەر چی تاوانی جەستە لای ئێمە تاوانێکە لەنێوان (زیندان) و (کوشتن) پۆلێن کراوە، تاوانێکە ئەگەر پیاو بخاتە زیندانەوە، ئەوا ژن بەکوشتن کۆتایی بەتاوانەکەی دێت، چونکە ئەو بارگاوی کردنە بەچەمکی ئاکار، هاوواتا کراوەتەوە بەتکانی ئاکاری خێزان، ئەوە لەکاتێکدا ئەو سانسۆرە ئاکارییە خراوەتە سەر ژن لەسەر پیاو بوونی نییە، تەنانەت زیندان پەیوەندی بەئاستی پرۆسەکە هەیە، کەزیندان تەنیا ئەوساتە پیاوی تیا دەئاخنرێت، ئەگەر ویستبێتی لاقەکردن ئەنجام بدات، دەنا زیندانیش نایگرێتەوە، بۆیە مێژووی سەرکوتکردنی جەستە مێژووی کۆیلەکردنی ژن بووە، بەوەی لەناو دەزگا سەرکوتکارییەکان پێوەندی تریش لەدایک دەبێت، ئەوەش مومارەسەکردنی پیاوە لەناو ئەو دەزگایە لەڕێگەی سەرکوتکردنی ژن، کەئەوەش پتەوکردنەوەی دەزگاکەیە، سەرباری ئەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج بێت لەکۆمەڵگای کوردیدا، کولتوری جەستە زاڵە بەسەر ئەو دۆخە لەکاتێکدا دەبوایە سروشتی جەستە پێکهاتەی ئاکاری کوردی بێت، چونکە کولتور و دۆخی شاربوون و ژیار ئاستێکی لاوازە و کەمتر لەکاردایە لەو کۆمەڵگایەدا، بەڵکو ئاستی دووەم زیاتر لەناو ئێمەدا ئیش دەکات، بەهۆی خەریک بوونی کۆمەڵگاکەمان بەکشتوکاڵ و بەشێکی بەشوانکارەیی بەتایبەت لەلادێیەکان.

ئەگەر ئەو کولتورە لەناو شار و بۆ ئەو چینەی کە فەرمانبەر و خوێندکار و لەناو دامەزراوە حکومییەکان کار دەکەن لەئارادا بوایە، ئەو کات ئەوەمان ناودەبرد بەگۆڕین لەدۆخی سروشتییەوە بۆ کولتوری ژیاریی، بەڵام دەبینین لادێیەکان زیاتر وابەستەبوونی خۆیان بەو کولتورە راگەیاندووە، ئەوەش پەیوەندی بەدوو فاقیەتی مرۆڤی کوردییەوە هەیە،(١٠) پەیوەندی بەگەشە و گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتییەوە نییە. ئاوێتەبوونی ئەو دوو ئاراستەیە پەیوەندی بەنەبوونی پرۆسەیەکی تەئویلکاری هەیە کە گوتاری مێژوویی و زمانی جەستە تیایدا تەئویل نەکراوە، چونکە گوتار و زمان لەپەیوەندیەکی جەوهەری بەردەوامدان، ئەوەش لەپەیوەندی زمانەوانی نزیکمان دەکاتەوە، کەجەستە بەبێ هیچ دەربڕاوێک دەریخستووە، لەقۆناغێکدا کە کولتوری جەستە کولتورێکی ئاماژەکاریی سروشتی مرۆڤ بووە، لەسەر ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ ئەو گوتارە مێژووییە، ئەوەش بووە بەهۆی لەدایکبوونی سێ پەیوەندی، لەسەر تێگەیشتن لەبنەما فەلسەفییەکەی فۆکۆ وە پۆلینی دەکەین،



یەکەمین پەیوەندی گوتار بەمەعریفە، پەیوەندیەک بووە جەستە تیایدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ مەعریفەی باو دەرخستووە، بەوەی غەریزەی سروشتی ئەو هەر کاتێک ویستی ئازادە لەسێکسکردن، بەپێی پۆلێن کردن و حەرامکردنی جەستە، ئەو پەیوەندیە جەستەییە پیرۆزی داوە بەجەستەی مێینە، وەک پیرۆزێک دانیشتووە دەبێ قوربانی بخرێتە ژێر دەستەوە، بۆیە نێرینە کاری ڕاووشکاری ئەنجام داوە، ئەوەش چوونە سەر پەیوەندی دووەمە کە دەسەڵاتە، دەسەڵات بەو مانایەی کە پەیوەندیەکانی هێز دەیخوڵقێنێت، پەیوەندی هێزی ئەو مرۆڤە پەیوەندی جەستەیی نێرەکان بەمێینەوە، ئەوەش وای کردووە پەیوەندی سێیەم لەنێوان دەسەڵات و مەعریفە بەبێ ئەو ناتەواوبن، بۆیە بوونی پەیوەندی سێیەم وەک حەتمیەتێک دەرکەوتووە کە ئاکارە، ئەوەش پەیوەندی گوتارە بەخودەوە، ئەو پەیوەندیەش بەستنەوەیە لەنێوان خود بە سێکسەوە، بەبێ پرۆسەی سێکسی ئەو پەیوەندیە ئامادەیی نابێت، بەئامادەبوونیشی خود لەناو جەستەوە بەشداری دەکات، چونکە لەناو ئەو پرۆسەیە جەستە بوونی ئەکتیڤ بەرهەم دینێت، بەرهەم هێنانیشی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەردوو پەیوەندیەکەی پێشوو، چونکە دەبێ پەیوەندی دەسەڵات بەخودەوە لەڕووی لەدایکبوونی منداڵ، کەئەوەش بنیاتنانی گروپی کۆمەڵایەتییە، منداڵنانەوە مانای دەسەڵات بەخشین بەو پرۆسە سێکسیە، وەک چۆن ئەو پرۆسەیە مەعریفە بەرهەم دێنێتەوە لەڕووی چێژ و بنیاتنانی مەعریفەی ئاکاری. ئەو سێ پەیوەندیەش لەسەر پەیوەندیەکانی گوتاری مێژوویی و زمانی جەستەوە دروست بووە، کە بەرهەمی سروشتی جەستەیە، لەگەڵ ئەو سروشتی بوونە گۆڕاوە بۆ کولتور، بەپێی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە و تەکنەلۆژیە تادواتر دۆخی سروشت بوونی خۆی ون کردووەو دژایەتی بۆ دۆخی سروشتی راگەیاندووە.

یادەوەری جەستەی کوردی یادەوەریەکە هەڵگری سەرکوتکردنەوەیە، یادەوەریەکی تۆقێنراوە، ئەو جەستەیە هەڵگری توند و تیژیە، لەنێوان گوتارەکاندا شورەی نێوان خۆی و خود بەرزتر دەبینێت، ئێمە لەسەرەتا ئاماژەمان بۆ پڕۆژەی مۆدێرنیتی کرد، کە چۆن لەڕێگەی کۆژیتۆکەی دیکارتەوە هەمو پاییەک دەدرێت بە خود و جەستە دەکرێتە دەرەوە، ئەوەی گرنگی دەبێ ئەوە خودی عاقڵە، جەستە بێ ئەو خودە هیچ بەهایەکی نابێت، لەکۆمەڵگای کوردیدا گۆڕانێک لەو تێگەیشتنە نیە، هێندەی دەزگاکانی سەرکوتکردنەوە توندتر سەیری ئەو پەیوەندیە دەکەن، ئەو کاتانەی جەستە فەرامۆش دەکرێت، حەقیقەتی خود وون دەکرێت، حەقیقەتی ئەوەی خود هەمیشە ئارەزووی سەیرکردنەوەی جەستەی خۆی دەکات، ئەو ئارەزووە خاوەنی ڕەهەندێکی نەرسیسیانەیە، بەوەی سەیرکردنەوەی وێنە.. شەیدا بوونە بە وێنەی خۆی، خود هەمیشە ویستویەتی جوانی جەستە ببینێت، ئەوجوانیە بەلایەوە توانای

هەیە چالاکی و گۆڕان بێنێتە کایەوە، بەوەی جەستە گەر نەتوانێ عەقڵ تێپەڕێنێت، ئەوە ڕازینیە بەوەی لەو بەکەم بایەختر سەیر بکرێت، لەنێوان دۆخی سرووشتی و دۆخی تەکنەلۆژی وێنە گۆڕانی بەسەردا دێت، لەدۆخێکی بگۆڕەوە دەچێتە دۆخێکی نەگۆڕ، بەمانای گەر سرووشت بۆ وێنەی جەستە چرکە ساتێکی چێژ بێت، ئەوا لەدۆخی تەکنەلۆژی وێنە وەک وێنەیەکی ماددی دەمێنێتەوە، چونکە گەر جەستە لەدۆخی سرووشتی بۆ وێنەی خۆی بچێتە سەر ڕووبار، لەناو ئاودا سەیری وێنەی خۆی بکات، دواتر ئەو وێنەیەی لە ڕێگەی ئاوێنە لەسەر ڕووبارەوە گواستەوە بۆ ماڵ و شوێنە جیاوازەکانی وەکو ژووری نووستن و خۆشۆرین (١١)، ئەوە جگە لەوەی وەک ڕووبار نیە، کە تاکە بەردێک توانای شێواندنی وێنەکە هەبێت، ئاوێنە بەشکانیشی، پارچە شکاوەکانی توانای نمایشکردنەوەی وێنەی جەستەیان هەیە، جەستە لەڕێگەی ئاوێنەوە دژایەتی فەرامۆشکردن و سەرکوتکردنەوە دەکات، بەڵام ئەو دۆخە نەیتوانی وێنە بکات بە ماددی، بەڵکو دۆخی تەکنەلۆژی ئەو خەونەی بۆ جەستە هێنایە دی، لەڕێگەی کامیرای فۆتۆگرافەوە، کە جەستە بتوانی وێنە جێگیر بکات و پارێزگاری لە وێنەی خۆی بکات، هەڵگرتنی وێنە پارێزگاری لەوێنەی جەستە کرد، بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مۆبایلی کامێرا کە ڕاستەوخۆ دژایەتی بۆ سەرکوتکردنەوە ڕاگەیاندووە، توانی وێنەی خۆی وەک ئەوەی ئارەزوو دەکات لەپێش چاوبێت، یا ئەو جەستەیەی کە ئەو شەیدایەتی وەک خۆی وێنەی بگرێتەوە، هەمیشە لەگەڵیدا بێت، وێنە وەک ئاماژەیەکی بکەر بۆ توانا و ووزەی خەفە کراوی چالاکی مرۆڤ، کە لەنێوان سەرکوتکردنی جەستە لەهەر گوتارێک نەیهێشتوە ئەو ووزە خەفە کراوە ئازاد بێت، چونکە گوتارەکان نەیانتوانی جەستە ئازاد بکەن، سەرباری ئەو بانگەشەکاریەی ڕایانگەیاند.

ئامادەبوونی جەستە لەناو ڕووبەری وێنە دەبیێت بە گوتارێکی سەربەخۆ بۆ خوێندنەوە، بەوەی جەستە لەڕێگەی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی بۆ وێنە، دیکۆمێنتێک دەخاتە بەر دەست بۆ وەدەست کەوتنی شوناس، شوناس بۆخۆی لەلای فۆکۆ بەیەکەمین بەرهەمەکانی دەسەڵات دادەنرێت، هەرچی پەیوەندی بە شوناسی خودیشەوە هەیە، فۆکۆ دیسان وەک بەرهەمێکی تری دەسەڵات سەیری دەکات، دەسەڵات بەو پێیەی کە بریتی نیە لە "کۆمەڵێک میکانیزمی نەفی و ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە، بەڵکو بەرهەم هێنەریەتی، لەبەر ئەوە بەکردەوە دەچێت بەرەو بەرهەم هێنانی فەردەکان خۆیان، جیابوونەوەی فەرد و شوناسی فەرد هەردووکیان بەرهەمی دەسەڵاتن" (١٢) وێنە بەتەنیا گوزارشت نیە لەپارێزگاریکردنی یادگاریەک، بەڵکو وێنە دەلالەتێکی زەمەنیە بۆ خوێندنەوەی شوناس، چونکە ئەو دیاردەیەی سێکسی کە لەڕێگەی وێنەی مۆبایلەوە شەقامی کوردی هەراسان کرد،



هەڕەشەکردنی وێنە بوو لە ئاکاری کۆمەڵایەتی، گەڕانەوە بوو بۆ حەقیقەتێکی فۆکۆیی، چونکە پێشتر پەیوەندی جەستەی بە گوتارەکانەوە بۆ ئاشکرا کردبووین، ئەو نوسیبووی"لەتێڕوانینی مێژووی گوتارەکانەوە، پێویستە یەکەمجار مێژووی سیکس بنووسینەوە" (١٣) وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەو نووسینەوە مێژوویە تۆمارکردنی ڕووداوەکان نیە، بەڵکو خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژیە بۆ ڕابردوو، هەڵدانەوەی دەمامکی سەر ئەو ڕووخسارەیە کە بەدرێژایی مێژوو دەیەوێ پێمان بڵێت جەستە گرفتێکی نییە، بەڵام جەستە بووە بە حەقیقەتێکی شاراوە، سەرکوتکردنەوەی جەستە کوشتنی زمان بووە، ئەوەش جیاوازی کۆمەڵگای کوردیە لەو کۆمەڵگا خۆرئاوایەی کە فۆکۆ باسی لێوە دەکات، چونکە بەلای فۆکۆ خۆرئاوا سێکسی سەرکوت نەکردۆتەوە، بەڵکو کردوویەتیە سەنتەرێک بۆ ئاشکرا کردنی حەقیقەتی خۆی، بەمانای جەستەی مرۆڤ لە خۆرئاوا بەرهەم هێنانەوەی حەقیقەتە، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگای کوردیدا جەستە سەرکوت کراوەتەوە بۆ شاردنەوەی حەقیقەت، ئەوەی بووە بە سێنتەریش ئەوە جەستە نیە، بەڵکو چەپاندنە، بەهەڕەشەی لادان لەنەریتی کۆمەڵایەتی و لادان لەدەستوری ئاین، کە وایکردووە جەستە لەناو وێنەدا ببێتە ئاماژەیەکی هەمیشەیی بۆ بەرهەم هێنانەوەی ماناکانی حەرام، حەرامێک چەندە ئاین لێی بەرپرسیار بێت، ئەوا نەریتی کۆمەڵایەتی چەندین جار زیاتر بەرپرسیارە، چونکە حەرام لەدەلالەتی ئایینی گواستراوەتەوە بۆ دەلالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوە لەکاتێکدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ جەستە بەتەنیا قسەکردن نیە لەجەستەیەکی ئامادەی نێو دامەزراوەکان، بەڵکو لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ مێژوو، دەچێتە سەر ڕەگ و ڕیشەی مێژووی سەرکوتکردن، ئەوەش ئیشکردنەوە بوو لەسەر چەمکی مێژووگەرێتی نوێ.

مێژووگەرێتی نوێ چەمکێکە فۆکۆ هێنایە بوون، لەڕێگەی ئیشکردنەوەیەکی نوێ لەناو مێژوودا ، ئەگەرچی ئەو چەمکە لای گادامێر وەک ئاگاییەک دەرکەوتووە، بەڵام کەمتر ئاماژە بەو مێژووگەرێتیەی گادامێر دەکرێت، ئەوەش زیاتر پەیوەندی بەو میکانیزمە هیرمنیۆتیکیە هەیە، کە مێژوو تیایدا لەچەند تەوەرێکدا دەیالۆگ دەکات، ئەگەر بمانەوێ ئەو مەسەلەیە زیاتر ڕوون بکەینەوە، دەبێ بڵێین لەهیرمنیۆتیکای فەلسەفی مێژووگەرێتی نوێ دەیەوێ لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەو ڕابردووە کانتیە بۆ ئیستاتیکا، یا بۆ تێگەیشتن لەهەڵە مێژوویەکان خۆی دەربخات، هەرچی لەلای فۆکۆیە، مێژوو ئاراستەیەکی ڕەخنەیی نیە، بەڵکو ڕابردوو ئەو زەمینە ڕەخنەییەی تێدایە، لەڕێگەی خوێندنەوەی پەیوەندی و ئامراز و تەئویل کردنەوەی حەقیقەت و ئەبستیم بەمێژووگەرێتیەکی نوێ دەگات، نەوەکو تەئویلی ڕابردوو بکات بۆ هەنووکە، چونکە لای فۆکۆ مێژوو بابەتێکە بەرەو زانین دەچێت، زانینێک نەچێتەوە ناو

ڕابردوو، بەڵکو هاودژکردنەوەی ئەو مێژووە لەڕێگەی مێژووی دەقەوە، ئەو مێژووە لای گادامێر ڕەخنەی لی دەگیرێت، لەڕێگەی تەئویل کردنەوەی ڕابردوو، بەڵام هەرچی فۆکۆیە ئەو مێژووە دەخاتە ناو پەیوەندی سەرلەنوێی خوێندنەوە، ئەویش لەڕێگەی گۆڕین و فەرامۆش کردنی مانا مێژوویەکانی چەمک، ئەوە مانای وانیە (مێژووگەرێتی نوێ) چەمکێکی گادامێری نەبێت، بەڵکو ئەو میکانیزمە فەلسەفیە لەفۆکۆ جیاوازە، دەتوانین بڵێین لای فۆکۆ میکانیزمێکی قووڵترە و توانا وسنوری فراوانترە لەناو زاراوە و چەمکی فەلسەفی، بەڵام دواتر مێژووگەرێتیەکە هەردووکیان دەیانەوێ بەمەعریفە بگەن، بۆدەست نیشان کردنی ئەو مەعریفەیەش پێویستە ئەوە بڵێین کە گادامێر لە فۆکۆی وەرنەگرتووە، بەڵکو لە هایدگەری وەرگرتووە، چونکە هیرمنیۆتیکای فەلسەفی گەشە پێدەری هیرمنیۆتیکای هایدگەرە، بەڵام هەرچی فۆکۆیە، ئەو چەمکە لە نیتچە وەردەگرێت، دیارە هایدگەریش هەر لەتەئویلی بۆ نیتچە پێی گەیشتووە، ئێمە چەندە ئەوە ناڵێین کە فۆکۆ ڕاستەوخۆ لەهایدگەری وەرگرت، بەڵکو لەدەقی نیتچەی وەرگرت، بەڵام ئەو یەکێکە لە نیتچەییە هایدگەرییەکان.

سەرکوتکردنی جەستە بەپێی جیاوازی گوتارەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەدەرەوەی دۆخی سرووشتی مرۆڤەوە، گوتارێک نیە جەستە ئازاد بکات، بەڵکو هەر گوتارێک بەپێی ئەو فکرەی هەڵگریەتی سیستمێکی کۆنترۆڵ کردنی بەسەردا دەسەپێنێ، لەهەر شوێنێک گوتار بانگەشەی بۆ ئازادبوونی جەستە کرد، مانای وایە گوتار پرۆژەیەکی نوێی پێیە بۆ کۆنترۆڵ کردن، دەبێت گوتارە هاودژەکان بۆ ئێمە چۆن پۆلین بکرێن؟ ئەو پۆلینکاریەی گوتار بەسەر قۆناغە سیاسیەکان پۆلین دەکات، خەونێکی ئایدیۆلۆژی لەپشت بیرکردنەوەکانیەتی، چونکە جەستەی کوردی هەمیشە دوو گوتاری هاودژ ویستویەتی کۆنترۆڵی بکەن، ئەوانیش گوتاری ئیسلامگەرا و گوتاری مۆدێرنیتین، هەریەک لەو گوتارە چەندین گروپی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەخۆی کۆکردۆتەوە، گوتاری یەکەم گوتارێکە دەیەوی دنیامان لەناو تاکە تەفسیری ئاین بۆ کۆ بکاتەوە، ئەوە تەنها هێزە ئیسلامیەکان نین سەر بەو گوتارەن، بەڵکو گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و ناوەندەکانی تری فەرهەنگی دەبنەوە بەشێک لەو گوتارە، ئەوەش بەزمانی ئالتۆسێر پەیوەندی بە ڕۆڵی کاریگەری دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی دەوڵەتەوە هەیە، چونکە مزگەوت و پۆلیس وەک دوو دەزگای ئایدیۆلۆژی دوو سیستمی جیاواز بەڕێوەیان نابات، بەڵکو سەر بەیەک سیستمی ئەخلاقی و دینی و کۆمەڵایەتین، کە دواجار لەناو ئایندا کۆدەبنەوە، هەرچی گوتاری دووەمە دەیەوێ پێمان بڵێت، کە ئەو بەتەواوی ئایینی لەخۆی کردۆتە دەرەوە، بەڵام لەراستیدا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر جەستە سەپاندووە، بۆئەوەی لەهەریەک لەو



دووگوتارە بێینە دوان، پێویستمان بە تێڕامانی قووڵتر هەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو دیدە، بەڵام بەرلەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین، پێویستە لەسەر چەمکی گوتار جارێکیتر هەڵوەستە بکەینەوە، گوتار چیە؟ بەچی دەووترێ گوتار؟ ئایا پێناسەیەکی ڕۆشنمان هەیە بۆ ئەو چەمکە؟ بەلای فۆکۆ گوتار بریتیە لە"کۆمەڵە دەربڕاوێک کە ئینتیما بۆ خودی پێکهاتە گوتاریەکە دەکات، بەتەنیا یەکەیەکی ڕەوانبێژی یا وێنەیی بەرامبەر نیە، لەبەر ئەوەی بۆ ناکۆتا دووبارە دەبێتەوە، دەکرێ لەسەر دەرکەوتن و بەکار هێنانی لەڕێگای مێژووەوە هەڵوەستە بکەین، چونکە گوزارشت لە ژمارەیەکی دەوردراو دەکات لەو دەربڕاوانەی کە دەتوانن دەست نیشانی مەرجەکانی بوونی بکەن"(١٤) دیارە خستنە ڕووی ئەو پێناسەیە بەو مەبەستەیە کە چەمکی گوتار لەتێڕوانینی باو جیا بکەینەوە، بتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر تێگەیشتنمان بۆ گوتار، کاتێ لەو چەمکەوە سەیری گوتار بکەین، پێویستمان بەدەرخستنی ڕۆڵی ئەو دوو گوتارە هاودژەیە لەبەرامبەر جەستەدا . هەرکاتێک بمانەوێ بۆ جەستەی کوردی مێژووی سەرکوتکردنی گوتارەکان دەست نیشان بکەین، کاریگەری و هۆکارەکانی بخوێنینەوە، لەڕاستیدا بەدوای کارێکی ئەستەم دەکەوین، چونکە تێکستێکی کۆنمان نیە لەسەر ئەو سەرکوتکردنە ڕامان بگرێت، ئەوەی هەیە ئیحای تێکستی شیعری کلاسیکیە، نەوەک تێکستی نووسراو مێژووی لەدایکبونی سەرکوتکردنی جەستە بێت، هۆیەکەشی ئەوەیە هەر لەساتەوەختی سەرکوتکردنەوە تا ئەو شوێنەی لەسەر جەستە تیایدا دەنووسین، ساتەوەختێکە بەر لەجەستە زمانی سەرکوتکردۆتەوە، بەمەبەستی ئەوەی نەوەکو لەو بابەتە نزیک بکەوێتەوە، بەڵام ئەوە کێیە زمان سەرکوت دەکات؟ پرسیارەکە دەبێت ئەوە بێت، کاتێ بمانەوێ ئەو مێژووە بناسین، دەبێ بەدوای تێگەیشتن و ڕاڤەی کۆمەڵگا بکەوین بۆ ژیان، ئەوەی دواجار ناونراوە (ئاکاری کوردی) ئاکاری کوردی چیە؟ ئەوکاتەی ئاماژە بۆ ئاکار دەکەین بەتەنیا مەبەستمان چەمکێکی سێکسی نیە بۆ جەستە، چونکە بەشیک لە ئاکار ڕەفتارە، کەتا ڕادەیەکی زۆر لەو تێگەیشتنە باوە بۆ ئەخلاق جیای بکەینەوە، ئاکاری کوردی وێنەیەکی کۆلاژکراوە لەنێوان ئاین و ئەفسانە و حیکایەت، ئەو وێنە کۆلاژکراوە بووە بە ئاکاری کوردی، ئاکارێک بارگاوی کراوە بە توند و تیژی، هەر لادانێک لەو ئاکارە بەتوند و تیژی وەڵام دراوەتەوە، ئەوە جگە لەو توند و تیژیەی وەک وێنەی دۆزەخێک لەدوای کۆتایی هاتنی دنیا ، هەڕەشە دەخاتە سەر ئارەزوویەکی ژیاندۆستی، تا وای لی دێت، گوتاری ئیسلامگەرا دەبێت بە گوتاری ئاکاری کوردی. لەدایکبوونی هەر گوتارێک بەدوای ئەو گوتارە توانای ڕزگار کردنی ئەو جەستەیەی نیە، بۆیە مۆدێرنیتی چەندە وەک گوتارێک بەدژی ئاین ئیش بکات، بەڵام ئەو گوتارە لەکۆمەڵگای کوردیدا توانای سڕینەوەی زەبر و زەنگی گوتاری پێشووی نیە، چونکە

گوتارێکە هێندەی نوقمی نێو وەهمی ئەو تازەگەریە دەبێت، بەهیچ شێوەیەک ناتوانی گوتارێکی ئەنتۆلۆژی بێت بۆ جەستە، بۆیە مۆدێرنیتی بەڕوویەکی تردا بەشدار دەبێتەوە لەسەرکوتکردنەوە و سڕینەوەی ئارەزوو، بەمانای هەر پڕۆژەیەک بەناوی مۆدێرنیتی بێتە پێشەوە، پڕۆژەیەک نیە بۆ ئازادکردنی جەستە، بەڵکو پڕۆژەی هەڕەشەکردنە لە ئارەزوو. هەرچی پەیوەندی بە گوتاری ئیسلامگەراشەوە هەبێت، کە گوتارێکە بەپێی پرەنسیبی ئایینی سەیری تەواوی شتەکان دەکات، جەستە بەیەکێک لەگەورەترین حەرامەکان سەیر دەکات، ئارەزووکردنی جەستە بۆ چالاکیەکان، وەک پڕۆسەیەکی شەیتانی دەبینێت، نایەوێ جەستە لەناو دەلالەتی سێکسی سانسۆرکراو بێنێتە دەرەوە، نەهاتنە دەرەوەی دەرفەتی ئەوەی بۆ دەکاتەوە، بەتەواوی کۆنترۆڵی بکات و بایەخ بەڕۆح بدات، چەمکی ڕۆح لەو گوتارەدا چەمکێکی فانتازیی و وەهمیە، چەمکێکە توانای ئەوەی نیە سنور وئاسۆیەک دەست نیشان بکات، ئەوە جگە لەوەی بەدژی تێگەیشتنی خۆشی دەوەستێتەوە، گەر جەستە زیندانی ڕۆح بێت، ئەو زیندانە لەناو ئەو گوتارەدا لەژێر پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕێگەدانی دەستوری گوتارەکە ئازاد دەبێت، بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەسەری کۆکن لەڕێگەی فرە ژنیەوە، بەڵام ئەو ڕێگایە گوزارشت لەئارەزوویەکی نێرینەیی و سەرکوتکردنی جەستەی مێینە دەکات، ئەوەش دەلالەتە بۆ ئەوەی کە مێینە خاوەن جەستە نیە، بەڵکو نێرینەش لەناو ئەو گوتارە خاوەنی نیە، تاکە شتێک کەنێرینە هەیبێت، ئەوەیە ئەو جەستەی هەیە نەک خاوەنی بێت، هەرچی مێینەیە شتێکی نیە تاخاوەنی بێت، بەڵکو ئەوەی خاوەنی جەستەیە گوتارە، گوتارە توانای بەخشین و لێسەندنەوەی هەیە، بوون لەو گوتارەدا گوزارشتێکی فیسیۆلۆژی نیە، بەڵکو بوون دەلالەت لەڕووبەرێک دەکات کە توانای بەخشین و وەرگرتنی ئارەزووی هەبێت، وەک ئەوە خۆی دەیەوێت، ئەوەش مانای وایە ئەوەی بووە بە زیندانکردنی جەستە ڕۆحە، ڕۆح لەژیانی کوردیدا پانتایەکی زیندەگی بوونە، ئەو زیندەگیە خولقاندنی شورەیەکە بۆ زیندانیکردنی جەستە، چونکە ئەو گوتارە خەیاڵگەیەکی ئەفسوناوی بۆ جەستە بەرهەم هێناوە،بەوەی پەرەپێدان بەڕۆح میکانیزمی گەیشتنە جەستەیە، ئەو گەیشتنە.. بەتەنیا گەیشتن نیە بە جەستە، بەڵکو بەر لەهەر شتێک، گەیشتنە بە بەتاڵکردنەوەی شەهوەت، گوتار لێرەدا حیکایەتی فانتازی لەپشت ئەو خەیاڵگەیە دروست کردووە، ئەو گوتارە هەوڵی داوە کۆلاژێک لەنێوان ئاین و ئاکاری کۆمەڵایەتی دروست بکات، بەوەی ئاین و سیاسەت و کۆمەڵگا هێزی بەردەوامبوون و مانەوە لەیەکتری قەرز دەکەن.

گوتاری دووەم گوتاری مۆدێرنیتیە، ئەو گوتارە بەرەنجامی پەیوەندی نێوان شار و دامەزراوەکانی مۆدێرنیتیە، گوتارێکە لە ڕووخساردا باس لەئازادی دەکات،



ئەگەرچی ئەو لەبنەڕەتدا لەسەر سڕینەوەی ڕابردوو ئیش دەکات، بەڵام مۆدێرنیتی کوردی – ئەگەر ئەو دەستەواژەیە ڕاست بێت– توانای سڕینەوەی ئەو ڕابردووەی نیە، ئەگەر مۆدێرنیتی بۆخۆی لەگەڵ کۆژیتۆکەی دیکارت توانی خود و جەستە لەیەک جیا بکاتەوە، بەو مانایەی جەستە بێ خودێکی بیرکەرەوە شتێک نەبێت، بەواتای بوونێکی تری بەجەستە نەبەخشی، بەڵکو بوون بەخشین بوو بە عەقڵەوە، پرسیارکردن لەعەقڵ وەستانە لەسەر پایەی سەرەکی مۆدێرنیتی، مۆدێرنیتی هیچ بەهایەک بەجەستە نادات، بەڵکو جەستە بەلایەوە ماتریالێکە بۆخۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانی، ئەوەش جیابوونەوەیە لەنێوان پەیوەندی زمانەوانی عەقڵ و جەستە، چونکە جەستەی بێ عەقڵ بەلای مۆدێرنیتیەوە دەچێتە قۆناغی شێتیەوە، ئەو لۆژیکەی مۆدێرنیتی بووە هۆی ئەوەی فۆکۆ پرسیار لەبارەی زمانی شێتەکانەوە بکات، کە گەر ئەوە زمانی عاقڵەکانە ئەی زمانی شێتەکان کامەیە؟ بۆیە فۆکۆ ووتی"ئەگەر هاتوو زمان پەیوەندی بەعەقڵەوە هەبوو، شێتیش جیاببۆوە لەعەقڵ، ئەوە بەپێی پێویست مانای وایە، شێتی جیابۆتەوە لە زمان، لەزمانی عاقڵەکان، کەوابێ کامەیە زمانی شێتەکان"(١٥) چونکە مۆدێرنیتی کە لەدەرەوەی زمانی عاقڵەکان زمانێکی تر قبووڵ نەکات، مانای وایە قبووڵ نەکردنی هەریەکە لە (مالارمێ و نیتچە و ئارتۆ) یە، چونکە ئەو سیانە لە کولتوری خۆرئاوایدا پەیوەندیان بەزمان و جەستەوە هەبووە نەوەک بەزمان و عەقڵ، بەهۆی ئەوەی زمانی ڕەخنەیی نیتچە بەدژی عەقلانیەتی خۆرئاوا بوو، شانۆی ئارتۆش شانۆیەک بوو جەستە شوێنی گووتراوە زمانەوانیەکانی دەگرتەوە، ئەوەی پێی دەووتری زمانی عەقڵ بەتەواوی دژایەتی دەکرد، وەک چۆن زمانی شیعری مالارمی، زمانێکە ئاماژە دەربڕی ئاشکراکردنی نهێنی خەفەکراوی عەقڵە.

ئەگەر جەستە لەگوتاری یەکەمدا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئاکاری ئاین و کۆمەڵگادا بێت، ئەوا لەگوتاری مۆدێرنیتیدا، جەستە لەژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی سەرکوتکردنەوەیە، ئەو دەزگایانە لەکۆمەڵگای کوردیدا بریتین لە "مزگەوت، پۆلیسخانە، حزب، ڕێکخراوەکان، ناوەندەکانی خوێندن" کە لەژێر ناوی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدنی بەڕێوە دەچن، ئەو ئۆرگانانە بیانوو بۆ شەرعیەتدان بە کۆنترۆڵ کردن دەدۆزنەوە، ئەوە وایکردووە کە ڕۆڵی خۆیان وەک ناوەندی کۆمەڵگای مەدەنی بگۆڕن بۆ کۆنترۆڵ کردنی چالاکی جەستەیی، بە شێوە وستایلی جیاواز، بەوەی ببنە چاودێر بەسەر ڕەفتاری تاکەکانەوە، دیارترینیان کۆنترۆڵ کردنە لەڕێگەی پۆشاکەوە، چونکە پۆشاک وەک ئاماژەیەکی دیاری جەستە نوێنەرایەتی لەناردنی گۆڕینی دەلالەت دەکات، ئەو باسەش بۆخۆی قسەکردنەوەیە لە سیمیۆلۆژیای جەستە، بەهۆی ئەوەی لەنێوان زمان و جەستە پەیوەندیەکی

ئۆرگانی هەیە، بەوەی هەر یەکێکیان توانای نووسینەوەی ڕووە نووسراوەکەی ئەویتری هەیە، کە دەتوانن دوو چەمکمان پێ ببەخشن، ئەوانیش (زمانی جەستە) و (جەستەی زمان)، یەکەمیان جەستە لەڕێگەی زمانەوە، توانای گەیاندنی تەواوی ئاماژەکانی هەیە، بەمانای زمان جەستە دەکات بەڕووبەرێکی دەلالی، کە جەستە بوو بەڕووبەری دەلالی، مانای وایە ئەو لەوە دەردەچێت بەتەنیا بونیادێکی فیزیکی بێت، جەستە دەبێتە بونیادێکی زمانەوانی. هەرچی چەمکی دووەمە (جەستەی زمان) نووسینەوەی ڕووی دووەمی چەمکی یەکەمە (زمانی جەستە) بەوەی زمان لەڕێگەی جەستەوە دەتوانێ جەستە بەخۆی ببەخشێت، جەستەی زمان جەستەیەکی نەبینراوە، خاوەنی چەمکێکی ماددی نیە، بەڵام جەستەیەکی چالاکە، جەستەیەکە دەبێتە بونیادێکی سیمیۆلۆژی، کە هەردوو چەمکەکە بەرەو تێگەیشتنێکی نوێمان دەبەن بۆ خوێندنەوە، ئەویش سیمیۆلۆژیای جەستەیە، بەڵام بەر لەوەی لەسەر ئەو تێگەیشتنە دەلالیە بوەستین، پێویستە لەخەوشێکی مەترسیدار بێینە دوان، کەپەیوەندی بەهەناوی کۆمەڵگای کوردیەوە هەیە، ئەویش بەپەراوێزکردنی زمانە، لەڕێگەی ئازادکردنی جەستەوە، جەستە لەئازادیدا لەبڕی ئەوەی توانای خوڵقاندنەوەی ئەو گوتارە سیمیۆلۆژیەی هەبێت، کەچی زمان پەراوێز دەخات، ڕاکردن لەشوێن توانای خوڵقاندنەوەی جەستەی هەیە، بەڵام ڕاکردنی جەستەی کوردی نایەڵێت زمان توانای زیندەگیەکانی خۆی بژیێت. ڕاکردن لێرە بەمەبەستی ئازادکردنی جەستەیە، بەتێگەیشتنێکیتر کۆچکردن بۆ ئەوێ، کۆچکردنە لەدەست سەرکوتکردن، لافاوی کۆچی گەنجان لەڕێگەی کەشتیەکانەوە، بەمانای کەشتی دەبێت بەکەناڵی پەیوەندی نێوان جەستە و دەریا، ئەو پەیوەندیە لەبنەڕەتدا پەیوەندیەکی خۆرئاواییە، بەڵام لەشێتیەوە گواستراوەتەوە بۆ سەرکوتکردن، چونکە لەسەدەی پانزەهەم کاتێ شێتەکان لەکۆمەڵگا دوور دەخرانەوە، لەڕێگەی کەشتیەوە بەرەو دەریا دەبردران بۆ شوێنە دوورەکان، کەچی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم مرۆڤی کوردی بێئەوەی بەزۆر بخرێتە کەشتیەکانەوە، بەئیرادە و ویستی خۆی دەچێتە ناو کەشتی، بۆئەوەی لێرە دووری خەنەوە، تاوەکو لەڕێگەی دەریاوە جەستە لەسەرکوتکردن ڕزگار بکات، کوردی جەستەیەکی شێت نیە لەدەریادا، بەڵام جەستەیەکە بڕوای بە پڕۆژەی عەقڵانی کۆمەڵگا نیە، ئەو پڕۆژەیە مەبەست لەو زیندەگیە کوردییە، کە ئاکار و ژیان و کولتوری سەرکوتکردنی تیا بەرهەم هاتووە، کارەکتەرەکانی ناو کەشتی بەشێکن لەو ئاکار و ژیان و کولتورە، بەڵام دەیانەوێ دابڕان لەگەڵ ئەو سەرکوتکردنە درووست بکەن، چیتر نایانەوێ کۆمەڵگا جەستەیان لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە سەرکوت بکات، چونکە بڕوایان بەو چەمکە عەقڵانیە نەماوە بۆ ژیان، بۆیە ئەگەر



کۆمەڵگا ئەوان بە شێت بزانێت، ئەوە شێتگەلێکن دەبنەوە بەشێک لەهەڵگرتنەوەی نهێنی کولتوری کوردی، ڕێک وەک کارەکتەری شالیری شکسپیر، کاتێ کۆمەڵگا وامەزەند دەکات ئەو شێت بووە، کەچی لەساتەوەختی شێتیدا شالیر ئەو نهێنیانە ئاشکرا دەکات کە ڕاستین. خۆ تەسلیمکردنی جەستە بە دەریا سەفەری نادیارە بەرەو تێگەیشتنێکی تر، گرنگ نیە جەستە لەنێوان (ئەوێ) وەک چەمکێکی یۆتۆپی لەگەڵ (دەریا) شوێنێک کەئێستای جەستە ئامادەبوونی تیایەتی، لەوێ کۆتایی بەخۆی دێنێت، ئەو کۆتاییە هەرچەندە وەک بینیمان لەنوقم بوونی کەشتیەکان لەدەریای ئیجەدا مردنی جەستەی موسافیر بوو، بەڵام لەڕاستیدا پێکگەیشتن بوو بەتێڕوانینێکی یاخیگەرانە لەدژی عەقڵانیەتی باو، کەخۆی لەسەر نەریتە نەتەوەیی و ئایینیەکان بنیات ناوە، ئەگەر لەگریمانەیەکی تردا ئەو جەستەیە لەدەریا ڕزگاری بێت و بگاتە ئەوێ، ترس لەشوناسی "من کوردێکی موسوڵمانم" لەبەرامبەر شوناسی مرۆڤی خۆرئاوایی ترسێکە وای لی دەکات، بۆخۆی سانسۆرێک درووست بکات کەبەشدار بێتەوە لەسەرکوتکردنەوەی جەستەی خۆی، ئەوە کێیە جەستەی خۆی سەرکوت ناکاتەوە؟ ئەو جەستەیە سەرکوتی ناکاتەوە، کاتێ پێ دەنێتە ناو کەشتی، نایەڵێت ئەو یادەوەریەی بێتە ناو کەشتی، یادەوەری لەگەڵ خۆی ناباتە ناو کەشتی، بەمانای ڕێگە نەدەی یادەوەری بێت، تەنیا جەستە بەریت، ئەگەرچی جەستە هەڵگری یادەوەریەکی ترسناکە، بۆیە نەبردنی یادەوەری پێویستی بەخوێندنەوەیە بۆ ڕابردوو، لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەشوناسی خود، بەوەی شوناسێکە خاوەنی هیچ دەلالەتێک نیە، هێندەی فانتازیای ئاکاری کۆمەڵگا لەڕێگەی ئاین و نەتەوە بۆی بنیاتناوە، دەسبەرداربوون لەیادەوەری، بەمانای دەسبەردار بوونی جەستە نیە لەپڕۆسەی ناونانی خۆی بە (جەستەی کوردی) بەڵکو دەسبەرداربوونی ئەو ئاکارەیە کە خورافەت و فانتازیای هەستی ناسیۆنالیستی وێنای کارەکتەرە، لەخوێندنەوە و تێکشکاندن و بینینی ڕەهەندە ئەخلاقیەکەی تێکدەشکێت، رەهەندێکی هیومانیستی شوێنی دەگرێتەوە، هیومانیستی جەستەی کوردی ئەوە نیە کەئیدی دەسبەرداری زمان بێت و زمانی کوردی بەشەرم و شورەیی ببینێت، بەڵکو بوونی زمان لەپاڵ جەستە توانای خوڵقاندن و ئازادبوونی جەستەی هەیە، نەک لەپێناو خۆچڕکردنەوە لەکولتورێکی تر، بەڵکو ئەو ئازادبوونە دەبێت بگوازرێتەوە بۆناو کۆمەڵگای کوردی خۆرئاوایی. چونکە هیچ زمانێک نیە لەپەراوێزدا بێت، بەڵکو ئەوە هەستێکی سایکۆلۆژی مرۆڤە، پێی وایە زمانێک سێنتەرە و زمانێکی تر لەپەراوێزدا دەژیێت، بەپەراوێزکردنی زمان سڕینەوەی بونیاد و سیستمی دەلالی گوتارە، گومان کردنە لەئێمەی گوتەبێژ، ئەو گروپە

کۆمەڵایەتیەی کە بەو زمانە دەدوێین. لەئێستەدا بەپەراوێز کردنی زمانی کوردی پرۆژەیەکی نەتەوە غەیرە کوردیەکان نیە، وەک لەڕابردوودا گوتاری سیاسی ئێمە لەو ڕێگەیەوە ئیشی لەسەر سۆزی کۆمەڵگا دەکرد، بەپەراوێز کردنی زمانی کوردی بەشێواز و ستایلی هەمە جۆر لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان خۆی بەرهەم دێنێتەوە، ئەو پەراوێزکردنە سەرەتا لەپەناهەندەکانەوە دەستی پێکرد، ئەو کاتانەی دەیانویست شوناسی ئەوروپی بەخۆیان ببەخشن، لەڕێگەی ناسینی هاوولاتیانی ئەوشوێنە بەوەی ئەوان کورد نین ئیتالّی یا هۆڵەندی یا ئەڵمانین، گرێی ئەو ڕاکردنەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو کائینە گرفتی لەسەرکوتکردنی جەستە نەبووە، هێندەی گرفتی لەبەرامبەر زمانەکەی خۆیدا هەیە، بۆئەوەی شوناسێکی تر بەخۆی ببەخشێت، بی ئاگا لەوەی بەخشینی شوناسێکی تر، ڕزگار بوون نیە لەکورد بوون و بوونە ئەوروپی، ئەوروپی بوون دەکرێ ئاکار بێت، نەک گۆڕینی زمان، لەڕاستیدا ئەوەی پەناهەندە ئەنجامی دەدات لەو بوارە جگە لەترسنۆکی و نەخوێندنەوەی کولتور شتێکی ترمان پێ ناڵێت، کە قبووڵ نەکردنی کولتوری خۆرئاوایی ئاشکراکردنی حەقیقەتی کوردیە، لەپشت ئەو دەمامکە خۆرئاواییەی پێی دەدوێت، ئەو نمونەیە لەئاستی زمانەوە بەڕادەیەک گەشەی کرد، تاگەیشتۆتە ئەوەی بگۆڕدرێتە سەر شێوە زارەکانی زمانی کوردیش، ئەو هەولێریانەی لە سلێمانی نیشتەجی بوون، ویستیان (لۆ) لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە، بە (بۆ) خۆیان بکەن بە سلێمانی، ئەو شەرمە چیە کەتۆ نکوڵی لەشارەکەی خۆت بکەیت؟ لەکاتێکدا هەردوو لاتان لەبەردەم گوتاری کوردبووندان، هەولێری بوون لەکوێ شورەییە؟ لەکاتێکدا هیچ شێوە زارێکی نێو زمانێک نیە، کە خاوەنی ئیستاتیکا و سیستمی خۆی نەبێت، کەئەوەش توانای ناسینی هەیە بەوەی ئێمە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە دهۆکیەک لە هەولێریەک و هەولێریەک لە گەرمیانیەک جیا دەکەینەوە، ئەو جیاکردنەوەیە گرفتی نێوان سێنتەر و پەراوێز نیە، ئەوە گرفتێکی سایکۆلۆژیە کە شێوە زارێک بکەینە سێنتەر، بێئەوەی هیچ جیاکاریەک هەبێت ئەو بکاتە پەراوێز. ئەگەرچی خۆ ڕزگارکردن لەپەراوێز ستراتیژێکی ڕۆشنی لەپشتە، چ بۆ پەناهەندەیەکی کورد، یابۆ هاوولاتی شارێکی کوردی، ئەویش وەرگرتنی شوناسی ئەو شوێنەیە کە تیایدا دەژییێت، تێکەڵ بوونە لەتەک ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کە شوناسی شوێنەکەی هەیە، بەلاّم دەبێت چ ستراتیژێک لەپشت ئەو پەتا کوشندەیەوە بێت کە کوردی ڕۆژهەلات ئەو کاتەی دێتە باشور، بەقەولی خۆی لەدەست زەبر و زەنگی فارسەوە ڕایکردووە، کەچی لەسەر کولتوری فارسی دەژییێت، هەر لەجۆری جل و بەرگ پۆشین و تا قسەکردن بە زمانی فارسی، ئایا ئەو هەستە هەر لەناو هەستی کارەکتەرێکی ڕزگار نەبوو لەنێو سایکۆلۆژیایەکی ناتەواودا نیە، نەک بۆئەوەی خۆی لەزمانێک



دەرباز بکات کە بەپەراوێزی دەبینێ، بەڵکو دەیەوێ لەڕێگەی زمانێکی ترەوە کە زمانی فارسیە خۆی بەسێنتەر ناو بەرێت، سێنتەرێک کە کولتورێکی گەورەی فارسی ئیشی لەسەر کردووە، بەوەی بەئێستای گەیاندووە، کاتێ بەو کولتورە بنازێت، پێویست ناکات لەکولتوری کوردی ڕابکات، ڕاکردن بۆ ڕزگار بوونە، نەک بۆ بەسێنتەر کردن. ئەوەش تەنیا پەیوەندی بە زمانەوە نیە، بەر لەهەرشتێک شێوەی نان خواردن و پۆشاک کە ئەوانەش دەکرێت لەتێگەیشتنی سیمیۆلۆژی بۆ جەستە باشتر لەماناکانی نزیک بکەوینەوە. سیمیۆلۆژیا زانستێکە لەناو زمان هاتە بوون، کەمانای زانستی ئاماژە دەگەیەنێت، " میتۆدێکی ڕەخنەییە بۆ ڕاڤە کردن، دامەزراندنی پێوەندی نێوان ئاماژە و زمانە، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە کە لەناو زماندا کاردەکەن"(١٦) ئەو زانستە بۆ جەستە توانیویەتی بونیادی کەشفکراو بکات بە ئاماژەی زمانەوانی، جەستە لەنەوتراوێکە بکات بەووتراوێکی نێو زمان، بەوەی پەیوەندی جەستە بە پۆشاکەوە دەبنە خولقێنەری گوتاری سیمیۆلۆژی، گوتارێک توانای خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەجەستە دەبەخشێت، ئێمە لەنمونەیەکی (بارت) ەوە سەیری ئەو گوتارە دەکەین، کەپێی وایە خانمان کاتێ پۆشاکێکی نوێی بازار دەپۆشن، بۆئەوەیان  نیە جوانی جەستەیان لەرێگەی ئەو پۆشاکەوە دەربکەوێت، هێندەی بەمەبەستی دەرخستنی جوانی پۆشاکەکەوەیە(١٧)، ئێمە ئەو نمونەیە دادەبەزێنینە ناو کۆگانی شاری کوردی، هەموومان لەئێستادا چەندین شێوەی جۆراوجۆری پۆشاکی خانمان دەبینین، بەلاّم جۆراو جۆریان تەنیا لەشێوەی جیاوازی دوورمان و نەخشەسازیە، دەنا یەک فۆرمی مۆدیل زاڵە بەسەر تەواوی پۆشاکەکان، ئەویش شێوە گەچلاّوی پۆشاکەکانە، ئەو مۆدە مۆدێکی خۆرئاواییە، خانمانی کورد وا ڕاهاتوون کەچونە بازارِ پۆشاکەکانیان بەجوانترین شێوە ئوتو بکەن، بەلاّم کڕینی ئەو پۆشاکانە و لەبەرکردنیان بەشێوەیەکی بەربلاّو لەبەردەم دووفاقیەتی فکریمان دادەنێن، ئێمە کۆمەڵگایەکین دەمانەوێ جەستە لەناو فۆرمی مۆدێرنیتی دەربخەین، کەچی کۆمەڵگای خۆرئاوایی کۆمەڵگایەکی پۆست مۆدێرنیتیە، بۆهاتنە ناو بازارِ و شوێنە گشتیەکان بڕوای بە ئوتوکردن نیە، ئوتوکردنی پۆشاک لەسەردەمی مۆدێرنیتیدا تیایدا ژیا، بۆیە قبووڵ کردنی ئەو پۆشاکە بۆ ئێمە بۆ جوانکردن و نیشاندانی جەستە نیە بەجوانترین شێوە، بەڵکو وەکو بارت دەڵێت بۆ نیشاندانی دواین مۆدیلی پۆشاکە لەڕێگەی لەبەرکردنە جەستەوە، یائەو پانتۆڵە باریکەی کوڕان لەبەری دەکەن، ئەو پۆشاک لەبەرکردنە پرۆسەیەکی ئاماژەکاریە، پەیوەندی بەبەرهەم هێنانەوەی دەلالەتی جەستەیی هەیە، بەوەی جەستەی من هێندە ڕێکە توانای نمایشکردنی ئەو پۆشاکانەی هەیە، ئەوەش چەندە لە ڕووکەشدا ئەومانا بارتیە دەگرێتە خۆی، لەڕوویەکی تردا بۆجەستەی

کوردی پەیوەندی بەنمایش کردنێکی هۆشیاری ئەوجەستەیەوە هەیە، هۆشیاری بەو مانایەی پێی وایە ئەو شاریەو لەگەڵ کولتوری شار دەژیێت، چونکە بڕوای وایە پۆشاک دەتوانێ ئاستی پێشکەوتنی دەربخات، ئەگەرچی ئەوە هۆشیاری نیە، بەڵکو فۆڕمێکە دەیەوێ پێمان بڵێت ئەو تاکە هۆشیاری شاری هەیە، چونکە لەپشت ئەو هۆشیاریەوە لەنێو ئاماژەکان مەسەلەیەکی ئیرۆتیکی شاردراوەتەوە، چونکە پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین کە "ئیرۆتیکا بووە بەئاماژەیەک نەک بەئارەزوو"(١٨) مەبەست لەچەمکی ئارەزوو، ئارەزووی سەرنج ڕاکێشانە بۆ سێکس، ئەوکاتەی ئیرۆتیکا لەئارەزوو دەگۆڕدرێت بۆئاماژە، مانای وایە چیتر ئیرۆتیکا لەناو تاکە دەلالەتێکی دەست نیشان کراو کۆتایی نایەت، بەڵکو ئیرۆتیکا دەبێ بەخاوەنی فرە دەلالەتی بەهۆی بەئاماژە بوونی، یەکێک لەئاماژەکانی جەستە، پەیوەندی بەئاماژە وەستانی جەستەیە، ئەگەر پۆشاک ئاماژەیەکی نێو ئەو گوتارە سیمیۆلۆژیە بێت، ئەوا ئەو گوتارە لەڕوویەکی تردا متمانە دەکاتە سەر بێکەلک بوونی بەشێکی تری جەستە، بێکەلک بوون دەبێتە بازارێک بۆکۆکردنەوەی سەرمایە، سواڵکەرێکی کوێر یان ئیفلیجێک کەلەسەر کورسی پەکەوتەیی دانیشتووە لەڕێگەی بێکەلک بوونی ئەندامێکی جەستەی، دەیەوێ خۆی بژیێنێت، بەڵام جەستەکانی تر ئەوانی یارمەتی ئەو دەدەن، هەرگیز نایانەوێ پرسیار لەجیاوازی جەستەی خۆیان لەگەڵ جەستەی ئەو بکەن، هێندەی وەک بەزەییەک تەماشای دەکەن. بۆئەوەی بەدوای ئەو دوو نمونەیە دەلالەتەکانی جەستە بەدژی یەک بەکار نەهێنینەوە، پێویستە بتوانین جیاوازی بایەلۆژی و ئیرۆتیکی بکەین، ئەوەش (بۆدریار) جیای کردەوە بەوەی دەبێت"جیاکاری بکەین لەنێوان جەستەیەک کەهەڵگری پاڵنەرێکی بایەلۆژیە، لەگەڵ جەستەی ئیرۆتیکی کەهەڵگری ئارەزووە وەک ئاماژەی گۆڕینەوە، بونیادێکی فەردی بۆ لەزەت فرمان بە یەکەمیان دەکات، بەڵام ئەویتریان بەکارهێنان و گۆڕینەوەی کۆمەڵایەتیە لەڕێگەی خواستی میکانیزمی و نەخواستنی وەزیفی فرمانی پێ دەکات"(١٩) دیارە جیاکردنەوەی ئەو دوو دەلالەتە لەیەکتری هەردووکیان هەڵگری ئیرۆتیکان، ئەگەرچی بۆدریار نەیەوێ ناو لەوەی یەکەمیان بنێ ئیرۆتیکا، بەڵام ئەوەی دووەمیان وەزیفەیەکی ئیرۆتیکی بەجێ دەگەیەنێت، وەک ئەوەی تر نیە، وەزیفەی ئیرۆتیکی لەکۆمەڵگای مۆدێرنیتیدا جەستەی دەکات بەریکلامێک بۆکۆمپانیا بازرگانیەکان، لەڕێگەی ریکلامی میدیاکانەوە، کە ئەو دیاردەیە لای ئێمەش دەیەوێ سەرهەڵ بدات، ئەوەش جەستە وەک کەناڵێک بۆ ریکلام کردنی کەرەستەکانی بازار بەکاری دێنێت.

وابزانین تا ئێرە توانیمان تێگەیشتنێکی تیۆری بۆ جەستە و سەرکوتکردنەوەی و هەروەها بوونی دیاردەکانی سەردەم وەک ڕیکلام بۆ جەستە دەربخەین، ئەوەش بەو



مەبەستە بوو کە کاتێ قسە لە جەستەی ئەکتەری کورد دەکەین ئەو جەستەیە لەو دنیایەوە دێتە ناو شانۆ، بەواتای ناسینی ژینگە و جوگرافیا و کۆمەڵگا بۆ جەستە مەرجێکی پێشینەییە بۆ قسەکردن لێی، بۆیە ئەگەر لە ناسینمان بۆ جەستە وا سەیری بکەین کە ئۆرگانێکی فیزیکیە، ئەوا ئەو ئۆرگانە لە ڕووی سیمیۆلۆژیەوە لقێکی سەرەکی زمان پێک دێنێت، بەوەی بەرهەم هێنەرەوەی ئاماژەی نا زمانەوانیە، ئەو ئاماژەیەش لەڕێگەی کۆی چالاکیەکانی توانای خوڵقاندنەوەی مانای هەیە، بەڵام ئەو مانایە چۆن بەرهەم دێت؟ ئایا دەتوانین لەڕێگەی جولەی جەستە خودەکان بخوێنینەوە؟ ئەو کاتانەی بمانەوێ بارودۆخی سایکۆلۆژیی و فیکری خودێک بزانین پێویستە لەڕێگەی جولەی خودەوە تێڕوانینی ئەو بزانین، بەو پێیەی خودی قسەکەر بەردەوام لەڕێی گەمەی زمانەوانی توانای دەسخەڕۆدانی هەیە، بەوەی دەتوانێ چۆنی بوێت ئاوا بدوێت، بەڵام نەمان گەیەنێتە جەوهەری خۆی وەک ئەوەی هەیە، بەڵکو قسەکەر وا شتەکان دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی خۆی حەزی پێدەکات، لەو کاتانەش ئاماژەی زمانەوانی توانای خوڵقاندنەوەی مانای نابێت، چونکە مانا لەناو زماندا سەرگەرمی گەمەکانی خۆیەتی، ئەوە ئاماژەی نازمانەوانیە وامان لێ دەکات بتوانین ماناکانی بخوێنینەوە، لەڕێگەی ئەو جولانەی کە خود بەبێ مەبەست و ناڕاستەوخۆ ئەنجامیان دەدات. ئەوە ئەگەر ئەوەمان بیر نەچێت کە هەر بەشێک لە جەستەی مرۆڤ بۆخۆی توانای دەربڕینی هەیە، بە مانای هەر جولەیەک لە (کەللە سەر، چاو، دەست، قاچ) ئاماژەن و لەکاتی کۆنترۆڵ کردنی خود ئەو ئاماژانە کەسێتی ئەو مرۆڤە دەر دەخەن، وەک چۆن لەکاتی لە دەستدانی کۆنترۆڵ تەواوی ئەو ئاستە سایکۆلۆژیەی کەسەکەمان بۆ دەخوێنرێتەوە، بەوەی بەشێکی جەستە بەبێ ویستی خۆی ئاماژە بۆ دۆخە دەروونی و شکستە ناخیەکەی خۆی دەکات. پێویستە لەسەرمان بەر لە چوونە نێو پرۆڤەی هەر کارێکی شانۆیی، چاودێری ئەو جولانە بکەین کە ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگادا دەیبینین، لە ڕووی شێوە دانیشتن و هەڵسان و قاچ خستنە سەر یەک و جولەی پەنجەکان لەسەر دەستەکەی تر و تا دەگاتە پاککردنەوەی قوڕگ بۆ قسەکردن و جگەرە کێشان، هەریەک لەو جولە و ڕەفتارانە گوزارشت لە دۆخی خودەکە دەکەن، دەتوانین لەڕێگەی جولەکانەوە کەسەکە بناسین بەر لەوەی بدوێت. قوڕگ پاککردنەوە لەکاتی قسەکردن ئاماژەیە بۆ ئەو گرژیەی ئەو کەسێتیە تێی کەوتووە، یا جگەرە کێشان کە زۆرجار گوزارشتە لەچوونە قۆناغی باڵق بوونی، یا ئەو کچەی بەردەوام کلێنسێک بەدەستەکەی تریدا دەهێنێت، گوزارشت لە دڵەڕاوکەیی و ناجێگیربوونی دۆخی دەروونی دەکات.(٢٠) ئەوکاتانەی چاودێری ئەو جولانەمان کرد، دەتوانین لەناو پرۆڤەدا تەوزیفی بکەینەوە،

یا ئەو تێگەیشتنە ساکارە پەرە پێبدەین، لەڕێگەیەوە جولەکانی جەستە لە کارەکتەر فراوان بکەین، بە مانای ئەوە دەق نیە دەبێ بە خاڵی دەسپێک، بەڵکو ئەو جولانەی کە جەستە هەڵگریەتی دەبن بە دەسپێک، دەق توانای دەوڵەمەند کردنی ئەو جولانەی هەیە، ئەوەش مانای وایە جەستە دەق دێنێتە بوون، بە پێچەوانەی شانۆی ئەرستۆیی کە دەق توانای خوڵقاندنی کارەکتەر و ڕووداو و زەمەنی هەیە، کەچی لە شانۆی بانتۆمایم ئەوە جەستەیە (دەق، کارەکتەر، ڕووداو، زەمەن) دەخوڵقێنێت، بە مانای جەستە هەڵگری ئەو کولتورەیە کە لە شانۆدا بە کاری دێنێت، چۆنیەتی تەوزیف کردنەوەی کولتور پەیوەست نیە بە گواستنەوەی کولتوری کۆمەڵگا بۆ سەر شانۆ، بەڵکو تێڕوانینی جیاوازی هونەرمەندە لە بەکار هێنانەوەی کولتور لە شانۆدا. جەستە چۆن بووە زمانێکی سەربەخۆ لە نمایشی شانۆیدا؟ ئەو ئەزموونانە چ کاریگەریەکیان لەسەر ئەو زمانە هەبوو؟ ڕۆڵی جەستە چی بووە لە ئەزموونە شانۆیەکان لای گەورە دەرهێنەرانی جیهان؟ ئەو شێوەیە چیە کە ئەو شانۆیە لە ئەمڕۆدا بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دەرکەوتووە؟ ئەو شانۆیە چ شتێکی بەخشیوەتە ئێمە کە شانۆی مۆدێرنیتی نەیتوانی پێمانی ببەخشێت؟ کاتێ ئەو پرسیارانە دەکەین مەبەستمانە لەو ڕێگەیەوە لەو پرۆژەیە قسە بکەین کە زیاد لە دوانزە ساڵە لەبواری شانۆی پۆست مۆدێرنیتیدا کاری تیا دەکەین، لەو ڕێگەیەوەش باسی کارکردن و بۆچونی ڕەخنەگران و شانۆکاران لەبارەی ئەو پرۆژەیە چی بووە دەخەینە ڕوو. دیارە وەستان لەسەر جەستە لەشانۆدا تەنیا بەفرێدانی تەلبەندەکانی ڕووی ئەو گومانەیە کە بەهۆی ئامادەبوونی گوتاری میتافیزیکی لە بزووتنەی شانۆیمان نەیتوانیوە پرسیار بکەین و گومان لەو گوتارە شانۆییە بکەین کە هەمیشە خۆی وەک موتلەق گەرایەک تەماشا کردووە، کە ئەویش بانگەشە کردن بووە بۆ شانۆیەکی ڕەسەن لەڕێگەی کەلەپوورەوە ویستویەتی تێگەیشتنمان بۆ ڕەسەنایەتی بکات بە سیما تایبەتیەکانی ئەو شانۆیە، لەو نێوەندەدا پێویستە پەیوەندی زەمەنی ئەو شانۆیە بۆ ئەو ڕۆژگارە بەهەند وەربگرین، بەوەی پێویستە ئەو گەشبینیە بخەینە ژێر گومانەوە بەوەی شانۆکاری کورد لە زەمەنی گلۆبالیزەیشندا چۆن لەڕێگەی کەلەپوورەوە دەیەوێ شوناس وە دەست بێنێت؟ ئێستا پێویستە قسە لە مێژووی ئامادە بوونی جەستە بکەین لە پرۆسەی نمایشی شانۆییدا، مەبەستیش لە چەمکی مێژوو گێڕانەوەی کرنۆلۆژی قۆناغەکانی جەستە نیە، هێندەی دوانە لەو ستایل و ئەزموونانەی جەستە لە شانۆدا تێی پەڕاندووە، بەوەی تاچەند ئامادەبوونی جەستە ئامادەبوونی زمانێکی تایبەت بووە لە شانۆدا.



# ئامادەبوونی جەستە لە شانۆدا

ئەگەر بۆ مێژووی لە دایک بووونی جەستە بگەڕێینەوە، دەبێ بڵێین مێژووی جەستە لە شانۆدا .. مێژووی لە دایکبونی شانۆیە، چونکە هەموو ئەو وێنە و هێمایانەی لەسەر پاشماوەی ئەشکەوتەکان ئاماژە بۆ جۆری ئاهەنگ و سرووتە ئایینیەکان دەکەن، ئەوە دەردەخەن کە لەڕێگەی کۆمەڵە جولەیەکەوە ئەو شانۆیانە پێشکەش کراوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی زانستی بۆ ئەو شانۆیە بدۆزینەوە، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەغریقیەکان، بە تایبەتی بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زاین، لەو سەردەمەدا تاکە ئەکتەرێک بە تەنها لەڕێگەی جولەی جەستەوە گوزارشتی لەو بابەتە دەکرد کە دەیویست بیگەیەنێت، ئەوەش لەسەر زمانی فەیلەسوفی یۆنانی دیموکرات ئاماژەی بۆ کراوە، هەر لەو سەردەمەدا ئەو شانۆیە تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، بۆیە نوسەرەکانیشی جیاواز بوون، ئەگەر هەر یەکە لە تیسپیس و ئەسخیلۆس بەشداریەکی کاریگەریان لە شانۆی یۆنانی کردبێت و سۆفۆکلیس چەمکی تراژیدیای هێنا بێتە ناو شانۆکەی و نواندن لە ئاستی ئەکتەرێک و دوان دەرچوو بێت، ئەریستۆفانیس کۆمیدیای بەو شانۆیە بەخشی بێت، ئەوا تایۆکریت- یش وەک یەکەم نوسەری بانتۆمایم دەرکەوتووە، جیاوازی ئەویش لەگەڵ تیسپیس لەوێوە دەست پێدەکات، کە تایۆکریت نایەوێ لەڕێگەی گێڕانەوە ڕووداوەکانمان بە گوێدا بدات، بەڵکو دێت ئەو ڕووداوانە لە شێوەی جولە دەردەخات. لە ساڵی (٢٧٠) ی پێش زاین لەسەر پاشماوە بەردینەکان سیانزە دەقی (هیرۆنداس) دۆزراوەتەوە، کە سەرجەمیان دەقی نووسراوی شانۆی جەستەییە. بە دوای یۆنانیە کۆنەکان، شانۆی ڕۆمانی بە بانتۆمایم ئاشنا بوو، ئەوان وەک یۆنانیەکان بە تەنیا لەناو پەرستگاکان نەیان هێشتەوە، بەڵکو هێنایانە ناو شوێنە جیاوازەکان، ئەوەش لە شانۆی ڕۆمانی بۆ دوو شێوە پۆلین دەکرێت، یەکەمیان بە ناوی (بانتۆمایمی ماڵەکان) ە، ئەویتریشیان بە (بانتۆمایمی شەقام) ناسراوە. بانتۆمایمی ماڵەکان لە هۆڵ و کۆشکی پاشاکان نمایش دەکران، هەندێ جار دەبردرانە هۆڵەکانی شانۆ، بەڵام بینەرەکەی تایبەت بوو بە پاشا و دەست و پێوەندەکانی کۆشک، هەرچی بانتۆمایمی شەقام بوو تایبەت نەبوو بە گروپێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بۆ هەموو چینەکان نمایش دەکرا، شوێنی نمایشەکانیش دەست نیشان کراو نەبوو، بەڵکو ئەوان کارەکانیان لە شوێنە گشتیەکان و شەقام و گۆڕەپانەکان نیشانی بینەر دەدا، ئەوەش ببوە هۆی ئەوەی بە

بانتۆمایمی شەقام بناسرێت. بەڵام هەرچی شانۆی فەرەنسیە سەرەتا بانتۆمایمی وەک هونەرێکی سەربەخۆ نەناسیوە، بەڵکو وەکو لایەنێکی شانۆکەی دەرکەوتووە، کە چەند دیمەنێک لەرێگەی جەستە پێشکەش کراوە، بۆیە تا ساڵی ١٧٠٠ شانۆی فەرەنسی نەیتوانیوە شانۆیەکی بانتۆمایمی هەبێت، بە دوای ئەوان ئیتاڵیەکان بەو شانۆیە ئاشنا بوون، دوای ئەوانیش ئینگلیزەکان لەرێگەی جۆن ریتش ئاشنای ئەو هونەرە بوون، دواتر لە سەرانسەری جیهان گروپی شانۆیی گەرۆک درووست بوو، بە مانای ئەوەی ئیدی شانۆیەک درووست بوو ئەکتەر لەرێگەی جەستەیەوە بتوانێ بوونی خۆی تیا دەربخات، نەک تەنها شانۆ بریتی بێت لە دەیالۆگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرهەمانە جەستە تیایدا بەو شێوەیە بەکار نەدەهێنرا، هێندەی ئەوەی بە گرنگ سەیر دەکرا ئەوە جولەی دەست و سیمای ئەکتەر بوو، بەڵام ئەو کاتەی ئەو هونەرە بایەخی بە سەما کردندا ئەو هونەرە توانی لەو رێگەیەوە ئەو بەهایە بداتە جەستە، بەو دەرکەوتنە جەستە توانی دەروازەیەک بدۆزێتەوە بۆ شانۆکە، لەگەڵ تێپەرینی زەمەن شانۆکاری نوێ دەرکەوتن، تا گەیشتە ئەوەی لە سەرانسەری دنیادا شانۆیەک بناسرێت لەرێگەی جەستەوە نمایش دەکرێت، دیارە ئەو شانۆیە بێ ئاستەنگ و کێشە نەبوو، بەڵکو گرفت و کێشەی خۆی هەبوو، هەر لە دەرکردنی تۆماس ئیکنز کە مامۆستای پەیمانگاکانی هونەر بوو، بە هۆی ئەوەی لەرێگەی ئەو هونەرەوە مۆدیلی رووتی هێناوەتە سەر شانۆ، تا دەگات بە دەرکردنی تیپی ئەکتەرانی ئیتاڵی لە فەرەنسا ساڵی ١٦٩٧ لەلایان لویسی چواردەهەم بە بیانوێ ئەوەی لە کارەکانیان لاسایی ئەویان کردۆتەوە. لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو شانۆیە لەسەر دەستی جاک کۆبۆ پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، کە لە دایکبونی بانتۆمایمی نوێ بوو، ئەگەر چی وەک تۆماس لیبهارت ئاماژەی بۆ دەکات تا رادەیەک لەژێر کاریگەری شانۆی (نو) ی یابانی بووە، وەک چۆن دابراو نەبوو لە کاریگەری هونەرمەندانی قۆناغەکەی خۆی لە وانەش لویس جۆفیە و شارل دیلان، بەڵام ئەو دوانە دواتر وەک دوو ئەکتەر لە چەندین کاری ئەودا دەرکەوتن، وە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەکتەری هۆشیار و روناکبیر لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی درووست بکات، پەیمانگای کۆلۆمبی پیری دانا، جگە لەوەی هۆشیاری بە ئەکتەر دەبەخشی توانی یەکێک لە گۆرانەکان لە ناو بانتۆمایم بکات، دەرخستنی رۆڵی روناکی بوو، کە پێشتر گەر لە زۆربەی کارەکان سیما و جولەی دەست جێگەی سەرنج راکێشان بوو، کۆبۆ وایکرد لەرێگەی روناکیەوە بەهایەکی تر بە جەستە بدرێت، بۆ ئەوەی لەرێگەی جولەوە روناکی مانایەکی نوێ بە جەستە ببەخشێت. لەبەر ئەوەی ئێمە مەبەستمان نووسینەوەی مێژووی جەستە نیە لە شانۆدا، بۆیە هەموو ئەو گۆران و قۆناغانە گەر بە ناچاریش بێت، دەبێ فەرامۆشی بکەین و



تەنها ئاماژەی خێرا بۆ ئەو خاڵانە دەکەین کە جەستە لە شانۆدا بە خۆیەوە دەبینی، بۆ نمونە ناکرێ ئێمە بێینە سەر تەواوی ئەو بریارەی کۆبۆ شانۆکەی داخست، بەڵکو ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێت درێژەدان و بەردەوامی یەکێک لە قوتابیەکانیەتی بە ناوی ئیتیان دیکروا، بەڵام ئەو پێی وابوو زەحمەتە بەتەنیا لە رێگای جەستەوە هەموو شتێ بگەیەنرێت، بۆیە پەنای دەبردە بەر دەنگ و ووشە و گۆرانی، ئەوەش وای دەکرد کۆبۆ تێ نەپەرێنێت، بەڵکو گەرایەوە بۆ ئەو شێوازەی کە بەر لە کۆبۆ بوونی هەبوو، بە مانای گەر جاک کۆبۆ شانۆکەی لە ووشە و گۆرانی و دەنگ رزگار کرد، ئەوا دیکروا ئەوانەی گەراندەوە ناو شانۆ، بە مانای چیتر کارەکانی پەیمانگاکەیان تایبەت نەبوو بە بانتۆمایم هێندەی میلۆدراما بوو.(٢١) ئەوە فەرامۆش کردنی ئەو هونەرە نەبوو، بەڵکو لە زۆربەی کارە بانتۆمایمەکانی تەنیا جولە زمانی پێکهاتەی شانۆ نەبوو، دوو هونەرمەندی تر دوای ئەو دەرکەوتن کە هەردووکیان قوتابی ئەو بوون، یەکەمیان ژان لۆی بارۆ ئەویتریشیان مارسیل مارسۆ، کە بە باشترین هونەرمەندی بانتۆمایم لە جیهاندا ناسرا. ئەگەر گرفتی سایکۆلۆژی لەپشت داهێنانی کاری هونەریەوە بێت وەک فرۆید پێشبینی دەکات، ئەوا دەبێت بڵێین ئەو تێروانینە بۆ بارۆ لەو هونەرە زۆر راستە، ئەویش پەیوەندی بە ناسرووشتی بوونی جەستەی خۆیەوە هەبوو، لەلایەکی تریش مردنی باوکی کە ئەو زۆر منداڵ بووە و خۆی دەڵێت "هەمیشە لەگەراندا بوومە بە دوای باوکم" ئەو گەرانە لەپاڵ هۆکاری یەکەمی جەستەی خۆی، توانای نووسینەوەی نهێنیە خودیەکانی لەناو کاری هونەری هەبووە، بۆیە بە شێوەیەک بایەخی بەو هونەرە دا کە توانی ببێت بە خاوەنی شێوازێکی تایبەت لەو هونەرەدا، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەمرۆ گروپە شانۆییەکانی بانتۆمایم زۆر بە بایەخەوە مەشقەکانی بارۆ بەهەند وەربگرن، چونکە ئەو لەپاڵ مارسیل مارسۆ بووە بە درەوشاوە ترین هونەرمەندانی ناو ئەو هونەرە. سیما تایبەتیەکانی ئەم شانۆیە بەلای مارسۆ سەرەتا بریتی بووە لە نواندنی تاکە کەسی کە خۆی پێی هەڵساوە، دواتر ئەکتەری تری هێناوەتە ناو شانۆکەی، ئەو وەک دیکروا نەبووە، بە هیچ شێوەیەک ووشە و گۆرانی بەشداریان لە کارەکانیدا نەکردووە، سیمای ئەکتەر بە رەنگی سپی ئارایشت دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەی لەپاڵ جولەی دەست، هەر جولە و شێوە گۆرینی رووخسار کە هەمیشە وای دەنوێنێ کە لەگەڵ هەر پۆشینی ماسکێک رووخساری ئەو شێوەیە وەربگرێت، ئەوە لەپاڵ بایەخدانی تایبەتی بە جولەی تەواوی جەستە، بەڵام مارسۆ دابراو نیە نەک هەر لە تەواوی مێژووی بانتۆمایم، بەڵام دەبێ لە کارەکانی ئەودا ئەوەمان بیر نەچێت، ئەو کارانەی مارسۆ ئەنجامی دەدا جولەکانی گوزارشتی رەوان بوو بۆ بینەر، بۆیە کارەکانی پەیوەندی نەبوو نە بە "مایمی مۆدێرنیتی و نە بە پۆست

مۆدێرنیتی، ئەو کارانەی هەر لە بالێ کانی سەدەی نۆزدەهەم دەچوو، لە ڕووی پەیوەندی لەگەڵ سەمای نوێ، یاخود دوای نوێ"(٢٢) مارسۆ لە ڕووی تەکنیکیشەوە سوودی لە شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی وەرگرتووە، بەو پێیەی ئەو ئەزموونە توانیویەتی لەپاڵ ئەزموونە گەورەکانی شانۆ بۆ جەستە دەربکەوێت، شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی بۆ سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی هونەرمەندی فەڕەنسی (جۆرج لافای) نمایشێکی بووکە شووشەی لەنێو کابینەیەکی ڕەشدا پێشکەش کرد، ئەو کاتەی لە ١٩٥٥ ئەندامانی تیپی سلامەندەری چیکسلۆفاکی ئەو نمایشە دەبینن، کاریگەری زۆریان لەسەر بەجێ دێلێت، بە تایبەت لە ڕووی جولە و پانتایی ڕەش، ئەو ئەزموونە دەستی بە پشکنین و گەڕان کرد، بە تایبەت لەڕێگەی کارەکانی فرانتشیک کراتۆخفیل کە لە بنەڕەتدا هونەرمەندێکی شێوەکاریی بوو، سەرەتا کارەکانی ناونا شانۆی شێوەکاری، بەڵام کاتێ لە ئازاری ١٩٧٧ بە هاوبەشی فلادیمێر کابالکا شانۆگەری (لێبوک) نمایش دەکەن، ئەو نمایشە دەبێتە سەرەتای مێژووی لە دایکبونی شانۆی ڕەش، کە بەرەنجامی ئەزموونەکانی چارەگە سەدەیەک بووە، بنەما سەرەکیەکانی ئەو شانۆیە پێک هاتووە لە بوونی ئەکتەر لەناو پانتاییەکی شانۆی ڕەشدا، بە ڕادەی ئەو جل و بەرگ و پانتایە ڕەشەی داگیری دەکات، ئەوەی دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان تەنیا جولەی دەست و سیمای ڕووخسارە، لە دوا وەی شانۆکەش (خاڵ، هێل، بارستایی) ئەو سێ توخمە شێوەکاریەی ناو شانۆکەن، ڕوناکیش زیاتر بەرەو ڕەنگی خەون ئەکتەرەکان پەلکێش دەکات، ئەوان بە دوو شێوە ئەزموونی جەستە لەتەک دەق دەخەنە ناو مەشقەوە، یەکەمیان کە ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێ بە سیناریۆیەکی شانۆیی، شێوەی دووەمیش ئەزموونکردنە لەتەک دەقێکی شانۆیی بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردن دەیالۆگەکان بگۆڕنە سەر جولە؟ بە مانای شیعریەتی ووتراو دەگۆڕن بۆ پانتایی خەون.(٢٣)



# جەستە لە شانۆی ئەزموونگەریدا

بە دوای دەرکەوتنی ڕۆڵ و بەهای جەستە لە شانۆدا، ئیتر لای دەرهێنەرە ئەزموونکارەکان جەستە بووە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ئەزموونی شانۆیی، لای ئارتۆ جەستە دەچێتە نێو خەونی نەستەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لە هۆشیاری کەبت کراومان بکات، لەو ڕێگەیەوەش جەستە هەڵدەستێ بە ئاشکرا کردنی نهێنیە شاراوەکانی، کە زمان لەڕێگەی گفتوگۆوە حەشاری دابوو، جەستە دێت لەناو خەوندا هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی تێگەیشتن بوون، دەیانکاتە بەشێکی سەرەکی لە گوتاری شانۆدا، ئەوەش بنیاتنانی گوتارێکی ناتەبا بوو، بەو پێیەی نمایش خاڵی نەبوو لە ژانرە ڕۆشنبیریەکانی تر، بە تایبەت لە ئامادە بوونی هەریەکە لە شیعر و هونەری شێوەکاری. شیعر و شێوەکاری پەیوەندی بەو فەزا گشتیە هەبوو کە بەرەنجامی تیۆری نەستی فرۆید لەلایەک و لەلایەکی تر هەر دوو بزووتنەی دادایزم و سوریالیزم کاریگەری تەواوی لەسەر ئەو شانۆیە بەجێ هێشت، بە تایبەت ئارتۆ کە خۆشی کۆمەڵێک شیعری نووسی، بەو نووسینانەش بە یەکێک لە سوریالیستەکان ناوی دەرکرد، لە لایەکی تر نووسینی کتێبێکی تر بە ناوی (نامەیەک بۆ جاک پریڤەر) بەشێکی تری تێڕوانینی ئەو بوو بۆ شانۆ، کە هەموو ئەوانە وایان کرد ئەو شانۆیە لەناو شیعر و شێوەکاری بێتە بوون، ئەم دوانە لەناو شانۆ لە هەوڵی بنیاتنانی شیعریەتی شوێن بوون، ئەوەش بە تەنیا بەرەنجامی ئەو شانۆیە نەبوو لەڕێگەی شیعر و تابلۆ، بەڵکو بەرەنجامی ئەو پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیە بوو کە لەڕێگەی سرووتی شانۆییەوە بەرجەستەی دەکرد، بە مانایەکی تر شانۆ لای ئارتۆ بووە لە دایکبوونی زانستێکی شانۆیی کە ئەمڕۆ بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دەیناسین، ئەوەش مانای وایە ئارتۆ لەڕێگەی جەستەوە کودەتایەکی بەسەر شانۆدا هێنا، کە پەیوەندی نیوان شانۆ و زانستەکانی کرد بە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، ئەوەش ئەو تێگەیشتنە ئەزموونگەریە بوو، کە لەپاڵ ئارتۆ، گۆردن گریک- یش هەر هەمان ڕوانینی بۆ شانۆ هەبوو، کاتێ پێی وابوو لە داهاتوودا دەبێ شانۆ لە جولە و ئاماژە پێک بێت، بە پێی زەمەنی ئەزموونەکان دەقی شانۆیش بوونی نەمێنێت، بە مانای بەبێ دەقیش شانۆ هەر هەیە، بەڵام بەبێ جەستە شانۆ نابێت، کە جەستە هەبوو واتە شانۆ هەیە، ئەو تێگەیشتنە ئەزموونگەریە پەیوەندی بە ڕوانینێکی لابۆریانە هەیە بۆجەستە. هەر چی گرۆتۆفسکیە لە ماوەی بیست و دوو ساڵ لە لابۆرەکەیدا بە ناوی شانۆی هەژار هەوڵی دەدا جەستە لەڕێگەی مەشق و گەڕانێکی

هەمیشەییەوە هەموو ئەو سنورانە تێک بشکێنێت، کە بە ڕێسای نمایشی شانۆیی دادەنرێت، لە سیستمی ڕێکخەری نێوان هۆڵ و تەختەی شانۆ، بۆ ئەوەش دەڵێت "ئێمە لە سەدەی میتا شانۆدا دەژین"(٢٤) بایەخی سەرەکی دەگەڕاندەوە بۆ ئەکتەر و بینەر، هەموو ئەو پێکهاتە شانۆییانەی لە جۆری دیکۆر و ئێکسوارات و ڕوناکی فەرامۆش دەکرد، بەوەش کاری ئەکتەری قورستر دەکرد، بەوەی دەبوو لەڕێگەی جەستەوە گوزارشت لەو پێکهاتە شانۆییانە بکات، ئەو هەر چەندە بانگەشەی بۆ میتا شانۆ دەکرد، بەوەی لابۆر دەتوانێ بە دژی شانۆوە کار بکات، مەبەستیشی دژایەتی نەبوو بە مانای ووشەکە، هێندەی گۆڕان بوو لە گوتاری باوی نمایش، چونکە ئەدەب لە لابۆرەکەی ئەودا نەدەکرایە دەرەوە، هێندەی بە قووڵی دەخوێنرایەوە و ئەکتەر لە دەرەوەی سنوری زمانەوە گوزارشتی لە دەق دەکرد، لەڕێگەی جولە و مۆسیقا و هاوار و دەنگەوە دەیویست دەقی نمایش دەقێکی جیاواز بێت، نەچێتەوە سەر ئەو تان و پۆ ئەدەبیە، بەڵکو دەقێک بێت ئەکتەر بەرهەم هێنەرەوەی بێت، ئەوە جگە لەوەی لە هەندێ ئەزموونددا تەواوی دەقەکەی لە شێوەی بانتۆمایم پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەوەی جەستە سوود مەند بوو لەو لابۆرە و توانی لە ڕەهەندێکی دەست نیشان کراو نەجولێتەوە، پەیوەندی بەو تێگەیشتنە ئەزموونکاریەی گرۆتۆفسکیەوە هەبوو، لە ڕووی پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفە، ئەو پەیوەندیەش بەشێکی سەرەکی مەعریفەی ناو لابۆرەکەی بوو، کە تیایدا کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کولتور و ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی بەشێکی بابەتە تیۆریەکانی لابۆرەکە بوون، بە مانای ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆناسی) لای ئەویش وەک چۆن لای ئارتۆش بابەتێک بوو بە بایەخەوە تەماشا دەکرا، ئەویش فەرامۆشی نەکردبوو، ئیدی ئەکتەر نەبووە کۆیلەی سیستمی گریمان کراوی پرۆسەی نووسین و کردەی دەرهێنان، چونکە جەستە توانی ببێت بە کەناڵی نێوان نمایشی شانۆیی و کردەی وەرگرتن، لەو نێوەندەشدا بیرۆکەی قەدیسی بۆ ئەکتەر خستە ڕوو، بەوەی ئەکتەر پیرۆزترین توخمە لە شانۆدا، ئەوە گەڕانەوە نەبوو بۆ چەمکێکی ئایینی، بەڵکو پرۆسەی ناو نانەکە تەنیا پەیوەستە بە مانا پیرۆزیەکەی. ساتەوەختی گەشەکردنی لابۆری شانۆی هەژار، هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشە کردنی شانۆیەکی مۆدێرن کە برتۆڵد برێخت لە شانۆی داستاندا ڕایگەیاند بوو، بەڵام گرۆتۆفسکی لە لابۆرەکەیدا بە دژی ئەو مۆدێرنەیە وەستایەوە، ئەوەش دژایەتی کردنێکی تری مۆدێرنیتی بوو، کە دەکرێ ئەو دژایەتیە لە ئارتۆ وە دەست پێ بکەین، گرۆتۆفسکی بە شێوەیەکی تر ڕووبەڕووی بۆتەوە کە ئەو هەوڵە ئەمڕۆ بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ناو دەبرێت، بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی ئەو شانۆیە، دەبێت ئاماژە بە دەرهێنەرێکی تریش بکەین ئەویش پیتەر بروکە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ



لابۆرێکی شانۆیی تایبەتی بۆ کارەکانی ئارتۆ کردەوە لەژێر ناوی (شانۆی توند و تیژی)، ئەو ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەی ئارتۆ لەڕێگەی سرووتەوە بەر جەستەی دەکرد، لای بروک بونیادێکی ئامادەیە لە لابۆرە شانۆیەکەیدا، بە مانایەکی تر لە نێوان سرووت و توند و تیژی چەمکی (پانتایی بۆش) دێنێتە بوون، پانتایی بۆش لای بروک بەرەنجامی خوێندنەوەی ئاماژەکانی جەستەی ئەکتەرە، بۆیە ئەوە دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی بڵێت"هەر پانتاییەکی بۆشم بدەیتێ، من شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێ دروست دەکەم" (٢٥) دەشێ ئەو دەستەواژەیە پێویستی بە تێڕامانێکی ئەوتۆ نەبێت بۆ ڕاڤەکردن، بەڵکو پێویستی بە تێڕامان بێت لەجۆری ئامادە بوونی جەستە لە پانتایی بۆش، چونکە بوونی جەستە لەو پانتاییەدا مانای بوونی شانۆیەکە کە دوور بێت لە گەمەی تەکنەلۆژی و کۆکردنەوەی لەناو هەڵچوونی ووتراو بەناوی واقعیەتەوە، ئەو تێگەیشتنەی ئەو شانۆیە ناو بەرێت بە واقعی، ئەوا لای بروک تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە "واقعییەت مانای پەیوەندیەکان دەگەیەنێت، نەک واقعییەتی دیکۆرێکی لاسایکەرەوە"(٢٦)

# خاسیەتەکانی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی

هەموو ئەو ئەزموونانەی تاکو ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد، چ ئەوانەی لەژێر ناوی بانتۆمایم و چ ئەوانەش لەژێر ناوی بانتۆمایمی نوێدا دەرکەوتوون، چی ئەوانەش کە لە لابۆرە ئەزموونگەریەکان بایەخی تایبەتیان بە جەستە داوە، ئەزموون گەلێکن دەرگای پڕۆژەی شانۆی ئایندەمان بۆ دەکەنەوە، شانۆیەک کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ناو دەبرێت، ئەوەش شانۆیەکە ووشە تیایدا کراوتە دەرەوە، بەڵام پابەندی ئەو بانتۆمایمە نیە کە لە ڕابردوودا پەیرەو کراوە، بەڵکو شانۆیەکە چەندە متمانەی کردۆتە سەر جەستەی ئەکتەر، بە هەمان شێوەش پێکهاتەکانی وێنەی شانۆیش لە جۆری ڕوناکی و مۆسیقا و موفرەدەی شانۆیی بوونی هەیە، دوا جار شانۆیەکە لەناو شانۆ وە دەست پێناکات، بەڵکو بە پڕۆژەیەکی فیکریەوە دێت، گومان و پرسیار لەگەڵ خۆی دێنێت. فەلسەفە بەشێکی سەرەکی لەو شانۆیە بەردەکەویت، جگە لەوە ئەو شانۆیە تیۆر و زانست فەرامۆش ناکات، بەڵام نەک زانستێک بەمانا باوەکەی، بەڵکو زانست لەڕێگەی پەیوەندیەکی هارمۆنی لەگەڵ شانۆدا . ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و سۆسیۆلۆژیای شانۆ دوو کەنالی گرنکی شانۆی پۆست مۆدێرنیتین، ئەگەر چی دەکرێت لێرەوە بابەتەکە زیاتر بەرە و تێڕوانینی تایبەت بڕوات لەوەی پا بەستێکی ڕووت بێت بە شێوازێکی شانۆییەوە، ئەوەش بەرەنجامی مەشق و ڕاهێنانی ئەو کۆمەڵە نمایشە شانۆییە کە ئێمە زیاد لە دوانزە ساڵە وەکو دەرهێنەر لەپاڵ کۆمەڵێک ئەکتەر کارمان تێدا کردووە، بۆیە دەشێ ئەو نووسینە لێرەوە خۆی پابەستی ئەزموونی تەواوی داهێنەر و ڕابەرێکی ئەزموونگەری شانۆ نەکات، هێندەی پەیوەستە بە شێوەی ئەزموونی کارکردنی خۆمان، بەلامانەوە گرنگ نیە ئەوەی لێرەدا بڵاو دەبێتەوە، لای تەواوی شانۆکاران بەهەند وەربگیرێت، بەڵکو بەهەند وەرگرتنی ئەو کارە بە پلەی یەکەم بۆ بەشدارانی ئەو پڕۆژە شانۆییە کە بەر لە کار کردن وەک بابەتێکی تیۆری دەخرێتە بەردەم ئەکتەرەکان و دواتر بۆ ئەو شانۆکارانەش کە دەیانەوێ بەو شێوەیە شانۆ بکەن، بۆیە ئێمە لێرەدا لە ڕوانگەی ئەو پڕۆژە شانۆیەوە دێینە سەر دوان و گفتوگۆ لەسەر هەردوو زانستی مرۆناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) هەروەها لەسەر بوونی کەنالێکی تری ئەو شانۆیە گفتوگۆ دەکەین ئەویش تیۆری ژنانە (فێمێنیزم) هەموو ئەوانەش لەناو زانستێکدا لە نمایش کۆ دەکەینەوە کە زانستی ئاماژە ناسی (سیمیۆلۆژیا) یە.



دوان لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ شانۆ تێی کەوتووە لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسێکە هەڵگری بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازە، کە ئەو نووسینەش دیدێک نیە بۆ سەپاندنی ئەو گریمانانەی کە ئەو نووسینە لەخۆی دەگرێت، بەڵکو دەنگێکی تری نێو جیاوازی ئەو بۆچوونانەیە کە لە دیدێکی تایبەتمەندەوە دەیەوێ قسە لەو بێدەنگیەی شانۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانین قسە لە ئایندە بکەین پێویستە گومان لە دوێنی بکەین و پرسیار لە ئێستا بوونی خۆمان بکەین، بەوەی بە ڕاست ئێمە ئەوەی تا ئەو ساتەوەختە پێی هەڵساوین دەتوانین ناوی بنێین شانۆ، لە کاتێکدا سەدەی ڕابردوو سەدەی بانگەشە کاری شانۆکاری کورد بوو لەژێر ناوی: شانۆی ڕەسەنی کوردی و شانۆی ئەزموونگەری کوردی. بۆ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەو دوو زەمەنە بکەین و خەونی ئایندەیەکی گەشمان هەبێت دەبێت خۆمان بەوە فریو نەدەین کە خاسیەتەکانی هەوڵە شانۆیەکانمان هەوڵدانی زەمینەیەکن بۆ دامەزراندن، بەڵکو خەونی ئایندە دەکرێت لەوێوە سەیری بکەین کاتێک گومان و پرسیار و ڕەخنەمان کرد بە پڕۆژەی کارەکانمان، بۆیە خەوشی ئێمە لەوەدا نیە گەر هەست بکەین کۆتایی سەدەی بیستەم کۆتایی وەهمی شانۆی کوردی بوو، بەڵکو خەوش و نەنگی لەوێدایە ئەو وەهمە بە خاسیەتەکانی شانۆی کوردی ناو بەرین، ئێمە بۆ ئەوەی بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی شانۆیی بگەڕێین دەبێت خۆمان لە هەموو ئەو وەهمانە بە دوور بگرین، لە بری ئەوە تیۆر و میتۆد بکەینە زەمینەی قسە کردنەکانمان، بۆیە ئێمە لەڕێگەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دەمانەوێ لە ئەزموونێکی جیاواز بدوێین، ئەزموونێک کە ڕوانینێکی میتۆدیانەیە بۆ ڕەخنە گرتن لەو ڕابردووەی کە لەناو گوتاری شانۆییمان قسەی لە مۆدێرنیتی کردووە، مەبەستیش گەڕانە بە دوای ئەزموونی جیاواز.

ئێستا با بپرسین لە کوێوە بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بگەڕێین؟ ئەو کاتەی ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کرد ناشێ تەنها بۆ ئەو دۆخە هەنوکەییە بگەڕێینەوە کە قسە لەو شانۆیە دەکرێت، بەڵکو پێویستمان بە لە دایکبوونی ئەو گۆڕانە هەیە کە ئەمڕۆ ناو زەدی دەکەین بە شانۆیەک لە دژی شانۆی مۆدێرنیتی، ئەو کارەش ئەنتوان ئارتۆ پێی هەڵسا لەڕێگەی شانۆیەک کە بە دژی ئاخاوتن بووەستێتەوە و جەستە تیایدا نووسین بەرهەم بێنێتەوە، ئەو شانۆیە بەلای دریدا– وە بە شانۆیەک سەیر دەکرێت کە دژی سێنترالیزمی لۆگۆسیە (٢٧) چونکە بەلایەوە هەڵوەشاندنەوەی دەنگ بەشێکە لەناو هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆس، شانۆی ئارتۆ ناو دەبات بە شانۆیەک کە تیایدا گەڕانەوەیە بەرەو نووسین و هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی دەنگە، هەڵوەشاندنەوە لەلای ئارتۆ بەرەنجامی سەرە ونخونکردنی تەواوی بزاڤە شانۆیەکە نیە، بەڵکو ئەوەی دریدا ش ئاماژەی بۆ دەکاتەوە ئەو دێرەی ئارتۆیە کە بڕوای وایە

تاکو ئێستا هەر یەکە لە شانۆ و سەما بوونیان نیە، بە مانای ئەوەی بۆ ئارتۆ ئەوەی پێی دەووترێ شانۆ لە ڕاستیدا شانۆ نیە، چونکە کۆمەڵێک گوتاری خستۆتە ناو خۆی، بوونی ئەو گوتارانە وایان کردووە ڕۆڵی شانۆ وون بێت، یەکێک لەو گوتارانەی کە شانۆی ئارتۆ دەیکاتە دەرەوە، دەرکردنی یەزدانە لەشانۆدا ، دەرکردنی یەزدان لە شانۆدا بە مانای شانۆیەک بڕوای بە بوونی سێنترالیزمی لۆگۆس نیە لەناو خۆیدا ، شانۆیەک کە بوونی نەبووە پەیوەستە بە بوونی لۆگۆس، لێرەدا دەکرێ بەشی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەیە بەر شانۆی یۆنانی بکەوێت، کە دواجار تەواوی شانۆکە و گوتاری بیرکەرەوە گوتارێک نەبووە لە دەست دەرهێنەر و ئەکتەرەکان، هێندەی گوتارێک بووە لەڕێگەی ووشەی دەنگیەوە چارەنووسی شانۆگەریەکان یەزدان دەست نیشانی کردووە، ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی زیندوو لەناو ئەو شانۆیە بێنینەوە با ئاماژە بە ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس بکەین، ئەوە نە ئۆدیبە لەڕێگەی زمانەوە کارەکتەر دەباتە ناو تراژیدیا ، وە نە نووسەری دەقەکەشە، بەڵکو تەسلیم بوونی هەر یەکە لە تەواوی کارەکتەرەکان و نووسەرن، بە بڕیاری یەزدان بەوەی زەمەنی تراژیدیا زەمەنێکە یەزدان بەرهەم هێنەریەتی، کاتێ ئارتۆ ئەو گوتارە میتافیزیکیە لە شانۆکەی دوور دەکاتەوە، هەمان ستراتیژی دریدا مەبەستیەتی لەو شانۆیە بوونی هەیە، چونکە لای ئارتۆ وێنەی دەنگی ووشە شتێک نیە توانای دەسەلات وەرگرتنی هەبێت، کە لای دریدا ش دەنگ بەشێکی بە سێنترالیزم بوونی لۆگۆس بەرهەم دێنێت، دەرکردنی ووشەی دەنگیش لای ئارتۆ و گۆڕینی بە وێنەی جولاوی جەستە پڕۆسەی لەدایکبوونی نووسین دێنێتە بوون، بەڵام نووسینێک بێلایەن نەبێت لە ڕووی ئامادە بوونی دەرهێنەر و ئەکتەران، ئەوە دوا جار جەستەیە دەقێک دەنووسێتەوە تیایدا لەبڕی ئامادە بوونی میتافیزیکی ڕووی ئەودیوی ئەو ترسە میتافیزیکیە دەتەقێنێتەوە کە وەک تاعونێک دەردەکەوێت، هەموو ئەو پیسیەی ناو جەستە دێنێتە دەرەوە و پڕۆسەی کاتاریسی جەستە دەست پێدەکات، ئەگەر بە زمانی دریدا قسە بکەین، دەڵێین نووسین جەستە پاک دەکاتەوە لە هەموو ئەو پیسیەی دەنگ تیایدا دەسەلاتی تۆقێنەری لەناومان خولڤاند بوو، چونکە شانۆ بۆ ئارتۆ دەسپێکێکی نوێیە، شانۆی کلاسیکی بەلایەوە تووشی وەستانی ئەو خوێنە بووە کە لە شوێنی خۆی پیس دەبێت و دەیکات بە گرێیەک، ئەو گرێیە پەتایەکە هەر یەکە لە میتافیزیکیا و دەنگ خولڤاندویانە، جەستە لە بەرەنجامی نووسینەوەی خۆی ئەو گرێیە دەتەقێنێتەوە، ئەو خوێنە پیسە دەر دەکات و جەستە لەو پیسیە ئازاد دەکات، ئەوەش پڕۆسەیەک نیە کە تەنها ئەکتەر و دەرهێنەر تیایدا ئازاد بن، هێندەی وەرگر بە هەمان شێوە بەشداری لە پڕۆسەی پاکبوونەوە دەکات، بەوەی



بەشداری لە پڕۆسەی بینین دەکات، ئەو پڕۆسەیە لە شانۆی ئارتۆ ساتەوەختی بەشداری پڕۆسەی نمایش و کردەی وەرگرتنە.(٢٨) ئەوکاتەی یەزدان دەکرێتە دەرەوە مانای وایە مرۆڤ شوێنی دەگرێتەوە، بۆیە ئەو شانۆیە لەتەک بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیتچە تەواو هاوڕایە، بەوەی ئەگەر نیتچە بە دوای مرۆڤی سۆپەرمان بگەڕێت، ئەوا ئارتۆ بەدوای جەستەدا دەگەڕێت، کەهەموو ئەو ترس و پیسیەی لەناو مرۆڤدا هەیە بیتەقێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێک جیاوازی لەناو ئەو شانۆیە کە چیتر مرۆڤ سێنتەر نیە، چونکە ئەو سێنتەرە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیخاتەوە سەر (جەستە/ رۆح) ئەوەش بە سێنتەرکردنی جەستە نیە، چونکە جەستە نایەوێت سێنتەر دابمەزرێنێتەوە، هێندەی لەو جیاوازیەوە هەوڵی نووسینەوە دەدات، ئەوەش هێندەی هەوڵێکە بۆ نووسین و دەرکردنی ووشەی دەنگی هێندە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی سێنتەر نیە، چونکە دواجار ئەو هەوڵە دەبێتەوە جیاوازیەکی تر بۆ پەیوەندی نێوان (نووسەر/ ئەکتەر). ئەگەر لەپێشوودا نووسەر سێنتەری بیرکردنەوەی ناو شانۆ بوو ئەوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێنتەرە، ئەکتەر لەڕێگەی جەستەوە دەیەوێت گۆڕان لەخودی مرۆیی بەرپا بکات، بە مانای ئەوەی ئەو کارە تەنها لە پێناو خودی شانۆ نیە هێندەی بەگژ دا چوونەوەی سێنتەری عەقڵیەتی باوی مرۆییە، کە ئەو کارەش دوا جار بۆ ئەو ڕۆژگارەمان بوو بە زەمینەی شانۆیەکی نوێ کە بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ناوی دەبەین. بۆچی ئەو شانۆیە بە پۆست مۆدێرنیتی ناو دەبەین؟ ئایا مۆدێرنیتی بێلایەنە لەو شانۆ نوێیە؟ زەمینە و هۆکاری ئەو شانۆیە چیە کە مۆدێرنیتی نەیتوانی بەشداریی تیا بکات؟ ئایا بە ڕاست مۆدێرنیتی بەو ڕادەیە گوناهبارە کە چەمکی شانۆیی گۆڕیبێتە سەر پڕۆژەیەکی عەقلانی؟ مۆدێرنیتی لە شانۆدا نەک تەنها بەشداری کردووە، بەڵکو گۆڕانی لەناو چەمکی شانۆ بوون کردووە بۆ لە کار خستنی ئەکتەر وەک کائینێکی مرۆیی، بۆ ئەوەی وەکو گۆڕانە تەکنەلۆژی و عەقڵیەکانی تر ئەو دامەزراوە بکات بە دامەزراوەیەکی عەقلانی بەوەی ئەوەی لە ناو پڕۆژەی گەشە سەندنی مۆدێرنیتی نەبوو نەیەتە ناو شانۆ، هەر بۆیە بەشداری پێکردنی ئامێرەکانی دەرەوەی شانۆ لە جۆری سینەما بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی شانۆ نەبوو، بەڵکو بۆ خۆ جێکردنەوەی تەکنەلۆژیا بوو لەناو شانۆدا ، کە ئەو کارەش نە خزمەتی بە شانۆ دەگەیاند نە بە سینەماش، بەڵکو تەنها بۆ دڵنیابوونی ئەو پڕۆژە مۆدێرنیتیە بوو. ئێستا ئێمە لە ڕۆژگارێک داین چیدی ناکرێ دەستە وەسان چی لە دووتوێی کتێبەکان و تیۆرەکان بوو بە ڕاستیان بزانین، چونکە ئیدی بسکاتور و برێخت کە دوو شانۆکاری مۆدێرنیتین ناکرێت نەخرێنە ناو ئەو پڕۆژە ڕەخنەییە، ئەوە بروکە کە بە دژی ئەو تەکنەلۆژیایە دەیەوێ شانۆ

زیندوویەتی خۆی ڕابگرێت، بۆیە کاتێ ڕەخنەگرتن لە شانۆی مۆدێرنیتی دەبێت بە پڕۆژەیەکی هەنوکەیی شانۆییمان، بە تایبەت بە دوای ئەوەی ڕۆحی شانۆ لە ئارتۆ وە وەک ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەیە لە دژی هەوڵی نا شانۆ بوون، ئێستا پێویستمان بە پرسیارە لە شانۆ ڕەخنەییەکەمان: بە دوای پڕۆژەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی لەلایان فەیلەسوفانی وەکو (فۆکۆ، دریدا، لیوتار، بۆدریار، ئیهاب حەسەن، کریستیڤا) کە ئەو فەیلەسوفانە دواتر بە فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنیتی ناسران، بە تایبەت بە دوای کتێبەکەی لیوتار بە ناو نیشانی" هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیتی " ئیدی پۆست مۆدێرنیتی توانی مۆدێرنیتی ناو ببات بە پڕۆژەیەکی تەواو بوو، بە تایبەت بە دوای ئەو گۆڕانانەی لە بیناسازی و سینەما و ڕۆمان و فەلسەفە و فیمێنیزمدا هێنایە ئاراوە، بوونی لە شانۆدا نەک هەر بوو بە پێویستی، بەڵکو ڕەخنە گرتن لە شانۆی مۆدێرنیتی بابەتێک بوو دەبوو زوو پێشنیار بکرا بوایە بۆ بوونی قۆناغێکی جیاوازی شانۆ، بەڵام دواخرا. بوونی باربا و بروک و گرۆتۆفسکی لەژێر ناوی شانۆی ئەزموونگەری هەوڵێکی بەردەوامی ئەو شانۆیە بوو کە بوونە زەمینەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ، ئەو شانۆیە بەتاڵ کردنەوەی یادەوەریە لە تەواوی ئەو ڕێسا باوانەی کە بە دوای یەکدا دێن لە نمایشی شانۆیی، هەر لە بوونی یەکەی (شوێن/ کات) و بنیاتی گێڕانەوە لەناو ئەو شانۆیە تا دەگات بە بنیاتنانی ڕەگەزە پێکهاتووەکانی تر کە بە بنەماکانی کاری دەرهێنان ناسراون. ئەوەش مانای وایە زمانی ووتراو زمانێکە توانای بەخشینی مانا و چێژی نیە، بەڵکو زمانێکە لە سێنتەری بوونیەوە ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت، زمانێکە بە تەواوی هەڵدەوەشێنرێتەوە، نەک تەنها سێنتەری ئەو زمانە دەکەوێتە ناو پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، نەخێر بەڵکو بونیادە پێکهاتووەکانیش دەچنەوە ناو ئەو پڕۆسەیە، زمانی نمایش.. زمانی بینین و دیدگایە، نەوەک زمانی ووتراو. مۆدێرنیتی کارێکی زۆری بە ووتراو بوو بەوەی هەیمەنە کردن بۆ سەر گوتاری عەقڵانی هەیمەنەیەکی بە زۆر سەپێنراو بوو، کە وای کردبوو دەنگ توانای بینین لە شانۆکار وەرگرێتەوە و ئەو گوتارە نەیەڵێت خود تیایدا ئازاد بێت، ئۆدیب و دکتۆر ستۆکمان و نورا و ئەڤگینیا گریمانەیەکی نووسراوی نووسەر بوو بۆسەر دەرهێنەر و ئەکتەر، گریمانەیەک کە دەبوو لە ژێر ئەو ڕێنومابیە شانۆ بە ئەنجام بگات. هەڵوەشاندنەوەی ئەو گریمانەیە مانای وایە کە (کردار) لەڕێگەی سێنتەری دەقەوە نایەت، بەوەی تەواوی کردارەکان گرێ چنی درامی نووسەر پێکی بێنێت، بەڵکو ئەو سێنتەرە بە تەواوی هەڵدەوەشێتەوە، بە هەڵوەشاندنەوەشی گرێ چنی درامی ڕۆژانی مەشق و ڕاهێنان دەست نیشانی دەکات کە شتێک هەیە بەو ناوە، چونکە دواتر دەشێ جەستە کۆدەکانی خۆی لە دیمەنێکدا بکاتەوە پرسیار، کە کۆدەکان نەبنە گرێ چن



بۆ دیمەنی دواتر، بە مانای ئەوەی گرێ چنی درامی مۆنتاژێکە وا بەستەیە بە یادەوەری وەرگرەوە. ئەوەش مانای وایە کە دەق ڕەگەزێکی سەرەکی نیە، هێندەی وەک هەر ڕەگەزێکی تری شانۆ مامەلەی لەتەکدا دەکرێت، ڕەگەزی سەرەکی یادەوەری گشتی شانۆکاری ناو مەشقە، بۆیە دەشێ ئەو شانۆیە وا لەنووسەری شانۆیی بکات چیتر دەقی شانۆیی وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی نەنووسێت، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی هونەری سەیری بکات، بە مانای ئەوەی هەوڵی نووسینی دەقی بینراو بدات، ئەوەش پێشینار کردنە بۆ جۆرە دەقێک کە هەموو کەسێک توانای نووسینی نابێت، چونکە پێویستی بە پاشخان و مەعریفەی شانۆیی و فیکری دەبێت، بە مانای ئەوەی دەبێت کەسێک بێت لە دەرەوەی پڕۆسەی شانۆ بیر لە شانۆ نەکاتەوە، بەڵکو لەناو شانۆوە بیر بکاتەوە، ئەو کاتە دەبێت دەقەکە بۆ ئەوە نەنووسێت کە لە گۆڤارێکدا بلاو بکرێتەوە، هێندەی خەمی نمایش کردنی هەبێت، چونکە دەقی شانۆیی ئێمە ژمارەیان کەم نیە، بەڵام دەگمەنن ئەو دەقانەی کە توانای زیندەگی و مانەوەیان هەیە و ڕۆحی شانۆ تیایاندا زیندووە، کە دیارترین دەقەکانی ئەو بوارەش نووسەرەکانیان شانۆکارن و توانیویانە لەناو پڕۆسەی نمایش بیر بکەنەوە. ئەوەش مانای وایە ئەو شانۆیە شانۆیەک نیە شاعیر و نووسەر وچیرۆکنووس بەرهەمی بێنن، بەڵکو شانۆی خودی شانۆکارە، کەوایە با پرسیارێکی تر بکەین: ئاخۆ ئەو شانۆیە لای شانۆکاری کورد بە هیچ چەشنێک کاری بۆ کراوە؟ بۆ ئەوەی بەلارێدا نەڕۆین پێویستە ئاوڕ لەو ئەزموونانە بدەینەوە، کە پڕۆژەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو لە ژێر ناوی شانۆی ئەزموونگەری، ئەو ئەزموونە ئەگەر لە ساتەوەختی خۆیدا نەیتوانی زەمینە و گوتارێکی سەربەخۆ بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بەرهەم بێنێت، بەڵام توانی زەمینەیەکی زانستی بۆ ئەو شانۆیە درووست بکات کە ئەمرۆ دەبێت هەوڵەکانی ئەو بوارە بەو دەسپێکە ناو بەرین. کە ئەزموونەکانی دواتر توانیویەتی درێژە بەو شانۆیە بدات، لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ناوبردنی نمایشەکان نیە هێندەی گرنگی لەوەدایە ئیدی تاکە ستایل و تاکە مۆدێک لە شانۆی ئێمەدا نابێتە مۆدی باو، ئیدی ئەو سەردەمە کۆتایی هات، هەموومان بە یەکەوە پابەند بین بە ستانسلافسکی یا مایەر هۆڵد یا گرۆتۆفسکی، گرنگیەکی تریشی لەوەدایە کە ئیتر شانۆکاری کورد بە درەنگ بە ئاگا نایەتەوە، چونکە نەوەیەک هەیە دڵنیایی ئەوەمان پێ ببەخشێت کە توانای ئەوەی هەیە لەتەک ڕەوتەکەدا بڕوات.

# ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ

ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بە کەناڵێکی گرنگی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دادەنرێت، بە پێی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیەی کە ئەو شانۆیە لەخۆیدا کۆی دەکاتەوە، هەڵبەت ئەو زانستە کە لە بنەڕەتدا دەکرێ وا پێناسە بکرێت، زانستێکە لە بارەی مرۆڤەوە دەکۆڵێتەوە، ئەوەش توێژینەوەی مرۆڤە لە بارەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سرووشتی و پەیوەندیە مرۆیەکان، دەشێ کورت کردنەوەی ئەو زانستە بۆ پێناسێکی وا خێرا یەکێک بێت لەو هەڵانەی کە بەسەرماندا تێپەڕێت، گەر بێت و بەو شێوەیە سەیری بکەین، بەڵام ئێمە مەبەستمان قسەکردن نیە لەو زانستە هێندەی تیشک خستنە سەر ئەو جۆرە زانستەیە لە کاری شانۆیدا، ئەو زانستە لە شانۆدا چۆن لە دایک بوو؟ مێژووی لە دایکبونی زەمەنێکی نادیارە؟ یاخود سەرهەڵدانی بۆ شانۆکارێکی دیاری کراو دەگەڕێتەوە؟ کاتێ دەبینین هەموو ئەو دەرهێنەرە ئەزموونکارانەی بایەخ بە جەستەی ئەکتەر دەدەن بەرەو گفتوگۆی ئەنترۆپۆلۆژی دەگەڕێنەوە، هۆیەکەی ئەوەیە جەستە بەشداری لەو ڕیتواله مرۆناسیە کردووە، گرۆتۆفسکی و یۆژینۆ باربا و پیتەر بروک، سێ ناوی درەوشاوەی ئەو بوارەن، بەڵام هیچ کام لەوان دامەزرێنەری نین، بەڵکو ئەوان گەشەیان بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ داوە، سەیر نیە گەر بڵێین چۆن یەکەمین بنەما زانستیەکانی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی لە مانیفێست و نووسینەکانی ئارتۆ وە هاتە بوون، ئەوا مێژووی لە دایکبونی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆش یەکەم هەوڵەکانی هەر بۆ ئەزموونەکانی شانۆی توند و تیژی ئارتۆ دەگەڕێتەوە، کاتێ بایەخی تایبەتی بە سرووت دەدا، بە تایبەت سرووتی کۆمەڵگا خۆر هەڵاتیەکان، گەر چی لای ئارتۆ مەسەلەی سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) بەو شێوەیەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە شانۆکەی دەر نەکەوت، بەڵام چەمکی کولتور لای ئەو فەرامۆش نەدەکرا و بایەخی تایبەتی پێدەدرا، گەر چی کولتور لە پێناو سرووتدا بەکار دەخرایەوە، واتە بۆ بنیاتنانی ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەکەی بوو، نەک سۆسیۆلۆژیەکەی، چونکە ئەو کۆمەڵێک بۆچوونی تایبەتی لە بارەی کولتورەوە هەبوو، کە تا ڕادەیەک لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە بۆچونی قبووڵ کراوە، بەڵام ئەو کاتەی دەیهێنێتە ناو شانۆ بە ئاقارێکی تریدا دەبات و بەرەو یەکەیەکی هارمۆنی تیۆریزەی دەکات، بۆیە لە نێوان شانۆ و کولتور پێی وایە بیرۆکەی سێنتراڵ خاڵێکی مردووە، کاتێ کولتور بیەوێ خۆی بسەپێنێ ئەو سەپاندنەکە بە خاڵێکی مردوو ناو دەبات.. بە بیرۆکەیەکی میتافیزیکی سەیری دەکات کە دەکرێ تا ئێرە گرفتێک



نەبێت، هێندەی دەبێت بزانین ئەو چۆن سەیری کولتور دەکات و تاچەند کولتور لەناو ئەنترۆپۆلۆژیا ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیەکەی لە دەست دەدات؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە قسەیەکی خۆی وەربگرین کە دەڵێت" بەبێ میتافیزیکیا کولتور بوونی نیە"(٢٩) کاتێ ئەو میتافیزیکیا لە شانۆکەی دەکاتە دەرەوە، دەبێت بپرسین: شوێنگەی کولتور لەو شانۆیەدا چیە؟ دیارە ناکرێ دەرکردنی میتافیزیکیا بە دەرکردنی شانۆ ناو بەرین، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی تر بدوێین و بڵێین کولتور وەک بونیادێک دێتەوە، بەڵام بونیادێکی سۆسیۆلۆژی نیە، بۆ ئەوەی وەک ئەنترۆپۆلۆژیا شانۆکەی توێژینەوە بێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت سەرباری هەموو ڕەخنەکانی لەو بارەیەوە، ئەو دەسبەرداری کولتور نابێت تا دەگاتە ئەوەی وەکو شانۆی ڕاستەقینە ناوی دەبات کە هەرگیز نووسراو نیە، بە مانای ئەوەی کولتور وەک شانۆ وایە شتێکی ئامادە و نووسراو نیە، بەڵکو دەبێت بەرهەم بهێنرێتەوە و لە نووسینەوەی هەمیشەیدا بێت، ئەوەش وا دەکات لەڕێگەی "دوانەی سرووشت و کولتور لێرەدا ئامادە بێت، بۆ وێناکردنێکی ئەنترۆپۆلۆژی تەواو، وەک چۆن ملکە چی بوون بۆ وێناکردن لە وێنەی بنەڕەتی کە شتراوس بە کۆمەڵگا ڕەسەنەکان ناوی دەبرد"(٣٠).

ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دوای ئەوەی سرووتی لەناو شانۆ تەوزیف کرد، توانی بەشداری لە کەمکردنە و نەهێشتنی ئاخاوتن بکات، بەوەی ئەکتەر لە بڕی دەیالۆگ لەڕێگەی جەستە و سەماوە سرووتێکی شانۆیی نمایش دەکرد، ئەو سرووتە بۆ ئارتۆ پاکبونەوەی هەریەکە لە ئەکتەر و بینەر بوو، تەقینەوەی تاعونێک بوو، ئەو پرۆسەی تەقینەوەیە کوشتنی زمان نەبوو، بەڵکو داڕشتنەوەی زمان بوو لە ڕووبەرێکی تردا، سەندنەوەی زمان بوو لە دەم و تەوزیف کردنەوەی بوو لەسەر جەستە، ئەوەش مانای وایە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بە تەنیا جەختکردنەوە نیە لەسەر سرووت، بەڵکو لەڕێگەی نمایشەوە هەوڵ دەدات لە ڕەهەندە سرووشتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی مرۆڤەکان بکۆڵێتەوە، لەڕێگەی پەیوەندی هاوبەشی مرۆڤەکان بە یەکتریەوە، پەیوەندی مرۆڤەکان بە ئاینەوە ڕەهەندێکی دیاری ئەو شانۆییە، کە هەوڵ دەدات خاسیەتەکانی جیاوازیمان پێ ببەخشێت لەوەی ئێمە بەر لەو زانستە چۆن خەریکی شانۆ بووین، بەوەی گەر ئاخاوتن نەیهێشتووە جەستە مانایەک بە بوونی ببەخشرێت، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ مانا بە بوونی جەستە دەبەخشێت، چونکە پێشتر جەستە تەنها لە خزمەتی دەیالۆگ و ئاخاوتن بوو، ئەو خاوەنی ڕەهەندی ئیستاتیکا نەبوو، ئەوە ئاخاوتن بوو نوێنەرایەتی ڕەهەندە ئیستاتیکاکەی دەکرد، ئیستاتیکای ووشە هەبوو.. ئیستاتیکای جەستە بەبێ ووشە شتێک نەبوو، بۆیە ئەوە دەقی ئەدەبی بوو شانۆی بەرز دەکردەوە نەک هونەری شانۆ، ئەو کاتانەی

وەزیفەی جەستە فەرامۆش دەکرێت، مانای وایە گوتارێکی ناشانۆیی گرنگترە لە جەستە، ئەو گوتارە ئایینی یا ئایدیۆلۆژی یا کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی سرووت و پەیوەندی نێوان جەستەکان، بوون بەو جەستەیە ببەخشێتەوە، بوونێک لەڕێگەی قسە کردنەوە پارچە پارچە کرا بوو، جەستە بەردەوام قوربانی دەبەخشیە دەنگ، ئەوە زمان نەبوو خاوەنی دەسەڵات بوو، بەڵکو بونیادێکی تاکی زمان بوو کە ئاخاوتنە ، دەنا لە جەوهەردا پڕۆژەی کوشتنی زمان بوو لەڕێگەی بە قوربانی کردنی جەستە (٣١) کاتێ ئەنترۆپۆلۆژیا لە شانۆدا بەو شێوەیە پێگەکانی خۆی قەیم دەکات، دەبینین پەیوەندی نێوان شانۆ و زانست دەبێ بە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەرگا بۆ پەیوەندی تریش دەکاتەوە، چونکە ئەنترۆپۆلۆژیا لە سنوری خۆیەوە لەو هونەرە کاری دەکرد، چەمکی کولتور چەمکێک بوو ئەنترۆپۆلۆژیا تا ئەو شوێنە بە کاری دەهێنا کە لەخزمەتی زانستەکەی خۆیدا بوو، نەوەک لە پێناو زانستێکی تردا، بە تەنها لەڕێگەی فراوان کردنی پەیوەندی شانۆ بە زانستەکانەوە دەکرا ئەو پەیوەندیە چارەسەر بکرێت، بۆیە بوونی سۆسیۆلۆژیای شانۆ قۆناغێکی شانۆیی بوو، جیاوازی بنەڕەتی سۆسیۆلۆژیای شانۆ لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ لە ڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا چارەسەر دەکرێت، کە یەکەمیان بایەخی تایبەتی بە سرووتە، ئەویتریشیان زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر پەیوەندی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و ئامادەبوونی جەستە وەک کولتور و کولتوریش وەک جەستەیەک و بوونی گوتارێکی جیاواز کە گوتاری شوناسە، بەوەی ئەو گوتارە لەناو جەستەدا چۆن مانایتر وەردەگرێت، بە شێوەی جیاواز لەوەی هەبوو دەر دەکەوێتەوە، چونکە ئەو شوناسە لەڕێگەی پەیوەندی جەستە بە گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وە لەپاڵ زانستەکانی تر دەبێت بە بەرزکردنەوەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ، تاوەکو تێگەیشتن لەو ئەزموونەش پابەند بێت بە کۆکردنەوە لەناو زانست و تیۆرێکی زمانەوانی و فەلسەفی کە ئەویش سیمیۆلۆژیایە.



## سۆسیۆلۆژیای شانۆ

سۆسیۆلۆژیای شانۆ گەڕان نیە بە دوای بەخشینی شوناسێکی کۆمەڵناسیانە بە شانۆی نەتەوە، بەڵکو ئەو سۆسیۆلۆژیایە دەیەوێ ڕەهەندێکی کۆمەڵناسیانە ببەخشێتە جەستەی ئەکتەر، بەوەی جەستە تەنها وەزیفەی گەیاندنی بیرۆکە و فیکرێک نیە، بەڵکو جەستەی مرۆیی کە لە تەوەری پێشوومان جێگای بایەخ بوو، ئەوا لێرەدا جەستەی هەمووان دەبن بەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەش بۆ جەستە تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانەیە، بەوەی دەتوانین بۆ ناسینێکی سادە بۆ کۆمەڵگا بڵێین"وشەی کۆمەڵگا بەزۆری بۆ ناونانی گروپێکی تایبەتی خەڵک بەکار دەهێنرێت، کە کۆبۆنەوە کەیان کەم تا زۆر بەردەوام و جێگیرە، و شوێنێکی دیاریکراویان داگیر کردووە"(٣٢) دەتوانین بەو شێوە پەیوەندیەی جەستە بڵێین کە ئەوان پێکهاتەی کۆمەڵگایەکن، بەڵام بوونی کۆمەڵگایەک لە پانتایی شانۆدا شتێکی ئەوتۆ بە ئێمە نابەخشێت، گەر نەزانین کۆمەڵناسی لە شانۆدا چی لە کۆمەڵگا دەوێت، ئەو تیۆرە چیە ئەو زانستە لە کۆمەڵگا خوازیارە؟ ئەی ئەو گەشەسەندن و تێپەڕاندنە چیە کە ئەو زانستە بە شانۆی دەبەخشێت؟ بۆ ئەوەی وەلامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدەینەوە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین: کۆمەڵناسی خۆی چیە؟ ئێمە لێرەدا پێویستمان بەو هەموو پێناسە جیاوازە نیە کە سۆسیۆلۆژیستەکان دەیخەنە ڕوو، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە مەبەست بێت، ئەو تێگەیشتنە بەراییە کە بۆ شانۆ دەکرێ سوودمەند بێت، بۆیە ئێمە پشت دەبەستین بە کورترین پێناس کە بۆ وەڵام بە پرسیارەکەمان پێمان دەڵێت "کۆمەڵناسی بریتیە لە ڕۆشنگەری لە پانتایی ئەزموونی مرۆییدا"(٣٣) چونکە ئەو دەستەواژەیە پێمان دەڵێت کە ئەو زانستە کەشفی ئەزموونی مرۆڤەکانمان بۆ دەکات، ئێمەش هەر ئەوەمان لە ئەزموونی شانۆیی دەوێت، دەمانەوێت هەر ڕێگایەک بەرەو ئاشکراکردنی نادیارەکانمان بەرێت ئامێزی بۆ بکەینەوە، ئامێزکردنەوەی ئێمە بۆ ئەو زانستە بەمانای ڕەوتێکی ڕۆشنگەرانە دێت، بۆ دۆزینەوەی دەلالەتە نەنوسراوو نەخوێنراوەکانی جەستەی ئەکتەر و پانتایی شانۆیە، چۆن ئەو دوانە لەڕێگەی ئەزموون و مەشقدا بەشێوەیەکی تر ژیان دەخوێننەوە؟ چونکە ئێمە نامانەوێ لەو شانۆیەدا بە دژی ژیان و واقیع بوەستینەوە، بەڵکو ئەوە هەڵە تێگەیشتنێکە لە کارەکان، دەنا لە جەوهەردا مەبەستمان وێنا کردنەوەیەکی تری ژیانە، مانا

بەخشینەوەیە بە واقیع، بەبێ ئەوەی بینراوو و ڕووداوەکان بگەڕێنینەوە ناو شانۆ، بەڵکو نهێنیە شاراوەکانی لەڕێگەی سیستمی چەپێنراو و حەرام دەشاردرێنەوە، گومان لە شاردنەوە و پرسیار لە ماناکانی حەرام دەکەینەوە، بۆ ئەوەی کەشفی ئەزموونی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا بکەین، ئەوەش لەڕێگەی جەستەوە بەرهەم دێت، چونکە جەستە هەڵگری ئەو کولتورەی کۆمەڵگایە، ئەو کولتورەی دواجار شوناسێکی زەبر و زەنگ بە جەستەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بەخشیووە. ئەو کاتەی باسی جەستە دەکەین، قسەمان لە جەستەی شانۆکاری خۆر ئاوایی نیە، کە جەستەی ئەو هەڵدەستی بە نواندنێک کە گوزارشت لە ئەزموونی ژیانی خودیی خۆی ناکات، بەڵکو جەستەی ئەو بەشداریی لە سرووتی گروپێکی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر چی ئەو جەستەیەی ئێمە بە لامانەوە گرنگە جەستەی کوردیە، جەستەیەکە هەڵگری کولتوری زەبر و زەنگ و حەرامە، جەستەیەکە ئازادیەکانی لێ زەوت کراوە، بۆیە ئەو بەشداری لە نواندن ناکات، بەڵکو ئەو کاتانە لەڕێگەی جەستەوە نەستی بەشداری لە نووسینەوەی حەرامەکانی دەکات، کولتور بونیادێکە بەشداری لە بنیاتنانی شوناس دەکات بۆ دامەزراندنی گوتار. پەیوەندی نێوان کولتور و جەستە پەیوەندی نووسینەوەی ماناکانی سەرکوت کردنە، بەو مانایەی کە جەستە هەڵگری ئەو کولتورەیە کە کۆمەڵگا هەڵگریەتی، ئەوەش پێچەوانەی ووتەکەی شانۆکاری یابانی (تاداشی سۆزۆکی) ە کە بڕوای وایە "کولتور جەستەیە"(٣٤) بەدژ کردنەوەی ئەو ووتەیە بەرەنجامی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگای کوردیە، کە ئێمە کاری شانۆیی تیادا ئەنجام دەدەین، چونکە دەشێ بۆ شانۆی یابانی ئەو ووتەیە ڕاست بێت، هۆیەکەشی لە بەرایدا هۆیەکی کولتوریە، کە ئەوان بەرەنجامی شانۆی نو و کابۆکیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بزووتنەوەی شانۆیی ئێمەوە هەبێت، زیاتر لەسەر تێگەیشتنی مانا ئەخلاقیەکانی کولتوری کوردیە بۆ جەستە لە لایەک و لە لایەکی تریش ئامادە نەبوون و فەرامۆش کردنی جەستەیە لە نمایشی شانۆیدا .

کولتوری کوردی هەرگیز هەڵگری جەستەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان نیە، بەڵکو ئەو کولتورە هەڵگری بیرکردنەوە عەقڵانیەکانیەتی، ئەوەش بەو مانایەی کە "کولتور جەستە نیە" بەڵام: ئایا جەستە کولتورە؟ بە چ مانایەک کولتورە؟ جەستە کولتورە، چونکە هەموو دیسپلین و سەرکوتکردن و حەرامکردنێکی ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان بەسەر جەستە دەسەپێت، بەڵام با ئەوەشمان بیر نەچێت، لە پەیوەندی ڕووکەشدا چۆن دەڵێین"جەستە کولتورە" ئاواش دەتوانین بڵێین "کولتور جەستەیە" بەڵام ئیشکالیەت لە قووڵ بوونەوەی ناو کاری شانۆییە، بە مانای لە ڕووی کۆمەڵناسیەوە تا ڕادەیەکی زۆر شیاوە بڵێین ئاڵ و گۆڕکردن و



یاریکردن بە شوێنی ووشەکان گۆڕانێکی ئەوتۆ درووست ناکات، بەڵام بۆ سۆسیۆلۆژیای شانۆ و ئەو پانتاییەی کە ئێمە کاری شانۆیی تیا ئەنجام دەدەین، هەر جۆرە ئاڵوگۆڕکردنێک بە تەنیا گەمەکردن نیە بە چەمکەکان، بەڵکو گەمەکردنە بە شوناسەوە، چونکە لەو نێوەندە ئێمە لە بەردەم پەیوەندی جەستەین، بە کولتور و شوناس.

# فێمێنیزم و شانۆ

فێمێنیزم گەرچی زیاتر لەناو فەلسەفەی مارکسیزمەوە هاتە بوون بۆ ئازاد بوونی ژنان، بەڵام ئەو فێمێنیزمەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە فێمێنیزمێکی زمانەوانیە، کە خۆیان بە فێمێنیزمی پۆست مۆدێرنیتی سەیر دەکەن، ئەوەش بەرەنجامی تیۆری سایکۆلۆژیە لە ڕێگەی خوێندنەوەکانی جاک لاکان بۆ فرۆید و چەمکی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لای دریدا هاتنە بوون، دیارترین ناوەکانیشیان (جۆلیا کریستیڤا، هێلین سیکسۆس، لۆرا کیپنز) ئەو کاتانەی دەبینین فێمێنیزم بەشێکە لەناو پۆست مۆدێرنیتی، مانای وایە دەتوانێت بەشێک بێت لەناو شانۆکەشی، بەڵام نەک فێمێنیستێک لەڕێگەی دەیالۆگەوە، بەڵکو لەڕێگەی جەستەی سەرکوتکراوی ژنەوە دەست پێبکات، بە واتایەکی تر ئەو فێمێنیزمە بەشێک بێتەوە لەناو ئەو گوتارە شانۆیانە، بۆ ئەوەش دەبێ پرۆژەی نمایش و پرۆژەی فیکری فێمێنیزم ئاوێتەی یەکتری بکرێن، هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە دەلالیەکانی کارەکتەر بەشێک بێت لەناو کردەی دەرهێنان، مەبەستیش لەو کردەیە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری ئەو دەقانەیە، کە کارەکتەری ژن لەجۆری (لیدی ماکبێس، ئەنتیگۆنا، نورا) نوقمی ناو فەزای دەیالۆگی ئەدەبی بوونە، سەر لە نوێ هەست و سۆز و هەڵچوونی ئەو کارەکتەرانە دابڕێژرێتەوە، بە مانای (سۆفۆکلیس و شکسپیر و ئەپسن) بە ستایلێکی ترەوە بخوێندرێنەوە، کە ببنەوە بەرهەم هێنەرەوەی دەق بۆ نمایش، یاخود (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ی لۆرکا وەک گوتارێکی فێمێنیستانە دابڕێژینەوە، کە سیماکانی کێشەی ژن لەڕێگەی جەستە و ئاماژەکانیەوە دەربخەینەوە، کە نامۆ نەبێت بە زەمەنی ئێمە، بەڵکو بەر لەهەر شتێ جەستەدەبێ دەق بێنێتە ناو ئەو زەمەنەوە، لە زەمەنێکی کۆن ڕزگاری بکات، کاری ئەو ڕزگارکردنی دەنگی ئەو تارماییانەیە کە لە ڕابردوودا لە مەملەکەتی نوسەر مردوون، ئەو لە بەرامبەر ڕۆحی ئەواندا جارێکیتر دەیانهێنێتە پانتایی زیندەگیەوە. ئەوەش هەوڵدان نیە بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی فێمێنیستی، بەڵکو ڕەهەندێکی تری ناو شانۆی پۆست مۆدێرنیتیە ، هەر وەکو سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا، گەر وا نەبێ ئەوا (شانۆی فێمێنیستی) (٣٥) شانۆیەکە دەیالۆگی نەکردۆتە دەرەوە و نوسەر و دەرهێنەرەکانیشی لەسەرانسەری جیهاندا ناوی دیارن، توانیویانە بەشداریەکی چالاک لە شانۆدا بکەن، ئەگەر شانۆی فێمێنیستی لە کارەکانیاندا جەخت لەسەر یەکسانی بوونی ڕەگەزی و ئابوری ئازاد و هەڕەشەی سێکسی و توندوتیژی



جەستەیی بکەنەوە، ئەوا ئێمە لە بوونی گوتارێکی فێمێنیستیانە لە شانۆدا مەبەستمان تەواو جیاوازە، جیاوازیەکەش لەوەدا نیە ئەو بنەمایانە بەهەند وەر ناگرین، هێندەی ئەو بنەمایانە دەبەینە ئاستێکی پێشکەوتووترەوە لە ڕووی فیکریەوە، لەو ڕێگەیەوەش دەبێ جەستە پرسیاری فەلسەفی ئاراستەی ئەو واقیعە بکات، گومان کردن لەو دیدگایەی بۆ ژیان ئامادەیی هەیە بەهەند وەردەگیرێت، چونکە دەبێت فێمێنیزم لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ڕەوتێکی جیاواز بیت لە شانۆی مۆدێرنیتی، وەک چۆن مۆدێرنیتی فەلسەفی فێمێنیزمی خۆی هەبوو، کاتێ فێمێنیزمی زمانەوانی ویستی فێمێنیزمێکی جیاواز بێنێتە دی لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی مۆدێرنیتی. ئەو پەیوەندیەی دەکەوێتە نێوان شانۆ و زانستەکان لەناویشیاندا تیۆر ئەوا پەیوەندیەکە چەندە لەسەر بنەمای ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی وەستا بێت، پەیوەستە بە زانستێکی ترەوە کە سیمیۆلۆژیایە، ئێمە لێرەدا پێویستمان بەمێژووی ئەو زانستە و پەیدابوونی لە شانۆدا نیە، هێندەی دەمانەوێ ڕۆڵی ئەو زانستە لەو پرۆژەیە دەربخەین، چونکە گوتاری ڕەخنەی شانۆیی پێویستیەکی زۆری بەو زانستە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لەخوێندنەوەی کۆد و دەلالەتی جەستەی ئەکتەر بکات، چونکە ئەو زانستە دەبێتەوە ڕێکخەری زمان و مانا، وێنە بینراوەکانی زمان لەناو سیمیۆلۆژیادا ڕێک دەخاتەوە، پرۆسەی ڕیکخستنەوەش لەدایکبونی مانایە، بۆیە ئەوە کۆمەڵناسی نیە لەشانۆدا مانامان پێ دەبەخشێت، بەڵکو ئەوان لە کاری شانۆیی بیر لە خولقاندنەوەی مانا ناکەنەوە، هێندەی بەرەو لای پەیوەندی زانست و شانۆ دەچن، پەیوەندیەکی کراوە بۆ وەرگر بەجێ دێلن، ئەوەش بەشداری کردنی وەرگرە لە سرووتی شانۆیی، وەک لە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆدا چەمکی سرووت دەبێ بە کەناڵی بەشداری کردنی (ئەکتەر/ وەرگر) بەڵام ئەو کەناڵە بەشداریکردنێکی هاوبەشە بۆ (سرووت) ە کە.. نەوەک مانا، بۆیە ئەوە سیمیۆلۆژیایە دێت مانا بە زمان و پەیوەندیە دەلالیەکان دەبەخشێت، بەڵکو ئەو زانستە بەشداری لە بارگاویکردنی زانست و تیۆرەکانی تریش دەکات، بە تایبەت لە پەیوەندی نێوان شانۆ و فێمێنیزم. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ووتەکەی (کۆزان) کە لەبارەی پەیوەندی ئاماژە بە شانۆوە دەڵێت "نمایش ئاماژە سرووشتیەکان دەگۆڕێ بۆ ئاماژەی درووستکراو" (٣٦) بەواتای یەکێک لەگرنگیەکان ئەوەیە گۆڕینی ئاماژە سرووشتیەکانە بۆ ئامازەی دروستکراو، کە ئەوەش نمایش لەڕێگەی گۆڕینی دەلالەتەکانی ئاماژەوە بەرهەمی دێنێت، هەرچەندە هەموو شتێک لەسەر شانۆ ئاماژەی خۆی هەبێت، دەبێ ئەو ئامازانە ببردرێنە ئاستی جیاواز و خوێندنەوەی فرە دەلالەتیەوە، ئەوەش کاری سیمیۆلۆژیا نیە، گەر دەرهێنەری شانۆیی نەتوانێ ئەو فرە دەلالەتیە لەشانۆدا دروست بکات، چونکە بەدوای بوونی، فرە دەلالەتی و گۆڕینی ئاماژە ئەوسا پرۆسەی خۆێندنەوەی سیمیۆلۆژی لەدایک دەبێت.

# پرۆژەیەکی ئەزموونکاری کوردیی لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتیدا

ئامادەبوونی جەستە وەک پرۆژەیەکی شانۆیی تا چەند لە نمایشە شانۆیەکانمان بوونی هەبووە؟ جێگەی ئەوپەڕی داخ و نیگەرانیە کە سەرچاوەیەکی مێژوویمان نیە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەو پرۆژەیە بکەن، هێندەی هەیە ئەو ووتارە ڕۆژنامەوانیانەن کە باس لە کۆمەڵێک دیمەنی سادە دەکەن لەڕێگەی جولەوە گوزارشتی لێ کراوە تا دواتر چەند هونەرمەندێک وەک کاری بانتۆمایم چەندین شانۆگەریان پێشکەش کردووە، لەوانە هونەرمەندان (میدیا ڕەئوف بێگەرد، حوسێن میسری، فەرهاد شەریف، جەلال خان) لەوانەیە هونەرمەندی تریش هەبێت و ئێمە ئاگامان لەکارەکانیان نەبوو بێت و یا سەرچاوەکان بەو شێوەیە ئاماژەیان بۆ نەکردبێت، بەڵام لەگەڵ کارکردنی ئەو هونەرمەندانە، ئەو بەرهەمانە نە ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەڕووی ڕەخنەوە لێ دراوەتەوە، وە نە سەرچاوەیەکمان لەبەر دەستدایە پێمان بڵێت لەو ڕیگەیەوە توانیویانە شانۆ بەرەو زمان و گوتارێکی جیاواز بەرن، تا هاتنی هونەرمەندان شەمال عومەر و هاوڕێکانی لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی، ئەو تیپە چۆن سەیری جەستەی دەکرد؟ دیارە قسەکردن لەسەر ئەو تیپە ئاسانترە لە قۆناغەکانی تر، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی جیاوازمان لەبەردەستدایە، چ ئەوانەی خۆیان ئەندامی ئەو تیپە بوونە، وە یا ئەوانەی کارەکانیان ڕەت کردونەتەوە، ئەگەر چی پێویستمان بەوە نیە ئەو ووتارانە بەسەرچاوە وەربگرین، کەهەمیشە وەک لەدوای ڕاپەریندا بینیومانە، چۆن لەژێر ناوی ڕەخنە هەموو هەوڵێکیان بۆ دژایەتی کردنی ڕۆحی ئیستاتیکی بووە، هێندەی دەمانەوێ تێگەیشتنێکمان هەبێت بۆ ئامادەبوونی جەستە لە پرۆژەکانی ئەو تیپە.

لە شانۆگەری (غۆریللا) ی شەمال عومەر جەستەی ئەکتەر لەپرۆژەیەکی جیاوازدا سەیر دەکرێتەوە، پرۆژەیەک جەستە تیایدا دەبێ بە ڕەهەندێکی دەلالی نمایش "جەستەی ئەکتەر بەرجەستەی ئەو ڕەنگە جوانانەی جیهانی فەلسەفە و ووشەکان دەکات و گۆڕان بەسەر هەموو شتەکاندا دەهێنی، هەر ئەکتەرە دیدی هونەریی بەرز وڕەنگینی ڕیژیسۆر لە بازنەی تەکنیک و پراکتیکە کردەییەکەوە کۆشکی بڵندی شانۆییەکە دەخولقێنی"(٣٧) دواتر لەپرۆژەکانی تری ئەو گروپە ئەزموونکاریەی شانۆوە جەستە لەو چوارچێوە داگیرکاریەی ووشە بەتەواویی ڕزگار دەکرێت، تاوەکو لەسەرەتای ڕاپەرینی نەوەت و یەک هونەرمەند (ڕزگار ئەمین) بەشانۆگەری



(مارا ــــ صاد) ی پیتەر ڤایس هەوڵیدا پەیوەندی نێوان جەستە و بۆشایی لەپانتایەکی کراوەدا بخاتە نێو پرسیاری جیاواز لەبارەی شۆڕش و دەسەڵاتەوە، هەموو ئەوانەش بوونە زەمینەیەکی پتەو بۆئەوەی بتوانین ئەزموونێکی سەربەخۆ لەبارەی جەستەوە بەرهەم بێنین، ئەوە بوو سەرەتا بەشانۆگەری (لەماڵێکدا) (٣٨) دەستمان پێکرد. ئەم نمایشە لەڕێگەی چوار ئەکتەری جل و بەرگ ڕەش و لەپانتاییەکی ڕەشدا و بە جولەی سلۆمۆشن لەژێر تێڕوانینی شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکیەوە یەکەم زەنگی خۆی لێدا، ئەو سەرەتایەش بە ووتەیەکی (قوبادی جەلی زادە) ی شاعیر دەستی پێکرد، کە لەبارەی ئەو نمایشە و ڤیستڤاڵە شانۆیەکە ووتی"بەداخەوە ئەم ڤیستڤاڵەش نەیتوانی شانۆ نەخۆشەکەی هەولێر لەژووری ئینعاش بهێنێتە دەرێ، مەگەر تەنیا نیهاد جامی توانیبێتی ئەو نەخۆشە لەحالەتی غەیبوبە بگوێزێتەوە بۆ حالەتی بەهۆش هاتنەوە"(٣٩) دوای دوو ساڵ شانۆگەری (ئەفسانەی ڕێگای هات ونەهات)(٤٠) مان نمایش کرد، ئەم تێکستەی دانا ڕەئووف، بۆ ئێمە بوو بەپرۆژەی دووەم، ئەو پرۆژەیە لەڕۆژانی مەشقدا هەوڵی دەدا بچێتە ئەو دیو کیمیای ووشەوە، لەو ڕێگەیەوەش جەستە ڕۆحی شیعریەتی وەدەست دەهێنا، لە بارەی ئەو نمایشەوە (ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل) بۆچونی وایە ئەم شانۆگەریە لە بەیاننامە شانۆیەکانی شانۆی وێنەیی نزیک بۆتەوە، ئەوە لەپاڵ بەراوورد کردنی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر دەقەکەدا هاتووە، ڕێبین ئەو نمایشە بە بەرهەمی شانۆی مۆدێرنیتی ناو دەبات، نەک پۆست مۆدێرنیتی، خاڵێکی تر مەسەلەی خەونە کە لەناو ئەو نوسینەدا ئاشکرا دەکرێت، ڕەخنەگر دەنوسێت "مەسەلەیەک هەیە کەم کەس درکی پێ کردبوو ئەویش ئەوە بوو لەگەڵ دەست پێکردنی نمایشەکەدا تاوەکو سەرکەوتنی کوڕەکە بەسەر پێ پلیکانەکەدا لە دوای کوشتنی باوکدا خەون بوو، بەڵی خەون بوو لەناو نمایشەکەدا، واتا خەونی کوڕ بوو بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی باوک" (٤١) (کاسترۆ مەجید) یش هەروەک ڕێبین ڕەسول، بڕوای بەوە هەیە کە ئەو نمایشە لە تێڕوانینی شێوەکاری شانۆی وێنەیی نزیک بۆتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت "ئەوەی دوو دڵمان دەکات لەوەی بتوانین ناو لەم نمایشە بنێین (شانۆی وێنەیی) زۆری و چڕی و دوا بەدوای یەک هاتنی سەمایەکان بوو"(٤٢) ئەو ڕەخنەکانی دەباتە ئەو ئاستە کە پێی وایە خەوشێک لەسەر موفرەدەی شانۆگەریەکە هەیە کە دەبوو دەلالەتی تر وەدەست بێنێت، بۆیە دەنوسێت "دەرهێنەر دەبوو لەگەڵ کوشتنی باوک سێگۆشەکەی دواوەی شانۆ نەهێلی و بیروخێنی، چونکە هێشتنەوەی ئەو هێمایە لەسەر شانۆ، جۆرە (دژ یەکیەک) ی لەگەڵ ناوەرۆکی کارەکەیدا دروست کرد"(٤٣) هەرچی ڕەخنەگر (سەباح هورمز) ە ڕەخنەی توند ئاراستەی نمایشەکە دەکات، بڕوای وایە کە ئەو بەرهەمە بانتۆمایم

نیە، بەڵکو بۆچوونی کەسی و تایبەتی دەرهێنەرە بۆ بەڵگەش کارەکانی مارسیل مارسۆ وەک نموونە دەهێنێتەوە، ئەوە جگە لە ڕەخنەگرتنی لە ڕوئیای دەرهێنانی ئەو شانۆگەریە لە ڕووی دابەش کردنی هۆڵ بۆ دوو جۆر بینەر، کە دوو دیدگای جیاوازی بۆ بینین درووست کردووە، ئەویش وەک ئەوانی پێشوو ئاماژە بە سەماکان دەدات و پێی وایە بوونی سەما وایکردووە کارەکە زیاتر لە هونەری باڵێ نزیک بێت نەک لە بانتۆمایم، دەڵێت "سەرباری ئەو کەم و کورتیانەش کە نمایشەکە تێی کەوتبوو، دەرهێنەر توانیبوی وێنە بۆ هەندێ جولەی ئیمائی جوان بکێشێت، بەتایبەت ئەوەی بیرمان مابێت تێپەڕینی کچەکە کە ڕەمزی کوردستان بوو، لەژێر لاوەکە بەشێوەی خشینی لەسەر چوار پەل بە شێوەی خێرا و تێپەڕ، وە دیمەنی کۆتایی کە بەخشینی مار کۆتایی هات، لە کۆتایی شانۆ بۆ پێشەوە، ئەو دوو جولەیە سەرەڕای ئەوەی بە جوانکاری ناوم برد، خاڵی نەبوو لەدەلالەتی سیاسی بەهێز" (٤٤) هەڵبەت هەر ڕەخنەگرێک بە تایبەت لەم جۆرە نمایشانە ئازادە لەوەی چۆن تەئویل دەکات و چۆن لەسەر ئەو مەعریفەیەی کە ئەو خاوەنیەتی قسە دەکات، ئێمە هێندەی پێویستمان بە گۆڕینەوەی تێڕوانینەکانە بەهیچ شێوەیەک پێویستمان بەوە نیە لە بۆچوونەکاندا لەگەڵ یەکدا تەبا بین، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردن بێت خۆدزینەوەی ڕەخنەگرە لەوەی بتوانێ قسە لە دەلالەتی سیاسی ناو ئەو نمایشە بکات، وەک چۆن کچەکە بە ڕەمزی کوردستان و کۆتایی شانۆگەریەکە بە دەلالەتی سیاسی بەهێز ناو دەبات، بەڵام دەلالەتێک ڕەخنەگر توانای دەیالۆگی تیادا نیە.

لە ئەزموونی سێیەماندا بە تەواوەتی دەقمان ڕەتکردەوە، ڕەتکردنەوە بەو مانایەی ئێمە تێکستێکی نووسراومان نەبوو بیکەینە زەمینەی کارکردن، بۆیە بیرمان لە پرۆژەیەک لەسەر سەفەر کردەوە، بیرۆکەی سەفەر بووە پرۆژەی شانۆگەری (سەفەرەکانی پەشیمانی) (٤٥) جانتا و قوماش و ئاوێنە و تەلەفۆنی بێتەل موفرەدەی ئەو نمایشە بوون، لەپاڵ ئەکتەر چارەسەری پانتایی شانۆ دەکەنەوە، لەڕێگەی جولەی کۆمەڵە ئەکتەرێکەوە سەرجەمیان کوڕ بوون، مەبەستیش لەو ئازادیەی ڕەگەزی نێر بوو، کە دەڕوات و ژنەکان هەرچەندە نادیارن، بەڵام لێرە دەمێننەوە، ئەوەش لەڕێگەی کۆمەڵە پرسیارێکی جەستەوە، کە جەستە لەو پرۆژەیە هەڵگری پرسیاری سەفەرە، لەو بارەیەوە زیاد کەریم دەنووسێت "ئەو پرسیارانەی دەرهێنەر لە نمایشەکەدا کردنی، بەڕای من پرسیاری تاکێک نەبوون، بەڵکو کۆمەڵگایەک ڕووبەرووی دەبێتەوە، دەرهێنەر پێمان دەڵی هۆشیار بینەوە وا براکان شەری دەسەڵات دەکەن، لەسەر تەرمی براکانی ئێمە کورسی دەسەڵات و پایەکانیان بەرز دەکەنەوە، ئەوەتە ئاوێنەی ماڵەکانیان لێ شکاندین"(٤٦) سمکۆ محەمەد



لەبارەی وێنەی شانۆیی لەسەفەرەکانی پەشیمانی بڕوای وایە کە " وێنەکان جۆرێک بوون لە بێهودەیی و فۆرمێکی سوریالیانە کە ببوە مایەی پرسیار، ئەوەش ڕەتکردنەوەی سیما بۆ ناو جانتا، پاشان کوشتنی نیگارکێش و تا ئەو دەسکە تەلەفۆنەی کە تەلەکەی پچڕابوو، ئەوەش سوریالیەتی بوونی ئەو وێنە شانۆییە بوو"(٤٧) هەرچی (زیرەک عەبدوللا) یە بەراووردێک لەنێوان ئەو شانۆگەریە و شانۆگەری (بازنەی وەهم) دەکات، کە ئەوەی دواتریان دوای (سەفەرەکانی پەشیمانی) نمایشکراوە، زیرەک لەسەر چەمکی مێژووگەرێتی دەوەستێت، بەو پێیەی هەردوو نمایشەکە ئیشکردن بووە لەسەر مێژوو، لە (سەفەرەکانی پەشیمانی) ئاوێنە ئاماژەکەی بووە و لە (بازنەی وەهم) دەهۆڵ، بەراوورد کردنەکە دەگەێنێتە ئەو ئاستەی بڵێت "دەرهێنەرەکان هەندێک لە جولە وبزاڤەکانیان دووبارە کردنەوەی جولە و بزاڤەکانی ئیشەکانی تری خۆیان بوو، ئەگەرچی هەوڵیشیان دابوو بە شێوەیەکیتر نیشانی بدەن" (٤٨) بەڵام لێرەدا دەبێت لەسەر خاڵێکی تری ئەو نووسینە بووەستین، چونکە لە دەرەوەی ئەو بەراوورد کردنەوە زیرەک عەبدوللا هەوڵیداوە بەجیاواز لەو نووسینانەی تا ئەو ساتەوەختە لەسەر ئەو سێ شانۆگەریە نووسرابوون، تەئویلی موفرەدە بکات و ئاماژەی بینراوی سەر شانۆ بخوێنێتەوە، ئەگەرچی ئەو تەنها بۆ ئەو کارە تاکە موفرەدەیەکی وەرگرتووە کە (ئاوێنە) یە، بەڵام خوێندنەوەی بۆ ئەو موفرەدەیە بەو شێوەیە دەردەخات "ئاوێنە تا ئەوپەڕی پیرۆزی پێدرا بوو، لە سەرەتای نمایشەکەدا بە کەژاوەیەکی سپی داپۆشراوە، کەژاوە لەهەمان کاتیشدا کفن بووە، هەر لەگەڵ پەردە لادان لەسەریدا کارەکتەرەکان ململانێی ئەوەیان بوو لە بەردەم ئەفسانەی ئاوێنەدا هێز و بازووی خۆیان بەدی بکەن، ئەوە حەزێکی نەرسیسیانە بوو بۆ عەشق بوون، خود و گەڕانەوەیە بەرەو خود لە دواتریشدا، ئەو عیشقە نێرسیسیە بوو بە هۆی شکانی ئاوێنەکە لەبەر ئەوەی بە پێی میتۆلۆژیا نێرسیس عاشقی وێنەی خۆی دەبێت و ئەو وێنەیە دەیلیشێنێتەوە" (٤٩) کاسترۆ مەجید پرۆسەی ناونان دەسەپێنێتە سەر ئەو نمایشە بە شانۆی وێنەیی ناو زەدی دەکات، ئەو شانۆیەش وەک شانۆیەکی ئەزموونگەری دەبینێت، ڕەخنە لە زەمەنی ناو شانۆگەریەکە دەگرێت "دیدگای ئەزموونگەری لەنمایشێکی وادا وەک دیدگایەکی تەقلیدی ملکەچی زەمەنێکی یەک دوای یەک نابێتەوە، بەواتا: بەدوا داهاتنی زەمەنەکان لەسەر هێلێک ڕوونادەن: (ڕابردوو، ئێستا، ئاینده) بەڵکو زیاتر ملکەچی لۆژیکیەتی ناوەوەی خۆی دەبێت لە مومارەسەکردنی ئامادەگی لەژێر کۆت و فشاری عەقڵی خەفە کراودا هەوڵی دەربازکردنی دەدا کەوابێ (سەفەرەکانی پەشیمانی) لە بەدوا داهاتنی کاتەکاندا بە تەواوی لۆژیکیەتی شوێنکاتی لەخۆ گرتبوو، بەوەی زەمەنی ڕووداوەکان واقیعی و دوور بوو لە دەسەڵاتی خەون کە وەک

دەسەڵاتێکی ناسنوری و سوریالیانە دێتە بەرچاو کە هەندێ جار شوێنکات و ئەو کەلوپەلانە زیاد لە قەوارەو واتای خۆیان بەرجەستە دەبن یان بە پێچەوانەوە" (٥٠) ئیشکالیەتی کردەی وەرگرتن تێکەڵەیەکە کە ڕەخنەگر لەنێوان چەمکی ئەزموونگەری و پرۆسەی ناونان تێیدا دەژییێت، چونکە فرە دەلالەتی موفرەدەیەکی وەک جانتا یان ئاوێنە بۆ خولڵقاندنی ئاماژەی کراوەیە نەوەک وەک ئەو پێی وایە زیاد لە واتای خۆی بەکار دێت، وەزیفەی منە وەک دەرهێنەر دەلالەتی جیاواز بەو موفرەدانە ببەخشم، هەمان وەزیفەی واقیعیان پێ نەدەمەوە، لەتەک جەستەی ئەکتەر مانای تری تیا وەدەست بێنم، جگە لەوە کاتێ شانۆ وەک پرۆژەیەکی ئەزموونگەری تەماشای بکەین ئەوە دەبێت بەپێی ئەزموونەکان گۆڕان بکەین، چونکە ئەو شانۆیە دواجار شانۆیەک نیە پابەندی میتۆدێکی دەست نیشان کراو بێت، بۆیە ئەزموونەکانی دواتر بۆخۆی توانای وەڵامی زۆر لەو پرسیارانەی داوەتەوە، نەک هەر بۆ ئێمە، بەڵکو شانۆگەری عەبا بۆ ئەو ڕەخنەگرانەش زیاتر رۆشنایی خستنە سەر ئەو پرۆژەیە بوو. (عەبا) (٥١) ئەزموونێکی جیاواز بوو دەیویست تێپەڕاندن لەسەر سێ ئەزموونەکەی تر بکات، بەو پێیەی دەڕۆیشتە ناو پەیوەندیەکی کولتوری بە جەستە، بەمانای شانۆی وەک ئەو تێگەیشتنە ئارتۆییە سەیر دەکات، ئەوەش کۆکردنەوەی زانستەکانی وەکو سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و سیمیۆلۆژیا بوو لەناو یەکەی نمایشدا، پانتاییەکی کراوەی بیناسازی هۆڵی رۆشنبیری لە ڕووی تەوزیفکردنی هەردوو دەرگای دواوەی هۆڵ بۆ حەمام و چێشتخانە دوو ئاماژەی کولتوری ئەو نمایشە بوون، کاتێک پیاوێک لە جەنگ دێتەوە لای ژنە کەڕ و لالەکەی، دواتر تێدەگات ژنەکەی گوێی لە هەموو دان پیانانەکانی ئەو بووە و کەڕ نیە، لە بەرزایی شانۆکەوە عەبایەک هەیە دادەبەزێتە خوارەوە، هەردوو ئەکتەرەکە دادەپۆشێت، کۆمەڵە جولەیەکی ژێر عەباکە لەلایان ژن و مێردەکەوە کە دەلالەتە لە کۆمەڵێک حالەتی (ململانی، شەڕ، تورە بوون، خۆشەویستی، ماچکردن، سێکس) پیاوەکە بە شکست خواردییەوە لەژێر عەباکە دێتە دەرەوە، سەرەنجام فیشەکێک دێتە ماڵەکەی و پیاوەکە دەکوژێت و ژنە سەمای کۆتایی جەنگ ساز دەکات، کە کۆتایی جەنگ ئازادبونیەتی لە دەست لەشکری سەربازی و هێرشەکانی مێرد، چونکە مێردەکەی کە تاکە خەونی سەردەمی جەنگ بووە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و ئاسودە بژین، کەچی لە گەڕانەوەی کارەکتەری سەربازێکی دەروون تێکشکاوی بینی کە ناتوانێ بەختیاری بۆ وەدەست بێنێت، بۆیە مردنی مێرد مردنی جەنگ و شکست و نەهامەتی و سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو. ئەم نمایشە لەڕێگەی چەندین خوێندنەوەی جیاوازی وەکو نمایشێکی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی خوێندرایەوە، بەلای (ڕێبین رەسول ئیسماعیل) ەوە ئەم نمایشە درێژەی ئەزموونێکی سەربەخۆی دەرهێنەرە، ڕێبین بەپێی خوێندنەوەی



سیمیۆلۆژی دەڕوانێتە جولەی جەستە و بەهای بۆشایی، بۆیە دەنوسێت" دەقی عەبا وا هاتە بەرچاو کە هەمان دەقی نوسراو نیە، بەڵکو دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەق بوو، ئەوە خوێندنەوەیەکی نوێ بوو بۆ دەقی نوسراوی عەبا، تا دەرهێنەر لەسایەوە ئەو بەها و مانایانە بخاتە ڕوو کە هەردوو نوسەری دەق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەوەش شتێکی وای نیشان داین کە دەرهێنەر لەسەر تەختەی شانۆدا کار لەسەر دەق ناکات، یان کار لەسەر ئەو شتانە ناکات کە دەقەکە دەری بڕیووە، بەڵکو ئەو لەڕەگ و ڕیشەی دەقەوە نزیک دەکەوێتەوە نەوەک لە شێوازی کارکردنی دەق، چونکە ئەو دەقە بە قسە دەخات و لە سایەی خوێندنەوەیەکی پێشووتریدا دەقی هەڵوەشاندۆتەوە و بە شێوەیەکی وورد ڕاڤەی کردووە، ئەوەش مەسەلەیەکە (نیهاد جامی) وەکو دەرهێنەرێک لە دەرهێنەرە شانۆییەکانی تر جیا دەکاتەوە" (٥٢) لەکورترین مانادا ئەو نوسینە دەروازەی ئەوەی بۆ کردینەوە مەرج نیە ڕەخنەگری ئەو جۆرە شانۆیە شانۆکار بێت، دەکرێت نوسەرانێکی بواری فیکر بن، بەڵام لەناو شانۆدا بیر بکەنەوە، ئەو پرۆژەیە لەناو نوسینێکی تردا درێژ بۆوە، بەڵام بە میتۆدێکی جیاواز، ئەوەبوو (دیار عەزیز شەریف) لە لێکۆلینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیدا لەسەر چەمکی تارمایی کولتور لەو نمایشە هاتە دوان، ئەو نوسینە لەڕێگەی خوێندنەوەی عەبا وەک دەلالەتێکی کولتوریەوە هاتە ناو نمایشەکەوە " شانۆگەری عەبا نموونەی خێزانێکی دوای جەنگمان پیشان دەدات ڕوونتر بڵێین پەیوەندی هاوسەرەکان پیشان دەدات لەدوای جەنگ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەقینە بە مانای (چەمکی پەیوەندی) ئافرەت و پیاوەکە بە یەکەوە گرێ نادات، بەڵکو تەنها هۆکاری پەیوەندی و پێکهاتە تەقلیدیەکەی خێزان بپارێزێت ئەوا عەبا کەیە" (٥٣) هەرچی رەخنەگر (حەیدەر عەبدولرەحمان) ە بەجیاواز لە ڕەخنەگرانی نەوەی پێشوو توانیویەتی ڕاستگۆیانە بەشداری لەتەک نمایشەکانی ئەو نەوە نوێیە بکات، ئەو دوای ئەوەی ڕەخنەکانی لە عەبا لەوێوە دەست پێدەکات " دەرهێنەر سیناریۆیەکی جوانی بۆ دەق دارشتۆتەوە، بەڵام هێلەکانی ئاوێتەی یەکتر کردووە، زۆرجاران بینەر لەسەر هێلەکەی دا دەبڕێت، چونکە دەرک بەوە دەکات کە هەندێک لە تابلۆکان لێکدی دەچن، وەک گواستنەوەی مۆمەکان، لەلایەک ژنەکە و چەند جارێکیش لای پیاوەکە، بەڵام کەش و هەوای شانۆگەریەکەی بەچەشنێک ڕەخساندووە، بینەر چێژ لە تابلۆکان ببینی، یان زۆر لەخۆی بکات کە بەدوای دەلالەتەکاندا بگەڕێت و بیەوێت نهێنیەکان بدۆزێتەوە" (٥٤) بەدوای ئەو ڕەخنەیە هەڵوەستە دەکاتە سەر کردەی دەرهێنان و دەنوسێت" دەرهێنەر.. لەچەند ئەزموونێکی دیکەشدا، هەوڵی خۆ ڕزگار کردن دەدات لە شێوازە تەقلیدیەکان، ئەو هەوڵدانە لەهەر ئاستێکدا بێت، گەڕانە

بەدوای خۆ دۆزینەوە و تەکاندان " (٥٥) هەر هەمان ڕەخنەگر لە بارەی ئەو شانۆگەریە لە ووتارێکی تردا بڕوای وایە عەبا نمایشێکە بەرەو فەلسەفە ڕۆیشتووە " بەتایبەت ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییانەی کە پەیوەست بوونێکی پتەویان بەبیر و کێشەی بینەرەوە هەیە" (٥٦) هەرچی لەبارەی پەیوەندی نێوان سینۆگرافیا و دەرهێنانە سمکۆ محەمەد لە ووتارێکدا دەڵێت" دەرهێنەر زیاتر کارە هونەریەکانی بە سینۆگرافیاوە پەیوەست بوو، چونکە پێی وایە سینۆگرافیا پرۆسەیەکی جیا نەکراوەیە لە بونیادی داڕشتنە هونەریەکانی شانۆی ئەزموونگەری، بۆیە لە کاتی دابەزینی عەباکە بە ڕیتمێکی تایبەتی مۆسیقی هەستی بینەری ڕاکێشا بووە ناو خەیاڵەکانی پانتایی شانۆگەریەکە"(٥٧) هەرچی پەیوەندی بە بوێری جەستە و ڕاهێنانی ئەکتەرەوە هەیە کاسترۆ مەجید لەو بارەیەدا پێی وایە "هەردوو جەستەکان زۆر بەبوێریەوە هەموو دیاردە و جولەیەکی تەقلیدی شانۆیان ڕەتکردۆتەوە و توانیان زۆر مەدلولی ڕووت لەسەر شانۆ بگەیەنن بە وەرگر، کە ئەمە لە هەولێردا قەید و کۆت شکاندنێکی پێوە دیارە چ لە ڕووی (ناوەڕۆک-بابەت) یاخود (نواندنەوە) هەر چەندە جەستەکان ئەگەر زیاتر مەشق و ڕاهێنانیان بکردایە، ئەوا ئەنجامی لەمەی ئێستا زۆر بەهرەمەندتر دەبوو" (٥٨) بەر لەو ووتارە کاسترۆ لەکۆڕێکی هەڵسانگاندن بەدرێژی لەسەر شانۆگەریەکە قسەی کرد(٥٩) ئاماژەی بۆ پەیوەندی نێوان بانتۆمایم وشانۆی وێنەیی کرد، ئەمجارەیان ئەزموونەکەی ناوبرد بە ئەزموونێکی سەربەخۆی جەستەیی، دوای قسەکانی ئەو کۆمەڵێک بۆچوون لەبارەی کارەکە خرایە ڕوو، لەوانە هونەرمەند (دانا عەلی سەعید) بۆچونی وابوو کە ئەم نمایشە نەک هەر بۆ دەرهێنەرەکەی، بەڵکو بۆ هەردوو ئەکتەرەکەش ئەزموونێکی جیاواز بوو، ئەوان بەو کارەیان هەستمان نەدەکرد ئەکتەرەکانی پێشوون، کەچی دوو ڕۆژ دوای کۆڕەکە (موحسین محەمەد) لە بەرنامەیەکی ئێستگەیی لە رادیۆی لقی دوو بەهەموو شێوەیەک هێرشی کردە سەر شانۆگەریەکە و وتی "ئەوە بانتۆمایم نیە" دواتر بەوەندە وازی نەهێنا و وتارێکی نوسی ئەمجارەیان هێرشی کردە سەر هەموو ئەو نوسینانەی لەبارەی کارەکان نوسراون "لەدوای ڕاپەرین ماوەیەکی زۆرە باس لە بانتۆمایم دەکرێ، من کارەکانم بینییوە، شانۆگەری عەبا دوا بەرهەمی بانتۆمایم بوو، برادەرەکانی دەرهێنەر زۆریان لەسەر نووسی لە گۆڤاری رامان و کاروان، ئەو بیروبۆچونانەی لەکۆڕی هەڵسەنگاندنی عەبا گووترا زۆر ڕاست بوون، عەبا هەرشتەک بووبی شانۆگەری نەبووە، تابلۆیەکانی حەفتایەکان زۆر هونەری تر و زمانی جەستە پاراوتر بوو" (٦٠) ئەم نمایشە، چونکە بەبڕوای هەموولایەک گۆڕان و جیاوازیەک بووە لەبانتۆمایم، بۆیە موحسین توشی هیستریا و شێواندنێک هاتوە بە ڕادەی ئەوەی ویستویەتی



وتارێک بنوسێت، بەڵام چۆنی بنووسێت نازانێت، کە دیارە تەنیا دوا دێری ووتارەکە کە بە نموونە هێنامانەوە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەویش بەو هەڵە کۆمیدیەی زمانەوە، من بڕوا ناکەم موحسین نەزانێت بە کوردی بنووسێت، بەڵام پێویستە هەڵچونەکانی نەمێنێت، هێمن بێتەوە ئەوسا بنوسێت، نەوەک هەوڵی دەسخەرۆدانی خەڵکانی تریش بدات، هەڵبەت ئەو هەموو هەڵە زەقانەی کەسانی وەک ئەو نەبان بیرمان لە نوسینی ئەو کتێبە نەدەکردەوە، گەرچی تاکە کەسێک کە لەو بوارە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە سوود مەند نەبێت هەر ئەو پیاوەیە، چونکە لە سەرەتاوە بڕیاری داوە هێلی ڕاست و چەپ بە کارەکانمان بێنێت. ئەو ئازادە لەوەی چی دەڵێت، وەک ئەوەی ئێمەش ئازادین، ئەگەر چی قسەکانی ئەو بۆ ئێمە لە ڕوویەکدا خەم دامان دەگرێت، کە کەسانێک بەخۆیان دەڵێن پسپۆر لە بواری ڕەخنەی شانۆیی و ئاوا ڕەخنە دەنووسن، ناچارین کتێب بنووسین بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانیان، لە ڕوویەکی تریشدا ئەو بۆچونانەی بۆ ئێمە جگە لە مایەی پێکەنین شتێکی تر نیە، چونکە ئەو دژایەتیەی بۆ ئێمە بە تەنیا دژایەتیکردنی نوسەری ئەو کتێبە نییە، بەڵکو دژایەتیکردنی نەوەیەکە، عەقڵی سەلەفی ئەرشیفیستەکانی نەوەی ڕابردوو نایەوێ دان بە هیچ هەوڵێکی جوان بنێت، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ئامادەی بۆچوون گۆڕین و دەمامک خستنە بەری قسەکانی کۆڕەکەشە، بەڵام چونکە سەلەفی پێویستی بە دەسخەرۆ دان هەیە، دەنا ناچێتەوە سەر تابلۆی هەفتاکان، کە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە خۆیان باس لە ناوەرۆکی سادەی کارەکانیان دەکەن، بەوەی ئەو بانتۆمایمە چی بووە و چۆن بووە. ئەو شانۆیەی ئێمەش کاری بۆ دەکەین، هەرگیز زەمینەکەی لە هەفتاکانەوە نەهاتووە، وەک ئەوەی سەلەفی تێی گەیشتووە، بەڵکو زەمینەکەی بۆ هەوڵ و تەقەللا و نوسین و ڕەخنەی پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری هەشتاکان بووە، لای ئێمەش گۆڕاوە بە ئەزموونێکیتر، بەڵام خۆ سەلەفی بەوەندە واز ناهێنێ ئەوەتە ئەو باسی نوسینی نێو گۆڤارێک دەکات، کەچی شانۆگەری عەبا بۆ ئەو ئاماژەیەکە بۆ هیستریاکەی، ئەمجارەشیان دەنوسێتەوە" ئەکتەرەکان زۆر ئاسایی دەجولانەوە، ئەوەی هونەر بوو پێوەی دیار نەبوو، یەک دیمەن لە شانۆگەری عەبا دا نەبوو کارمان تێ بکات و لەخەیاڵماندا بمێنێتەوە" (٦١) تۆ بڵێی هەموو ئەوانەی لەسەر شانۆگەری (عەبا) یان نوسی بێئاگا بوون و تەنها سەلەفی بە ئاگایە؟ ئایا موحسین و هاوەڵەکانی بەڕەوای دەزانن بڵێین حەیدەر عەبدولرەحمان و زیرەک عەبدوللا و ڕێبین رەسول و دیار عزیز شەریف و کاسترۆ مەجید بێئاگان و بەڵام موحسین هۆشیارە؟ هۆشیاری ئەو پیاوە لەچیدایە؟ ئێمە لە سوکرات ئەوە فێر بووین کە ئێمە دەزانین هیچ نازانین، بەڵام ئەوانیتر وا دەزانن هەموو شتی دەزانن، ئێمە دڵنیاین لەوەی

ئەوەی ئەنجامی دەدەین و لە ماوەی زیاد لە دوانزە ساڵە کاری بۆ دەکەین پرۆژەی ئەزموونێکی جەستەییە، بەڵام سەلەفی پێی وایە ئەو هەموو شتێ دەزانی، بۆیە ئێستا کاتێ ئەوەیە وەعزمان پێشکەش بکات، ئەوەتە سەلەفی ئامۆژگاری پێشکەشی ڕێبین ڕەسول دەکات و هێرش دەکاتە سەر حەیدەر عەبدولرەحمان و ئەوسا جارێکیتر دێتەوە سەر من و ئەمجارە دژی لێکۆلینەوە شانۆییەکانمان دەوەستێت، بەڵام چونکە مەعریفەیەکی پێ نیە بۆ گفتوگۆ، بۆیە بۆ ئەوەی هەموو ئەو لێکۆلینەوانە و دەرەنجامەکانی گەڕانیان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بە بونیادگەری ناویان دەبات، چۆن بونیادگەرین؟ بەلای موحسینەوە ئەو پرسیارە گرنگ نیە، ئەوەتە یەکێک لەو لێکۆڵینەوانەی ئاماژەی بۆ دەکات بەناوی (فیکر و جەستە لەپرۆسەی کوشتنی باوکدا) لێکۆڵینەوەی شانۆیی نیە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن بەناوی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان)، بەڵام چونکە سەلەفی لەناو هیستریادا دەژی، بۆیە هیچ شتێ نابینێت، تەنها گوێی لە سەدای دەنگی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە تەنیا تایبەتە بە کارە شانۆییەکانمان نەوەک لێکۆڵینەوەکان، بۆیە هەموو ئەو قسانەی سەلەفی واز لێ دێنین، کاتمان نیە خۆمان بە کۆمیدیاکەوە خەریک بکەین کە ناوی "کۆمیدیای ئەرشیفی موحسینە" پرۆژەی دواتر (یادەوەری جەستە)(٦٢) بوو، شتێک نەبوو ناوی دەق بێت، بەڵکو بیرۆکەی سەرەکی بریتی بوو لەسەر نمایشێک پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەبێت، بیرۆکە کە هەروەک بیرۆکەی نوسینی ووتارێک بوو، پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی فکری هەبوو بۆ ڕووداوەکە، لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەر دەستمان بە مەشق کرد، سەرەنجام ڕۆژانی مەشق هێڵێکی بۆ کارەکە دەست نیشان کرد، زەردەشت و مەسیح بوون بە دوو کارەکتەری ڕۆژانی مەشق لە بیابانێکی لماویدا، شانۆگەریەکە زیاتر وەک کارێکی سوریالی خۆی دەرخست، چ لەڕووی سینۆگرافیاوە بوونی ئاودەست لە بیابان یان لە ڕووی بونیادی دەلالی جولەی کارەکتەر بوونی ئافرەتێکی کوێر لە بیابان خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە، ئەوە جگە لە متمانە کردن لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بەتایبەت لەسەر چەمکی سرووت، سرووتی زەردەشتیەت و گواستنەوەی بۆ سرووتێکی شانۆیی، ئەگەر چی هۆشیاری ڕەخنەیی لە بڕی قسەکردن لەسەر ئەو تێگەیشتنە ئەزموونکاریە، دیسان کەسانی وەکو موحسین لەسەر کۆمیدیاکەی خۆیان بەردەوام بوونە، ئەوەتە ئەمجارەیان ئەو توشی سەرسامی ئەوە هاتووە کە ئەوان وەک بینەران بۆ بردراونەتە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە و کورسیەکانی خوارەوە بە بەتاڵی ماوەتەوە، ئەمجۆرە ڕەخنەیە لە بنەڕەتدا خۆ دزینەوەیە لە خوێندنەوەی جولەی ئەکتەر و داڕشتنەوەی پانتایی.. درک نەکردن بە زەمەنی فەلسەفی نمایش، کە دیارە بردنی بینەران بۆ سەرەوەی هۆڵەکە کارێکی بێ مەبەست نەبوو، بەڵکو بۆ



ئەوە بوو بینەر تەواوی شانۆکە ببینێت بەو مانایەی ئەو دانەبڕێت لە بۆشایی و جولە و موفرەدە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە سەر شانۆکە بەهۆی ئەوەی بە لم داپۆشراو بوو، لەو ڕێگەیەوە بینەران لە ئیستاتیکای نمایشەکە بێبەش نەدەبوون، ئەگەر سەلەفی بڕوای بەوە بێت ئەو کارە دژی بانتۆمایمە بەوەی دەبێت لە بانتۆمایمدا بینەران لە ئەکتەرەکان نزیک بن، بەپێی کام میتۆد و کام خاسیەت و چ تیۆرێک پاڵپشتی ئەو قسەیەی دەکات نازانرێت، ئەگەر چی ئێمە ڕامان گەیاندووە کە ئەو ئەزموونە سەر بە بانتۆمایمی باو نیە، هۆکاری تێنەگەیشتن لە جولە، سەلەفی دەگەیەنێتە ئەو بۆچونەی داوای ئەوە بکات کە ئەو نمایشە ماوە زەمەنیەکەی زۆر بووە، دەبێت ماوەی ئەو کارانە کورت بێت، هەڵبەت ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێ دوایی دیمەنە کورتەکە بگێڕێتەوە، من پێویستی زۆرم بەوەیە بزانم کەسانی وەک موحسین چۆن سەیری ئەو جۆرە ئەزموونە دەکەن، بۆ ئەوەش لە تەواوی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵمداوە لە مەبەستی قسەکانیان بە تەواوی حاڵی بم، یەکێک لە تێگەیشتنە بەراییەکانی سەلەفی بۆ بانتۆمایم لەوێوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەو پێی وایە لەم شانۆیەدا پێویستە دیمەنەکان بەدوای یەکدا بێن و پەیوەندیەکی پتەویان بە یەکەوە هەبێت، کاتێ ئەو ئاوا سەیری بانتۆمایم بکات، دەبێت بزانین چ کەلێنێکی گەورە لەنێوان دیدگای ئەزموونکاری ئێمە بۆ جەستە و تێگەیشتنی تۆز لی نیشتوی موحسین بۆ بانتۆمایم هەیە، چونکە ئێمە دوای شانۆگەریەکە لە ڕاپۆرتێکی سەتەلایتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی هاوڕێی شانۆکار (کرمانج مستەفا) ووتم " لەم شانۆیەدا دیمەنەکان بەدوای یەکدا نەهاتوون، بەڵکو بەیەکەوە بەستنەوەی دیمەنەکان پرۆسەی مۆنتاژ کردنی وێنەی شانۆیی لە لای من نیە، بەڵکو ئەوە وەرگرە لەلای خۆی وەک ئەوەی دەیەوێت دیمەنەکان مۆنتاژ دەکاتەوە" ئەگەر چی کرمانج بە جیاواز لە موحسین پێی وابوو دیمەنەکان لەیەک دانەبڕا بوون، هەر جۆرە قسەکردنێک بەر لەدرک کردن بە زەمەنی نمایش تراژیدیایەکی خەتەرناک تووشی ئەو مەخلوقە دەکات کەناو لەخۆی دەنی ڕەخنەگر، چونکە ئێمە هەوڵمان دابوو زەمەنی ئەفسانەیی زەردەشتیەت لەڕێگەی سرووتی ئاگر کردنەوە و حەزرەتی زەردەشت لەلایەک لەتەک زەمەنی یادەوەریی ئێمە پرۆسەی ئەنفال ئاوێتەی زەمەنی تێگەیشتنی ئێستای کوردی بکەین بۆ ڕووداوەکە، بە مانایەکیتر دەمانویست بڵێین لەگەڵ داماڵینی کارەکتەری کوردی لە ئایینی خۆی و سەپاندنی ئاین و کولتورێکی تر بەسەریدا، ئیدی ئەنفال تا ئەو ساتە بە فۆڕم و ئایدیای جیاواز بەسەریدا دەسەپێنرێت، جا چ ئەنفالی کولتوری بێت یا شێواندنی سیماکانی نەتەوە لەڕێگەی ئایدیاکانی لە جۆری بەعسیزم لەپەیوەندی نێوان فاشیزم و مۆدێرنیتی، کەچی سەلەفی بۆ ئەوەی لە بەهای ئەو زەمەنە کەم بکاتەوە و خۆشی لە تێنەگەیشتن

دەرباز بکات ئاوا دەنووسێت "چل و بەرگی ئەکتەرەکان ئاماژەی ئەوەی دەدا، کە بابەتەکە کوردیە" (٦٣) دوای بینینی شانۆگەریەکی چل و پێنج خولەکی موحسین ئەوە بۆ بینەر ئاشکرا دەکات کە بابەتەکە کوردی بووە، لەوە دەچێت ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکەمان دوایین کەس بێت کە بتوانێ لەم نمایشە نزیک بکەوێتەوە، بۆیە هەق وایە بە مافی خۆی نەزانێ ئاوا جەهل و نەزانینی خۆی لەسەر وێنەی شانۆیی دەرببڕێت، دوایین داهێنانی سەلەفیش ئەوەیە کە ئەوە شانۆیەکە بۆ نوخبەیە، وەک ئەوەی گەر شانۆیەک بۆ نوخبە بوو شانۆ نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ نوخبەیە، بەڵام هەرگیز موحسین ئەندامی ئەو نوخبەیە نیە. قۆناغی یەکەمی ئەو ئەزموونە کۆتایی دێت ئەو قۆناغەمان ناونا (خەونی سرووت ئامێز) کە وەک یەکەم مانیفێست بۆ کارەکانمان تیۆریزەمان کرد.



# مانیفێستی خەونی سرووت ئامێز

لەوانەیە سەیر بێ ناو لە کارێک بنرێت خەون، خەون هاتنەدی حەزەکانی مرۆڤە، گەشتە لەنێو پانتاییەکانی ڕەنگدا، سەمای حەزەکانی مرۆڤە، تەقینەوەی پرۆسەکانی نەستە، تۆڵەکردنەوەی نەستە لە هەست، تەقاندنەوەی حەزە خەفە بووەکانە، جولەیەکی بی سنووره، دۆزینەوەی خەونەکانی منالّیە، خەونە لەناو خەون، بینەر لە قووڵایی خەون بە ئاگا دێنێ، لەخەونێکیتردا فەزاکانی ناخی نیشان دەدا، گرێ دەروونیەکانی مرۆڤ دەبنە ئاوێنەی ئەو خەونانە، شێتخانەیەکە دەیەوێ لە شێتەکان بگەیەنێت ئەوان عەقڵیان لەدەست نەداوە و تووشی گرێی دەروونی هاتوون، غەریزەی سێکسی بەشە شێری بەرکەوتووە، واتە فرۆید لەنێو ئەو خەونانە دار بەدەستێکەو تیۆرەکەی لەبن شانە، مەرگەساتەکانی واقیع هەر لەمەسەلە "کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئاکاری" هوە لەدەربڕینە سێکس و گرێ دەروونیەکانەوە ئەو بابەتانەی لەخۆی گرد کردۆتەوە، ژنێک دەیەوێ دەرگا بکاتەوە و لەهۆڵی نمایش دەربازی بێت (لەماڵێکدا)، سێ پیاو لەسەر جەستەی ژنێک مارشێکی سەربازی ساز دەکەن (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات)، عەبایەک لە بەرزایی نمایشەوە دەکەوێتە سەر ژن و مێردێک (عەبا).

وەرگر لە کردەی وەرگرتن شوناسی خەون دەبینێ، کار بۆ وەدەست کەوتنی دەکات، وەدەست کەوتنی گەیشتنی ئەوە بۆ جیهانی خەیاڵە سرووت ئامێزەکان، کە جیاوازی یەکتری تیا قبووڵ بکرێت، هاتنە ئارای ئەو دنیایە کارکردنی تاکی بەئاگای کۆمەڵگایە تیایدا، لە نەگەیشتن و هیوابڕانی نەست خۆی وەک ئەرشیفێک دەپارێزێت بۆ سوود وەرگرتن لەکاتێ خۆیدا (زەمەنی نمایش) لەو خەزینە فراوانە ئازادی دەکات.

لەو خەونە هیچ ووشەیەک نابیسترێ، ئەوەی هەیە زمانی جولەیە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ زمانی چاخی بەردین، بەڵام دوور لەو دەربڕینە مێژوویە، مەبەست تیایدا خوڵقاندنی زمانێکی نوێیە کە بەرهەم هێنەری زمانەکە جەستە بێت، چونکە جەستە بونیادی ئاماژەی ئەکتەرە، دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤە.. دۆزینەوەی زمانێکی تازەیە لەنێو ئەفسانە و مێژوودا، خوێندنەوەی گوتارێکی هاوچەرخانەیە.. دەرخستنی بەرگێکی تازەی میتۆلۆژیایە، دووبارە بوونەوە دەخاتە پەراوێزی ئەرشیفی کارکردن، بۆیە جەستە دەیەوێ لەسەرووی دەسەڵاتی ووشەوە کار بکات، بۆخۆی ئەزموونێک بنیات بنێت، کە خاسیەت و مۆرکی خۆی هەڵگرێ، لەودیو

سنوری بانتۆمایمی باو (سوونەتی) کار بکات، ئەو سنورە بڕمێنێ و تێکیبشکێنی کە ناو لەهەموو نمایشە جەستەییەکان دەنێ بانتۆمایم، بەڵکو بانتۆمایم تەنها ژێرخانێکە بۆ دامەزراندن، تاوەکو خاسیەتی ئەزموونەکەی و تایبەتمەندێتی دەست نیشان بکات.

دۆزینەوەی گوتاری جەستە خوێندنەوە و ڕۆشنبیریەکی شانۆیی فراوانی مەبەستە، بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە سەر دووبارە کردنەوەی ئەزموونە جەستەیەکانی ڕابردوو، ئەوەش کارێکە زەحمەتی دێنێتە بەردەم پرۆژەی دامەزراندن، چونکە کارکردنە لەدەرەوەی میتۆدەکان و دەرگا ئاوەلاکردنیشە لەبەردەم پرۆژەیەکی فراوان کە دەیەوێ شانۆیەکی تایبەت دابمەزرێنێ، ئەوەمان لا ڕوونە کە بەچەند ئەزموونێک ناگەین بە شوناسی شانۆیەکی نوێ، بەڵکو پێویستمان بە قووڵ بوونەوەیە لەنێو ئەزموونەکاندا، تاوەکو بە جەستەی زمان ئەزموونێک بنیات بنێین و شانۆکەش بکەینە ئەو دەروازەیەی لەو جیهانبینیەوە بچینە نێو دنیای فەلسەفەوە. کاتێ لەبارەی فەلسەفەشەوە دەدوێین دەبێ بزانین مەبەستمان لە فەلسەفە چیە؟ ئایا دووبارەکردنەوەی ووتەزا فەلسەفیەکانە؟ یاخود بەرجەستەکردنی تیۆر و بۆچوونەکانی فەیلەسووفەکانە؟ ئەگەر ڕوانینمان بۆ فەلسەفە پراکتیزە کردنی فەلسەفە بێ بۆ شانۆ، ئەوا دەکرێ لە نمایشێکی شانۆیدا بەرجەستە بکرێت، نەک بەرجەستە کردنی لەپرۆژەی ئەزموونێکی نوێدا، کەوابێ قسەمان لەسەر فەلسەفەی شانۆیە، فەلسەفە لێرەدا قووڵ بوونەوەیە لەنێو وێنەی شانۆیی، گەیاندنی دالە لەرەهەندێکی فەلسەفی کە ئیستاتیکا باڵی بەسەردا دەکێشێ، فەلسەفە بەدوای جوانیدا دەگەڕێ، هەوڵ دەدات نمایش لە یەکەیەکی هیرمنیۆتیک لەنێو ئیستاتیکا بتوێنێتەوە، تیۆرێکی تایبەت بە ئیستاتیکا دابمەزرێنێ، ئەزموونەکان بەپێی درێژ بوونەوەیان توانای ئەوەیان دەبێت گفتوگۆ و دیالەکتیک لەو بارەیە بخولقێنن.

هەرچی لەبارەی پەیوەندی شوێنە، شوێن نزیک بوونەوەی ئەکتەرە لە ڕووداوی خەون، شوێن دەبێ بە بونیادێک لەنێو ستراکتۆریەتی شانۆ، شوێن مەبەست ئەو شوێنەی ڕووداوە کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی بابەتەوە هەیە، شوێن ئەو پارچە یا بوقعە مردووە لەدەست دەدات، ئەکتەر و دەرهێنەر لەگەڵ خۆیان بە جولەی دەخەن بۆ دۆزینەوەی پانتایەکی نوێ، تەنانەت بۆ ئەو بۆشاییەش کە ئەکتەر پەنجەکانی تیا دەجولێنێ، دیارە (کات) و یەکێتیەکەی وەک (شوێن) دەکەوێتە بەر شالاوی تەقینەوە و وێران دەبن، پاشماوەی ئەو وێران بوونە شوناس وون دەکەن، کات لە زەمەنی میتۆلۆژیەوە دەبێتە زەمەنێکی فەلسەفی، ئەوە بەرەنجامی ئەو زەمەنە نوێیە کە دەرهێنەر دەیدۆزێتەوە، هەر بۆیە ئەو شێوە سونەتیەی بە یەکێتییەکان بەرجەستە دەبن نامێنی و (کات) دەبێ بە ساتی ڕوودانی ڕووداو، ئەو ڕووداوانەی لە هەست



پەنگ دەخواتەوە و لە نەستی خەفەکراو دەتەقێتەوە، کە بنیاتنانی خەونی نەستیە، بەگەشەکردنی خەونە هەستیەکان (نەست) لە نائاگایی خۆی تۆماری دەکات، تا لە چرکەیەکدا دەتەقێتەوە، لەو تەقینەوەیەش (من) بەرەو (کۆمەڵی) دەبات، چونکە ئاشکرایە لەو زەمەنە فەلسەفیە (کات) ی نمایش زەمەنی شەو و ڕۆژ نیە، زەمەنی نێوان تاک و کۆمەڵە، (هۆش)ی من وەک دەسەلاتی دەق دەوەستی و خانە بزۆزەکانی نەست دەسەلاتێکی نوێ بنیات دەنێت، ئەویش (نەستی کۆمەڵیە) نەستی کۆمەڵی بەهۆی خەون، گۆڕان لەنێو زەمەنی نمایش دروست دەکات، کە (دوێنێ) لەنێو (ئێستا) دا خۆی دەژیێنێتەوە، بەلام خۆی دووبارە ناکاتەوە، هەڵکۆڵینەوەکانی دۆزینەوەی بۆ دەکات بە هەڵکۆڵینی گۆڕ.

ئەو دەیەوێ لە میرنشینی گوماندا خۆی لەدەست دەرباز بکات، لەهەمان کات حەزیش بە گەڕانەوەی ئەو بەها کۆمەلایەتی و مرۆییانە دەکات بۆ دروست بوونەوەی ساتەکانی بەر لە گوناهی ئەهریمەن. خاڵێکی زۆر گرنگ کە تائێستا لێی نەدواوین ئەویش شێوەی کارکردنە لە دەق، چۆن دەق لەو پڕۆسەی دەرهێنانیەوە دەخوێندرێتەوە؟ ڕستە و ووشەکانی نووسەر بە چ شێوازێ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێ؟ لەکاتێکدا لەوە دڵنیاین کە دەروازەی پرۆژەکە (دەق) ە، کەواتە چۆنیەتی دەق خوێندنەوە بۆ دیدگای دەرهێنان گرنگە، ئەوە بڕاوەتەوە کە خوێندنەوە هیچ گریمانەیەک بنیات نانێت، بەڵکو خەونی کۆمەڵی ئامادەبوونی خۆی دیار دەکات، بۆیە دەرهێنەر بەپێی گریمانی پیت و ڕستە و دەیالۆگەکان دەق ناخوێنێتەوە، خوێندنەوە کۆمەڵە وێنەیەکی هزری لادرووست دەکەن، لە حالەتێکی ئاژاوە دێتە بوون، دەرهێنەر لەو وێنانە دوو دڵە، بڕیاری یەکجارەکی لەسەر نادات، ڕۆژانە تێڕوانینی تازەتری دەخاتە سەر و (جولە) زیادەکان لا دەدات، تا حالەتی ئاژاوەکە بۆ وێنەیەکی هەڵگری دەلالەتی فەلسەفی ڕێک دەخات، هەر بۆیە چۆن سەرەتا بە ئاژاوەی جولە هزریەکان ناومان برد، کە ئەو کارە سەرەتایە بۆچوونە نێو نەست و ڕاهاتنی ئەکتەرە، لەو هەنگاوەش ئەکتەر لە دەق دوور ناخاتەوە، بەڵکو لە جیهانبین و سرووتەکەی نزیکی دەکاتەوە، تاوەکو ئەکتەر بتوانێ لە نهێنیە شاراوەکانی دەق بگات و بگات بە میتا نووسین، کاتێ هەستیشی کرد چووەتە قوولایی (چەمکی ووشە) ەوە، واتە دەیەوێ لە دەرگاکانی نمایش بدات، لەسەر ئەو بنەمایە دەرهێنەر ووشە و ڕستەکان لە ئەکتەر کەم دەکاتەوە، هەوڵ دەدات جولە شوێنیان بگرێتەوە، تا لە ئەنجامدا دەق دەبێ بە (گوتاری سیمیۆلۆژیای جەستە) ئەو گوتارەی کە ووشە بەهۆی بزاوتی جەستەوە دەبێ بە هەڵم و لەشوێنیدا (فیکر.. فەلسەفە.. ئیستاتیکا.. مەعریفە) جولە دادەمەزرێنێ لەسەر بونیاد و گۆڕینی بیستراو بۆ بینراوەکان، بۆیە دەکرێ لەپێناو فەلسەفەی ئیستاتیکی و مەعریفەی شانۆ، دەق وەلا بنرێ، دەبێ

ئەوەش بڵێین کە سیمیۆلۆژیای جەستە خوێندنەوەیەکی هاودژ ئاراستەی دەق دەکات، بەپێی دوا قۆناغی نمایش، گوتاری وەستاوی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە، دەقێکیتر دادەمەزرێنێ کە ئەویش جەستە دەیکات بە دەسەڵاتی نمایش.

جەستە چارەسەری پانتایی دەکات، دەلالەتە فکری و فەلسەفیەکان دەدۆزێتەوە، پاش ئەوەی شوێنەواری چاوگەی نووسەر ڕما و کۆمەڵە دیدگاو بۆچوونێک هاتە ئارا، بۆ ئەوەش ئەکتەر لە کردەی ناوەکی نایەوێ ئەکتەرێکی جیهانی دەق بێ، بەڵکو دەق بۆ کردە دەرەکیەکان تەرخان دەکات، کەواتە دەرهێنەر نووسەرەوەی یەکەمی دەقە نەک دووەم، چونکە جارێکیتر دەق دادەڕێژێتەوە، لەگەڵ ئەوەش ناوی نووسەر بوو وایکرد ڕۆحی پیرۆز وەدەست بێنێت، ئەوەش دوای ئەوەی کارەکتەرە زیادەکان دەتوێنێتەوە و کارەکتەریتر لە شوێنی دەخوڵقێنێ، هەروەک چۆن دەلالەتی دی بدات بەدەستەوە کە لەودیو (دەق) ەوە حەشار دراون.

بۆیە زەحمەتە بۆ جەستە کارکردن لەهەموو دەقێک، بەڵکو کارێکە لەوپەڕی قووڕسیدایە، چونکە هەموو دەقێک ناتوانێ بچێتە ژێر ئەو پرۆژەیە، ئەگەر سرووتێکی خەون ئامێزی لەخۆ نەگرتبێت، ئەویش پەنهانیەتی شیعریەتی شوێنە، کە دەق لەناو خۆیدا ڕایگرتووە و دەرهینەر بە جولەی دەخات، لەو جولەیەشدا بە بەردەوامی دەلالەتە فکریەکانی دەق لەدەست دەدات، فۆڕم و دەلالەتی دی دەدۆزێتەوە، ئەوەش داڕشتنەوەی دەقێکی تازەیە کە لەسەر ئاستی ئاگایی و ڕۆشنبیری دەرهێنەر دەمێنێتەوە، کە تاچەند پرسیارەکانی ئەمڕۆ لەو خەونەدا دەخاتە ڕوو، ئەوەش بەهۆی تەقینەوەی خەیاڵە بۆ ئەودیو سنورەکانی بیرکردنەوە.

هەرچی سەبارەت بە دامەزراندنی وێنەی شانۆیشە، پێویستە ئەوە بزانین چەمکی وێنەی شانۆیی هاودژە لەگەڵ چەمکی باوی شانۆی وێنەیی، چونکە ئەوەی دواتر تایبەتمەندێتی خۆی و خاوەنی مانیفێستی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام وێنەی شانۆیی دەروازە و چوونە نێو کەینونە قووڵەکانی فەلسەفەیە، کە هەریەکە لە پێکهاتەکان وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە گەر میوزیک گوزارشت کردن بێت لە کردەی ناوەکی ئەکتەر بۆ هاتوچوون و ساتی بڕیاڕدان، ئەوا ڕەزم (ئیقاع) ڕۆحێکە بۆ ڕێکخستنەوەی جولە و جێگیر بوونی وێنە بۆ بەرهەم هێنانی زەمەنێکی بگۆڕ، وەک چۆن ڕووناکی بۆ خوێندنەوەی جەستە و بەجێگەیاندنی دەلالەتی ئەکتەر کار دەکات، هەروەها تیشک (دال) ێکی کراوەیە بۆ خوێندنەوەی گوتاری وەرگر، تاوەکو سیمیۆلۆژیا بتوانێ ئاستی هونەری دەست نیشان بکات، ڕەنگ دانانی سرووتی وێنەیە بۆ ڕایەڵ کردنی فرمانی سەرووی ڕووناکی بۆ ئەوەی جولە بکات بە گەورەترین دەنگ کە گوێبیستی بین، پانتایی خەون بەهۆی یەکگرتنەوەی توخمەکانی لە شوێن ئاماژەمان بۆ کرد، ئەویش ڕەهەندەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، کە



ئەویش پەیوەندی بە حالەتی تێکشکاوی کەسەکانەوە هەیە، دەلالەت لەبیرکردنەوەی هزری و شکستی گوتارەکانیان دەکات، سەما ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ لە بونیادی گوتاری سیمیۆلۆژی، چونکە جەستە زمانی ئاماژەیە، بۆیە سەما بە بەردەوامی سەمت (سیاق) ێکی دال بەرهەم دێنێ بۆ پرۆسەی خوێندنەوە. سەمای قەرەجی بۆ سرووتێکی قەرەجی بەرجەستە دەکرێت، یاخود سەمای ئیسپانی، کە جۆرە سەمایەکە ڕەچەڵەکی بۆ خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە، ئەو سەمایە تایبەتمەندێتی خۆی پاراستووە، جیاوازە لە سەمایتر، چونکە سەماکار سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و جۆرە بەختەوەریەک دەنوێنێ، ئەوەش پێچەوانەی سەمای خۆرئاوایە، چونکە ئەوەیان زیاتر پەیوەندی بە زەویەوە هەیە نەک ئاسمان.

ئەو ئەزموون و پرۆژەیە بۆ دامەزراندنی سیمیۆلۆژیایە، کە سیمیۆلۆژیا فۆڕمی خۆی بنیات دەنێت، بۆ ئەوەش دەبێ وەرگر بەدوای ئاماژەکان بگەڕێ، چونکە هیچ کۆدێکیش بە سانایی خۆی نادات بە دەستەوە، کەواتە خەونی سرووت ئامێز گەشتی سەرسوڕهێنەرە بەنێو میرنشینەکانی گومان، دۆزینەوە و گەڕانێکی بێ ماندوو بوونی گەرەکە، تاوەکو بمانگەیەنێ بە شوناسی ڕەسەنایەتی، ئەویش تەنها پەیوەندی بە گەڕان و پشکنین و گومان کردن لە زانراوەکان هەیە.

# شانۆی بینین
# ئەزموونێک شانۆ لە بۆشایی بنیات دەنێتەوە

بەدوای قۆناغی یەکەمی ئەزموونەکان، ئێمە پێویستمان بە بنیاتنانی ئەزموونێکی تر هەبوو، ئەزموونێک بتوانێ گۆڕان لەهەندی بنەمای شانۆ بکات، بەوەش هەوڵ بدەین گۆڕین لە سیستمی گوتار بکەین، لەم قۆناغەدا خولیای ئەوە بووین کە ئاخۆ دەتوانین شانۆیەک بنیات بنێین لەدەرەوەی بیناسازی هۆڵی شانۆ و بەبێ بوونی ڕوناکی و دیکۆر و مۆسیقا؟ شانۆیەک تەنیا جولە لەو شوێنە بتوانێ شانۆیەکی بینین بخوڵقێنێت، بەتایبەت ئێمە ویستمان ئەمجارە ئەزموونەکە لە شوێنێک بێت کە بتوانین گۆڕینێک لە گوتارە شانۆییەکە بکەین، ئەوەش دەرگا کردنەوەیەک بوو بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری، بۆیە لەگەڵ چوونمان بۆ شاری کەرکوک، قۆناغی دووەمی ئەو ئەزموونە لە کەرکوک دەستی پێکرد، لەگەڵ دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک) نۆبەرەی ئەو ئەزموونە شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) ی سامۆئیل بیکت بوو، گۆڕینی فەزای دەقێک کە چاوەڕوانی و بێهودەیی لەڕێگەی ووتراوی نێو زمانەوەیە و گۆڕینی بۆ جولە، یەکێک بوو لە گرفتەکانی کارکردن، بەوەی چۆن نمایشێکی جەستەیی لەسەر ووتراو بەرهەم ناهێنین، بە پێی گریمانەی نوسەر هێندەی دەمانەوێت لە سێنتەری دەقەوە پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام بدەین، لە بونیادە هەڵوەشێنراوەکانەوە دەق بنووسینەوە، نوسینەوەی دەق چیە؟ ئێمە سەرەتا نەمانتوانی وەڵام بەو پرسیارە بدەینەوە، بۆیە هەوڵماندا لە بیرۆکەی چاوەڕوانی و هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق سیناریۆیەکی شانۆیی بەرهەم بێنین، ناوی بنێین (سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ) تیایدا  دوو کارەکتەر یەکەمیان فلادیمێر کە کەمانجە ژەنە و ئیستراگۆن سەربازێکە لە جەنگ گەڕاوەتەوە، بە دوای کۆمەڵە تێکشکانێکی ڕۆحی لەڕێگایەکدا چاوەڕوانی گۆدۆن، بەدوای نەهاتنی گۆدۆ و نائومێد بوونیان  بە ژەنینی ئاوازی کەمانجە ژەنەکەوە دەمرێت کە کەمانجە ژەنینەکە ناو دەنرێت سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ. بەدوای بڕیاردان لە نمایشەکە لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک دەستمان بە یەکەم ڕۆژانی مەشق کرد بەپێی سیناریۆکە نیهاد جامی ڕۆڵی ئیستراگۆن و کۆسرەت عەبدولرەحمان لە ڕۆڵی فلادیمێر، دوای چەند ڕۆژێک تەواوی هێلێکمان دۆزیەوە کە بتوانین ئیزافە لەسەر پرۆڤەکان بکەین، لەئەنجامی گفتوگۆکانمان لەسەر



بەرهەمەکە، توانیمان مەشقەکان بگوازینەوە بۆ سەر پەیژەکانی قشلەی کەرکوک، پانتایەکی کراوە بواری فراوان کردنی بیرۆکەکەی گۆڕی بەوەی دەکرێ زەمەنی جیاواز بێنینە ناو نمایشەکەوە لە دەرەوەی زەمەنی دەقەوە، بۆچی ناکرێ کۆمەڵە ئەکتەرێک پرۆڤە لەم دەقە بکەن، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی پەیژەکان و ئەکتەری تر، بۆیە بڕیارماندا کۆمەڵە ئەکتەرێک بێنین سەرەتا ئەوان پرۆڤە لە دەقی بیکت بکەن، ئەوسا زەمەنی ئەکتەرەکان و زەمەنی دەق وەک دوو زەمەنی جیاواز لە نێوان یادەوەریی و هەنوکە ببێت بە گوتاری نمایشەکە، ناوی کارەکەشمان لە سەمفۆنیای چاوەڕوانی گۆدۆ گۆڕی بۆ (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) (٦٤) لەو ڕێگەیەوەش بەرەو وەڵامی ئەو پرسیارە چووین کە ئایا دەقی شانۆیی لەم جۆرە نمایشانە چۆن دەنووسرێنەوە، ئێمە لە بەرەنجامی ئەم نمایشە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە دەق لەسەر کاغەز و بە قەڵەم نانوسرێت، دەقی شانۆیی بە جەستەی ئەکتەر و لە بۆشایدا دەنوسرێتەوە، دوای نمایشەکە کۆڕێکی هەڵسەنگاندن بۆ (هونەرمەند عەبدولڕەزاق محەمەد) سازکرا تیایدا بە زمانی عەرەبی تیشکی خستە سەر لایەنەکانی نمایشەکە، پێی وابوو کە پێویست بوو ئەکتەرەکان ماوەیەکی تر مەشقیان بکردایە، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی دەرهێنەر کرد بۆ جورئەتی ئەو شێوازە و ووتی "ئەگەر چی ئەو شێوەیە تازە نییە لە شانۆدا، بەڵام هەنگاوێکی ڕاستە بۆ شانۆ" دواتر هونەرمەند عارف مەعروف لەسەر چەند خاڵێک وەستا و وتی "ئەم شانۆگەریە پێی وتین بیانوو نەما گەر هونەرمەند هەبێت دەکرێ لەهەر شوێنێک شانۆگەری پێشکەش بکەن، نەک تەنیا لەناو هۆڵ و داوای ڕوناکی بکەن، بینیمان ئەو هونەرمەندانە چۆن ئەو پەیژە خۆڵاویەیان بۆ کردین بە شانۆ" بەدوای ئەویش (عەباس جەمیل) ڕەخنەی ئاراستەی شانۆگەریەکە کرد، کە دەبوو کەمان بە شێوەی مۆسیقی ژەنێک بەدەستەوە بگیرا بوایە، هونەرمەند (کاردۆ محەمەد) بە دژی ئەو وتەیە وەستایەوە و شانۆگەریەکەی ناوبرد بە شانۆی ناماقوڵ و ئەو شانۆیەش لەسەر ڕەمز دەوەستێت نەک واقیع بێت، ئاماژەی بۆ شوێن لە شانۆگەریەکەش کرد بەوەی دەکرا دەلالەتی جیاواز بگرێتە خۆی" (٦٥)

ئەزموونی دواتر شانۆگەری (خاچ) (٦٦) بوو، ئەم شانۆگەریە بەرەو ئەو ووتەیەی یۆژینۆ باربا بردمانی: کە ئایا مەشقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە نمایشێک بەرهەم بێنێت؟ لەڕێگەی مەشقەکانەوە شانۆگەریەکەمان بنیاتنا، ئەم نمایشە وەک پرۆژەیەکی  ئەزموونکاری کاری تیا کرا، بەوەی لەڕووی شوێنەوە متمانەی کردبووە سەر شانۆی ژوور، بەڵام بەدژی ئەو ووتەیەش کاری کردبوو کە تایرۆفی دامەزرێنەری ئەو شانۆیە دەڵێت" ووشە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شانۆی ژووردا" چونکە هەموو متمانەیەک بۆ جەستە بوو لە پاڵ ڕوناکی و مۆسیقا، سەرەتا بینەران

به مۆمێکەوە دێنە ژوورەوە، سرووتێکی شانۆیی بەشداریکردن و دانانی مۆمەکان بەرجەستە دەکەن لەڕێگەی ئەکتەرەکان جیا دەکاتەوە، سێ ئەکتەر لەو پانتاییەدا لە ململانێدان. سەرەنجام ئەکتەرێک دوای لەخاچ دانی ئەوانی تر لە تۆڕەکە دێتە دەرەوە و لەڕێگەی مۆمێکەوە ئاگر لە تۆڕەکە بەر دەدات و تۆڕەکە دەکەوێتە سەر بینەران، بەم شێوەیە هەموویان لەژێر تۆڕەکە دەمێننەوە و ئەکتەرەکەش دوای ئەوەی خۆی دەرباز دەکات دەچێتە دەرەوە و دەرگاکەیان بەسەردا دا دەخات، لە دیواری ژوورەکە جارێکی تر دێتەوە، بە دوای شەق کردنی دیوارەکە، بەڵام دوای چەند جولەیەک بە یەکجاری بەدوای لە خاچ دانی ئەوانیتر خۆشی دەمرێت. لەگەڵ تەواوبوونی شانۆگەریەکە کۆڕێکی هەڵسەنگاندن سازکرا تیایدا هەریەک لە هونەرمەندان (کۆسرەت عەبدولرەحمان، عەبدولڕەزاق محەمەد، عارف مەعروف، رائید حازم، کاردۆ محەمەد، قاسم غەمگین) لەسەر لایەنەکانی نمایشەکە وەستان بە تایبەت لەسەر پەیوەندی جولە بە بۆشاییەوە هەروەها لەسەر چەمکی ئەزموونگەری لەم نمایشەدا، ئەوا لەپاڵ هاوڕا بوونی هەموو لایەک لەسەر ئەوەی کە نمایشەکە یەکێکە لەکارە جوانەکان. ئەوە سەرەڕای خوێندنەوەی جیاوازی ئامادە بوان بۆ بەرهەمەکە. نوسەرێک دوای ئەوەی ئەم نمایشە بە یەکەم ئەزموونی جدی شانۆ لە کەرکوک ناو دەبات، نوسیویەتی "ئەگەر چی خاچ ئەزموونە، بەڵام ئەزموونێکی جوان و نوێ کە دەکرێ چاوەڕوانی داهێنانی لێبکرێت، بەڵام بەو مانایەش نا کە کەم و کوڕی نییە" (٦٧)

ئەزموونی دواتر دوو پرۆژە بوو بۆ شانۆی توند و تیژی یەکەمیان بەناوی (سەگ و دەف)(٦٨) کە پرۆژەی یەکەم بوو بۆ شانۆی توندو تیژی ڕووبەرێکی تەختایی بەپێی بیناسازیی شوێنەکە کارەکە ئەنجام درا، دوو ژوور بەتەنیشک یەکەوە یەکێکیان ماڵی ژنە تۆبەکارێک ئەویتریش ستۆدیۆی دەرهێنەرێکی سینەمایی، ئەم نمایشە لەناو تێگەیشتنی پێرفۆرمانسی ئەنجامدرا بەهۆی ئەوەی کارەکتەر بەشداری دەکات لە پەیوەندیەکانی ئەویتر، بیرۆکەی لەناو هەر کارەکتەرێک سەگێک ئامادەبوونی هەبوو پەیوەندی نێوان سەگ و دەف ژەنەکانی کرد بە تەوەری ململانییەکە، چەمکی سرووت لەم نمایشەدا بایەخێکی تایبەتی پێدرا بوو، کە بونیادێکی سەرەکی شانۆگەریەکە بوو، ئەگەرچی وەک فریاد ئەحمەد دەڵێت " ئێمە وەکو تیپی شانۆی ئەزموونگەری لەم کارە و لەسەرجەم کارەکانماندا ئەوەندەی پێمان وایە شانۆ هەڵگری گوتارێکی ئیستاتیکیە..پێمان وانییە شانۆ هەڵگری گوتارێکی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان هەرشتێکی ترە، ئەگەر هەر گوتارێک لەمانە هاتە ناوەوە دەکرێت، بەڵام بەمەرجێک هیچ لە بەهای گوتارە ئیستاتیکیەکە کەم نەکاتەوە و گرنگیەکی ئەوتۆشی پێنەدرێت" (٦٩)



پرۆژەی دووەم بۆ شانۆی توندو تیژی شانۆگەری (زولێخا لەخەونی یوسفدا) (٧٠) ئەم ئەزموونە لەناو قەیسەری قەڵای کەرکوک ئەنجام درا، خوێندنەوەیەکی نوێ و جیاواز بوو بۆ چیرۆکە ئایینیەکە بەهۆی ئەوەی کارەکتەر لەهەموو خەسڵەتێکی مێژوویی داماڵدراوە رووبەرێکی کراوە لەگەڵ مەشخەڵی ئاگر و شمشێر و چرایەک بونیادە سەرەکیەکانی ناو وێنە شانۆیەکە بوون، جەستە لەرێگەی دارشتنەوەی شوێن دەلالەتی دەبەخشی جگە لەوە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر بە ئاقارێکی نوێدا بردرا بەهۆی ئەوەی بینەر لەو هاوکێشەیەدا بونیادێکی سەرەکی ناو وێنە بوو لەڕێگەی جولە کردن و کاردانەوەی سزای ئەکتەر وەک لە ئاگر تێبەربوونی یەک لە ئەکتەرەکان بینەران پەنایان بردە بەر کوژانەوەی.

سەرەتا سیناریۆیەکی نووسراو هەبوو، سیناریۆکە تەنها بۆ کۆبونەوەمان بوو لەناو پرۆژەکە، چونکە سیناریۆکە لەگەڵ چوونە قەیسەری قەڵا ملکەچی شوێن بوو، ڕێک بەپێچەوانەی ئەو هاوکێشەیەی کە هەموو شتێک دەبێت ملکەچی دەق بێت، کاتێ دەق لە شوێندا دەسەڵاتی کۆتایی هات دەسەڵاتی جەستە و بۆشایی ئامادە بوونیان دەبێت، ئەوانیش بەدوای بەرهەم هێنانی نادیار و رووبەرە کەشف نەکراوەکانن، ئەم ئەزموونە قەڵای لە شوێنەوارێکەوە گۆری بۆ لابۆرێکی شانۆیی چ لە ئاستی تیۆری بۆ ئێمە یا ئاستە پراکتیکیەکەی کە کارکردنی هاوبەش بوو سەرەنجام ئەزموونێکی جیاوازی بنیاتنا، ئەزموونێک فێری کردین کە شانۆ بەتەواوی لە هۆڵ بێنینە دەرەوە، شوێن بۆ ئێمە وەک لە بەرهەمەکانی تری تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک هەمیشە بریتیە لەو شوێنەی کە کاری تیا دەکەین بەواتای هەول نادەین دەلالەتی شانۆیی بە شوێن ببەخشین، بەڵکو شوێنەکە وەک خۆی بەکار دێنین، بە هیچ چەشنێک دەسکاری شوێن ناکەین، ئێمە لەو ئەزموونە تەنیا دیکۆرمان بەلاوە نەنا، بەڵکو سوور بووین لەسەر ڕەتکردنەوەی مۆسیقا و روناکی و جلو بەرگ، ئەوەش هاریکاری ئەوەی کردین کە بتوانین ڕێگایەک خۆش بکەین بۆ ئەزموونێک کە پابەست بێت بە هەندێک لە بنەماکانی شانۆی هەژار، بەڵام بێئەوەی بیەوێ شانۆی هەژار بەرهەم بێنێتەوە، رێگایەک بەرەو ئەزموونی ترمان بینێت ئەویش (هاملێتی کەرکوک)(٧١) بوو، بەوەی ئەو ئەزموونە کە دوا ئەزموونی ئەو قۆناغەمان بوو لەسەر تێڕوانینی گرۆتۆفسکی کارمان کرد. ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژی پرۆڤە ڕوومان کردە کۆنە خانوویەکی دوونهۆمی ناو قەڵا، بەپێی خاسیەتی شوێن پانتایی و پەیوەندی نێوان جەستەکان بنیات دەنران، ئەوەش بە چۆنیەتی ئیشکردنمان لەنێو بۆشاییەکانی شوێن، ئەوەی ئێمە لەم ئەزموونە لە گرۆتۆفسکی وەرمان گرت چەمکی سرووت و کولتور و سیمیۆلۆژیا بوو، شیکردنەوەی دەروونی کە یەکێکە لە بنەماکانی شانۆکەی ئێمە بەتەواوی فەرامۆشمان کرد، جل و بەرگ

وەک ئاماژەیەکی کولتوری رۆڵێکی کاریگەری بینی لەو ئەزموونە، وەک چۆن ئاگر بۆ ئێمە لەوەپێشیش چەمکێکی رۆحی هەیە، ئەو چەمکە بۆ ئێمە دیسان ئامادەگی هەیە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی جەستەی کوردی بە ئاگرەوە لای ئێمە کێشەیەکی رۆحی و ئیستاتیکیە، هەر ئاگریشە لەدواجاردا دەبێتە بونیادێکی نێو سرووتی وێنە، بینەر دیسان لەو هاوکێشەیەدا بەشێکە لە جەستەی سرووت، وەک لە بەخاک سپاردنی هاملێت لەتەک جەستەی ئەکتەرەکان ماڵەکە بەجێ دێلن و لەگەڵ ئۆڤیلیا گۆرەکەی هاملێت گوڵ باران دەکەن، ئەم ئەزموونە کۆتایی هاتن بوو بە قۆناغێکی تری ئەزموونکاری و گەڕان بوو بەدوای سەرەتایەکیتر، بەلای هونەرمەند (کاردۆ محەمەد) ئەم نمایشە لە تەواوی ئەزموونەکانی تری تیپی ئەزموونگەری کەرکوک جیاوازە، ئەو دوای ئەوەی لەسەر جورئەتی ئەو ئەزموونە دەوەستێت بەتایبەت لەناوبردنی بە هاملێتی کەرکوک، لەبارەی چەمکی ئیشکردنەوە لەسەر بۆشایی شانۆش دەڵێت "ئەوەی بەلامەوە گرنکە مامەلەکردنی دەرهێنەرە بۆ ئەکتەر و شوێنەکە، وەک ستایلێک بۆ تیپەکە ئەوەیە ئەکتەری لە شانۆی عولبەوە بۆ شانۆی جیاجیاکان دەرکرد، وەک نمایشەکانی پێشووتری کە لە قشلە بوو، پێش ئەم نمایشە نمایشێکی تریان کرد هەر لە قەلا بەلام بە ستایلێکیتر، ئەبینی لە ئیشێکەوە بۆ ئیشێکیتر جیاوازە، لەجۆرە سرووتێک بۆ سرووتێکیتر جیاوازە، دەرهێنەر لەڕێی بیرۆکەی خۆی و لەڕێی پەروەردەکردنی ئەکتەرەوە مانای جیاوازی بە شوێنەکە بەخشی لەڕێی نمایشەکەوە"(٧٢) هونەرمەند (سیروان بێلانە) مەترسی ئەوە دەردەخات کە ئەکتەرەکان لە ئەزموونەکانی داهاتوو خۆیان دووبارە بکەنەوە، ئەگەرچی لەبارەی ئەزموونەکە بۆچوونی وایە کە دەرهێنەر وایکرد "ئیتر بینەر بە هاملێت بڵێت هاملێتی کەرکوک، ئەم کارانە وادەکات کە داهێنانی شانۆ درووست بێت لە کەرکوک" (٧٣) لەبارەی ئەزموونەکە و ئەو بۆچوونانەی کە لە کۆڕی هەڵسەنگاندنەکەدا کاتێ بۆچوونێک هەبوو پێی وابوو کە ئەکتەر بۆچی لەڕێگەی جولەوە بە ئاماژە دەری دەخست؟ ئەو بۆچوونە ئەوەی گەڕاندەوە بۆ کەمتوانایی ئەکتەر، کەچی شانۆکار (قاسم غەمگین) دوای ئەوەی ئاماژە بە تازەیی ئەو ستایلی کارکردنە دەکات، کە جەستەی ئەکتەر توانای دوانی هەبووە دەڵێت "لەکۆتایی نمایشەکە دەرگای گفتوگۆ کرایەوە توانرا بینەر چەند تێبینیەک و چەند ڕەخنەیەک بگرێ، نیهاد جامی توانی بەشێوازێکی ستاتیکی جوابیان بداتەوە، کە ئەو کارەی ئەو کردوویەتی وانیە بەهەڵە تێنەگات بۆی شیکردەوە، یەکێک لەو ڕەخنانەی بینەر ئەو کچە بۆ بە ئیمائە دەری نەخست بۆ بە حەرەکە دەریخست، من لێرەدا دەڵێم ئەو بینەرە خوێندنەوەی کەمە بۆ ئەو جۆرە ئیشانە" (٧٤) لەگەڵ دەرخستنی ئەو



بۆچوونە جیاوازانە، خاڵێکی زۆر گرنگ لەو ئەزموونە ئەوە بوو چەمکی دەرهێنان ڕەتکراوەتەوەو لەشوێنیدا دارشتنەوەی پانتایی بوونی هەیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کەئێمە دەقێکمان نیە تا لەسەر شانۆ دەریبهێنین، بەڵکو رۆحی شکسپیر خۆی گرنگە، لەسەرمانە ئەو رۆحە سەرلەنوێ لە پانتایی دابڕێژینەوە، ئەوە نووسینەوەی جەستەیە لەبۆشایدا، ئەو چەمکە (داڕشتنەوەی پانتایی) ئەبەدی نیە، دەکرێ پابەست بێت تەنیا بەم ئەزموونەوە، بەتایبەتی کە ئێستا بەبیرۆکەیەکی جیاوازەوە خەریکین، بیرۆکەی ئەوەی بەیەکجاری دەقی شانۆیی ڕەت بکەینەوە، بەواتای لەکاتی پرۆڤەدا هیچ بیرۆکە و هێلکاریەک و سیناریۆیەک نەکەینە بنەمای کارکردن، بەڵکو مەشقەکانمان دەقی شانۆیمان بۆ بخولقێنی، دەقێک بریتی بێت لە جولە و ئاماژە و پەیوەندی دەلالی جەستە بەیەکتریەوە، بڕوامان بەوە هەیە کە ئەو رۆژگارە ساتەوەختی هاتنە دی قسەکەی (گۆردن گریک) ە کاتێ ئایندەی شانۆی بۆ جولە و ئاماژە گەڕاندەوە، بڕواشی وابوو، کە رۆژێک دێت دەقی شانۆیی بوونی نەمێنێت، ئەگەر ئەو ووتەیە ئەمرۆ شانۆی کوردی بڕوای پێنەهێنێت، ئەوە بۆ ئێمەی ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک ئەمرۆ رۆژی هاتنە دی ئەو پەیڤەی گۆردن گریکە، بۆیە هاملێت بۆ ئێمە بووە زەمینەیەک تاوەکو تێکست بە تەواوی ڕەت بکەینەوە، "چۆن شکسپیر بخوێنینەوە؟ پرسیارێک هەمیشە بەرەو تێڕوانینی جیاواز پەلکێشمان دەکات، بەتایبەت ئەو کاتانەی دەمانەوی بونیادی نەووتراوی تێکست بخوێنینەوە، ئەوە تێگەیشتنێکی ئەزموونگەریە لە شانۆدا، شکسپیر لەناو کلاسیکەوە دەبەینە لابۆرەکەی گرۆتۆفسکی، ئاخاوتن لەناو ئاماژەکانی جولە دەردەکەونەوە، تێکست لەچەند دێرێکی لەبیرکراو زیاتر نیە، ئیشکردنی لابۆریانە دەیهێنێتە ناو زەمەنی هەنوکەییمان، زەمەنێک ئامادەبوونی جەستەیە لە پانتاییدا، بەشێکی زۆری کارەکتەر ئامادەبوونی نابێت لەو زەمەنە، ئەوانیتریش لەناو زەمەنێکی نوێ دەردەکەون، ئەوە پەیوەندیکردنەوەیە بە تێکستەوە، بەلام بە خوێندنەوەیەکی جیاواز، تیایدا هاملێت بەرەو خانویەکی کۆنی قەلای کەرکوک دەهێنرێت، ئەوە هاملێتی دانیمارکی نیە ئەوە هاملێتی کەرکوکە، خاسیەتەکانی ئیرەی پێبەخشراوە، نووسینەوەی تێکستێکی نوێیە، تێکستێک لەکاتێ مەشق و پرۆڤە و گەڕان نووسراوەتەوە، دەرفەتێکی ترمان بۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هەمیشە شکسپیر بە زیندوویی ببینین، نەیەڵین لەناو زەمەنی تۆز لێنیشتووی ڕەفەی کتێبخانە قەبەکان بمرێت. دەرهێنانی شانۆیی لەو ئەزموونەدا خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ تێکست لەسەر تێڕوانینە ئەزموونکاریەکانی گرۆتۆفسکی، بەلام بەهیچ جۆرێک مەبەستمان خولقاندنی ئەزموونی شانۆی هەژار نیە، بەڵکو

ویستومانە لەسەر تێڕوانینەکانی ئەو ئەزموونکارە بۆ "جەستە، سیمیۆلۆژیا، کولتور" کار بکەین، تەنانەت هەردوو چەمکی "دەنگناسی و شیکردنەوەی دەروونی" گرۆتۆفسکی لای ئێمە بەتەواوی فەرامۆش کراوە، لەکاتێکدا لای گرۆتۆفسکی شانۆکەی بایەخ بە جل و بەرگ نادات، ئێمە لەو ئەزموونەدا بەپێچەوانەوە بایەخمان پێداوە، ئەوەش وەک ئاماژەیەکی کولتوری، بەمەبەستی گەڕان بەدوای ئەزموونێکی جیاواز، ئەزموونێک نەتوانێ کۆنترۆڵمان بکات، ئێمە لە گەڕاندا ین، بەڵام لەئێستادا دەسبەرداری تیۆری ئەزموونکاران و میتۆدە شانۆیەکان نابین، بەڵکو بەپێی کارکردنی خۆمان هەوڵ دەدەین میتۆد بەکار بێنین، هەر ئەوەشە ئێمە لەزۆر گروپ و تیپە شانۆیەکانی تر جیا دەکاتەوە، خەڵکانێکیش هەست بەو ڕاستیە دەکەن، بۆیە بەشێکیان بوونە بە بینەری بەردەوامی کارەکانمان ئێمە ئەو بینەرە بە بەشێک لە ئەزموونەکانمان دەبینین خۆشەویستی ئەوانیش وامان لێدەکەن هەمیشە ماندوو بوون نەزانین و بەردەوام کاربکەین، هەندێکی تریش بەپێچەوانەی ئەو بینەرە بەشێک لە شانۆکاران سەنگەری شەڕفرۆشتنیان لی گرتووین،(٧٥) ئەگەرچی وەڵامی ئێمە بۆ ئەوان تەنیا کارکردنی بەردەوامە، ئەوان قسە دەکەن ئێمە کاردەکەین، ئەگەرچی شەری ئەوان لەگەڵ ئێمە شەڕفرۆشتن نیە بە ئێمە، بەڵکو شەڕفرۆشتنە بەڕەوتی ئەزموونگەری لەشانۆی شارەکەدا، ئەوەش بە شەڕی کولتوری دەبینین، بەڵام ئەوان بوونە بە کاسێتێکی تۆمارکراو ڕادیۆیەکن قسە دەکەن و هیچ نابینن و هیچ نابیستن، چونکە گرفتی ئەوەیان هەیە پێمان بڵێن ئەوان بەردەوامن ئەزموونەکانی ئێمە بۆ ئەوان کۆنن، بەڵام بەڕاست ئەوان چیان کردووە؟ ئەی ئێستا دەیانەوێ چیبکەن ئەوە کارەکانی ئێمە ئەی کارەکانی ئەوان کامانەن بۆ نەیانتوانی هیچ کاریگەریەک لەدوای خۆیان بەجێبێلن، ئێمە.. نەوەی ئێمە.. نەوەی ئازادی هاتینە سەر وێرانەیەک ڕابردوو هیچی بۆ بەرهەم نەهێنابووین، بۆیە ناچاربووین خۆمان لە ئێستای خۆماندا شانۆیەکی ئەزموونگەری و جیاواز بنیات بنێین ئەوە تەنیا تیپی ئەزموونگەری نیە بەتەنیا لەکاروانەکەدا، بەڵکو شانۆکار و گروپی تریش لە شارەکەدا هەڵگری هەمان پرۆژەن بە هەمووممان دەتوانین وا بکەین هەموو ئەو پرۆژە شانۆییانە بەردەوام بن و ئەزموونی گەشاوەتر بەرهەم بێنین"(٧٦)

ئەو ئەزموونە توانای ئەوەی هەبوو ئەو قۆناغە بگەیەنێتە ئاستێکی پێشکەوتوو بەوەی بەرەو قۆناغێکی نوێ بچین، چونکە لەڕوویەکدا بەرەو تێڕوانینی فەلسەفی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەبردرین لە ڕوویەکی تریش گۆڕینی لەسەر چەمکە باوەکان لا خولڵقاندین، ئەوەش تەنیا لەڕووی ناونانەوە گۆڕین نەبوو بەڵکو پەیوەندیەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە " ئێمە بڕوامان بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەسەڵات و گوتارەکەی هەیە لەتەواوی شانۆدا داڕشتنەوەی پانتایی پەیوەندی جەستەیە بە



بۆشاییەوە، من ڕێکخەرێکی نێو ئەو پانتاییەم بەخشینی ڕەهەندی دەلالی بەرهەم دێنم، بە کورتی ئیدی لە ئەزموونەکاندا من دەرهێنەر نیم، دەشێ چەمکی داڕشتنەوەی پانتایی پابەست بێت بەم ئەزموونەوە ئەو چەمکەش لەداهاتوو گۆڕانی بەسەردا بێت، من بیریارێکی فینۆمینۆلۆژیم لەشانۆدا، لەناو شانۆ بیردەکەمەوە بە دیاردەگەراییەوە خەریکم" (٧٧) ئەوە پەیوەندیەکی قووڵی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و فینۆمینۆلۆژیایە، بۆیە هەمیشە پێویستم بە گەڕانەوەیە بۆ زانستە مرۆییەکان و کولتور، چونکە شانۆیەکە لە قووڵایدا کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا و جەستەی ئاهەنگسازانی نمایشەکە لەناو ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی نمایشی شانۆیی چڕ دەکەمەوە، ئەوە زەمەنی ئێمەیە زەمەنێک کە بە تۆی وەرگر تەواو نامۆیە، ئێمە لەبەیەک گەیشتنی جەستەی ئاهەنگساز (ئەکتەرەکان) لەگەڵ جەستەی وەرگر (بینەر) ئەزموونی بینین دێنینە کایەوە، ئەزموونێک بەتەواوی دەسەڵاتی دەرهێنەر لەمن دەسێنێتەوە دەمکات بە ڕێکخەرێک کە داواجار ئەو ڕێکخەرە بینەرێکی بەشداربووی ئەو ئەزموونەیە، بەڵام بینەرێک ناو دەنرێت (بینەری یەکەم) ئەوە یەکەم جارە من ئەوە ڕابگەیەنم، بەڵام ئەوە تەنیا بیرۆکەیە لەکارەکانی داهاتوومان لەبارەی ئەو چەمکانە گفتوگۆی ڕەخنەیی و کۆڕی شانۆیی لەبارەوە ساز دەکەین" (٧٨)

ئەوەش خەونێکی ئەزموونکاریە بەوەی لێرەدا سەرلەنوێ ئارەزووی گەڕان و پشکنین بەرەو کاری تر دەمانبات، ئێمە شوێنێکمان نیە بڵێین لەوێ دەوەستین تا پێمان وابێت نهێنی ئەزموونەکەمان دۆزیوەتەوە، نا ئێمە ئەو کاتانەی هەستمان بە دۆزینەوەی ئەو نهێنیە کرد، هەست دەکەین قۆناغێکی ئەزموونکاریمان بڕیووە، بەڵام قۆناغێک پێویستی بە گەڕانێکی ترە بۆ پشکنین، وەک چۆن قۆناغی یەکەمی هەولێر پێویستی بە ئاشکرا کردنی نهێنی تر هەبوو، کە لە کەرکوک دەستمان پێکرد- بەدوای کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغەش، قۆناغێکیتری ئەزموونکاریمان دەست پێکرد، ئەو قۆناغەش تەواو جیاواز بوو، لێرەدا هەوڵەکانی قۆناغی دووەم کە بە (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) ناومان برد، لەشێوەی مانیفێستێکی شانۆیی تیۆریزەی دەکەین.

# مانیفێستی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ

دەق چ دەسەڵاتێکی هەیە؟ ئایا دەق توانای هاتنە نێو ئەو پانتایە ئەفسونییەی هەیە؟ دەق نووسراوێکی ئەدەبی سەر کاغەزە، ئەو دەقە بیرۆکەیەکە بۆ کارکردن، بەهەند وەرنەگرتنی تەواوی دیالۆگەکان بێبایەخکردنی نووسەر نیە، بەڵکو نووسەر بەشێوەیەکیتر دێتەوە ناو نمایش، بیرۆکەی سەرەکی نووسەر وەردەگرینەوە، بەڵام ئەو بیرۆکەیە بەپێی تێپەڕینی زەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوە بەتەنیا ڕزگارکردنی شانۆ نیە لە ئەدەب، بەڵکو دۆزینەوەی زەمەنێکی ئەفرێنەریشە لەناو جیهانی دەقدا ، خوێندنەوەیەکی جیاوازە، بەخشینی خاسیەتی نوێی زەمەنی ئێمەیە، بۆ ئەوەی لەوانیتر نەچین، بوونی خاسیەتی جیاواز ئومێد و خەونێکی هەمیشەییمانە، ئێمە نامانەوێ لەکەس بچین، دەمانەوێ خۆمان بین، لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی دەیالۆگ و سڕینەوەی ئاخاوتن، زمانێکی یەکگرتوو دێنینە کایەوە، کە زمانی جەستەیە، جەستە بەتەنیا نمایشێک بەرهەم ناهێنێت، جەستە دێت بۆئەوەی لەڕێگەی جولەوە دەق بنووسێتەوە، چیتر دەقی شانۆیی بە قەڵەم و کاغەز نانووسرێتەوە، دەقی شانۆیی لە بۆشایدا بە جەستەی ئەکتەر دەنووسرێتەوە، ئەو دەقە دەقی نمایشە، دەقێکە جولە و ئاماژەو بێدەنگی، زمانێکی سەربەخۆی تیا درووست دەکەن، هەندێک جار دەق بۆ ئێمە بریتیە لەچەند هێلکاریەک، مەبەستیش تەنیا هێلێکە بۆ کۆبوونەوە، تەنانەت ئەو سیناریۆ شانۆییانەی دەیاننوسین، هەرگیز بەئەنجامیان ناگەیەنین، بەهۆی ئەوەی وێنە و جولەیتر ڕۆژانی پرۆڤە دێنە شوێنی، ئێمە ناتوانین تاتەواو بوونی کارەکە پابەستی یەک شێوە وێنە و ڕووداو بین، بەپێی ڕۆژەکان وێنە و ڕووداوەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت، تا لە شوێنێک ئەو وێنانە دەچنە ئاستێکی پێشکەوتوو، ناڵێین کامل بوون، چونکە قۆناغی کامل بوونی وێنە بوونی نیە، دەشێ ئەو ئاستەی پێی دەگەین هێشتا بەرەو گۆڕانیتر بڕوات. هەمیشە پێویستمان بەو دەقانە هەیە کە شیعریەتی شوێنی تیا وەدەست دێنین، شیعریەتی شوێن بەرەنجامی تەوزیف کردنی شیعری ووتراوە، بۆ جەستە و سینۆگرافیا و ڕووبەرە ئاشکرا نەکراوەکان، ئێمە ئەوانە لە دەق ناخەینە ڕوو کە دەیالۆگ دەریدەبڕێت، کاری ئێمە هەڵێنجانی ئەو شیعریەتەیە کە دەق نەیووتوە، هەر بەو شێوەیە سەیری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) مان کرد، ڕزگارکردن لە ووتراو ئازادبوونی جەستەیە لەناو شیعری پانتایی، هەر بۆیە هەندێک جار لەگەڵ ئەکتەرەکان لەخۆمان دەپرسین: ئایا هەموو گەورە نووسەرانی دنیا توانای ئەوەیان هەیە بێنە ئەو



پانتاییەی ئێمەوە؟ ئایا ئەپسن و برێخت و سۆفۆکلیس و کامۆ و براندیللۆ دێنە ناو ئەو پرۆژەیەمانەوە؟ دیارە ناتوانین لەتەک جیهانی ئەواندا کار بکەین، نەک بەهۆی ئەوەی ئەوان شیعریەتی شانۆیان تیا نیە، بەڵکو ئەوە ئێمەین ناتوانین لەتەک ڕۆحی ئەوان زەمەنێکی جیاوازیان پێ ببەخشین، کە زەمەنێکی سەرمەدی و ئەبەدی بێت، لەکاتێکدا ئەو زەمەنە توانای نزیک بونەوەی زیاتر لەلای (بێوەڵامی وەهم) ی خانمە نووسەری عومانی (فاتمە ئەلشیدی) هەیە، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە شیعریەتی شوێن پەیوەندی بە ڕەگەز و زمان و نەتەوە نیە، فەڕەنسی بوون و کوردی بوون و عەرەبی بوون گرفت نییە، گرفت لەوەدایە گەر دەق لەناو نائامادە بوونی شیعریەتی شوێندا بێت، ئێمە چی لەدەقێک بکەین با کوردیش بێت، بەڵام پرۆسەی نووسین پرۆسەیەکی ئەدەبی دوور لە شیعریەتی شانۆ و شیعریەتی شوێن بێت. شیعریەتی شوێن پەیوەندی بەو ڕووبەرە جوانکاریی و فەلسەفیەوە هەیە کە توانای دۆزینەوەمان بۆی هەبێت، هەر بۆیە وارێک کەوتووە لە نەدۆزینەوەی ئەو دەقانە هەوڵمانداوە بەپێی خواستی کارەکە سیناریۆی شانۆیی بۆ بنووسین، ئەوە هەوڵێک نەبووە بۆ نووسین، بەڵکو پرۆژەیەکی هێلکاری بووە بۆ نمایش، هەمیشە لە ئامادە نەبوونی دەقەکانەوە نووسیومانە، دەنا کاری ئێمە نووسین نیە، بەڵکو بەخشینی ڕەهەندی دەلالی نوێیە بە دەقەکانەوە لەڕێگەی کارکردن لە پرۆڤەکاندا. ئێمە لەکارکردندا بڕوامان بەوە نیە دەقی شانۆیی بەرهەم بێنین، بەپێی خاسیەتی ململانی و کارەکتەر و گرێ چنی درامی، ئەگەر وابوایە خۆمان پابەستی دەقی نووسراو دەکرد، ئێمە هەرگیز ئامادە نین کار لەو جۆرە دەقانە بکەین کە بۆ بانتۆمایم نووسراون، لە نمونەی (دیمەنێکی بێدەنگ) ی سامۆئیل بیکت، دیارە لەکاری بانتۆمایمدا شانۆکارانێکی زۆر هەن کار لەو جۆرە دەقانە دەکەن، کار نەکردنی ئێمە لەو جۆرە دەقە نووسراوانە بەهەند سەیر نەکردنی ئەو سیناریۆ شانۆییانە نیە، بەڵکو بەشێوازێکی سەرەتایی بۆ جولە نووسراوەتەوە کە دیسان دەبێت ببینە کۆیلەی جولەی گریمانکراو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئێمە مەبەستمان خوڵقاندنی دەقی پێرفۆرمانسیە، لەو دەقەدا سێنتەری چیرۆک بوونی نیە، بەڵکو سێنتەر هەڵوەشێنراوەتەوە، ئێمە لەبەرامبەر بونیادەکاندا لەساتی بەر لە بوونی سیستمی ڕێکخەری گوتار داین، بۆیە بڕوامان بە سێنتەری نمایش نیە، وەک چۆن کارەکتەر لەزۆربەی ئەزموونەکانمان بوونی نەبووە، بەڵکو فیگور هەبووە، فیگورەکانی جەستە نوێنەرایەتی نێو وێنەیان کردووە، چەند فیگورێک نوێنەرایەتی کارەکتەرێک دەکەن، ئەوە وادەکات تاکە ئەکتەرێک بەتەنیا نوێنەرایەتی کارەکتەری هاملێت نەکات، بەڵکو چەند فیگورێک لەناو کارەکتەری هاملێت دەربکەون، جگە لەوەی ڕووداو و دیمەنی بەدوا یەک هاتوو بوونی نیە، بەڵکو وێنەکان پەیوەندیان بە

وێنەی دوای خۆیانەوە نیە، ئەوە (گریمانی یاد) ە گریمانکردنی یادەوەریە، یادەوەری وەرگر و یادەوەری جەستە بەشداری لەو گریمانەیە دەکەن، ئەوە وەرگرە بەدوای پرۆسەی وەرگرتن وێنەکان ڕێکدەخات، مەرج نیە وەرگرەکان هاوڕابن لەسەر بەدوا یەک هاتنی وێنەکان. یاخود لە هەندێک حالەتدا کە فیگورێک نوێنەرایەتی چەند کارەکتەرێک دەکات، فیگوری (دیدار مەجید) لە ئەزموونی (زولێخا لەخەونی یوسفدا) نوێنەرایەتی زولێخا و دایکی یوسفی دەکرد، فیگور بەپێی بونیادی دەلالی وێنە و موفرەدەکانیەوە دەردەکەوێت، ئەوەش گۆڕینی هاوکێشەی شانۆیە بەوەی دەقی شانۆیی بنەمای سەرەکی نیە، بەڵکو جەستەی بەشداران بنەمای سەرەکین، بۆ ئێمە شانۆ بەبێ دەق گرفتێک نیە، ئێمە لەشانۆدا بروامان بە هاوکێشەی (دەرهێنەر +ئەکتەر+شوێن+دەق) هەیە. بۆچی شوێن پێش دەق کەوتووە؟ چونکە ئێمە دەق نابەینە شوێنێک بیرۆکەی بەسەردا بسەپێنین، بەڵکو بەپێی خاسیەتی شوێنەکە جەستەی ئەکتەر دەق لەناو ئەو شوێنە دەجولێنێت، شوێن وەک ئەوەی پێویست دەکات، بەپێی بۆشایی و بارستاییەکانی ڕووداو بۆ دەق دیار دەکات. ئێستا با بپرسین: ئەو شوێنە چیە؟ ئایا شوێنێک نیە لەسەر تەختەی شانۆ؟ ئێمە لەتەواوی ئەزموونەکانی ئەو قۆناغەماندا شوێن وەک تەختەی شانۆ هەڵنابژێرین تا دواتر دیکۆری بۆ دروست بکەین، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک ڕوو ناکەینە هۆڵی شانۆ، هەمیشە ئەو شوێنەی بۆ پرۆڤە هەڵی دەبژێرین هەر ئەو شوێنەشە کە نمایشی تیا دەکەین، جا ئەو شوێنە ژوورێک بێت یا شوێنێکی شوێنەواری وەکو قشلە یا قەڵا، لەو شوێنەدا دیکۆر بۆ ئەکتەر دروست ناکەین، چونکە ئەگەر دیکۆرمان دروست کرد، ئەی بۆچی هاتوینەتە ئەو شوێنەوە؟ ئەوسا دەبێت بچینەوە هۆڵی شانۆ، بۆ ئێمە شوێنەکە خۆی دیکۆرە، بەمانای شوێنەکە چۆنە وەک خۆی سەیری دەکەینەوە، دەسکاری بیناسازی شوێن ناکەین، بەپێی گریمانی بیناسازی شوێنەکە دەجولێینەوە، شوێن لە شوێنێکی ناشانۆییەوە دەیکەینە شوێنێکی شانۆیی، هەر بۆیە هەڵبژاردنی شوێن بۆ ئێمە زۆر لە هەڵبژاردنی دەق گرنگترە، کاتێ دەق نەبێت خۆمان دەق دروست دەکەین، بەڵام بەبێ شوێن و پانتایی جیاواز هیچمان پێناکرێت. جەستەکان تەنیا (پارچە قوماش، مۆم، تۆڕ، شمشێر، مەشخەڵ) وەک موفرەدە بەکار دێنن، ئەم ئەزموونانە دابڕاو نەبوون لە ئەزموونی شانۆی جیهانیەوە، بەڵکو لەناو ئەزموونی ڕێبەرە ئەزموونکارەکانی وەکو تایرۆف و ئارتۆ و گرۆتۆفسکی ئەزموونیان کردووە، بەڵام ئەزموونگەلێک ویستویەتی لە هەندێک بنەماکانی ئەزموونکاراندا گۆڕانکاری بکات، زیادکردنی چەمکی پێرفۆرمانسی و گریمانی یاد بۆ شانۆی توند و تیژیی یاخود گۆڕینی ووشە بە جولە لەشانۆی ژوور. گەڕانەوە



بۆسەر دیارترین ئەزموونەکان بەمەبەستی بنیاتنانی ئەزموونی سەربەخۆیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا، بەتایبەت ئێمە لایەنێکی گرنگی ئەو ئەزموونەمان فەرامۆش نەکردووە کە چەمکی ئەنترۆپۆلۆژیە (مرۆڤناسی)، بۆیە ئەم قۆناغە بۆ ئێمە قۆناغی ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بوو، بەهۆی ئەوەی سرووت ڕۆڵێکی سەرەکی لەناو وێنەی شانۆیی دەبینێت، سرووت لەبنەڕەتدا کەرنەڤاڵێکی رۆحی مرۆڤەکانە، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەگروپە کۆمەڵایەتیەکە لەرێگەی سرووتەکانیەوە، بەڵام بۆ ئێمە سرووت لە شانۆدا هەڵگری چەند رەهەندێکی دەلالیە لە (سەگ ودەف) دا دوای ئەوەی پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژی نێوان مرۆڤ و سەگ دەچنە ناو یەکتریەوە، سرووت لەڕێگەی دەف و جولانەوەی جەستەکان دەبێت بە پرۆسەی پاکبوونەوە، بۆ ڕزگاربوون لە گیانی شەڕانگێزی مرۆڤەکان کە هەر لە سەرەتاوە پەلاماری بینەرانیان دەدا، سرووت لێرەدا بە مەبەستی پرۆسەی پاکبوونەوەی جەستەکان بوو، لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) سرووتی سوتاندنی کتێب و ئاگر کردنەوە گەڕانەوەیە بەرەو رۆحانیەتی مرۆڤ، لە (خاچ) دا سرووت توانای دوورکردنەوەمانی هەیە لە عەقڵانیەتی باو، لەو ڕێگەیەوە دەمانگەڕێنێتەوە ناو نەست، تاوەکو نهێنی پەیوەندی جەستەکان بەیەکتری بناسین.

ریتوالی نێوان جەستەیە بە زانست و کولتورەوە، زانست چ وەک ناسینی پەیوەندی جەستەی کوردی، چ وەک کولتور بۆ فیگوری ئەو جەستەیە، کاتێ هەمیشە ئاگر وەک دەلالەتێکی کولتوری دێنینەوە، بەڵام ئەو دەلالەتە لە پەیوەندیەکی هارمۆنیدایە لەتەک زانستدا کە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بنیات دەنێن، ئەوە لەناو خۆیدا هەڵگری گوتاری کینزیا (جولەی جەستە)یە بە ئەنترۆپۆلۆژیاوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە وا سەیری ئەزموونەکان ناکەین کە ئەوە شانۆ بێت، بۆیە زیاتر لە ڕوناکی و مۆسیقا و جل و بەرگ و هەر پێداویستیەکی تری شانۆیی دوور دەکەوینەوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە پێویستمان بەوە نیە بە وەرگر بڵێین تۆ لە شانۆدایت، بەڵکو وەستانی بینەر و دانەنیشتنی و تێکەڵ بوونی بە ئەکتەر پێمان دەڵێت: ئەکتەر وەکو بینەر دێتە ئەو شوێنەوە، بینەر چۆن بۆ کارەکەی ئێمە جل و بەرگێکی تایبەت لەبەر ناکات، ئەکتەرەکانیش بەهەمان شێوە لە جل و بەرگی شانۆیی دوور دەکەونەوە، ڕوناکیمان نیە بەو مانا شانۆییە مۆم یا مەشخەڵی ئاگرمان هەیە، ئەوەش بەمەبەستی ڕوناکی بەخشین نیە بە نمایشەکە، بەڵکو وەک موفرەدەی ناو سرووتە شانۆییەکە دەردەکەوێت، لەو ئەزموونەدا تواناکانی جەستە و خەیاڵی دەرهێنەر و ئامادەبوونی شوێن دەبنە بنەما سەرەکیەکانی سرووت، سرووت نمایش بنیات دەنێت، نمایشێک بریتیە لە (زانست، کولتور، فەلسەفە) زەمەن زەمەنی هەنوکەیی جەستەیە، بەڵام زەمەنێک دەگەڕێتەوە ناو یادەوەری تاوەکو

لەڕێگەی فیگورو شوێنەوە زەمەنێکی فەلسەفی وەدەست بێنێت، کە زەمەنی منی کوردیە، زەمەنێکە خەیاڵ و توانا و کولتوری کوردی بەرهەمی دێنێت، بەڵام خۆی دانەبڕیووە لە میتۆدە جیهانیەکان، ئەوە جیاوازی ئێمەیە، ئێمە چەمکی کولتور بەکار دێنین نەک کەلەپوور، چونکە ڕەسەن بوون بریتی نیە لە نمایشکردنی دیمەنی مۆزەخانە و گۆرانی کوردی، ڕەسەن بوون بەرهەمی بیرکردنەوە و عەقڵی ئێمەیە، هەر کاتێک خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئێمە لە شانۆدا ئامادەبوونی هەبوو، باگفتوگۆی کوردیمان نەبێت با جل و بەرگیشمان کوردی نەبێت ئێمە ڕەسەنین، ناکرێ ڕەسەنایەتی لە جل و بەرگ و قسە کردن کورت بکەینەوە، ئێمە سەیری شانۆ ناکەین بەوەی ئێمە لە کوێین؟ ئاستی شانۆی کوردی چۆنە؟ شانۆکاران بە چ ستایلێک کار دەکەن؟ ئێمە واسەیری شانۆ دەکەین کە لە جیهاندا لە چ ئاستێکە، ئایا دەکرێ خۆمان بە گرفتی نەتەوەیی لە شانۆدا خەریک بکەین بەو بیانووەی جارێ ئێمە دەوڵەتمان نیە، دەبێ شانۆ لەخزمەتی شوناس و کەلەپووری کوردەوە بێت. ئەو کاتانەی چەمکی کەلەپوور بە کولتور دەگۆڕین مەبەستمان ئاستێکی فراوانترە بۆ کوردیی، دواتر بیرمان نەچێت کەلەپوور بەتەنیا گوزارشت لە ڕابردوو دەکات، هەرچی کولتورە گوزارشت لە تەواوی زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و هەنووکەمان دەکات، شانۆ کەناڵێکە لەناو کولتور، بەڵام هەرگیز شانۆ کەلەپوور نیە، شانۆ دامەزراوێکە لەناو کولتور، دیارە دەبێ ئەوە بزانین شانۆ بۆ شانۆکاری خۆرئاوایی بەرهەمی ژیارە، بەوەی شارستانیەت و ژیاری خۆر ئاوایی لەناو شانۆدا بوونی هەیە، شارستانیەتی ئەو بریتیە لە شانۆ، بەڵام بۆ ئێمە شانۆ جیاوازە، لەناو ژیار و شارستانیەتی کوردی شانۆ بوونی نیە، شارستانیەتی کوردی بریتیە لە شکست و سەرکەوتن و دۆخی دەروونی کارەکتەرەکانی ڕابردوو، بۆ ئێمە شانۆ وەک بەرهەمێکی مۆدێرنیتی سەیری دەکەین، بە دامەزراوێکی مەدەنی لێی دەڕوانین، ئەو کاتانەی مومارەسەی شانۆ دەکەین، دەمانەوێ مومارەسەی دامەزراوو ئۆرگانێکی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، کەچی ڕێک کێشەکان هاودژ کەوتوونەتەوە، شانۆکاری خۆر ئاوایی شانۆ ناگەڕێنێتەوە ناو ڕابردوو، لەکاتێکدا ڕابردوو بۆ ئەو شانۆی بنیاتناوە، کەچی ئێمە کە ڕابردوویەکی ئەوتۆمان نیە، شانۆ دەبەینەوە ناو ڕابردوو، ئەوە دژایەتیکردنی ڕابردوو نیە، بەڵکو دژایەتی لاسایکردنەوەی ڕابردووە وەک خۆی، شوناسی کوردی لە شانۆدا لەڕێگەی ئەو لاساییە نایەتە دی، شوناسی ئێمە لە شانۆدا بەرەنجامی نمایشە مۆزەخانەییەکان نیە، بەڵکو شوناس بەرەنجامی عەقڵ و تێڕوانینی هاوچەرخمانە لە شانۆدا، وەک ئەوەی شانۆ لە جیهاندا گەیشتۆتە کوی، دەبێ لەو ئاستەوە کار بکەین، چونکە شانۆ لە بنەڕەتدا چەمکێکی خۆرئاواییە، تێگەیشتنی ڕەخنەییمان بۆ چەمکەکانی شوناس و کولتور و



ڕەسەنایەتی وامان لێدەکەن ئەو چەمکانە ببەینە ناو سرووت.. سرووتیش وەک پێگەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی جەستە لە شانۆدا ببینین، ئەوەش هەمیشە پێویستی بە ئەزموون و مەشق و گەڕانی قووڵ هەیە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی هەر قۆناغێک خەون و پرۆژەی قۆناغێکی نوێتر دەمانباتە سەر ئەزموونی جیاواز، ئەزموونێک لەوانی پێش خۆی نەچێت.وەک لە ئەزموونی (هاملێتی کەرکوک) ویستمان ئەزموونەکە بەتەواوی هەڵگری ڕۆحی ئێمە بێت چ وەک ئیشکردنی کولتوری یاخود بیرکردنەوەی هاوبەش لە ئەزموونێکی جەستەیی کە ئەزموونێک بێت هەڵگری ماناکانی جیاوازی بێت، ئێمە بەم ئەزموونە قۆناغێکی ئەزموونکاریمان بردە سەر کە تیایدا کۆمەڵە ئەزموونێکی جیاوازمان تیا بەرهەم هێنا ئەوانیش "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوک".

لەئێستادا دێینە سەر قۆناغێکیتر کە بۆیەکەمجار دەنگ دێتە ناو کارەکانمان، ئەو قۆناغەشمان ناو نا (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) کە زیاتر بەرەو نووسینێکی میتۆدی سەربەخۆ ڕۆیشتووە بەوەی دەنگ میتا حیکایەتە، بۆ ئەو میتۆدە پشتمان بەهیچ سەرچاوەیەکی شانۆیی نەبەستووە، بەڵکو بەرەنجامی کارکردنی تیۆری و پراکتیکیمان بووە لە چوار ئەزموونی شانۆیی.

# سۆسیۆلۆژیای شانۆ
# میتۆدی: دەنگ میتا حیکایەت

ئەو بابەتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی کارکردنە ئەوە گەڕانێکی ئەزموونکاری جیاوازە، گومانە لەڕابردوو، پرسیارە لە ئێستا، خوێندنەوەیەکی تەئویلکاریە بۆ داهاتوو، تێکشکاندنەوەی ئەزموونەکانی پێش خۆیەتی، بنیاتنانەوەیە لەناو گوتارێکی ئەزموونکاری نوێ، ناتەبا بوونە لەڕێگەی سرووتی شانۆییەوە، سرووتێک بەرەو شانۆیەکی فرە کولتوری هەنگاو دەنێت، ئەوە نزیک کردنەوەی کولتورەکان و دەیالۆگێکی نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکانە، تێگەیشتنێکی سۆسیۆلۆژیە بۆ شانۆ، بونیاد و پێکهاتەیەکی تر دەخاتە ڕووبەری نمایشەوە، بۆ ئەزموونی ئێمە چیتر جەستە بە تەنیا زمانی نمایش نیە، بەڵام ئەوە گەڕانەوەش نیە بۆ ووشەی نووسراو، بەڵکو دەنگ لەتەک جەستە دەردەکەوێت، دەنگ ئامادە بوونێکی نوێی جەستەیە، دەنگ ئەو بونیادە ئاهەنگسازەیە لە ڕابردوودا خنکێنراو نمایش ئەو بونیادە ئازاد دەکات، ئەوە جەستەی دەنگە، لەنێو کولتور و ئاینە کۆنەکان دێتەوە ناو جەستەمان، چونکە بووە بە بەشێک لە کولتوری جەستەمان، بەڵام جەستە تەواوی مانا باوەکانی ئەو کولتورە هەڵدەوەشێنێتەوە، لە یەکەیەکی ئاهەنگسازدا ڕێکی دەخاتەوە، ئەوەش پرۆسەیەکە بۆ لەدایک بوونی ئەزموونێکی جیاواز، ئەزموونێک توانای ئەوەی هەبێت، نمایشێک بنیات بنێت، گەڕان و پشکنینێک بێت لەناو شانۆدا، نووسراو مانایەکی تیا نیە، مانا لە کارکردنی گروپی بەشدارانە، ئەوان نمایش بنیات دەنێن، نەک بیرۆکەی نووسەر، ئەوە شانۆیەکی فکری و زانستیە، بارگاوی کراوە بە ڕۆحی تیۆریست و داهێنەران، بەڵام دەشیەوێ مۆرکی ئەزموونکاری خۆی دەربخات، گەڕانەوەی بۆ دۆخی سرووشتی مرۆڤ، هەوڵێکە بۆ دژایەتی کردنی تەکنەلۆژیا، ئەوە دژایەتی ڕەتکردنەوەی پێشڤەچوونی مرۆڤ نیە، بەڵکو دژایەتی کردنی ئەو هەوڵانەیە کە خوازیارن لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە شانۆ لە ئەکتەر بسەننەوە بیدەنەوە دەست دەزگا تەکنیکیەکان، بینەر لەو هاوکێشەیەی ئێمەدا هەست دەکات لە شانۆدایە.. شانۆیەک بەشیعریەتی شانۆ و هەستی سرووشتی مرۆڤ، بەتایبەت ئەو کاتانەی هەست دەکات ئەو وەک ئەکتەر بەسەر قاچەکانی خۆی وەستاوە و شوێنێکی نیە بۆخۆی، کورسیەک نیە ئەوی بینەر لەسەری دابنیشێت. ئەم قۆناغە نوێیە بۆ ئێمە بەرەنجامی ئەزموونەکانی ئەو قۆناغەمانە. ئێمە لێرەدا تەواوی تێڕوانین بۆ چەمک و تێگەیشتنەکانمان لەم قۆناغە ئەزموونکاریە دەخەینە ڕوو، بۆیە



هیچ کتێب و سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپشت نووسینی ئەو توێژینەوەیە نیە، بەڵکو بەدوای هەر هەوڵێکی ئەزموونکاری هەوڵی نووسینەوەی تێڕوانینەکانمان داوە، پێویستە ئەوەش ڕابگەیەنین کە ئەو ئەزموونانەی لەپشت نووسینی ئەو توێژینەوەیەوەن، ئەزموونگەلێک نەبوونە دابڕاو لەیەکتری، بەڵکو گەڕان و پشکنینێکی بەردەوام بووە لەسەر ئاستی دەنگ و جەستە لە توێژینەوەیەکی فرە کولتوریدا، بەواتای ئەو ئەزموونانە دەکرێ وەک یەک ئەزموون سەیر بکرێت، لەژێر ناوە جیاوازەکانی (یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەڵا) ئەوەش خوێندنەوەیەکی ناتەبا بووە لەنێوان کولتوری زەردەشتی و ئەفسانەی گریکی، وەک لەناونیشانەکانەوە دەردەکەوێت ویستوومانە خاسیەتی کولتوری لە ئەفسانە گریکیەکە بسەنینەوە و لەناو کولتورێکی تردا بەدوای ئەو نهێنیە ئەفسوونیە بگەڕێین کە کولتورەکان ئاوێتەی یەکتری دەکات ئەو کۆبوونەوە کولتوریە لە بنەڕەتدا لەدایک بوونی پرۆسەی جیاوازبوونە لەکاری شانۆیماندا، کە ئەمڕۆ دەتوانین وەک تیۆرێک بۆ کارەکانمان سەیری بکەین.

ئیشکردنی ئێمە لە سۆسیۆلۆژیای شانۆ گواستنەوەی ئەزمونێک نیە، وەک چۆن تیۆرێکی شانۆیی نیە بەرجەستەی بکەین، بەڵکو پەیوەندی بە کارکردنمانەوە هەیە، ئەوە ئاسۆیەکی نوێی کارکردنە لە گەڕان و توێژینەوەمان بۆ شانۆ پێی گەیشتووین، ئێمە بەدوای ئەوەی کۆمەڵێک ئەزموونمان لە قەڵا و قشلە و ژوور ئەنجامدا، تیایدا هەوڵماندا ئەزموونێک بنیات بنێین خوڵقاندنی شانۆ بێت وەک گوتارێکی جەستەیی، جەستە دەقی وەک بیرۆکەیەک بۆ کارکردن وەردەگرت، ڕۆژەکانی پرۆڤە جولە لە ئاوێتە بوونی بە شوێنی کارکردن، شانۆیەکی تایبەتی بەرهەم دەهێنا، هەندێکجار سیناریۆمان بۆ شوێنەکە دەنووسی تا بتوانین وەک زەمینەیەک بۆ پرۆڤە سەیری بکەین، ئەگەرچی سیناریۆی نووسراو هەمیشە دەچووە خزمەتی شوێنەکە، ئەوە شوێن بوو جولەی گریمان دەکرد، نەوەکو سیناریۆ شانۆییەکە بسەپێنینە سەر کارکردن، بەڵکو جەستە لە بەرەنجامی مەشق و گەڕانی لە شوێن شانۆی بنیات دەنا، بیرۆکە بە تەواوی دەگۆڕا، لەو ڕێگەیەدا کۆمەڵێک ئەزموونمان بە ئەنجام گەیاند، بۆیە پێویستمان بە ئەزموونێکی جیاواز هەبوو، جیاواز چ لە ڕووی چەمکەکانی شانۆ، یاخود لە تێپەڕاندنی شانۆیەکی تایبەت بە جەستە، ئەگەرچی لەم قۆناغ و ئەزموونەشدا ئێمە ووشە و دەیالۆگی نووسراومان نیە، بەڵام دەنگ وەک جەستە ئامادە بوونی هەیە، ئەوەش بەریەککەوتنی نێوان جەستە و دەنگە.. گەڕانێکی کولتوریە، کولتور بەو مانایە نا کە ئەوەی بووە بە شوناسی کۆمەڵگا تەنها ئەوانە ئیشیان لەسەر بکرێت، بەڵکو بەرەو ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەکانی دەگەڕێینەوە، گەڕانەوە بۆ سرووت و پەیوەندی ئێمە بە ئاگرەوە پەیوەندیەکی ڕۆحیە،

ئاگر لەناو کولتوری کوردی ڕەگێکی پۆڵینی هەیە، ئێمە زۆر بە قووڵی بەرەو ئەو ئاگرە دەگەڕێینەوە، چونکە دەلالەتێکی سیمیۆلۆژی (زانستی ئاماژە) ناو وێنەی شانۆییە.

خوڵقاندنەوەی وێنەی شانۆیی نووسینەوەی بیرۆکەیەکی نووسراوی سەر کاغەز نیە، ئەوەش نەک بەگژداچوونەوەیە بەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوومان، بەڵکو ئەزموونێکە لە ئاستی گوتاری شانۆییمان پێشتر ئەزموون نەکراوە، دەمانەوێ ئەو ڕێگایە سەختە بگرینە بەر، لەو ڕێگایەوە ئەزموونی شانۆییمان دەست پێدەکەینەوە، قۆناغی پێشووی کارکردنمان ئەو دەرگا نوێیەی بە ڕوودا کردوینەتەوە، چونکە لە گەڕان و پشکنین داین، هەر بۆیە ئەوانەی هاوکاری ئەو ئەزموونەن چەند کەسانێکی دەست نیشان کراون، بەردەوام لە گفتوگۆی ئەو ئەزموونەداین، ئەو گفتوگۆیانە بووەتە هۆی ئەوەی دەرەنجامە تیۆریەکانی کارکردن تیایدا بنووسینەوە.

ئەو نووسینەوەیە تیۆریزەکردنی ئەزموونە، دەست نیشان کردن و تێپەڕاندنی ئەو ئاستانەیە کە لە کارکردن بەجێی دێڵین، بەردەوام بەدوای ئاشکرا کردنی نهێنیە نەدرکاوەکانین، ئەوە خەسڵەتێکی جیاوازی ئێمەیە، هەمیشە ئەو کاتانەی هەست بەوە دەکەین.. ئەو نهێنیەی دەمانویست دۆزیومانەتەوە.. بەرەو نهێنیتر دەگەڕێین، ئەزموونی کارکردنم وەک دەرهێنەر.. بەدوای سیانزە ساڵ کارکردن و١٤ ئەزموونی شانۆیی، فێری ئەوەی کردم، ئەو ئەزموونە لەوەی من مەبەستم بوو گەیشتۆتە قۆناغی ئاشکرا کردن، بە تایبەت ئەو پێنج ئەزموونەی دوایی کەناومان نابوو (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) بە تەنیا هەوڵی تاکانەی من نەبوو، بەڵکو کاریگەری ئەوانەی وەک ئەکتەر لەپاڵما دەرکەوتوون، هەریەکەی توانیویەتی ئیزافە بەو کارانە ببەخشێت، بۆیە ویستوومە هەر ئەوان لەگەڵما لەو قۆناغە نوێیەدا کار بکەنەوە، بێگومان ئیدی ئەوان تێڕوانینی من ناگەیەنن، بەڵکو بۆخۆیان بوونە بە بەشێک لەو ئەزموونە، هەموومان هەستمان بەوە کرد، ئەزموونەکە لەو قۆناغەدا پێویستی بە گەڕانی ئەزموونکاریانەی ترەوە هەیە، ویستمان بەرەو ئەزموونێکی جیاوازتر بڕۆین، ئەزموونێک دەق وەک بیرۆکەش قبووڵ نەکەین، بەڵکو لە کاتی کارکردن بتوانین بیرۆکە بخوڵقێنین، ئەو خوڵقاندنەش بەرەو دەقی سیمیۆلۆژی بمانبات، دەقێک وەک ئاماژەی کولتوری لەپاڵ جەستە دەربکەوێت، بەڵام ئەوە بەرەنجامی گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری لەبیرکراو، گەڕانەوە و ئامادەکردنەوەی یادەوەری منداڵیە، ئەوە بەر یادەوەری کولتوری دەکەوێت، کۆمەڵە دەنگێکن لە یادکراون وەک ئاماژە دێنەوە، بەڵام تێگەیشتن لێی زەحمەتە، دەسبەرداری زەمەنی هەنووکە دەبن، چونکە پێشبینیەکانی ئێستا دەگەڕێننەوە بۆ یادەوەری، یادەوەریەکی لەیاد کراو، یاد کراو ئامادە بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و پەیوەندی خۆی بە هەنووکەوە دیار دەکات، بەڵام



بەو شێوەیە سەیری شتەکان ناکات کە ڕوو دەدەن، بەڵکو لە نێوان یادەوەری و پێشهاتە تۆقێنەرەکان دەیخاتە ڕوو، ئەوەش خوێندنەوەیە بۆ ئێستا، سەرەنجام ئێستا لەلای ئێمە دابڕاو نیە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تەواوی ئەو شوناسەی کە کولتوری کوردی بەرهەم دێنن، لە ئێستادا ئێمە بڕوامان وایە ناکرێ شتەکان وەک ئەو ساتە ئیشی تیا بکەین، بەڵکو ئاگری شخارتەیەکی منداڵی بەسە بۆ ئەوەی بمانگەڕێنێتەوە سەر ئاگر کردنەوەی نەورۆز و تەنانەت بۆ ئاگر وەک سیمبولێکی زەردەشتی، هەر ئەوەشە وامان لێدەکات تێکستی زەردەشتی لەنێو دەنگ ئیش پێبکەینەوە.

# دەقی یادەوەری لەیادکراو

ئێمە بیرۆکەیەکی نووسراوی دەقێکمان نیە تا کاری لەسەردا بکەین، ئەوەی هەیە ئەنجامی گفتوگۆی کارەکەیە، چوونە ئەو شوێنەیە دەمانەوێ کارەکەی تیا ئەنجام بدەین، ئێمە دەست بە ڕاهێنانە جەستەییەکان دەکەین، چڕکردنەوەی یادەوەری یەکێکە لەو بابەتانەی بایەخی پێ دەدەین، جولەی تەواوی جەستە، ئێمە لە ژیاندا بایەخ بە قاچەکانمان نادەین، وەک ئەوەی بایەخی تایبەتی دەگەڕێنینەوە بۆ ڕووخسار و دەست و قژ و تەنانەت نینۆکەکانمان، بۆیە دەمانەوێ وەزیفەی قاچەکانمان دەربخەین، ئەوە نزیکمان دەکاتەوە لە ڕاهێنانەکانی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) کە پڕۆسەی ئامادەکردنەوەی ئەکتەرە بۆ بەتاڵ بوونەوە لە ئێستا و خۆ بارگاویکردنەوە بە ڕابردوو. ئەو ڕاهێنانە ئەکتەر دەتوانێ بیکاتە بەشێک لە نمایشەکە، نەک ئەو ڕاهێنانەی سەرەتا دەیکەین، بەڵکو ئەکتەر ئەو کاتەی ڕاهێنان لەسەر خەیاڵ و قاچ لەزەویدان دەکات، دەتوانێ ئەوە بکاتە میکانیزمێکی وێنەی شانۆیی، ئەگەرچی ئەوە زیاتر لە پرسیارەکەی (یۆژینۆ باربا) نزیکە کە دەپرسێت: ئایا مەشقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە ببێت بە نمایش؟ ئەو پرسیارە بۆ ئێمە نەک تەنیا گرنگی خۆی هەیە، بەڵکو پرسیارێکە توانای سەرەتاکانی نووسینی دەقی هەیە، کاتێ هێلێک بۆ دەقێک دەدۆزینەوە، ئەو دەقە هەموو کاتێک لەناو پرۆسەی گومان و سڕینەوەو نووسینەوە دایە، ڕەشنووسێکی پرۆڤەیە، چۆنمان دەوێ ئاوا ئیشی تیا دەکەین، ئەوە ئیشکردنێکە لەسەر پرسیار، وروژاندنی پرسیارە، لەڕێگەی دەنگی جیاوازەوە دەردەخرێت، ئەو دەقە پەیوەندی هەیە بە یادەوەری جەستەوە، کە یادەوەریەکی لە یاد کراوە، بەهۆی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانەکاندا دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەک بە هەستی منالی، بەڵکو بە ئاگایی کولتوریەوە یادەوەری ئامادە دەکاتەوە، ئێمە هیچ لەبارەی ئەو دەقەوە نازانین، تا ئەو شوێنەی یادەوەری لەیاد کراو نەهێنراوەتە ناو ئەو پانتاییەوە، لەگەڵ ڕزگار کردنی یادەوەری لە هەڕەشەی لەیاد کردن، ئێمە دەبینە خاوەنی دەقی یادەوەری لەیاد کراو، لەیاد کردن دەیەوێ پێشبینی بۆ داهاتوو بخاتە ڕوو، ئەو خستنە ڕووە شوناسی زەمەنی هەنووکەیە، بەواتای پرسیار لە یادەوەری.. پرسیار نیە لە زەمەنێکی ئەرشیفکراو، بەڵکو پرسیارە لە ئێستامان، بەڵام ئەوە زەمەنی کرنۆلۆژی ئێستا نیە، بەوەی ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بەواتای چیرۆکێکی شانۆیی نیە دیمەنەکانی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئیشکردنەوەیەکی فەلسەفیە لەسەر چەمک، ئەو



چەمکانەش چەمکی فەلسەفی ڕووت نین کە دووربن لە دنیای ئێمە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە واقعی زیندەگیمانەوە هەیە، چونکە بریتین لە "ژیان، مردن، دڵەڕاوکێ، ترس، فەنا بوون" ئەو چەمکانە پەیوەندیان بە جولە و دەنگەوە هەیە، لەو ڕێگایانەوە گوزارشتیان لی دەکرێت، بەڵام ئێمە جگە لەوە کۆمەڵە ماتریالێکمان هەیە، ئەوانە بۆ کاری جوانکاری ڕووکەش نین، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی دەقی لەیاد کراو هەیە، ئەوانەش بریتین لە "ئاو، خۆڵ، ئاگر".

لەنێو ئەو دەقەدا شوێنکات گرنگی نیە، شوێن ڕووبەری بینراوە، کات پەیوەندی بە سەردەمی دەست نیشان کراو نیە بۆ گوزارشت کردن لە قۆناغێکی مێژوویی، بەڵکو کات ئامادە بوونی بینەرە بۆ نمایش، واتە زەمەنێکی شانۆییە، ڕوناکیش پەیوەست نیە بە هیچ گلۆپ و ئامراز گەلێک کە پەیوەندی بە سەردەمی تەکنەلۆژیەوە هەبێت، چونکە ئەو هەوڵە بەدژی قۆناغی مۆدێرنەیە، بۆیە ڕوناکی بریتیە لەو ئاگرەی کە سرووتی شانۆ بنیات دەنێت، یاخود ئەو ڕۆشنابیە ئاسایەی لە شوێنەکە هەیە، مۆسیقاش بەهەمان شێوە.. ئێمە میوزیکی ئامادە کراوی سەر کاسێتمان نیە، بەڵکو جەستەی کولتوری (کە دواتر لەسەر ئەو چەمکە دەوەستین) بۆخۆی وەزیفەی دەنگ و ئاوازی میوزیکی بەجێ دەگەیەنێت، یاخود ڕەزم لەڕێگەی قاچەکانەوە بەرهەم دێنێت، دیکۆریش بابەتێک نیە بۆ ئێمە بایەخی پێبدەین، بەهۆی ئەوەی نامانەوێ دەسکاری بیناسازی شوێنەکە بکەین، تاکە لایەنێک لەو چوار چێوە شێوەکاریە بایەخی پێ بدەین جل و بەرگە، چونکە تەواوکەری ڕەهەندە جەستەیی و دەنگیەکانە، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە باگراوندێکی مێژوویی، ئاماژەیەکی کولتوری بە جەستە دەبەخشێت، ڕەنگ پەیوەندیەکیترە لەسەر جل و بەرگ بۆ خوێندنەوەی فیگورەکانی جەستە، بەڵام ئەو ڕەنگە بەدوورە لە مانا سونەتیەکانی ڕەنگ، کە ڕەنگی سپی دەلالەت لە پاکی بکات و ڕەنگی ڕەش دەلالەتی شەڕانگێزی بگەیەنێت، ڕەهەندە شێوەکاریەکەی وێنە دەلالەت بە ڕەنگ دەبەخشێت، کەواتە جل و بەرگ وەکو جەستە و دەنگ بایەخی سەرەکی هەیە، ئەو جل و بەرگە لە شێوەی سەردەمی زەردەشتیەوە نزیکە، بەڵام گوزارشت ناکاتە سەر ئەو زەمەنە، چونکە بە پێی ئەزموونەکە دەسکاری شێوەی جل و بەرگەکە دەکەین، وای لێ دەکەین تایبەت بێت بە ئەزموونی ئێمەوە.

# جەستەی کولتوری

جەستەی نمایش جەستەیەکی کولتوریە، ئەو جەستەیە وەزیفەیەکی ترادتیۆن (کەلەپوور)ی نیە بۆ نمایش کردنی دیاردە کولتوریەکان، بەڵکو ئەو جەستەیە کولتور شوناسی بوونیەتی، ئەو شوناسە دابڕاو نیە لە جەستەی ئەو، بۆیە جەستە گوزارشت لەو کولتورە دەکات، ئەوەش دەرخستنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی نیە بۆ پەیوەندیە سۆسیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو جەستە هەڵگری ئەو ووزە کولتورییە کە توانای درێژبوونەوەی هەیە بۆ ناو کاری شانۆیی، ئەو ووزەیە دەلالەتی ڕەگەزی بە جەستە نابەخشێت، بەڵکو جەستە لەناو دەلالەتی فرە ڕەگەزیدا دەردەکەوێت، بەواتای جەستەی کولتوری جەستەیەکی نێرینە یا مێینە نیە بە تەنیا، بەڵکوجەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەکی نێرە مووکە، ئەوەش جەستەیەکە تەواوی دوالیزمەکانی جەستە تێک دەشکێنی، شتێ نیە پێی بووتری (جەستەی ژن/ جەستەی پیاو) (جەستەی ڕەش/ جەستەی سپی) (جەستەی شاری/ جەستەی لادێی) (جەستەی ناسک/ جەستەی زبر) (جەستەی سووک/ جەستەی قورس) (جەستەی زیندوو/ جەستەی مردوو) بۆیە ئەو جەستەیە کاتێ بچێتە سەر دەزگا سەرکوتکارەکان، ڕەگەزەکان لەڕێگەی خۆیەوە پۆلین ناکات، چونکە جەستەی کولتوری بۆخۆی هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەک نیە لەڕێگەی ڕەنگ و ماسولکەوە دەست نیشان بکرێت، تەنانەت ئەو جەستەیە ووردە کولتور بایەخێکی ئەوتۆی تیا نیە، بەهۆی ئەوەی ووردە کولتور سەرەنجام لەناو کولتوری کۆمەڵگا شوناسی سۆسیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە پێک دێنێ، ئەو جەستەیە دەنگ ڕۆڵێکی چالاکانەی تیا دەگێڕێت، بەهۆی ئەوەی وەک جولە دەردەکەوێت، بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی بێدەنگ نیە، جەستەیەکە لە ڕێگەی دەنگەوە ئینتیما بۆ سرووتە بەرایە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، سرووت گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری، یادەوەری کوردی یادەوەریەکە هەموومان لەناویدا کۆ دەکاتەوە، ئەو پێکگەیشتن و کۆکردنەوەیە خاڵی پێکگەیشتنی ئێمەیە بەوەی جەستەی کولتوری تەنیا بریتی نیە لەو جەستانەی کە بە کارە شانۆییەکە هەڵدەستن، بەڵکو وەرگر وەک ئامادە بوویەکی ناو سرووت دەبێتە جەستەیەکی کولتوری، جەستەی نمایشکاران بینەر پەلکێشی نمایش ناکات، بەڵکو تەواوی جەستەکان دەبنەوە پێکهاتەی جەستەی کولتوری، یادەوەری جەستەی کولتوری پرۆسەی بیرکردنەوە دەسازێنی، بەوەی لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سرووت دەچێتە ناو یادەوەری گشتی کۆمەڵگا، چونکە یادەوەری ڕووبەرێکە بۆ بیرکردنەوە، ئەگەر بە زمانی فرۆید لە یادەوەری بدوێین، دەبێ بڵێین



"یادەوەری مرۆڤ هۆکاری نەخۆش بوونیەتی" ئێمە دەمانەوێ لە گەڕانەوە بۆ یادەوەری، مرۆڤ لە نەخۆشیەکانی ڕابردووی ڕزگار بکەین، هیچ پێشنیارێکی بۆ ناکەین، بەڵکو لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ یادەوەری، بۆخۆی دەتوانێ لەناو سرووتدا ڕابردوو لە خۆی بتەکێنێ، ئەو پرۆسەیە بۆ جەستەی نمایشکاران لە کاتی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام دەدرێت، لەکاتێ نمایشیش بینەر لە کردەی وەرگرتن لەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە ئەزموونی ڕزگار بوون لە یادەوەری ئەنجام دەدات، ڕزگار بوون لە یادەوەری دەسبەردار بوونی کولتوری نیە، بەڵکو شکستە خودیەکانی جەستەیە لێی، کولتور لەڕێگەی سرووتەوە دەمانگۆڕێتە سەر کەسێتیەکی جیاواز کە بتوانین بەسەر داهاتوودا بکرێینەوە، ئەوەش دەرکردنی میتافیزیکیایە لە جەستە، پاککردنەوەی جەستەیە لە ڕابردوو، داماڵینیەتی لە نێو خورافاتەکان.

بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ژیاریە، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمی دیاردەیەکی سرووشتی نیە، ئەگەر بهاتبا جەستەی کەلەپووریمان مەبەستبا، کە جەستەیەکە تەنها ئینتیما بۆ ڕابردوو دەکات، دەبوایە بشڵێین جەستە دیاردەیەکی سرووشتیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە مەبەستمان جەستەی کولتوریە، جەستەیەکە کە "کۆمەڵگا، کەلەپوور، ئەدەب، هونەر، ئاین، سرووت، فەلسەفە، فیکر، دەنگناسی، سیمیۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، فێمێنیزم" دەگرێتە خۆی، بۆیە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ژیاریە، چونکە بەرهەمی کولتور و مێژووە.

# دەنگ، یادەوەری جەستە

بایەخدانی ئێمە بە دەنگ، پەیوەندی دەنگە بە یادەوەریەوە، ئەوانە ئاماژەی لەیاد کراون، جەستەی ئامادە لەڕێگەی دەنگەوە بەرەو زەمەنی یادەوەری دەگەڕێتەوە، چونکە دەنگ بەر لەووشە هاتووە، چۆن سەرەتا جولە هەبوو، ئاوا لەسەرەتادا دەنگ هەبوو، منداڵ کاتێ دێتە بوون، ووشە لەلای بوونی نیە، ساتەوەختی هاتنی بۆ دنیا دەنگ لەلای ئامادەیە، ئەوە ئاماژەیەکی بوونگەرایی ئەوە، بەڵام ووشە بەپێی کولتوری کۆمەڵگا و فێرکردنی چۆنیەتی قسە کردن لەگەڵ گەشە کردنی دێتە بوون.

دەنگ بۆ ئەوە بەکار ناهێنین تا لەو شوێنەی جەستە توانای گوزارشت کردنی لە حالەتێک نەبێت ئەو هاوکاری بکات، دەنگ یادەوەری جەستەیە، جەستە دەنگ لە خۆی ناکاتە دەرەوە، بەیەکەوە جەستەی کولتوری بەرهەم دێنن، ئەو چەمکە لە ئەزموونی شانۆی کوردیدا چەمکێکی تەواو نامۆیە، ئێمە لە ئاستی تیۆری ئەگەرچی بە تەنیا خۆمان بە خاوەنی ئەو تێگەیشتنە نازانین کە پێی گەیشتووین، ئەوە بەدوای ئەوە دێت، کە ئێمە چۆن لە ڕێگەی خوێندنەوە تەئویلی تیۆرە شانۆییەکان دەکەین، تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادار بین و دڵنیاشین لێی، بە تەنیا (لابۆری شانۆی لالش) بەر لە ئێمە بایەخی بە دەنگ داوە، بەڵام ئیش کردنی ئەوان چۆن بووە، شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نازانین، ئێمە مەبەستیشمان نیە بچینەوە سەر تێگەیشتنی ئەو لابۆرە بۆ دەنگ، ئاماژەکردنیش بۆیان تەنیا مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، بەرپرسیاریەتی ئێمەیە لەبەرامبەر شانۆ، بۆ ئەوەی شانۆکاران دەسخەرۆ نەدەین بەوەی ئێمە بە تەنیا خاوەنی ئەو ئاستەین کە ئەمڕۆ کاری پێ دەکەین، بەڵکو لە پێش ئێمە گروپێکی تر هەبووە کاریان بەم شێوەیە کردووەو تا ئێستاش بەردەوامن، لەوانەیە زۆر لە ئێمەش پێشکەوتووتر کارەکان بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵام با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: دەنگ بۆ ئێمە چیە؟ سەرباری ئەوەی دەنگ بریتی نیە لە ووشەی نووسراو، بەڵکو لە کاتی پرۆڤە بەرهەمی دێنین، ئەوەش پەیوەندی هەیە بە تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکەکان، دەنگ سروودێکی نیشتیمانی دەتفێنێتەوە، ئەوە پاککردنەوەی جەستەمە لە یادەوەری، رزگار بوونمە لە شکستە خودیەکانی ڕابردووی خود، بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیە پەیوەندی هەبوو بەوەی کە ئایا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە کاریگەری بۆ سەر کەسێک لە ئێمە زیاترە، یا دەنگی ئەو میزەڵانەی کە بە منداڵی لێیان تەقاندووین؟ ئایا ئەو میزەڵان تەقاندنە وامان لی ناکات، دەنگی یادەوەری منداڵیمان بگۆڕێت بۆ تۆڵە سەندنەوە لەڕێگەی هەڵسان بە تەقینەوەی بۆمبێک؟



بەواتایەکیتر مانا جەوهەریەکانی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە بۆیە گرنگە، ئەگەر ئێمە لە کەرکوک خەریکی شانۆ نەباین و ڕووداوەکان بەو ڕادەیە کاریگەریان لەسەر ژیانمان بەجێ نەهێشتبا هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات بەم شێوەیە ئیش لەسەر دەنگ بکەین، لەوانەبوو پێویستمان بە مەعریفە و گەڕانێکی قووڵتر هەبوایە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دەنگ بگوازینەوە ناو جەستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیەی پەیوەندی هەبوو بە واقعی ژیانی ڕۆژانەمان، بەڵام هەوڵماندا چارەسەری میتۆدیانەی بۆ بکەین.

گەڕانەوە بۆ منداڵی لە تەمەنێکی دەست نیشان کراو دەست پێناکات، بۆیە دەنگ بەدوای ڕەگ و ڕیشە کولتوریەکانی خۆیەوە دەگەڕێت، بەر لەوەی ووشە دەنگ بگۆڕێت بۆ ناونانی شتەکان، گۆڕینیان لە ماتریالەوە بۆ مانای ڕەها، دەنگ وەزیفەی فرە ماناییە بە شتەکان، زمانێکی یەکگرتووی ستانداره لەکاری شانۆییماندا، زمانێکی گەردوونیە.. وەک زمانی جەستە وایە، ئەو دوو زمانە (زمانی دەنگ) و (زمانی جەستە) ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەو کاتانەی دەنگ لە یادەوەری منداڵی جەستە ناوەستێ بەرەو یادەوەری کولتوری دەگەڕێتەوە، دەچێتەوە سەر سرووتە ئایینیەکانی خۆی، لەوێدا کۆمەڵە ماتریالێک دەبینێت "ئاگر، زەردەشت، ئاڤێستا، ئاهورامەزدا" مەرجنیە ئەوانە لە نمایش بەکار بێنێت، بەڵام کاتێ لە شوێنێکدا هەستی کرد پێویستی بە بانگ کردنی ئاهورامەزدایە، ئەوە جەستە لە شێوەی دەنگی ئۆپێرای دەری دەبڕێت، یا لە شێوەی لاوانەوەیەکی گەرمیانیەوە، بینەرێکی ووردبینت پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو بانگەوازە، لەوانەیە لە کارێک بۆ ئەنفال بتەوێ تێگەیشتنی مێژوویی بۆ ئەو ڕووداوە بکەیت، دوور نیە بتەوێ زەردەشت وەک کارەکتەرێک بێنیتەوە، بۆ بەستنەوەی هەردوو ڕووداوەکە، یا کاتێ پێویستت بە تێکستێکی نێو ئاڤێستا دەبێت، نایەین ماناکەی لەسەر ڕێنووس و ووشەی دەنگی زمانی کوردی.. زمانی ئاخاوتنی ئێستامان دەربڕین، بەڵکو ئەو پارچە تێکستە هەر بە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی، بەڵام تێکەڵی ئاوازی دەنگی دەکەین، ئەوە گۆرانیەک نیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان، بەڵکو نووسینەوەی نێوان جەستە و دەنگە.

ئەو پرۆسەیە لەنێوان زەمەنی یادەوەری و پێشهاتە زەمەنیەکانی داهاتوو دەیەوێ تەئویلی ئێستامان بکات، ئەوەش کرانەوەیە بەسەر خوێندنەوەی فەلسەفی شانۆ، ئەو گەڕانەوە کولتوریە ڕقێک نیە لە کولتورەکانیتر، چونکە دواتر لەگەڵ کولتورە جیاوازەکان یەک دەگرێتەوە، دەیەوێ ئەو سرووتە کۆنە ئایینیە بگۆڕێت بۆ سرووتێکی شانۆیی جیاواز، لە ئێستایەک بدوێت کە وەک زەمەن بەو نامۆیە، کەچی لە جەوهەردا زەمەنی ڕاستەقینەی بوونیەتی، بوونێک وابەستەیە بە دەنگەوە، دەنگ لەناو ئاگرەوە دێت، بۆیە ئاگر دەنگە، وەک چۆن دەنگ جەستەیە، جەستەش شانۆیە،

چونکە تایبەت نیە بە زمانێکی دەست نیشان کراو، دەنگ خەسڵەتە تایبەتمەندیەکانی دەگۆڕێت بۆسەر دۆخێک کە هێشتا ووشە بوونی نەبوو، ئەوە زمانێکە هەموومان بە جیاوازی فکری و نەتەوەیی لە بەرامبەریداین، دەمانەوێ زمانی جەستەی گشتی کۆمەڵگا بیت، ژیاری کۆمەڵگا گوزارشت بە زمان دەکات و زمان لە ئامادە بوونی خۆیدا بانگەشە بۆ گوتار دەکات، گوتاری ژیار، کە پەیوەندی بە کۆی چالاکیەکانی کۆمەڵگاوە هەیە.

ئەوە گەڕانەوەیە بۆ بەر لە ناونانی شتەکان و پۆلین کردنی پەیوەندیەکان، چونکە سەرەتا ووشە نەبوو، بەڵکو دەنگ هەبوو، دەنگ بریتی بوو لە سیستمی ئاماژەکاری ڕەمز، بەڵام کاتێ ناو لە شتەکان نرا، دەنگ وەزیفەی ڕەمزی لەدەستدا، چونکە ووشە وێنەی دەست نیشان کراوی بە شتەکان بەخشی، پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکتریەوە لە گۆڕینی دەنگ بۆ ووشە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە ووشە ئازادیەکانی دەنگی دەست نیشان کرد، ئەوە بە تەنیا کۆنترۆڵ کردنی وێنەکانی دال نەبوو، بەڵکو کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندی مرۆڤەکانیش بوو بە یەکتریەوە، ووشە فرە مانایی لە سرووتە سەرەتایەکان وەرگرتەوە، تەنانەت سیمبولی ناو سرووتی کوشت.

مرۆڤ بەدوای سیمبولی جیاواز گەڕاوە، چونکە ئەو مرۆڤە نەیویستووە سرووتەکانی لەناو ووشەدا بکوژێت، بۆیە پەنای بردۆتە بەر جەستە، کەواتە ئەوە جەستە نیە کە لە ڕێگەی جولەوە ئازادیی و فرە دەلالەتیمان پێ دەبەخشێت، بەڵکو بەدوای دەرکەوتنی ووشە، جەستە ویستوویەتی ببێتە ئەلتەرناتیڤی دەنگ، سرووتە ئایینیەکان دەیانەوێ ڕۆح بەرنە ناو (لەبیرکردن) پرۆسەی لەبیرکردن دابڕانی ڕۆحە لە ووشە، چونکە ووشە پەیوەندیەکانی ناو ئەو دونیایەی پێکهێناوە، گواستنەوەی ئەو پەیوەندیەی نێوان دەنگ و جەستە لە دژی پەیوەندی ووشە بە مرۆڤەوە، گەڕانەوەی ئازادی مرۆڤە لەدژی سیستمی کۆنترۆڵ کردن و هەروەها بەدژی تەکنەلۆژیا، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووتی کۆمەڵگا سەرەتایەکان، کە هێشتا دۆخی سرووشتی کۆمەڵگا گۆڕان بەسەر ئەو دۆخەی نەهاتبوو، گەڕانەوەی ئەو حالەتە بۆناو توێژینەوەی شانۆیی و پرۆسەی کەشفکردن لە شانۆدا، ئیشکردنە لەناو ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری و سۆسیۆلۆژیای شانۆ، بەهۆی ئەوەی کولتور لە شانۆدا دەبێتە کەناڵێک لەنێوان ئەو دوو زانستە، تا ئەو ئاستەی توێژینەوە زانستی و فەلسەفیەکان سەرلەنوێ دەخاتەوە ناو کاری پشکنین، ئەگەر ئەرستۆ بیەوێ پێمان بڵێت کە مرۆڤ گیاندارێکی قسەکەرە، پشکنین ئێمەی گەیاندۆتە ئەو خاڵەی ئەوە قسەکردن وەک وێنە بەخشین بە شتەکان نیە ئێمە لە گیانداران جیا دەکاتەوە، بەڵکو جیاوازی فرەیی دەنگە لای مرۆڤ، کە ئەو توانایە لای گیانداران بەدی ناکرێت، بەهۆی ئەوەی گیانداران دەنگ لەلایان وەزیفەیەکی تاکی هەیە، هەمان



وەزیفەی ووشە بەمن دەگەیەنێت، بۆ مانا بەخشین بە شتەکان، بۆیە کاتێ لە (ئۆدیبی زەردەشت) ڕەگی ئۆدیب دەگەڕێنینەوە بۆ مرۆڤی شامپازی، ئەوە بەتەنیا ئیستاتیکای وێنە نیە، بەڵکو ئەو مرۆڤە هەمان هەستی بۆ پەیوەندیەکان هەبوو، بەواتای گۆڕینی شێوەی ئەو مرۆڤە پەیوەست نیە بە گۆڕینی هەستەکانی بەوەی شامپازی دڕندەیە، بەڵکو فۆڕمە جەستەیەکەی وای لێکردووە ئاوا سەیری بکەین.

# دارِشتنەوەی پانتایی

دەرهێنان و دەرهێنەر دوو زاراوەی فەرامۆشکراون، چونکە ئێمە دەقێکی نووسراومان نیە تاکاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدەین، بەڵکو لەبڕی زاراوەی دەرهێنان، چەمکێکی جیاوازمان هەیە کە پێی دەڵێین (دارِشتنەوەی پانتایی) وەزیفەی ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جوانکاریە، ڕێکخستنەوەی وێنە و دارِشتنەوەی بۆشاییە، نووسینەوەی پانتاییە لەڕێگەی جەستەوە، ئەوە پڕۆسەی باوی دەرهێنان نیە، بەڵکو کارێکی فەلسەفی و فینۆمینۆلۆژیە (دیاردەناسی)، هانی جەستەی کولتوری دەدات کە بتوانێ دەنگ بدۆزێتەوە، سرووتێکی ئایینی بیر دێنێتەوە، کە چۆن لەڕێگەی دەنگی ئەو سرووتەوە، جەستە بتوانێ مانایەکی کەشف نەکراو بدۆزێتەوە، دارِشتنەوەی پانتایی پڕۆسەی لەدایکبونی وێنەی شانۆییە لەڕێگەی دەنگ و جەستەوە، ئەو دوانە بەدوای ڕووخانی دوالیزمەکانی جەستە، دوالیزمی شانۆ لەڕێگەی دەنگ و جەستە تێکدەشکێنن، بەوەی دەنگ و جەستە لەنێو سیستمی نمایش دەبردرێنە سەر یەکەیەکی هارمۆنی.

شوێنی مەشقەکان لابۆرێکە بۆ پشکنینی کولتورەکان، دیاردە کولتوریەکان لەناو ئەو لابۆرە ئەزموون دەکرێن، تاوەکو تەواوی کولتورەکان لەیەکەی گوتار یەک دەخرێن، ئەو یەکەی گوتارە سیستمی ئاماژەکاری کەرِنەڤاڵی کولتوریە، کولتورەکان لەناو ئەو کەرِنەڤاڵەدا دەرەنجامێکی تر دێننە بوون، ئەوەش لە کاری ئەنترۆپۆلۆژیستێک دەچێت کە پەیوەندی مرۆڤ و کولتورەکان بخاتە نێو توێژینەوەیەکی ڕیتوالی، بەڵام دوو ئاراستە لەو ئیشکردنەدا هەیە، ئەگەر یەکێکیان ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری بێت، کە توێژینەوەی پە یوەندی مرۆڤە بە کولتور، ئاراستەی دووەم ئیشکردنی سۆسیۆلۆژیانەیە، ئەوەش پەیوەندی گروپە کۆمەڵایەتیەکانە بە کولتورەوە، بیهێننە پێش چاوتان لەناو سرووتی ئایینی خۆرهەڵاتی و کولتوری کوردی و سەمای هندی بمانەوێت لە ئەتمۆسفێری قەرەجەکانەوە نزیک ببینەوە، پەیوەندی نێوان کولتور و ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی لەناو قەرەجدا خۆیان ڕێکخستووە چۆن دەبێت؟ ئەو کاتە جەستەی کولتوری تێکستێکی نووسراوی نیە گوزارشتی لی بکات، بۆیە ئەو لە ئەکتەرێکەوە کە هەڵدەستێت بە نواندن دەپەڕێتەوە بۆ توێژەرێک کە لە ئەنجامی دەنگەوە گوزارشت لەو کولتورە دەکات، کە جەستەی کولتوری لەناو خۆیدا چڕی کردۆتەوە، دیارە ئەوەی گوزارشت لە بوونی مرۆیی ئەو دەکات، جەستە نیە.. بەڵکو دەنگە، بەهۆی ئەوەی



دەنگ سەرکوت دەکرێتەوە، بۆیە هۆسرەڵ زۆر ووردبین بوو لەوەی باوەڕی وابوو کە دەنگ گوزارشت لە بوونمان دەکات نەک جەستە.

بۆ ئێمە شانۆ پرۆسەی نووسینەوەیە لە پانتایی نەوەک لە شوێن، چونکە لە نێوان ئەو دوانە جیاوازیەکی ئەکسیۆلۆژی (بەها ناسی) هەیە، شوێن دۆزینەوەی رووبەرێکە بۆ کارکردن، جەستە بەپێی ئامادە بوونی خۆی لەوێ دەردەکەوێت، بەڵام پانتایی بەرەنجامی خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆژی دارِشتنەوەی پانتاییە، جەستەکان لەو پانتاییەدا توانای دەرکەوتنی پەیوەندیان بەیەکەوە زیاترە ئەو پەیوەندیەش لە ئاڵوگۆڕ کردن دایە وەک تەختەی شانۆ نیە کە ڕووبەرێکی دەست نیشان کراو بۆ ئەکتەر دەخاتە ڕوو، لێرەدا دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە کەسانێک واتێدەگەن ئێمە بەهۆی نەبوونی هۆڵی شیاو پەنا دەبەینە بەر ئەو شوێنانە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، چونکە بڕوامان بەوە هەیە کە هۆڵ ئەو گرفتە سەرەکیە نیە لێرە، گرفتەکە ڕەتکردنەوەی ئێمەیە بۆ بیناسازی سوونەتی، ئێمەین بەو هۆڵانە ڕازی نین، یانی ئەوە بێ هۆڵی نیە ئێمە دەباتە ناو قەڵا و قشلە، نا بە پێچەوانەوە ئەوە گەڕانی ئێمەیە بەدوای شوێن کە ئاخۆ دەتوانین لەم شوێنە پانتاییەکی شانۆیی بنیات بنێین؟ ئەو پرسیارە ڕاستەوخۆ نامانگەیەنێ بە وەڵام، چونکە ئێمە ئەو شوێنانە هەڵنابژێرین کە بتوانین ڕاستەوخۆ نمایشی تیا ئەنجام بدەین، بەڵکو ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرین کە هەست دەکەین کارکردن تیایدا ئاسان نیە و پێویستمان بە مەشقێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژانە بەدوای نووسینەوەی پانتایی خەریک بین، ئەوە پڕکردنەوەی بۆشایی نیە لەڕێگەی جەستەوە، بەڵکو نووسینەوەی ئاماژەیە لە پانتایی، چارەسەرکردنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی شانۆییە بۆ شوێن، بەوەی شوێن بریتی نیە لەو ڕووبەرەی کە دەلالەتی مێژوویی گرتۆتە خۆی، بەڵکو شوێن بریتیە لەو ڕووبەرە سیمیۆلۆژیەی کە جەستەی کولتوری کاری تیا دەکات، بۆیە دارِشتنەوەی پانتایی ئامادە بوونی (دەنگ، جەستە، ماتریال، ریتوال) ڕێکدەخاتەوە، ئەوەش بە تەواوی لەکاری باوی دەرهێنان دوورە، چونکە چەندە کارێکی شانۆییە، هێندەش پرۆسەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە ناو فیکر و زانستدا، ئیشکردنەوەیە لەسەر مانا فەلسەفیەکانی چەمک، پۆلین کردنەوەی چەمکی ماتریالە بۆ بەر لەچوونە نێو ریتوال بەهۆی ئەوەی ماتریالی بینراو پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە جەستەوە هەیە کە بریتیە لە (ئاو، قوڕ، گەنم، ئاگر، خۆڵ، خواردن) هەرچی ماتریالی نەبینراوە لەڕێگەی دەنگەوە دەردەکەوێت، ئەوانەش لەناو سرووتدا ئەکسیۆلۆژیایەکی بێبایەخ نین، بەڵکو ئەکسیۆلۆژیای ریتوال بەرهەم دێنن، کە بریتین لە (ئاهورامەزدا، ئاڤێستا) ئەوەش کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی ئاستی زەمەنیە لە پێناو بنیاتنانی یەکەیەکی فەلسەفی، تیایدا بینەر هەست بکات شانۆ پەرستگایەکی پیرۆزە ئەو پەرستگایە لەڕێگەی

سرووتەوە چەمکی موقەددەس ئامادە دەکاتەوە، بەڵام ئەوە بۆ موقەددەسی ئایینی زەردەشتی نیە، بەڵکو ئەو ئاینە تەنیا وەک ئاماژەی کولتوری دەگەڕێتەوە، ستراتیژی ئەو کولتورەش بۆ بنیاتنانی پرۆژەی موقەددەسی شانۆیە، بەواتای شانۆ دەبێ بە پەرستگایەک، ئەگەر موغ لە ئایینی زەردەشتی ئەو کارەکتەرە بێت کە لەوێ فەرمانەکانی زەردەشت بەجێ بگەیەنێت و وەک موقەددەسێک سەیر بکرێت، ئەوا لەو پەرستگای شانۆیەدا جەستەی کولتوری موغی ئێمەیە، هەموو پیرۆزیەک لەڕێگەی ئەو دەردەکەوێت، ئەوەش شانۆیەکی سرووتیە، ئەوانەی بانگ دەکرێن دەبێت ڕێز لەو پەرستگا پیرۆزە بگرن، ئەگەر ژمارەیان زۆریش نەبێت، بەڵام ئەوان لەناو پەرستگایەکدا شانۆ کۆیان دەکاتەوە، کە پەرستگای شانۆیە.



# شانۆناسی و کولتور

ئەم تەوەرە بەتەنیا تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی نیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری، بەڵکو بەرەنجامی گەڕانی ئەزموونکاریمانە لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) بۆیە ئەوە هەوڵێکە بۆ تیۆریزەکردنی ئەو ئەزموونە، ئەوەش بەشێکە لەپرۆژەی نووسینەوەی ئەزموونەکان، دەست نیشان کردنی ئەو دەرەنجامە ئەزموونکاریانەی کارکردنە، پشکنینی چەمکەکانە لەناو کاری شانۆیی، زیاتر کارێکی لابۆریە، بۆیە وەک شانۆی سوونەتی گرفتی ژمارەی زۆری بینەری نیە، بەڵکو پێویستی بە بینەرێکی دەستە بژێر هەیە، کە گوزارشت لە ڕۆحی ئەو ئەزموونە بکات، ئەوەش گومان کردنە لەو مەعریفە پێشینەییەی کە شوناسی شانۆکار بە کۆمەڵێک کارەکتەر دەبەخشێ، ئەو شوناسە لەلای ئێمە دەچێتە ناو گومانەوە، چونکە شانۆیەکە پێویستی بە زانستە مرۆیەکان هەیە، کولتور سەرەکیترین بابەتی ئەو شانۆییە، تەنانەت ریتوال (سرووت) کولتور بەرهەمی دێنێت. بۆیە ئێمە هێندەی لەو قۆناغە ئەزموونکاریەدا پێویستمان بە میتۆدی سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) هەیە، هێندە پێویستمان بە میتۆدی شانۆیی نیە، چونکە دەمانەوێ سۆسیۆلۆژیایەکی شانۆیی بخەینە ڕوو، ئەوە فەرامۆش کردنی دیدە ئەزموونکاریەکان نیە لە شانۆدا، بەڵکو مەبەستمان فەرامۆش کردنی ئەو مەعریفە باوەی شانۆیە کە بەدرێژایی زەمەن تێگەیشتنی مێژوویی بۆ ئەو مەعریفەیە هەیە، لەناو تاکە ڕاڤەیەکی کۆنکرێتی سەیری شانۆ دەکات، ئێمە لەکاری شانۆیدا ویستوومانە لەدەرەوەی ئەو مەعریفەیە سەیری شانۆ بکەین، بەڵام دەسبەرداری تێگەیشتنە زانستیەکانی شانۆی ئەزموونگەری نەبووینە، هێندەی بەدژی یاسا کۆنکرێت و نەگۆڕەکان وەستاوینەتەوە، دیسان ئەوە گومان کردن نیە لەو مەعریفە شانۆییە، بەڵکو گومان کردنە لەتێگەیشتنی کوردی بۆ ئەو مەعریفەیە، چونکە مەعریفەیەکە دەتوانێ ببێت بە زەمینە بۆ گۆڕان، بەڵام بە وەستانی کارەکتەری دۆگما بەرهەم دێت، دژایەتی کردنی ئەو دۆگمایە و لێدان لەو وێنە نەگۆڕ و کۆنکرێتیانە ستراتیژێکی دیاری کارکردنە، کە توانای گەڕان بەدوای ڕۆحی شانۆی هەیە، ڕۆحێک هەمیشە لەگەڕانی ئەزموونکاری و پشکنینی نەزانراوەکان بێت، بۆئەوەی بەردەوام نەزانراو کەشف بکات و بەدوای نهێنیە ونبووەکانی تر بگەڕێت، ئەوەش تەنیا بەکارکردنی بەردەوام دێتە دی. خوڵقاندنی پەیوەندی شانۆ بە چەمک و زاراوە سۆسیۆلۆژیەکان، توێژینەوەیەکە شانۆ تیایدا مەبەستی کاری پشکنین کاریە بۆ خوێندنەوەی رووبەرێکی کەشف نەکراو، ئەوە

دۆزینەوەی پرسیارە، گومانە لە تێگەیشتنی سوونەتیمان بۆ شانۆ، گۆرینی یەکە و پێکهاتەکانە، ئەوانەی بەدرێژایی زەمەن بازنەیەکیان لە کاری شانۆکاری کورد دیاری کردووە و بووە بە ستراتیژی سەرەکی کاری شانۆیی، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراتیژە بەتەنیا لێدان نیە لەو سێنتەرە، کە هاوکێشەی (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر+ بینەر) هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵکو بونیادەکان جارێکیتر بریتی نین لە بونیادی نووسراو، بەڵکو بونیادی نەنووسراو تاکە میکانیزمێکە توانای خولقاندنەوەی شانۆی هەیە، خولقاندنەوەیەک لەسەر پەیوەندی شانۆ و کولتور وەستاوە، ئەو پەیوەندیە هیچ گوتارێکی بەر لە کارکردن قبووڵ ناکات، چونکە ئەو پەیوەندیە بەرەنجامی کارکردنە، دەرگاکردنەوەیە لە زانستەکان بەڕووی شانۆ، بەواتای لەدایکبوونی شانۆناسیە. شانۆناسی پرۆسەیەکە لەپێناو خولقاندنی جیاوازی، بەهۆی ئەوەی شوێنی (شانۆ کردن) دەگرێتەوە، جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان (ناسین/ کردن) لەوەدا دەست نیشان دەکەین، ئێمە لەڕێگەی (کردن) ەوە دەمانەوێت خەریکی کارێک بین کە پێی دەوترێ شانۆ، هەمیشە بۆ ئەو کارەش (دەقی ئامادە کراو، پلان و دیدگای دەرهێنەر، ئەکتەر، ڕوناکی و مۆسیقاو جل و بەرگ و دیکۆر) مان پێویستە، چونکە دەمانەوێ کارێکی شانۆیی بکەین، هەر لەسەرەتاوە خەون بەو دنیایەی نووسین دەبینین لەپێناو گواستنەوەی بۆ سەر شانۆ، بەڵام هەرچی (شانۆناسی) ە لەودیو شانۆ کردنەوە هاتووە، لەدایکبووی پرۆسەی میتا شانۆیە، بەواتای بەدوای کۆتایی شانۆ کردن دێتە بوون، ئەوە گومانە لە شانۆ کردن، گومانە لەو مەعریفەیەی کە شانۆمان پێدەکات، هەموو ئەو بونیاد و پێکهاتانەی لەڕێگەی گوتارەوە سێنتەر بەرهەم دێن، گومان لەتەواویان دەکەین، ئەو گومان کردنە هەوڵێک نیە بۆ سڕینەوە، بەڵکو گەڕانێکی کولتوریە لەپێناو ناسینی شانۆ لەڕێگەی زانستەکانەوە، ئەوەش نمایشت کردنەوەی زانستەکان نیە، بەڵکو زانستەکان مەعریفەیەکە لەڕێگەی جەستەوە دەبێتەوە بەشێک لە جەستەی کولتوری، لەکاتی جولە کردنی جەستەی نمایش توانای بەخشینی ڕەهەندە مانادارەکانی هەیە. لەنێوان شانۆ و کولتور هەریەکە خاوەنی میکانیزمی تایبەت بە خۆیەتی، شوێنی نمایش کە هەمان شوێنی مەشقە ڕۆژانەییەکانە، بەریەککەوتنی میکانیزمەکانی ئەو دوانەیە، بەتەنیا ئەو بەریەککەوتنە نمایش بنیات دەنێت، بنیاتنانیش بەتەنیا بەرهەم هێنانی نمایشێکی شانۆیی نیە، بەڵکو لەدایکبوونی شانۆ ناسیە، چونکە نمایش لەناو دیدێکی قووڵی زانست و فەلسەفە دێتە بوون، کەوابێ شانۆ ناسی ناسینێک نیە پەیوەست بێت بە ووتار و توێژینەوە، بەڵکو ناسینێکە کارکردن بەرهەمی دێنێ، ئەوە جیاوازیەکی بنەڕەتی شانۆیە لەتەک هەر ژانرێکی ئەدەبی. نووسین توانای ئەوەی نیە شانۆ بناسێت، ئەگەر شانۆ بۆخۆی لە



تێگەیشتنی سوونەتی دەربازی نەبێت و بەرەو زمانێکی ناتەبا و جیاواز هەنگاو نەنێت، ئەوا ناتوانرێت گوتارێک ئامادە بێت لەناو کۆمەڵگادا، بە گوتاری شانۆ بیناسین، ئەو گوتارە هەمیشە پێویستی بەوەیە کاریگەریەکانی لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بوونی هەبێت، شانۆکاری کورد کاتێ درووشمی (شانۆ قوتابخانەی گەل) ەی بەرز کردۆتەوە، نەیتوانیووە لەڕێگەی ئەو درووشمەوە شانۆ بە کۆمەڵگاوە ببەستێتەوە و پەیوەندی شانۆ و کۆمەڵگا بکات بە پەیوەندیەکی ئەزەلی، بەڵکو تەنیا هەستی سۆزداری کۆمەڵگای جولاندووە، ئەوەش وای لێکردووە، شانۆ لەپەراوێزی گوتاری سۆسیۆلۆژیدا خاوەنی زمانێکی ستایش ئامێزی پێکەنیناوی بێت، زمانەکەی بارگاوی نەبووە بە سیستمێکی مەعریفی، بەڵکو زمانێک بووە لەناو سۆزەکانی بینەر نوقم بووە، ئەو زمانە هەمیشە بەدوای خۆشگوزەرانی ژیاوە، دڵەڕاوکە و گومان و پرسیاری نەبووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی شانۆ نەبێت بە خاوەن گوتار، ئەگەرچی هەوڵدان لە شانۆی ئەزموونگەری توانی گۆڕان لەو زمانە بکات، بەڵام کاری لەسەر پرۆسەی ناسین نەکرد، هەر لەناو پرۆسەی ئامادەکردنی پێشووەخت هێشتیەوە، ئەوەش چەندە پەیوەست بوو بەو مەعریفە شانۆییەی ئەو ساتە کە شانۆکاری ئاراستە کردووە، هێندەش پەیوەندی بەو دۆخە بووە کە ڕەهەندەکەی دەست نیشان کراو بووە، بەڵام دەبێ ئەوەی تیا بەهەند وەربگیرێت، کە ئەوە بنەمایەکی زانستی بووە، زەمینەیەک بووە دەتوانرێ بکرێت بە سەرەتایەک بۆ ئیشکردن لەسەر بەزانست کردنی شانۆ لەپێناو ناسین. وەستان لەسەر شانۆی کولتوری فۆڕمی شانۆکارێک و ستایلێکی شانۆیی نیە لەسەری بووەستین، بەڵکو تێگەیشتنی ئەزموونکاریمانە لەشانۆدا، بۆیە ئەو شانۆیە توانای ئەوەی هەیە، هەر شانۆکار و گروپێکی شانۆیی بەپێی ئیشکردنی لەو ئەزموونە تێڕوانینەکانی بنووسێتەوە، ئەوەی ئێمەش ئەنجامی دەدەین، بەتەنیا بەرەنجامی ئەزموونکردنمانە لە شانۆدا، ئەوە ئەزموونەکانمانە ئێمەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی بیر لە نووسینەوەی بکەین، نووسینەوەی ئەزموون هەوڵێکی تیۆریە بۆ کارەکان، هەر گروپێکی شانۆیی ئەو تیۆرە بکات بە یاسایەک بۆ کارکردن شتێکی نوێ وەدەست ناهێنێت، جگە لە لاسایی کارێک، ئێمە نامانەوێ ئەوە ببێت بە فۆڕمێک بۆ ئەزموونێکی شانۆیی، چونکە بۆخۆشمان هەمیشە ویستوومانە گەشەی پێبدەین، بەرەو گەڕانەوە و پشکنینی ئاشکرا نەکراوی تری بەرین. هەریەکە لە شانۆ و کولتور خاوەنی میکانیزمی تایبەت بەخۆیانن، لەناو نمایش یەکەیەکی هارمۆنی پێک دێنن، ئەو میکانیزمانە لەکاری ئێمەدا کەناڵی پەیوەندی نێوان شانۆ و سۆسیۆلۆژیایە، ئەوەش هەوڵێکە بۆ دژایەتی کردنی مەعریفەی شانۆیی، دەرچوونە لەو مەعریفەیە، بەزاندنی سنووری یاسا کۆنکرێتیەکانە، هەوڵێکە بۆ میتۆدی ئەکتەر لە شانۆدا، لەڕێگەی

میکانیزمەکانی شانۆ و کولتور، ئەو هەوڵە پێویستی بە زانستە مرۆیی و سۆسیۆلۆژیەکان هەیە، چونکە بە تەنیا لەناو مەعریفەی شانۆییەوە توانای گەیشتنی نیە بە ڕیتوال، ریتوالی شانۆیی مەعریفەی شانۆیی لەلای دەبێت بە مەعریفەی نائاگایی، مەبەست سڕینەوەی ئەو مەعریفەیە نیە هێندەی گەڕانە بەدوای نەزانراو، وەک چۆن هەوڵ دەدات ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری و سۆسیۆلۆژیا بکات بە مەعریفەی ئاگایی، ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە میتا شانۆ پرۆسەیەکە دەبێتەوە بە ئەنتی شانۆ، بەهۆی ئەوەی بەر گومانێکی مەعریفی و لەدایکبوونێکی شانۆیی نوێ دەکەوێت. بۆیە میکانیزمی کولتوری لەناو ئەو دوو زانستە دەردەکەون، هەریەک لەو دوو زانستە خاوەنی تێگەیشتنی سەربەخۆن لەسەر چەمکی کولتور، بەڵام ئەوە بەو مانایە نا کە دوو زانستی دابڕاون لە یەکتری، بەڵکو پەیوەندیان هەیە بەیەکەوە، ئەو پەیوەندیەش بە (ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی) ناو دەبرێ کە لقێکی سۆسیۆلۆژیای بەراوورد کاریە. هەریەک لەو دوو زانستە توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤ خاڵی سەرەکیانە، بەڵام لە ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی) توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤەکە خۆیەتی، کەچی لە سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) توێژینەوەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵگاکان، بەواتایەکیتر ئەنترۆپۆلۆژیا لەژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی یا کۆمەڵگای نوێ دەکۆڵێتەوە، کەچی سۆسیۆلۆژیا لە بارەی ژیانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە. کولتور لەلای هەردوو زانستەکە بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت، ئەنترۆپۆلۆژیا لقێکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە، بەوەی (ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری) بریتیە لە شێوازی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگا، بەهۆی ئەوەی کولتور بەرهەمی مرۆڤە، هەر بۆیە ملکەچ بوونیشی بۆ یاساکانی سرووشت دیاردەیەکی سرووشتیە لەڕووی یاسای پێشکەوتن و مانەوە و گۆڕان، لەدەربڕینێکی تردا دەتوانین بڵێین ئەو زانستە بایەخ بە توێژینەوەی کولتوری مرۆیی دەدات، شێوازی ژیانی مرۆیی و ڕەفتارەکانی سەر بەو کولتورەیە، ئەو زانستە توێژینەوە لەبارەی کۆمەڵگا کۆن و نوێیەکان دەکات، ئامانجیشی دەست نیشان کردنی ڕەگەز و پێکهاتەی دیاردە کولتوریەکانە، دیارە بەهۆی ئەوەی چەمکی کولتور بۆخۆی خاوەنی چەندین پێناسی جیاوازە، بۆیە ئێمە نایەینە ناو ئیشکالیەتی ئەو چەمکە بەهۆی ئەوەی ئێمە لە چ ڕەهەندێکەوە سەیری ئەو چەمکە دەکەین، ئەوەیان بۆ ئێمە گرنگە، ئەگەر ئەو ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەی کولتور لەکاری ئێمەدا ببێت بە یەکێک لە میکانیزمەکانی، ئەوا ڕەهەندی سەرەکی و قووڵتری لەناو سۆسیۆلۆژیادایە. بەهۆی ئەوی لە سۆسیۆلۆژیادا کولتور بریتیە لە تەواوی شێوە جیاوازەکانی ژیان و نەریت و ئاکار و زانست و هونەر و هزر و بیروباوەڕ، بەواتای هەموو ئەوانەی کە ژیانی گروپێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن چ لە ڕابردوو، یا لەو



زەمەنە هەنووکەییەی ئێستا تیای دەژیێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کولتور لەڕابردوو ڕووی نەداوە و لە ئێستادا لەناو زەمەنێکی داخراو بێت و لەگەڵماندا نەتوانێ بزاوت بکات، بەڵکو کولتور کراوەیە و لەگەڵ گۆڕانەکانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر بۆ کولتور لەنێوان سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری لەوەدایە، چەمکی سرووت لەلای هەریەک لەو دوو زانستە بنەمای سەرەکی پێکهاتی کولتور پێک دێنن لەکاری شانۆییماندا، ئەگەر سرووت میکانیزمی سەرەکی کولتور بێت لەناو ئەو دوو زانستە، ئەی میکانیزمی شانۆ خۆی چیە؟ ئەگەر لە شانۆدا دەق بنەمایەکی سەرەکی بێت، دەرهێنەر ئەو بنەمایە بکاتە ڕەگەزی سەرەکی دەرهێنان و ئاوێتەی ژیانی بکات و ڕۆح وەبەر ووشەدا بکات، ئێمە لێرەدا دەقمان نیە تا دەرهێنەر ببێت بە خوڵقێنەری ژیان و ئەکتەر بکەین بە میکانیزمی نێو ئەو ژیانە، تاوەکو هەر لە سەرەتاوە تەواوی پلان و هێلکاریەکانی شانۆکە دەست نیشان بکرێت، بۆیە ئێمە چۆن دەق لەلامان بوونی نیە، دەرهێنەریش بەو واتا سوونەتیە بوونی نیە، سەرەتا هیچ شتێ بوونی نیە، ئێمە دەمانەوێ بەپێی ڕۆژەکانی کارکردن پرۆسەی خوڵقاندن بێنینە دی، ئێمە ئەکتەر ناکەینە میکانیزمێکی نێو نمایشی شانۆیی، بەڵکو ئەکتەرەکە خۆی بریتیە لە میکانیزمی شانۆ، میکانیزمێک تەنیا ئەو دەتوانێ شانۆ بنیات بنێتەوە، ئەوەش لەڕێگەی دەنگ و جەستەوە یە، هەر یەکە لەو دوانە دەبنە خاوەنی چەمکی تایبەتی لەناو کاری شانۆییدا، چۆن کولتور لەنێو (ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵناسی) دێتە بوون، ئاوا ئەکتەر لەڕێگەی جەستە و دەنگ دێت، بەڵام هەریەکە لە جەستە و دەنگ تەواوی تێگەیشتنی باو تێکدەشکێنن، بەهۆی ئەوەی ئەوان ملکەچی دەسەڵاتی دەق و بڕیاری پێشوەختەی دەرهێنەر نابن، بەڵکو لە شوێنی زاراوەی دەرهێنان (داڕشتنەوەی پانتایی) ئامادەیی هەیە، ئەوەشیان تەواو لەکاری دەرهێنان جیاوازە، بەهۆی ئەوەی دەیەوێ پەیوەندی نێوان (دەنگ/ پانتایی)، (جەستە/ پانتایی)، (ماتریال/ پانتایی) بدۆزێتەوە. خوێندنەوەی بۆ جەستە و دەنگ بەخشینی فۆڕمی نمایشە لەڕووی ناونانی ئەزموون و چڕکردنەوەی میکانیزمەکانی شانۆ و کولتور لەیەکەی گوتاری شانۆ، ئەوەش پرۆسەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکان دەگرێتە خۆی، پرۆسەیەکە پێویستی بە کەسێکە پێی هەڵبستێت، هەمیشە لەناو گومان و پرسیاری پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی فیگورەوە بێت و دیدێکی سۆسیۆلۆژیانە لەشێوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی بۆ نمایش دەربخات. ئێمە لێرەدا بۆ میکانیزمەکانی شانۆ هەردوو چەمکە سەرەکیەکە وەردەگرینەوە، بەواتای دەنگ و جەستە، هەردوو چەمکەکەش لەنێو بونیادی جەستەی کولتوری کۆ دەکەینەوە، کە جەستەیەکی کەڕنەڤاڵیە، بەڵام با سەرەتا پرسیار لە دەنگ بکەین، بەوەی دەنگ چیمان پێ دەبەخشێت؟ دەنگ خاوەنی

وێنەیەکی زهنی نیە لەلامان، دەنگ ئاماژەیەکی نێو یادەوەریە، یادەوەریەک بە زەحمەت دەتوانین بیگەڕێنینەوە، ئەوە دەنگی نێو ڕیتواڵە ئایینیەکانە، ریتواڵێک بە تەواوی بەرەو لەیادچوون ڕۆیشتووە، گەڕانەوە بەرەو دەنگ خولْقاندنەوەی ڕیتواڵە، بەڵام ڕیتواڵێک بە تەواوی لە ڕەهەندە ئاینیەکان بەتاڵ کراوەتەوە، وێنەی دەنگی لە پێناو گەڕانەوە بەرەو ئەو زمانە نایەتەوە، بەڵکو ئەو زمانە دەنگیە لەناو گەمە دەنگیەکان تێک دەشکێنێت، تا دەگاتە ئەوەی هەست بکەین ئەو دەنگەمان لەڕابردوودا دەناسی، بەڵام نەک بەو ڕەهەندەی نێو ئەو وێنە شانۆییە، تەنانەت فۆڕمی ڕیتواڵەکەش فۆڕمێکی سەربەخۆیە و لەکارکردندا بنیاتی دەنێین، ئەوەش دەرخستنی دەلالەتێکی ڕوونە کە پێمان دەڵێت: دەنگ ئامادەبوونی یادەوەریە.. نووسینەوەی ئەو ڕابردووەیە کە ووشە ناتوانێ بیکاتەوە حیکایەت، بۆیە دەنگ میتا حیکایەتە، بەدوای کۆتایی ووشە دێتە بوون، سنووری دەلالی فراوانە و خاوەنی تاکە وێنەیەکی ڕەها نیە، بەڵکو دەنگ پرۆسەیەکە بۆ تەئویل کردنەوەی مێژوو، چونکە دەنگ لەوە دەردەچێت ئاوازێک بێت مرۆڤ دەری ببڕێت، دەنگ دەبێتەوە بە بوونێکی سەربەخۆ کە دەتوانێ مانای هاودژ بنیات بنێت. دەنگ وێردێکی ئایینی لە پاڕانەوە دەگۆڕێت بۆ دیدگا و ڕێنومایی کردن بۆ ژیان، ئەوە دەنگە مانای ئایینی وێرد هاودژ دەکاتەوە، گومان کردنە لەو وێنە دەنگیەی نێو ڕیتواڵ، بەرەو فرە مانایی لە دەنگدا، ئەوەش لەڕێگەی ئیشکردن لە شانۆیەکی فرە کولتوری، تاوەکو کولتورە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز ڕیتواڵ بنیات بنێن، ئەوەش ئامادە بوونی زمانێکی سەربەخۆی نمایشە، تەنیا لەڕێگەی کولتوری جیاوازەوە بەرهەم دێت. جەستە و دەنگ یەک میکانیزم نین بۆ فیگور، بۆ ئەوەی فیگوری نمایشکار بنیات بنێن، بەڵکو هەریەکە لەو دوانە میکانیزمی سەربەخۆی فیگورە، بەڵام ئەوە مانای وانیە جولە بوەستێ بۆ ئەوەی دەنگ هەبێت، نەخێر بەڵکو دەنگ و جولە بەیەکەوە ئامادە بوونیان هەیە، بەڵام هەریەکە پارێزگاری لەسەر ئاستی دەلالی خۆی دەکات، ئەوەش هۆیەکی سەرەکیە کە ڕاستەوخۆ بە (جەستەی کەڕنەڤاڵی) ناوی نەبەین. دیارە ئەوەش پەیوەندی هەیە بەوەی دەمانەوێ دیدگایەکی خۆرهەڵاتیانە بنیات بنێین لە رووبەری گوتاری ئەزموونکاریەتی شانۆیمان، چارەسەر کردنی نواندنی ئەکتەریش لە شانۆی ئەزموونگەریدا گەڕانە بەدوای ڕووبەرێکی ناتەبا بۆ ئەوەی بەگژ ئەو ئیشکالیەتانەدا بچێتەوە، کە ئەکتەر لەکاتی نواندن ڕووبەرووی دەبێتەوە، هەوڵدانی شانۆکاری کورد لە شانۆی ئەزموونگەریدا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو نواندنەی داوە، بەڵام ئەو چارەسەرکردنە وابەستە بووە بە ستراتیژی ئەزموونەکە، بەواتای نواندن لەنێو ئاسۆکانی ئەزموونەکە دەرکەوتووە، کە دیدگایەکی خۆر ئاوایی بووە بۆ جەستەی ئەکتەر، ئەوەش وامان لی دەکات توانای پشکنین و گەڕان سنووردار بێت،



خەسڵەتی ئەزموونکاریەتمان لی دەسەنێتەوە، چونکە ئەزموونگەری ئێمە لەو شوێنەدا ناتوانی سنووری دیدگا ئەورووپیەکان بگۆڕێت بۆ دیدگای نائەورووپی، گەیشتن بەو ئاستەی کە دەبێ ئەو دیدگایە بگۆڕێت، سەرەتای گومان کردنە لە مەعریفەی ئامادە و گەڕانە بەدوای ڕووی نادیاری مەعریفە، ئەوەش کاری پشکنین کاریە، پرۆڤەی شانۆیی بۆ ئەکتەر لەمەشقێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ کاری لابۆریی، لابۆر شتە ئامادە کراوەکان وەلا دەنێ و دەیەوێ ڕووبەرێکی کەشف نەکراو بۆ نواندن بدۆزێتەوە، ئەوەیان دەسبەردار بوونە لەو تێگەیشتنە خۆر ئاواییەی لە ئەنجامی ئازاد بوونی جەستەوە دەیەوی نواندن مومارەسەی پرۆسەی ئازاد بوونی خۆی بکات، ئەو دیدگا خۆر ئاواییە جەستە نوێنەرایەتی خودی فیگور دەکات، بەهۆی ئەوەی جەستەیەکە سەرکوتکردن نەیهێناوە بۆ داکۆکی کردن لە کۆمەڵگا، چونکە جەستەی فیگور جەستەیەکە دەیەوێ بەدوای ڕەهەندی ئەنتۆلۆژیای خۆی بگەڕێت، گرفتی کولتوری نیە، هێندەی گرفتی لەو ڕەهەندە ئەخلاقی و سایکۆلۆژییە کە بووەتە شوناسی پێکهاتەی جەستەی، بۆیە کاتێ دەم دەکاتەوە دەنگ ئامادەبوونی مێژووی چەپاندن نیە، دەنگ خۆی لە جەستە جیا ناکاتەوە، بەهەردووکیان سۆبجێکتی ئەو پێکدێنن، بۆیە ئەو جەستەیە دەبێتە جەستەیەکی کەڕنەڤاڵی، جەستەیەک کە جولایەوە کەڕنەڤاڵی سەمای خودگەرێتی ساز دەکات، کە هاتە دەنگیش کەڕنەڤاڵی بێدەنگی جەستە بنیات دەنێت، ئەو تێگەیشتنە بەرەو جەستەی خۆر ئاواییمان دەبات، بۆیە کاتێ بمانەوێ تێگەیشتنمان بۆ جەستە تێگەیشتنی خۆرهەڵاتی بێت، نابێ بە تەنیا بە پرۆسەی گۆڕینی چەمک و زاراوەکان هەڵبستین، بەڵکو دەبێ ئەو گۆڕانەی ئێمە دەیخەینە ڕوو دەست نیشانی بکەین. جەستەی خۆرهەڵاتی جەستەی مرۆڤی نێو پەرستگا ئایینیەکانە، بەواتای نەیتوانیووە لە جەستەی کۆمەڵگا جیابێتەوە، تاک لەوانیتر ئازاد نەبووە هێندەی لەناو جەستەی گشتی خۆی تواندۆتەوە، ئەوە وای کردووە تێگەیشتنی خۆرئاوایی بۆ ئەو جەستەیە تێگەیشتنێک بێت زیاتر لە نواندنێک بچێت کە ئەکتەر نەتوانێ نوێنەرایەتی فیگوری خۆی بکات، بەڵکو هەڵبستێت بە نوێنەرایەتی فیگورێکی خۆرئاوایی، ئێمە بمانەوێ جەستەمان لەناو دیدێکی خۆرهەڵاتی دەربکەوێت، دەبێ جەستە هەڵبستێت بە نواندنی مێژووی خۆی، مێژووی ئەو حیکایەتی سەرکووتکردنی بوونیەتی، سەرکوتکردن توانیویەتی هەریەکە لە جەستە و دەنگ پارچە پارچە بکات، وەک بنیاتی جەستەی مرۆڤی خۆرئاوایی نیە، کە دەنگ و جەستە لەیەک جیا نەکرێنەوە، جەستەی خۆرهەڵاتی جەستەیەکی سەرکوتکراوە، جەستەیەکە لەجەستەی گشتی جیا نەبۆتەوە، بۆیە دیدی فینۆمینۆلۆژی بۆ ئەو جەستەیە بەرەو تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانەمان دەبات، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە

دیاردەگەرایی جەستە و دەنگی تاک ئامادە بوونیان سڕاوەتەوە، کاتێ مەشق و گەڕانەکان دەیانەوێ جەستەی سەرکوتکراو ببێت بە جەستەی ئامادە لە شانۆدا، ئامادەبوون نواندنێک نیە بۆ نوێنەرایەتی فیگور، چونکە ئەکتەر بەتەنیا نوێنەرایەتی خۆی دەکات، تەنانەت نوێنەرایەتی هاوڕێکەشی ناکات، هەر جەستەیەک پانتایەکی سەربەخۆی خۆی هەیە، گەیاندنەوەی ئەو جەستەیە بە دەنگ پەیوەستە بەو زەمەنە کۆمەڵایەتیەی جەستە و دەنگی لەیەک دابڕیووە، بەیەکگەیشتنەوە توانای ئەوەی نیە لەناو پێکهاتێکی کەڕنەڤاڵی کۆیان بکاتەوە، چونکە جەستەیەکی ئازاد نیە، بۆیە لەناو پێکهاتی کولتوری کۆ دەبنەوە، بیرۆکەی (جەستەی کەڕنەڤاڵی) چەمکێکە بە تێگەیشتنی خۆرهەڵاتیانەی ئێمە نامۆیە، بۆیە پێکهاتی کولتوری ئەو ڕووبەرەیە کە جەستە و دەنگ کۆ دەکاتەوە، ئەو کۆبوونەوەیە جەستە ناو دەبات بە (جەستەی کولتوری) جەستەیەکە لەنێو مێژووی خودگەرێتی خۆی و مێژووی کۆمەڵگا و یادەوەری ڕۆشنبیری دەیەوێ بوونێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەو بوونە لەتوانای تێکستی نووسراو نیە پێی بگات، بەڵکو بوونێکە لە ئەنجامی مەعریفەی نا ئامادە دەخوڵقێت. کۆنەکردنەوەی جەستە و دەنگ لەناو پێکهاتی دەنگی، بەڵکو بەیەکگەیشتنیان لەناو پێکهاتی کولتوری، ئەو بەیەک گەیشتنە جیاوازی درووست کردن نیە لە نێوان (جەستەی کولتوری) و (جەستەی کەڕنەڤاڵی) بەڵکو بەدوای بەیەک گەیشتنی دەنگ و جەستە، هەردوو جەستەکەش بەیەک دەگەنەوە، بەوەی جەستەی کولتوری دەبێتەوە بە جەستەیەکی کەڕنەڤاڵی. دوور نیە هەندێک ناوی کەڕنەڤاڵ (ئاهەنگساز) کورت بکەنەوە بۆ شانۆی ئاهەنگسازی، بەڵام ئەوە جگە لە هەڵەی میتۆدی گوزارشت لەهیچ تێڕوانینێکی تر ناکات، کەڕنەڤاڵ پەیوەندی نیە بە گۆرانی و سرووود و دەف لێدان و فۆلکلۆر، کەڕنەڤاڵ بەشداری کردنی دەنگە لەناو پێکهاتی کولتوری، هەر ناونانێک بە شانۆی ئاهەنگسازی لەڕاستیدا نەبوونی توانایە بۆ تێگەیشتن لە فرە مانایی دەنگ و وێنەی دەنگی فیگور. دەنگ میتا حیکایەتە، میتا بوونیشی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری حیکایەتە، کە حیکایەت سێنتەری نەبوو.. ئامادە بوونی کارەکتەر تێک دەشکێت، ئەو تێکشکاندنە.. دەبێتە بوار فەراهەم کردن بۆ ئامادە بوونی فیگور، کۆمەڵە فیگورێک نوێنەرایەتی کارەکتەر دەکەن، فیگور بونیادە و سێنتەر نیە، چونکە بونیادی لێکترازاو بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر دێتەوە بوون، بەبێ ئەوەی سێنتەر بخوڵقێنێتەوە، بۆیە دەنگ و جەستە گوزارشت لە دەنگ و جەستەی هیچ کارەکتەرێک ناکەن، هێندەی (بونیادی فیگور) و (بونیادی دەنگ) گەمەی گۆڕینەوەی ئاماژەکان دێننە دی، ئەو گەمەیە لەناو سیاقی مانا ناو دەبەین بە (بونیادی دەنگی فیگور) و (بونیادی فیگوری دەنگ) لەو گەمە کردنەش هەریەک لەو دوانە دەبنەوە بە (فیگوری بونیاد) و (دەنگی بونیاد). فیگوری بونیاد



سەرکوتکردنی گێڕانەوەی ووشەیە، ووشە ئەو بونیادەیە نەک بوونی فیگور، بەڵکو (بونیادی ووشە) ی سەرکوتکردۆتەوە، بۆیە حیکایەتی کوردی چیرۆکی سەرکوتکردنی دەنگ و جەستەی مرۆڤ بووە، ئەوەش وا دەکات (فیگوری بونیاد لەو گەمە ئاڵ و گۆڕەدا لەناو (دەنگی بونیاد) براکسیسی گەمە شانۆییەکە بکات، لەڕێگەی گۆڕینەوەی (ووشە) بە (دەنگ). لەکاری ئێمەدا جیاوازی بنەڕەتی نێوان (ووشە) و (دەنگ) بریتیە لەوەی ووشە بونیادێکە بۆ خوڵقاندنی حیکایەت، حیکایەتی سەرکوتکردن، کە گێڕەرەوەی حیکایەت لەناو تاک مانایی سەرکوتکردن، جەستەش وەک ووشە سەرکوت دەکات، سێنتەری حیکایەت بونیاد دەنێت، کەچی دەنگ میتا حیکایەتە، بەدوای کۆتایی سنور و دەسەڵاتی ووشە ئامادە دەبێت، ئازاد بوونی دەنگ.. خوڵقاندنی فرە ماناییە، بۆیە دەنگ جەستەی سەرکوتکار ئازاد دەکات، ئەوە سەرباری ئەوەی میتا حیکایەت سێنتەری نیە، ئەو هەڵوەشاندنەوەیەش بونیادەکان دەخاتە ناو گەمەیەکی زمانەوانی لە ئاستی دەنگی، تیایدا بونیاد فرە مانایی لەدەنگ وەدەست دێنێت، بەڵام ئەو فرە ماناییە بەشداری لەتەک جەستە دەکات، بەڕادەی ئەوەی چەمکی جەستەی کولتوری ئاوێتەی یەکەی گوتاری کەڕنەڤاڵی دەنگ دەکات، تاوەکو بمانگەیەنێتەوە سەر ئەو تێگەیشتنەی کە جەستەی کولتوری.. جەستەیەکی کەڕنەڤاڵیە، ئەوەش ئاوێتە بوونی جەستە و دەنگە بە یەکتری. ڕاستە ئەو دووانە دوو میکانیزمی سەربەخۆن، بەڵام هەر یەکێکیان بەتەنیا بە ڕۆڵی خۆی هەڵناستێت، چونکە ئەو کارەی ئێمە نە بانتۆمایمە "وەک لە قۆناغی پێشووی کارکردنمان جەستە میکانیزمی سەرەکی بوو" تاوەکو جەستە بە تەنیا گوزارشت لەخۆی بکات، نە دەنگ دەیەوێ ئۆپیرا و گۆرانی بنیات بنێت، بۆیە جەستە و دەنگ ئاوێتەی یەکتری دەبن و هاوکێشەکان دەگۆڕن بۆ (دەنگ-میتا حیکایەت-جەستەی کولتوری-جەستەی کەڕنەڤاڵ). جەستەی کولتوری یادەوەری فیگورە لەنێو نمایشی شانۆیی، یادەوەری ئەو جەستەیە بریتیە لە کۆی ئەو ڕابردووەی جەستە تیایدا ژیاوە (ئەزموونکردنی ژیان) و (یادەوەری ڕۆشنبیری) و (ئامادەبوونی فیگوری ئەو لە کۆمەڵگادا) هەموو ئەمانە دەبنە شوناسی جەستەی کولتوری، جەستە ئەو شوناسە لەخۆی دانابڕێت، بەڵکو بەو شوناسەوە دێتە ناو ڕاهێنان و مەشقەکانەوە، ئەوەش هاریکاریەکی باشی دەکات بۆ قووڵ کردنەوەی بنیاتی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی نمایش، چونکە ئەوە وادەکات ئاگایی ئەو بەشداری بکات لە پرۆسەی بەرهەم هێنان، ئەو کاتە ئەو جەستەیە هێندەی پێویستی بە ئەزموونی خودی و زانستە مرۆییەکان هەیە، بەو شێوەیە پێویستی بەو مەعریفە شانۆییە نیە کە لە دووتوێی کتێب و موحازەرە هونەریەکان فێری دەبێت، بەڵکو ئەو تاچەند دەتوانێ مەعریفە لەنێو تیۆرە زانستیەکان بخوڵقێنێت، خوڵقاندنەوە ئامادە بوونی تەواوی ئەو کولتورەیە کە

جەستە شوناسی بوونیەتی و لەناو شانۆ بنیاتی دەنێتەوە، بنیاتنانەوە.. تێکشکاندنەوەی کولتور و سەر لەنوێ خوێندنەوەیەتی، دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکانی کولتورە، ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیە کولتوریە پشکنینێکی شانۆییە، کە پەیوەستە بە گەڕانەوە بۆ یادەوەری کولتورە جیاوازەکان، ئەوەش فرە کولتوریە، بەڵام فرە کولتوری لەو ڕەهەندەوە نا کە ئێمە کۆمەڵە فیگورێکی کولتور جیاواز بێنین، بەڵکو (یادەوەری ڕۆشنبیری) جەستەی کولتوری، بەرەو کولتورە جیاوازەکان دەڕوات و دەیەوێت لەناو یەکەی گوتار کولتورەکان کۆ بکاتەوە، ئەوەش شانۆیەکی فرە کولتوریە، لەڕێگەی جەستەی کولتوریی، بەبێ گەڕانەوە بۆ جەستەی کولتورە جیاوازەکان، ئەوەشیان یەکێکە لەو خاڵانەی کە توانای ئەوەی هەیە ئێمە لەزۆر گروپی ئەزموونکاریتر جیا بکاتەوە. ئێمە دەمانەوێ جەستەی کولتوری بۆخۆی ئەو توانایەی هەبێت لەڕێگەی ئەو مەعریفەیەی لەلای ئامادەیە کولتوری ئەوانیتر وەک بنەمایەک بۆ ڕیتوال وەربگرێت، ئەوە لەسەر ئەو تێگەیشتنە نیە، کە ئێمە ڕیتوالی کولتورەکان دووبارە بکەینەوە، بەڵکو تەنیا سوود لە تەکنیکی کولتورەکە وەردەگرین و سەر لەنوێ ڕیتوالێکی شانۆیی بنیات دەنێینەوە، کە بارگاویە بە دەلالەت و ڕەهەندی پرۆژە شانۆییەکەوە، ئەو ڕیتوالەی لە ئەزموونێکدا پێی دەگەین، ناتوانین لە ئەزموونێکی تردا دووبارەی بکەینەوە، چونکە هەر ڕیتوالێک بەرهەمی ئەو ساتە ئەفرێنەرەیە کە تیایدا خولْقاندن دێنێتە بوون. ریتوال لەڕێگەی جەستەوە لەناو شانۆیەکی فرە کولتوری کۆ دەبێتەوە، ئەوەش ستراتیژی سەرەکی جەستەیە بۆ کارکردن، بەواتای جەستە کەناڵی گەیاندنی کولتورەکانە لەناو ریتوالدا، بەهۆی ئەوەی ئێمە بە تەنیا جەستە بەتاکە زمانی شانۆ نازانین، بەڵکو دەنگ میکانیزمێکی تری فیگورە.. وەک جەستە ئامادە بوونی هەیە، بۆیە چۆن جەستە دەبێتەوە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئامادە بوونی کولتور، دەنگ بەهەمان شێوە بونیادی کەرنەڤاڵی بەجەستە دەبەخشێت، ئەو بەخشینە (جەستەی کولتوری+ بونیادی کەرنەڤاڵی) هاوکێشەکە بە (کەرنەڤاڵی کولتورەکان) تەواو دەکات، بەواتای نمایشی شانۆیی لای ئێمە دەبێت بە (کەرنەڤاڵی کولتورەکان) .

ئەوەش گەیشتنە ئەو دیدگا هونەرییە کە جەستەی کولتوری.. جەستەی کەرنەڤاڵیە، بەهۆی ئەوەی دەنگ لە نووسینەوەی ئەو جەستەیە بەشدارە، بەلای (ئەندری کلاڤل) زەحمەتە قسە لە کەرنەڤاڵ بکرێت.. بەبێ قسە کردن لە جەستە، وەک چۆن قسە کردن لە کەرنەڤاڵ بە قسەکردن لە (ووزە) ناو دەبات، نەک دەست نیشان کردن. کەوابێت بۆ ئێمە کەرنەڤاڵ بریتی نیە لە وێنەیەکی بەرجەستە کراوی گوتارێکی کەرنەڤاڵی لەڕێگەی ساتی بەریەککەوتن لەگەڵ هەر جۆرە ئاهەنگێک، بەڵکو کەرنەڤاڵ وێنەیەکی دەنگیە، بونیادی دەنگی کەرنەڤاڵ بنیات دەنێت، کە



جەستە بۆخۆی ڕاستەوخۆ وابەست بێت بە کەرنەڤاڵەوە، ئەوە نامانگەیەنێتە سەر ئەوەی بەبێ (دەنگ) یش بونیادی کەرنەڤاڵی ئامادە بوونی هەیە، بەڵکو بەشداریکردنی دەنگ ئەو ئەتمۆسفێرە دروست دەکات، وەک چۆن دەنگ بە تەنیا ناتوانێ ئەو بونیادە دروست بکات، بەڵکو دەنگ بەشداری لەتەک جەستە دەکات تاوەکو هەریەکە لە کولتوری جەستە و بونیادی کەرنەڤاڵی بگوازێتەوە بۆ یەکەیەکی هارمۆنی، ئەو یەکەیە کەرنەڤاڵی کولتورەکان دادەمەزرێنێ، کە بەرهەمی ئەو (ووزە) ییە کە لە توانای فیگورەکەیە دەری بخات، بۆیە ووزەی هەر فیگورێک جیاوازە لە ووزەی فیگورێکیتر، بۆیە فیگور ناتوانێ نوێنەرایەتی کارەکتەرێک بکات، بەڵکو ووزەی خۆی بونیاتی فیگورە لە کەرنەڤاڵ، فیگور ووزە چڕ دەکاتەوە بۆ جەستەی کولتوری، تاوەکو لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو یادەوەری لەیادکراو ڕیتوالێکی شانۆیی بێنێتەکایەوە، ئەوەش بۆ ستایشکردنی ڕابردوو نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وێرانکردنی ڕابردووە، لێدانە لەو گوتارە بالایەی کە ووزە لەڕێگەی دەنگەوە دەری دەخات، باشترین نمونە گەڕانەوەمان بۆ تێکستی ئاڤێستا و سرووتە زەردەشتیەکان، گەڕانەوە نیە بۆ داکۆکیکردن لە زەردەشتیەت وەک ئاین، بەڵکو ئەو گەڕانەوەیە بنەمایەکی ڕیتواڵە، وێران کردنی یادەوەریە، بەمەبەستی بنیاتنانی جیهانێکی نوێ، ئەوە ستایش کردنی ڕابردوو نیە، بەڵکو بەتاڵکردنەوەیەتی لە موقەددەس، تەنانەت ماتریالی ئاگر بۆ موقەددەس کردنی ئاگر نیە، بەڵکو ئەگەر چەمکێکی موقەددەس بوونی هەبێت ئەوە شانۆ خۆیەتی، هەر بۆیە شوێنی نمایش کاتێ زیاتر لە پەرستگایەکی زەردەشتی دەکات، ئەوە گۆڕینی ڕەهەندە ئایینیەکانی شوێنە بۆ موقەددەس کە شوێن لە پەرستگایەکی ئایینیەوە بکات بە پەرستگایەکی شانۆیی، تاوەکو موقەددەس بوون بە شانۆ ببەخشرێت، نەک بە پەرستگای ئایینی، بەڵام ئەو کارە لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو ئەو یادەوەریە دەردەکەوێت، وەک چۆن موغ ئەگەر ئەو کارەکتەرە موقەددەسەی ناو پەرستگایە بێت، ئەوا جەستەی کولتوری دەبێتە ئەو موقەددەسە. کاتێ گرۆتۆفسکی ئەکتەر بەو قەدیسە لە شانۆدا سەیر دەکات، ئێمەش جەستەی کولتوری بە موغ دەبینین، هەریەکە لە قەدیس و موغ بەتەواوی بەتاڵ کراونەتەوە لە ڕەهەندە ئایینیەکان، ئەوەی جەستەی کولتوری موغ لە ئەکتەرە قەدیسەکەی گرۆتۆفسکی جیا دەکاتەوە، ئەوە پرۆسەی ناونان نیە.. لە قەدیسەوە بۆ موغ، بەڵکو جیاوازی کولتوری نێوان کۆمەڵگای پۆڵەندیە لە کۆمەڵگای کوردی، بەواتای باگراوندە کولتوریەکە لەلای ئەو وادەکات ئەکتەر ببێت بە قەدیس و لای ئێمە ببێت بە موغ، بەڵام هەریەکە لەو دوانە تەنیا بۆ ڕۆڵیان لە موقەددەس بوون لە کۆمەڵگا ئاماژەیان بۆ دەکرێت، نەک لە گەڕانەوە بەرەو ڕەهەندە ئایینیەکە، ئەو نمونەیەش لە کەرنەڤاڵی کولتورەکانی (ئۆدیبی زەردەشت) زۆر بە ڕوونی

دەردەکەوێت، کاتێ کورە کوێرەکانی ئۆدیب، داوا لە ئۆدیب دەکەن کە بیانکات بە موغ، ئەوە هێندەی دەلالەتە بۆ بە موقەددەس کردنی گەڕانی کولتوری لە شانۆدا، بەهیچ چەشنێک پەیوەست نیە بە گەڕانەوەی ئێمە بەرەو زەردەشتیەت، ئەگەرچی ئەو داواکردنە لە بنەڕەتدا بونیادێکی کەرنەڤاڵیە ئاوێتە بوون بوو بە جەستەی کولتوری، جەستەیەک بە تەواوی لە یادەوەری داماڵدراوە و تەنیا بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، تاوەکو ڕیتوال دەلالەتی نوێی تیا کەشف بکات.

پڕۆسەی کەشف کردن وابەستەیە بە خوێندنەوەی شانۆ ناسی، بەوەی لەو میتۆدە ئاماژەکاریەوە دەبێت چەمکە جیاوازەکانی ئەو ئەزموونە بخوێندرێتەوە و تەئویل بکرێت، بۆیە ئێمە لەو کارەدا پێویستمان بە (سیمیۆلۆژیای شانۆناسی) ە، چونکە شانۆناسی چەمکەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو کەرنەڤاڵە کولتوریەکە بەوەی تاچەند هەریەکە لە (داڕشتنەوەی پانتایی، جەستەی کولتوری، بونیادی کەرنەڤاڵی) توانیویانە ئەلتەرناتیڤێکی جیاواز و نوێ بن و پێویستیان بە (دەق، دەرهێنان، دیکۆر و چوارچێوە شێوەکاریەکانیتری شانۆ) نەبێت، دیارە ئەوە چەندە کارێکی ڕەخنەییە و پێویستە کەسی ڕەخنەگر پێی هەڵبستێت، بەڵام دیدی ئێمە بۆ هەریەکە لەو سیمیۆلۆژیایە و شانۆناسی لەناو ئەو پڕۆسەیە چیە؟ بابەتێکە پێویستی بە لەسەر وەستان و نووسینی سەربەخۆ هەیە کە لە تیۆریزە کردنی ئەزموونەکانی داهاتوو دەگەڕێینەوە سەری، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێکی خێرا لەئاستیدا دەربخەین.

کاتێ ئێمە لەسەرەتاوە کارمان لەسەر مانایەکی دیاریکراوی وەک بیرۆکە نەکردبێت، دەبێ پڕۆسەی تەئویل کردنەوەی ئاماژەکان تاچەند گرنگ بن؟ ئایا تا چەند ئەو ووتەیەی سیمیۆلۆژستی شانۆیی (کۆزان) کە دەڵی "هەر شتێک لەسەر شانۆیە ئاماژەیە" تاچەند ماتریالی بینراو لە کاری ئێمەدا ئاماژە بنیات دەنێت؟

سیمیۆلۆژیای شانۆناسی لقێک نیە لە سیمیۆلۆژیای شانۆیی، بەڵکو پێشنیارێکی کولتوریی کارکردنی ئێمەیە، پەیوەستە بە تەئویل کردنی نمایش، بە واتای پەیوەندی نێوان (سیمیۆلۆژیا) و (شانۆناسی) ە، شانۆناسی ئەو نهێنیەی دەیەوێ شانۆ بناسێت، بەدوای پڕۆسەی ناسین خوێندنەوە پێویستی بە پڕۆسەیەکی تەئویلکاری ئەو ئاماژانە هەیە، کە نهێنی ناسینی شانۆ دەگرێتە خۆی، مەرج نیە مەبەست لەو خوێندنەوەیە ئامادە بوونی ووتاری ڕەخنەیی بێت لەبارەی نمایشەوە، ئەگەرچی پێویستە ئەو ڕەخنەیە هەمیشە ئامادە بوونی هەبێت، بەڵام ئەو خوێندنەوەیەی کە ئێمە مەبەستمانە بە تەنیا پەیوەست نیە بە ووتاری ڕەخنەییەوە، بەڵکو بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵێک ئاماژەیە بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێ لەو پەیوەندیە تەئویلکاریەی شانۆناسی و سیمیۆلۆژیا نمایشەکە بخوێنێتەوە.



لێرەدا گەر زۆر بە خێرایی بگەڕێینەوە بۆ ووتەکەی کۆزان، دەبێ بڵێین: ئەو ئاماژانە پێویستیان بە سیستمێک هەیە بۆ ڕێکخستن، مەبەست لە ڕێکخستنی ئاماژەکانیش خوڵقاندنی فرە دەلالەتی جیاوازە، بەوەی هەر وەرگرێک بەهۆی ئاگایی ڕۆشنبیریی خۆیەوە ئاماژەکان دەخوێنێتەوە، لێرەوە گەیشتن بە دەلالەت لای وەرگر دەبێتە ئەندێشەیەکی گەورە، بەڵام پڕۆسەی تەئویل کردنی ئاماژە بەهۆی خوێندنەوەی پەیوەندی جەستەی کولتوری بە دەنگ و پانتایی و ماتریالەوە وەرگر لەکۆڵ ئەو ئەندێشەیە دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی سیمیۆلۆژیای شانۆناسی وەرگر دەگۆڕێت بۆ ئامادە بوونی فیگوری ئەوی وەرگر بۆ ئەوەی تاچەند توانیویەتی بوونی لەناو ڕیتوال بوونێکی ئەکتیڤ بێت؟ ئایا توانای ئەوەی هەبووە هەست بە ئامادە بوونی دیاردە کولتوریەکانی ناو ڕیتوال بکات؟ ئەوەش دەبێتە پرسیاری سەرەکی وەرگر، پرسیاریک ئەو سیمیۆلۆژیایە دەیهێنێتە دی، بەشداری لە فراوان کردنی ئاگایی فکری وەرگر دەکات، ئەوەش تەنیا پەیوەست نیە بە ئاماژە بینراوەکانی جولە و وێنە شانۆییەکەوە، بەڵکو ئاماژە دەنگیەکان و تەنانەت جل و بەرگ کە لای ئێمە ئاماژەیەکی کولتوریە، تەواوی ئەو ئاماژانە لەناو گوتاری ڕێکخەر خۆیان دەردەخەن، ئەوەش پەیوەندی پتەوی نێوان وەرگر و شانۆیە، بەوەی شانۆناسی بە گەڕانی شانۆکاران دەست پی دەکات، بەگەڕانی وەرگریش سەر لەنوێ پڕۆسەی پشکنین دێتە کایەوە، بەڵام پێویستی بە ژمارەیەکی دەست نیشان کراوی وەرگرە، ژمارەیەکی دەست نیشان کراو توانای خوڵقاندنی ئەو پەیوەندیە ڕیتوالیەی هەیە، کە لەناو ڕیتوال ببێتەوە بەشێک لە جەستەی کولتوری.

# لەنێوان ئەتمۆسفێر و ڕیتوال

ریتوال و ئەتمۆسفێر دوو چەمکی بەهاداری ناو پرۆسەی کارکردنن، ئەو دوو چەمکە خاوەنی دوو پانتایی سەربەخۆی خۆیانن، بەهۆی ئەوەی ئێمە لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو دوو چەمکە لەڕێگەی ئەزموونی (حیکایەتی لم) ەوە پێی گەیشتووین، بۆیە لێرەدا لەئاستی تیۆریزە کردنەوەی ئەو ئەزموونە پراکتیکیەوە دێینە سەر نووسینەوەی هەردوو چەمکەکە.

ئەتمۆسفێر لە بنەڕەتدا چەمکێکە لە داڕشتنەوەی پانتایی بنیاتی دەنێین، هێشتا ڕیتوال نەهاتۆتە دی، ئەتمۆسفێر بریتیە لە پەیوەندی جەستە و بۆشایی، ئەو پەیوەندیە لەڕێگەی جەستەی کولتوری و بیناسازی شوێن دەردەکەون، جەستەی کولتوری.. جەستەی ئەو فیگورەی بەپێی توانای ڕۆشنبیری خۆی یادەوەریەکی ئەرشیفی هەیە بۆ ڕابردوو.. لە تێگەیشتن بۆ شکستەکانی یادەوەری گشتی، ئەوانەش بریتین لە (وێنە، فیلم، ڕۆژنامە، حیکایەت) هەموو ئەمانە بۆئەو بوونەتە بەشێک لە یادەوەری کولتوری، بەڵام ئەوانە بۆ بەرهەم هێنانەوەی نیە لە نمایشدا، بەڵکو تەنیا دەیەوێ کولتورێک بێت بۆتێگەیشتن، تاوەکو بتوانێ لەو بیناسازیە کۆن و بەسەرچووەدا وێنەیەکی نوێ بخولقێنێ ئەو وێنەیە لەدایکبوونی وێنەی ئەتمۆسفێری جەستە و شوێنە، ئەوە وا لە بینەر دەکات، کردەی وەرگرتن.. کردەیەکی نامۆ بێت، دەیەوێ بگاتە نهێنی ئەو وێنەیە، بۆیە پەنا دەباتە بەر تێگەیشتن لە ماناکانی دەنگ، لەڕاستیدا تێگەیشتن لە مانایەک بۆ دەنگ تێگەیشتن نیە لە دەنگ، بەڵکو دەرچوونە لەو ئەتمۆسفێرە و کوشتنی فرە دەلالەتی دەنگە لەپێناو تاکە دەلالەتێک کە دەیەوێ ڕێگای تەئویلی جیاواز لە نمایشەکە بکوژێت، خۆشی لەسەر تەفسیرێکی ناو واقیع بگیرسێنێتەوە، ئەوەش کوشتنی پرسیارە لەناو خۆی، بۆیە ئەو بینەرە ناتوانێ هەست بە کاریگەری ئەو ئەتمۆسفێرە بکات، تەنیا لە هەستی سەرسامی دەیەوێ مانایەکی سنووردار بۆخۆی بدۆزێتەوە، ئەوە نە گەیشتنە بە مانا، نە خوێندنەوەی بونیادی فەلسەفی وێنەیە، چونکە خوێندنەوەی بونیادی فەلسەفی پەیوەستە بە ڕێگەدان بە تێکشکاندنی مانای سنوورداری ناو ژیان و گومان کردن لەو تاکمانایيەی لە ژیاندا ئامادەیی هەیە، دەنگ بۆ ئەوە نیە وەزیفەی بونیادی حیکایەت ببینێت، پێشوو ئەوەمان دەرخست کە دەنگ میتا حیکایەتە، بەواتای دەنگ پرۆسەیەک نیە بۆ خولقاندنی حیکایەت، بۆیە تێگەیشتنی تاکمانایی دیدێکی غەیبانیە گەر بینەر بیەوێ پێی بگات.



وێنەی ئەتمۆسفێر ساتی بەشداریکردنی نێوان (جەستەی کولتوری/ جەستەی بینەر) ە، ئەو بەشداریکردنە نووسینەوەی کۆمەڵێک ئاماژەی زمانەوانی و جەستەین لە بۆشاییدا.

ئاماژە لەنێو سیستمێکی نێرەر ڕەمز دێنێتە کایەوە، بونیادی دەنگی ڕەمز بارگاوی دەکات بە سرووتە کۆمەڵایەتیەکان، لێرەوە ئەتمۆسفێر دەرگا لە ڕیتوالی شانۆیی دەکاتەوە، ڕیتوال بەشداری جەستەی کولتوریە لە سرووتی کۆمەڵایەتی، ئەو سرووتە گواستنەوەی سرووتێکی کۆمەڵگاکان نیە، بەڵکو سرووتە کۆمەڵایەتیەکە تەنیا سوود لە تەکنیکەکەی وەردەگیرێت، وەک لە سرووتی پاکژبوونەوەی (ئۆدیبی زەردەشت) سرووتەکە ڕیتوالێکی شانۆییە، بەڵام لەڕووی تەکنیکەوە سوود لەو سرووتەی هندیە سوورەکان وەرگیراوە، بەهۆی ئەو دوو ئەزموونەی پێشومان.. تێگەیشتنێکی هەڵە لەلای بەشێکی بینەران و شانۆکاران کەوتەوە، بەوەی ڕیتوالی شانۆیی بریتیە لە ئاگر و تێکستی ئاڤێستا و دەنگی ئاهورا، ئەو تێگەیشتنە بۆ ڕیتوال تێگەیشتنێکی دینیە نەک شانۆیی، بۆیە گوزارشت لە مەعریفەیەکی کز دەکات، ئەوەش گەیاندمانیە ئەو بۆچوونەی کە تێڕوانینی ڕەخنەیی دوای ئەزموونەکان، بینەرانی ئێمە بەشی زۆری خاوەنی ئاگاییەکی ڕەخنەیی نین لەئاستی ئەزموونەکان بن، هەمیشە قسەکردن لە کۆڕەکانی هەڵسەنگاندن، قسەکردن نەبووە لەسەر شانۆ.. بەڵکو قسەکردن بووە لەدەرەوەی شانۆ، بۆیە ئەو بازنە ڕەخنەییەمان گواستەوە بۆ مێزگرد و بازنەی گفتوگۆی چەند شانۆکارێک. ئێمە لە (حیکایەتی لم) ئەوەمان بەتەواوی گۆڕی کە ڕیتوال بریتی نیە لەو تێگەیشتنە کۆنکرێتیەی کە دەبێ لەڕێی ئاگرەوە بێت، دیسان نەبوونی ئاگر بۆخۆی ڕیتوالێکی تربوو، چونکە دەنگی (لم) بونیادێکی کولتوری و جەستەیەکی کەڕنەڤاڵیە، کە بیابان دەبێتە هۆی کوژانەوەی ئاگر، ڕیتوال لێرەدا تێکشکاندنی بونیادی جەستەیی نیە، بەڵکو ڕیتوال بریتیە لەو دوو وێنە لەتکراوەی لەسینۆگرافیای کارەکە یەکدەگرنەوە و وێنەی ئەشکەنجە بنیات دەنێنەوە، لەمانا قووڵەکەی، هەریەکە لەو دوو وێنەیەی ئەشکەنجەی دەروونی فیگور، گوزارشت کردنە لە دوو قۆناغی کۆمەڵایەتی مێژووی مرۆڤ، ئەشکەنجەدانی (شکۆ) ئاماژەیەکی دەسەڵاتی سزایە (ئەو دەسەڵاتە بەلای میشێل فۆکۆ دەسەڵاتێکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرلە سەردەمی مۆدێرنیتی، مەبەست لە ئەشکەنجەدان داکۆکیکردنە لە سەروەری حاکم یا پاشا) بەڵام ئەشکەنجەدانی (کارۆخ) ئاماژەیە بۆ (دەسەڵاتی کۆنترۆڵ) ئەو دەسەڵاتەیان بریتیە لە کۆنترۆڵ کردنی جەستە و چاودێریکردنیەتی، کە لەڕێگەی دەزگاکانی مۆدێرنیتی بەڕێوە دەچێت، لێرەدا ئەو دەسەڵاتە مرۆڤی دەستەمۆ بەرهەم دێنێت.

ریتوالی ئەشکەنجەدان لەهەناوی دەسەڵاتەکانەوە هاتووە، تێگەیشتنێک نیە بۆ

جینۆسایدی تاکە قۆناغێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو دەرخستنی وێنەکانی دەسەڵاتە بۆ ئەشکەنجە لە سیستمی خێلەکایەتیەوە بۆ شێوازەکانی ئەشکەنجە لەدەزگاکانی مۆدێرنیتی، ئەوەش دەمانگەیەنێ بەو دەرەنجامەی کە ڕیتوال بریتیە لە کۆی ئەو ئەتمۆسفێر و وێنە جەستەیی و دەنگیانەی لەهەناوی خۆیاندا نمایش دەکەن بە ڕووبەرێکی نوێ بۆ ژیان، دنیایەک نەک لەوێوە بگەڕێینەوە کە تاچەند دەتوانین ئەو وێنەیە بە وێنەکانی دنیای واقیعەکەمان بشوبهێنین، بەڵکو وێنەکە خۆی بە ژیانە ڕاستەقینەکە بزانین، بەواتای ئەو ئەتمۆسفێرە شانۆییە بەدوای گۆڕینی بۆسەر ڕیتوال دنیایەکی نوێمان بۆ بخوڵقێنێ، ئەوەش بەتەنیا سەیرکردنەوەی ئێستای بوونمان نیە، بەڵکو سەیرکردنمان بۆ یادەوەری کوردیش خوێندنەوەیەکی جیاوازە، کە هەڵگری ئەو ئەزموونەیە کە هەریەکە لە جەستەی کولتوری و بیناسازی شوێن هەڵگری دەبن.



# بنیاتی کولتوری لە بیناسازی شوێندا

پەیوەندی نێوان بیناسازی شوێن و بنیاتی کولتوری بابەتێکی نەخوێنراوی پێش خۆمانە، ئەوەیان باسێکە لەڕێگەی پڕۆسەی خوڵقاندنەوە بنیاتی دەنێین، هەیوانی خانوویەکی کۆن، چەندین سەدەیە ژیان تێیدا بوونی نەماوە، ئەو زیندەگیە چۆن بە بیناسازی ئەو شوێنە دەبەخشینەوە؟ ئەوە پرسیاری سەرەکیە کە بەر بنیاتی کولتوریمان دەکەوێت لە ئەزموونی (ئەنتیگۆنای قەڵا).

ئەنتیگۆنا لەچی یاخی دەبێت؟ کۆشکەکەی ئەو چی تیاماوەتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە بۆ سەرەتای ئەو پەیوەندیە، بۆیە کەشفکردنی ئەو پانتایە کارێکە بە زەحمەت خۆی دەدات بە دەستەوە، بەتایبەت بۆ ئەزموونی ئێمە کە نامانەوێ لەناو ئەفسانەی گریکی کۆتایی بە سنوری پانتایی کارکردن بێنین، ئەفسانە لەناو پڕۆسەی تێکشکاندنەوەی مانادا هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کرۆنۆلۆژیای مانا لەدەست دەدات، مانا لەو ئەزموونەدا چیە؟ پرسیارێکە هەموو ڕۆژێک لەخۆمانی دەکەین و بە وەڵامەکەی ناگەین، دەزانین ئەوە نهێنیەکەیە، نهێنیەک لە قووڵایی مەشقەکاندا شاردراوەتەوە، تا مەشق و گەڕانەکانمان فراوانتر بێت، زیاتر لەو نهێنیە ئەفسوونیە نزیک دەبینەوە، هەندێک جار ئەو نهێنیە لێمان یاخی دەبێت.. بێدەنگ دەبین دادەنیشین بیردەکەینەوە، پشوو دەدەین.. هیچ ناکەین، دەزانین دەبێت بەدوای میکانیزمێکی تردا بگەڕێین، ئەوەی تا ئێرە هاتووە لێرەوە توانای کەشفکردنی نیە، ئێمە ناچارین دەسبەرداری سرووتەکانی ئایینی زەردەشتی بین، بەڵام ئەو سرووتە دەبێتە مەعریفەیەکی نەستی، ئەوەش ئیشکردنەوەیەکی جیاوازترە لەسەر کولتور، ئەگەر جل و بەرگ ئاماژەیەکی کولتوری هەمیشەیی کاری ئێمە بێت، هێشتا دەتوانین لە ئەنجامی قووڵ بوونەوەی فەلسەفی ئەو بنیاتە کولتوریە بگۆڕین بۆ ناو دیدی جیاوازی خوێندنەوە، ئەوە سەرەتای گەیشتنە بە نهێنیەکە، چونکە دەگەینە ئەو تێڕوانینەی کە چەمکی یاخی بوون لای ئەنتیگۆنا لە ئەفسانە گریکیەکەوە بگۆڕین بۆ مانایەکیتر، بۆیە لەخۆمان دەپرسینەوە: ئەنتیگۆناکەی ئێمە بۆ یاخی دەبێت؟ چی وای لێدەکات یاخی بوون بیگەیەنێتە سزای مەرگ؟ ئایا ئەنتیگۆنا مەرجە بمرێت؟ ئەی ناکرێت ئەو لەناو دۆخێکی نەمریی بژییێت؟ چی نەمریی بە ئەنتیگۆنا دەبەخشێت؟ پەیوەندی ئەنتیگۆنا وەک ئاماژەیەکی فیگوری کولتور بە بنیاتی شوێنەوە چیە؟ ئایا ئەو پەیوەندیە توانای دیدێکی نەخوێنراوەی هەیە؟

سەرەتای پرسیارەکانمان بردە ناو گریمانەیەکی فەلسەفی نیتچە کاتێ لە کتێبی

(وەهای گووت زەردەشت) لەسەر زمانی زەردەشت بانگەشە بۆ مردنی خودا دەکات، زەردەشت لەسەر شاخەکانەوە هاوار دەکات "خودا مرد" ئەو بانگەشەیە بۆ مردنی خودا، لەڕاستیدا بۆ مردنی میتافیزیکیا بوو، بۆ ئێمە ئەو بانگەوازەی زەردەشت دەچێتە ڕۆحی ئەنتیگۆناوە، یاخی دەبێت بەوەی خودا مردووە.. ئیدی زیندوو نیە، ئەوە یاخی بوونێکە بەدژی دەزگا ئایینیەکان، کە دەزگاکان سەربارى لاوازبوونی دەسەڵاتیان نایانەوێ دان بەو ڕاستیە بنێن، گریمانەکە لێرەدا بەپێی سیستمێکی سیمیۆلۆژی چەندین ئاماژەی فەلسەفی بەدوای خۆیدا دێنێت، یەکەم دەنگی دەری دەبڕێت هاوارە بۆ ئەوەی مردنی خودا تەنیا کردنی ئەوە، بۆیە هاوار دەکات "ئالۆ.. ئالۆ لەما شەبەقتەنی" ئەوە دێری مەسیح بوو کاتێ بەسەر خاچەکەوە دەڵێت "خوایە بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتم" هەست دەکات ئیدی ئەو تەنیایە، ئەو تەنیا کردنە وای لێدەکات خوێنی مردووەکە بەدەستی خۆیەوە ببینێت، دەیەوێ خۆی لە خوێنەکە پاک بکاتەوە، ئەو لێرەدا لە لیدی ماکبێس دەچێت، هەست دەکات خوێن لە پەنجەکانی نابنەوە، بەرەو ئازارێکی ماسۆشی دەڕوات، لەناو ئەو گریمانەیەدا خەون دەبینێت، خودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە تاوانی کوشتنی لەلایان کۆمەڵگاوە ئاگاداری بکاتەوە، ڕێک حالەتێکی هاملێتیە، خودا لە تارمایی پاشای کوژراو دەچێت، هەر بۆیە یاخی بوون جۆرێک لە حالەتێکی شیزۆفرینی لا درووست دەکات کە لە هاملێت بچێت، بەلای جۆلیا کریستیڤا هاملێت لەڕێگەی قسەکردنەوە دنیای نەستی زمان ئاشکرا دەکات، ئەنتیگۆناکەی ئێمەش لەڕێگەی زمانی خەونەوە دەگاتە لوتکەی جۆرە شێتیەک کە حەقیقەتی کوشتن لای ئەو بێت، ئەوە خەونە کاتێ لەگەڵ خودا دەخەوێت، ئەو خەونەی ناو خەون دنیای لا وێران دەکات، چونکە ناتوانێ خەون و حەقیقەت لەیەکتر جیا بکاتەوە، هەست دەکات منداڵی دەبێت و سکی پڕە، ئەنتیگۆنای یاخی نایەوێ وەک مریەم عیسایەکی ببێت، چونکە دەزانێ کۆمەڵگا عیساکەی لە خاچ دەدەن، سکەکەی لەبار دەبات، کاتێ هەست دەکات دۆزەخ لەکۆشکەکەدایە دەیەوێ لەدۆزەخی ناخی خۆی ڕزگاری بێت، بۆ ئەوەش بەرەو گریمانەی زەردەشتەکەی نیتچە دەگەڕێتەوە، دەیەوێ کۆمەڵگا لەو مردنە ئاگادار بکاتەوە، ڕێک وەک ئەو دێرەی نیتچە لەزمانی زەردەشتەوە پێمانی دەڵێت "دوور نیە ئەم قەدیسە پیرە هێشتا لە دارستانەکەدا شتێکی لەوەی نەبیستبێت کە خودا مردووە" ئەوەش کەشفکردنی چەمکی یاخی بوونی ئەنتیگۆناکەی ئێمەیە، بەدوای مەرگی خودا ژیانی ئەو مانای نیە، مرۆڤ بێخودا چیە؟ ئەوە پرسیارە فەلسەفیەکەی ئەنتیگۆناکەمانە، وەرن خودا لە ڕۆحم بکەنە دەرەوە، ئەو لێرەیە لەناومایە، بۆ ئەوەش کۆپلە شیعرێکی بۆدلێر لەلای ئێمە دەگۆڕدرێتە سەر چەند دەنگێکی جیاواز کە لە بنەڕەتدا شیعرەکە بریتیە لەوەی "خوایە ئازار پیرۆزکە/ من دەروونم لەنێو



دەستەکانتە/ حیکمەتەکانت سنووریان نیە" دەنگ لەڕێگەی سیستمی ئاماژەوە مانایەکی تر بە نەمریی خودا دەبەخشێت، ئەوەش پرۆسەیەکی دۆنادۆنیە کە لەخەونەوە بۆ ئەنتیگۆنا دەبێتە حەقیقەت، دەچێتەوە سەر هەمان نەمریی، بەواتای خەونەکە نەمریی پێ دەبەخشێت، هەرچی پەیوەندیشی بە ئەنتیگۆناوە هەیە وەک ئاماژەیەکی کولتوری فیگور بە بنیاتی شوێنەوە، ئەو پەیوەندیە بۆتە هۆی خوڵقاندنی دنیایەکی نوێ بەهۆی ئەوەی شوێن کە قەڵایە دەبێتە پاشگری ئەنتیگۆنا، واتا ئەنتیگۆنای قەڵا نووسینەوەی مێژووی ئێمەیە لەڕێگەی کولتورەکانەوە، ئەوەش تەواوکەری (هاملێتی کەرکوک) و (ئۆدیبی زەردەشت) یە، کە مێژووی ئێمە سەرلەنوێ لەناو کولتورە جیاوازەکان دەیخوێنینەوە، ئەوەش بنیاتنانی گوتاری ئێمەیە لە شوێن، کە لە ئاستێکی هونەری باڵا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو، سنوری زمانی ئاخاوتن نەبن بە گرفت، بەڵکو زمانەکان بەهەمان سیستمی سەربەخۆی خۆیان وەک یەکەی دەنگ دێنەوە تاوەکو لەتەک دیاردە کولتوریی و خەسڵەتی کولتورە جیاوازەکان خۆمانی تیا بنووسینەوە، ئەوەش پرۆسەی گەڕان و توێژینەوە و پشکنینێکی بەردەوامە لەکاری شانۆیی ئێمەدا.

ئێمە بەدوای تەواو بوونی ئەو قۆناغە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە کاتێ دەق بوونی نیە، ئەوە چەمکی دەق بە شانۆ گۆڕاوە، بەواتای پرۆسەی ناسین گواستراوەتەوە بۆ پرۆسە شانۆییەکە خۆی، شانۆ بۆخۆی دەقێکی بنیاتناوە لەسەر بنەمای زانستی کۆمەڵناسی، ئەوەش ئیشکردنەوە بووە لەسەر کولتور و سرووت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو ئیشکردنەوەیە پرۆسەی دەقناسی گۆڕیووە بە شانۆ ناسی، شانۆناسی پرۆسەیەکی سیمیۆلۆژیە بەهۆی ئەوەی ناسین بریتیە لە کۆمەڵە ئاماژەیەکی کولتوری، لێرەدا پێشنیاری سیمیۆلۆژیای شانۆناسی پێشنیارێکی ئێمەیە لەم ئەزموونەدا.

سیمیۆلۆژیا و شانۆناسی دوو چەمکی سەرەکی ناو ئەو ئەزموونەن، کاتێ لە پرۆسەیەکی هارمۆنیدا ئاوێتەی یەک دەبن، بەواتای ئەوان لەدوا قۆناغی خۆیاندا دەیانەوێ جیهانبینی ئەو ئەزموونە بخوێننەوە، ئەوە هەوڵێکی میتۆدیە بۆ خوڵقاندنی ئەزموونێکی سەربەخۆ، ئەزموونێک لە ئەنجامی گەڕانی بەردەوامان هاتۆتە دی، لە ئێستاشدا پێویستی بە دەرخستنی تەواوی ئەو خاسیەتانەیە.

ئێمە بە کەڕنەڤاڵی کولتوری (ئەنتیگۆنای قەڵا) لەناو تێگەیشتن و گریمانەیەکی فەلسەفی بووین، خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەهۆی نائامادەبوونی ئەو ئاگاییە ڕەخنەییە ناتوانێ بگاتە میتا مانای ئاماژە، ئەگەرچی هەمیشە لەهەر ئەزموونێکدا بینەرانێکی دەستەبژێر ڕەخنە و پرسیارەکانیان سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشاوە، بەڵام کەمتر ئەو بینەرە کائینێکی شانۆیی بووە، ئەوە لەپاڵ چەند شانۆکارێک توانیویانە

لە ئاستی ئەزموونەکە گفتوگۆ بکەن، گفتوگۆیەک لەبازنەیەکی دەست نیشان کراو تێنەپەڕیووە، هەندێکجار ئەوانەی گفتوگۆیان کردووە شانۆکار نەبوونە، بەڵام سەرباری ناپسپۆڕی ئەوان لە شانۆدا، کەچی گفتوگۆ کردنەکانیان لەناو پرۆسە شانۆییەکەدا بووە، بە پێچەوانەی ئەو شانۆکارانەی کە لەدەرەوەی پرۆسە شانۆییەکە گفتوگۆ دەکەن.

ئەنتیگۆنای قەڵا بەریەکەوتنە لەنێوان کولتورە جیاوازەکان، ئەنتیگۆنا وەک کولتورێکی گریکی و قەڵا وەک ئاماژەیەکی کولتوری بۆ چەمکی ئێمە بوون، کاتێ دەمانەوێ ئەنتیگۆناکەمان جیاواز بێت، پێویستمان بەوەیە تەواوی بونیادی فکری و ئاستە جیاوازەکانی کەسێتی بەپێی ئەفسانە گریکیەکە نەهێنینەوە، بەڵکو تەنیا چەمکی یاخی بوون تاکە چەمکێکە لای ئەتیگۆنا ماوە، لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت بۆ ئەو ئەزموونەی ئێمە ئاگر وەک ئەزموونەکانی تر ئامادە بوونی نەبوو، بەڵکو ئاگر شتێ بوو لەناخی جەستەی کولتوری بوونی هەبوو، ئەوەش جیاوازی جۆری ئەو ڕیتواڵە بوو، لە ئەزموونەکانی پێشوو، جگە لەوەی تەواوی ئەو پانتاییە لە ڕێگەی قوماشەوە چارەسەر کراوە، قوماش دەبێتەوە بە کارەکتەر، قوماش لەدەرەوەی بەهای ئیستاتیکیەکەشی پەیوەندی جەستەی کولتوریە بە وەهمی کارەکتەر، ئەوە جگە لەوەی بوونی سێ ڕەنگ (سوور، سپی، زەرد) سێ ئاماژەی جیاوازی ناو ئەتمۆسفێری وێنەیە کە لەڕێگەی ڕەنگەوە وێنە زیاتر مانا بەڕووی خۆی دەکاتەوە.

بنیاتنانی نمایش بەبێ بوونی دەق و بیرۆکە چۆن درووست دەبێت؟ ئەو پرسیارە گومانی هەر بینەرێکە لەکاری ئێمەدا، بەڵام بەهۆی پرۆسەی گەڕان لە شوێن و خوڵقاندنەوەی پەیوەندی جەستەی کولتوری بە پانتاییەوە، ئەو گومانە بە پرسیاری فەلسەفی ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت، ئەوە ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمکەکانی (خۆشەویستی، مەرگ، فەنابوون، تەنیایی، ترس) ئەو چەمکانەی لەهەموو سەردەمێکدا پەیوەندی ئەزەلیان بە مرۆڤەوە هەیە،جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی ئەو چەمکانە ناگۆڕێت، بەڵکو دەکرێ لە ڕووبەڕوو بونەوە و میکانیزمی چارەسەری کولتوری گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەو مەشق و ڕاهێنانەی سەرەتا بەو مەبەستەیە دنیایەکی نەخوڵقاو بێنینە دی، گرنگ نیە بیرۆکەیەک لەسەرەتادا هەبێت، ئەوە پرسیارەکە نیە، پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن ئەو پانتاییە بە جولە و دەنگ دەنووسرێنەوە؟ کە پەیوەندی فەلسەفی و ئیستاتیکی تیا بخوڵقێنرێت، سەرەنجام ئەو پرسیارە بەپێی ڕۆژەکانی پرۆڤە نمایشێکمان لا درووست دەکات، نمایش دەقێکی بینراوی ئاماژە و دەلالەتە، ئەوە دەقێکی فرە دەلالەتیە، کە خاوەنی سیستەمێکی فکری و فەلسەفی و ئیستاتیکیە، بەڵام ڕۆژەکانی پرۆڤە نووسیویەتیەوە، ئەو دەقە بەشێکە لەنهێنی کارەکە، کاتێ لەخۆمان دەپرسین: دەق



چیە؟ لەوەڵامدا گەیشتووینەتە ئەوەی دەق مەشقە، نەنووسراوێکە لەدەربڕینی دەنگ و گوزارشتی ناوەکی جەستە دەیەوێ شانۆ بنووسێتەوە، ئەوە نووسینەوەیەکە بۆ لەدایکبوونی زانست، زانست ناسینە، زانست و ناسین دەسپێکێکیترە بۆ دەقناسی لە شانۆدا، دەقناسی بریتیە لە داڕشتنەوەی تەواوی کولتورە جیاوازەکان، پرۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی سرووت، نووسین کردەیەکی بەرجەستەکراوی سیمیۆلۆژیە، ئەوە بەرزکردنەوەیەتی لەسەر ئاستی ئاماژەی دەنگی و ئاماژەی بینراو، چونکە دەقناسی گواستنەوەی واقیع نیە بۆ ناو نووسین، ئێمە دەقناسی بەهەمان مانا کریستڤیەکە "مەبەست لە جۆلیا کریستیڤا یە" وەرمان گرتووە، بەڵام ئێمە (دەقناسی) مان گۆڕی بۆ (شانۆناسی) بەهۆی ئەوەی شانۆی ئێمە دەق بنیات دەنێت، بەڵام دەقێک پەیوەستە لەسەر ئەو ئاگاییە مەعریفیەی شانۆ، دەقێکە شانۆ لەڕێگەی میکانیزمەکانی خۆیەوە دەیهێنێتە دی، بۆیە شانۆناسی پرۆسەی لەدایکبوونی شانۆیە، لێرەدا کاتێ دەمانەوێ نمایشی شانۆیی وەک پرۆسەیەکی دەقناسی بخوێنینەوە، ئەوە دەبێ لەناو میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە سەیری شانۆ بکەین، بەهۆی ئەوەی ئەو پرۆسەیە هەوڵێکی تەئویلکاری زمانە، مومارەسەکردنی دالی زمانە، ئێمە لەم کارەدا لەسەر پەیوەندی (شانۆناسی) و (سیمیۆلۆژیای شانۆ) ئیش دەکەین، بەهۆی ئەوەی هەریەکە لەو دووانە دەیەوێ بۆ نووسینەوەی ڕووبەری نەنووسراوەکانی بەشداری لەوەیتر بکات، ئەوەش باسێکە لەوانەیە ئەزموونەکانی داهاتوو پرۆژەی جیاوازی تیا بێنێتە بوون و بتوانین پرۆژەیەکیتر لەناو سیمیۆلۆژیای شانۆناسی بنیات بنێین، بەڵام هەر ئەزموونێک بەرەنجامی کاری پشکنین و گەڕانە، بۆیە تا دەست بە پرۆژەی تر نەکەین ناتوانین لەسەر ئەو باسە قووڵ بینەوە، دەکرێ لە داهاتوودا سیمیۆلۆژیای شانۆناسی کتێبی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکەین، بەڵام کتێبێک پێویستی بە ئەزموونی پراکتیکی و بەردەوامی و پشکنینی دەنگ و جەستە و خاسیەتە جیاوازەکان هەیە لە تەواوی ئەزموونەکانی ئەو کتێبەی ئێستا، ئەوەشیان دەبێ بۆ داهاتوو بەجێ بێلین کە ئاخۆ دەتوانین کاری جیاواز بکەین یاخود ئەو کتێبە لێرەدا گەڕانەکانی ڕادەگرێت، ئەگەرچی دڵنیاین لەوەی هیچ ئەزموونکارێک نیە وەستان قبووڵ بکات، بۆیە ئێمەش خەونی ئەوەمان هەیە ئەزموونەکانی داهاتوو پەی بەهەموو ئەو نهێنیە شاراوانە ببات کە تا ئێستا نەمانتوانیووە کەشفیان بکەین.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- التجريبية و تقاليد الكتابة المسرحية/ جوليا سيزار بيروني/ ترجمة: د. سمية مظلوم/ موقع الكاتب العراقي

٢- بصريات الجسد في فضاء الطقس المسرحي/ فاضل سوداني، المهاجر، العدد ٥، السنة الاولى ٢٠٠٥

٣- النص البصري و تداعيات الذاكرة المطلقة لجسد الممثل في مسرح مابعد الحداثة/ د.فاضل سوداني/ العدد ١٣ تشرين الثاني ٢٠٠٤

٤- مەبەست لە شانۆی وێنەیی بە تەنیا ئەزموونی شانۆکارانی عەرەبی نیە، بەڵکو مەبەست لە ئەزموونی شانۆی وێنەیی، ئەو ئەزموونە شانۆییە خۆر ئاواییە، بەر لەهەمویان شانۆی وێنەیی دانیمارکی، ئەگەر چی ئەو شانۆیە بە بەرهەمی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی دەرکەوتبێت، بەڵام بەهۆی گۆڕین و خاسیەت و فراوان کردنی تایبەتمەندیەکانی بووە بە ئەزموونێکی جیاواز، ئەوەی شانۆکارانی عەرەب پێی هەڵدەستن خاڵی نیە لە کاریگەری ئەو ئەزموونە خۆر ئاواییە.

٥- بين ادوارد سعيد و فوكو / سعد محمد رحيم، الموقف الثقافي، العدد ١٧ السنة الثالثة ١٩٩٨، ص٤٩

٦- تفكيك النظم المعرفية/ رامان سلدن، ترجمة: سعيد الغانمي، افاق العربية مايس ١٩٩٢ ص ٧٥

٧- فوكو و غرامشي والانسانوية في كتاب الاستشراق لادوارد سعيد، ترجمة: حاتم عبدالهادي، الزمان العدد ١٣٦٢

٨- ناونیشانی ووتارێکی (مطاع صفدی) ە، کە بۆ پێشەکی دەقە وەرگێردراوە عەرەبیەکەی کتێبی (ئیرادەی مەعریفە) ی فۆکۆ نوسیویەتی.

٩- عالم فوكو/ فرنسوا دوس/ المنار، العدد ٢ شباط ١٩٨٥/ ص ١٤٨

١٠- بۆقسەکردن لەسەر دووفاقی کەسێتی کوردی، لەکتێبێکی تردا بەدرێژی لەسەری وەستاوین، بۆیە لێرەدا ناچینەوە سەری، بەڵام بۆکاتێ پێویست دەکرێ خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە: خودی کوردی لەنێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا/ نیهاد جامی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری روناکبیری هەتاو، هەولێر ٢٠٠٤

١١- بۆیەکەم جار ئاوێنە لەسەدەی شانزەهەم دۆزرایەوە، ئەوکات بەقۆناغی چەکەوە بوو، سەربازەکان سەیری وێنەی خۆیانیان تیا دەکرد.

١٢- حوارات و نصوص/ ميشيل فوكو- جاك دريدا، ترجمة: محمد ميلاد، دار الحوار- الطبعة الاولي ٢٠٠٦/ ص٣٥

١٣- عالم فوكو/ فرنسوا دوس/ المنار، العدد ٢ شباط ١٩٨٥/ ص ١٨١

١٤- مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو/ بيان الكتب/ ٢٨ مايو ٢٠٠١

١٥- هەمان سەرچاوە

١٦- رەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری رووناکبیری هەتاو، کوردستان ٢٠٠٦

١٧- مافلسفة الجسد/ الشاذلي الساكر، مرافىء فلسفية، الطبعة الاولى/ ١٩٩٤

١٨- اسطورة الجسد/ رشيد الحاحي، فكر و نقد العدد ٣٠

١٩- هەمان سەرچاوە

٢٠- دەکری بەر لە پرۆڤەکردن سەر لەنوێ ئەو مەشقانە ئەنجام بدرێنەوە، بەپێی ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە کەسێتی مرۆیی لە ئاستە جیاوازەکان ئەنجامی دەدات، بۆ زیاتر تێگەیشتن و شارەزابوون لەجۆری رەفتارەکان و ناسینی ئاماژەکانی جەستە، بڕوانە کتێبی: لغه الجسم/ محمد عبدالرحمن ابازيد، دار الخليج (عمان) ٢٠٠٤

٢١- فن المايم و البانتومايم/ توماس ليبهارت، ترجمة (بيومي قنديل) الهيئة المصرية العامة للكتاب/ ١٩٩٥/ ص ٤٣

٢٢- هەمان سەرچاوە/ ص١١٢

٢٣- المسرح الاسود التشيكوسلوفاكي/ سليم الجزائري، الاقلام، العدد (١) خاص بالمسرح العالمي، تشرين الاول ١٩٧٩

٢٤- غروتوفسكي و اشكالية صهر المسرحي باللا مسرحي/ عدنان مبارك، موقع مسرحيون

٢٥- پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا/ دانا رەئوف/ دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم (سلێمانی) ٢٠٠٣ لا ١١٩

٢٦- هەمان سەرچاوە، لا ٤٨

٢٧- سەبارەت بە تێڕوانینی دریدا بە شانۆی ئارتۆ لە ووتارێکدا بەناوی (شانۆی توندوتیژیی و سنوری نواندن) دریدا ئەو شانۆیە ناو دەبات بەشانۆیەک لەدژی سێنترالیزمی لۆگۆسی شانۆیەک کە تیایدا رەخنەی ئاراستەی سێنتەر کردووە، دواتر هەوڵ دەدات لەنێوان بەیاننامە شانۆیەکانی ئارتۆ و کتێبی راڤەکردنی خەونی فرۆید قسە لە پەیوەندی نێوان چەمکی نەست و شانۆی توند و تیژی بکات، لەو بارەیەوە بڕوای وایە کە شانۆی توندوتیژی شانۆی خەونە، بەڵام خەونێکی زەحمەت، بۆیە ئەو شانۆیە شانۆیەکی نەستی نیە، بەڵکو شانۆی ئاگاییە، چونکە توندو تیژیی ئاگاییە، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێتەوە بە پەرەگرافێکی ئارتۆ کە دەڵێت" توندو تیژیەک نیە بەبێ ئاگایی، بەبێ جۆرێک لە ئاگایی" بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی تێڕوانینی دریدا بۆ شانۆی ئارتۆ بڕوانە: الكتابه و الاختلاف/ جاك

دریدا، ترجمه: كاظم جهاد، دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى، ١٩٨٨، ص٧٥-١٠١

٢٨- گراماتۆلۆژیا/ نیهاد جامی، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەنگەکان

**٢٩- المسرح و الالهة/ انتوان ارتو، ترجمة(سعيد كريمي) فكر ونقد، العدد/٣٤**

**٣٠- الحساسية الانتروبولوجية بين المسرح الغربي و المسرح المغربي/ حسن يوسف، فكر ونقد العدد/١٥**

٣١- چەمکی قوربانی جەستە لەو حیکایەتە ئایینیە نزیک دەبێتەوە، کاتێ یەزدان فرمان بە حەزرەتی برایم دەکات پەیمانەکەی خۆی بەجێ بگەیەنێت و سمایلی کوڕی بکات بەقوربانی و سەری ببڕێت، نزای فریشتەکانی ئاسمان بۆ خوداوەند دەبێتە هۆی ئەوەی یەزدان بەرانێک بنێرێت تا برایم ئەوە لەشوێنی کوڕەکەی سەرببڕێت، بەو شێوەیەش سرووتی جەژنی قوربان لەدایک دەبێت، بەراوورد کردنی ئەو سرووتە بە جەستەی ئەکتەر دەکرێ تاڕادەیەکی زۆر هاوکاریمان بکات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە.

٣٢- دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی وەرگێرانی(کۆمەڵێک وەرگێڕ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، لا ٨٣

٣٣- هەمان سەرچاوە/ لا ٢٨

**٣٤- الثقافة هي الجسد/ تاداشي سوزوكي، ترجمة (علي كامل) المدي،العدد (٢١) ١٩٩٨ ص١٢٥**

٣٥- بۆ شارەزا بوون لە شانۆی فێمێنیستی بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی خوارەوە: **التفسير والتفكيك والايديولوجيا/ بيتر بروك، تيري ايجلتون، سو.الين كيس و الاخرون، اختيار وتقديم (نهاد صليحه) الهيئه المصريه العامه للكتاب/٢٠٠٠**

**٣٦- سيمياء المسرح و الدراما/ كير ايلام، ترجمة (رئيف كرم) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٢/ ص ٣٤**

٣٧- گوتاری ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا/ دانا ڕەووف، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥/ لا ٨٤

٣٨- شانۆگەری (لە ماڵێکدا) لە نوسینی جاک پریڤەر بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بوو، لەڤیستڤاڵی هونەرمەندانی هەولێر لە ١٩٩٥/١٢/٢١ نمایشکرا و خەڵاتی باشترین نمایش و دەرهێنان و نواندنی ڤیستڤاڵەکەی بردەوە

٣٩- لەڤیستڤاڵە شانۆیی یەکەی هەولێردا/کوردستانی نوێ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە ٣٣

٤٠- ئەم شانۆگەریە بەرهەمی ئەزموونگەی شانۆیی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز بوو، لەچوارچێوەی ڤیستڤاڵی ڕۆژی شانۆی جیهانی لە هەولێر، ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٣١ نمایش کرا

٤١- نیهاد جامی بە ڕێگای هات و نەهاتدا تێ پەڕی/ ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٤٨

٤٢- یۆتۆپیای جەستە لەنێو گوتاری زیندە خەوندا/کاستڕۆ مەجید، رامان



ژمارە(٢٢) ٤٣- هەمان سەرچاوە

**٤٤- المسرح الكوردي/صباح هرمز/ دار ادي شير للنشر/اربيل، ٢٠٠٣،ص٨٦**

٤٥- ئەم نمایشە لە ئێوارەی ١٩-٦-١٩٩٩ لە هۆڵی گەل نمایشکرا

٤٦- شکانی ئاوێنە لەسەفەرەکانی پەشیمانیدا/ زیاد کەریم، پاشکۆی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٣٢، ١٩٩٩/٦/٣٠

٤٧- سەفەرەکانی پەشیمانی لەنێوان سوریالی بوون و هەوڵی نەزۆکانە/ سمکۆ محەمەد، ڕێگا، پاشکۆی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٣٥) ١٩٩٩/٨/١٣

٤٨- ڕووە لەیەکچووەکانی سەفەرەکانی پەشیمانی و بازنەی وەهم/ زیرەک عەبدوڵڵا/ میدیا ژمارە (٤٨) ١٩٩٩/٧/١٥

٤٩- هەمان سەرچاوە

٥٠- سەفەرەکانی پەشیمانی لەنێوان ڕەهایی و دەسەڵاتی نمایشدا/ کاستڕۆ مەجید، رامان ژمارە (٤٠) لا ٢٧٧

٥١- شانۆگەری عەبا لەنوسینی فەلاح شاکر و یوسف ئەلسائیغ، لەئێوارەی ٢٠٠٠/٢/٩ لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری (هەولێر) نمایشکرا

٥٢- خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژی بۆ نمایشی عەبا/ ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، رامان ژمارە (٤٦)

٥٣- عەبا .. تارمایی کلتور/ دیار عەزیز شەریف، کاروان ژمارە(١٤٣) لا١٤٠

٥٤- ڤیستڤاڵێکی شانۆیی و چەند تێڕوانینێکی سەر پێی/ حەیدەر عەبدولڕەحمان، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٦٧)

٥٥- هەمان سەرچاوە

٥٦- شانۆی کوردی لەنێوان دوو نەوەدا/ حەیدەر عەبدولڕەحمان، رامان ژمارە (٥٨) لا٢٠

٥٧- خوێندنەوەی ئاماژە و بە ڕەمز بوونی خەون/ سمکۆ محەمەد کاروان ژمارە (١٤٣) لا ١٣٦

٥٨- ڤیستڤاڵی شانۆی لاوان/ کاستڕۆ مەجید، رامان ژمارە (٤٥) لا٢٧١

٥٩- کۆڕەکە لە ٢/١١/ ٢٠٠٠ لە باڵەخانەی بەڕێوبەرایەتی سینەما و شانۆ سازکرا

٦٠- بانتۆمایم و زمانی جەستەی ئەکتەر/ موحسین محەمەد میدیا/ ژمارە (٦٩) ٢٠٠٠/٧/١

٦١ - پانۆرامای شانۆ لە گۆڤاری رامان-دا/ موحسین محەمەد رامان ژمارە (٧١) لا ١٥٦

٦٢- ئەم شانۆگەریە بەرهەمی (بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ) بوو، لە ئێوارەی ٢٠٠٥/٣/٢٨ لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری (هەولێر) نمایشکرا

٦٣- هونەری نوێ، ژمارە (٤) مایسی ٢٠٠٥

٦٤- پڕۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، بەرهەمی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک) بوو لە ئێوارەی ٢٠٠٦/٣/١٦ لەسەر پەیژەکانی قشلەی کەرکوک نمایشکرا.

٦٥- پڕۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ/ رامیار، هەولێر پۆست، ژمارە

(٣١) ١٩ی ئاداری ٢٠٠٦

٦٦- شانۆگەری "خاچ" بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک بوو ئێوارەی ٢٠٠٦/٧/٢٤ لە هۆڵی ئەزموونگەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک نمایش کرا.

٦٧- کاتێک مرۆڤ لە خاچ دەدرێت/ بەختیار محەمەد
ڕۆژنامەی شەپۆل، ژمارە ٣، ئابی ٢٠٠٦

٦٨- شانۆگەری (سەگ و دەف) بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک بوو ئێوارەی ٢٠٠٧/٢/٢٢ لەڕێکخراوی هونەرمەندان لە کەرکوک نمایشکرا.

٦٩- پرۆژەیەکی ئەزموونکاری لە شانۆی پاش تازەگەریدا/ فریاد ئەحمەد، شانۆکار ژمارە (١)

٧٠- شانۆگەری (زولێخا لەخەونی یوسفدا) بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک بوو ئێوارەی ٢٠٠٧/٣/٢٨ لە قەیسەری قەڵای کەرکوک نمایشکرا

٧١- ئەزموونی شانۆیی (هاملێتی کەرکوک) بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک ئێوارەی ٢٠٠٧/٦/١٣ لەیەکێک لە خانوەکانی قەڵا نمایشکرا.

٧٢- شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک تەکانێک بە بزووتنەوەی شانۆیی دەدات/ خاک جەواد، کوردستان راپۆرت، ژمارە (٢٤٦) ٢٠٠٧/٧/١١ لا١٣

٧٣- هەمان سەرچاوە

٧٤- هەمان سەرچاوە

٧٥- سەبارەت بەشەڕی کولتوری شانۆکاران لە کەرکوک بڕوانە ووتاری (شانۆکاری کەرکوک و یۆتۆپیای ڕابردوو/ نیهاد جامی، شانۆکار ژمارە (٢)

٧٦- کەرکوکیەکان (هاملێت) یان بەگۆڕستان سپارد/ هەواڵ ژمارە (٢٣٤) لا ١٠

٧٧- نیهاد جامی: ئەوە شانۆکارە تەمبەڵەکانن دەیانەوێ پلانێکی سەرکاغەز بە ئەنجام بگەیەنن، سازدانی: سۆران مامە حەمە، کوردستان راپۆرت، ژمارە (٢٤٢)

٧٨- هەمان سەرچاوە

## فەهرەست

دەسپێک ..... ٥
دەروازەیەکی تیۆریی ..... ٧
لە پراکتیکەوە بۆ خوێندنەوە ..... ١٢
ئەرکیۆلۆژیای جەستە و سەرکوتکردنی لە کۆمەڵگای کوردیدا ..... ١٥
ئامادەبوونی جەستە لە شانۆدا ..... ٤٤
جەستە لە شانۆی ئەزموونگەریدا ..... ٤٨
خاسیەتەکانی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی ..... ٥١
ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ..... ٥٧
سۆسیۆلۆژیای شانۆ ..... ٦٠
فێمێنیزم و شانۆ ..... ٦٣
پرۆژەیەکی ئەزموونکاری کوردیی لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتیدا ..... ٦٥
مانیفێستی خەونی سرووت ئامێز ..... ٧٦
شانۆی بینین ..... ٨١
مانیفێستی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ..... ٨٩
سۆسیۆلۆژیای شانۆ میتۆدی: دەنگ میتا حیکایەت ..... ٩٥
دەقی یادەوەری لەیادکراو ..... ٩٩
جستەی کولتوری ..... ١٠١
ددەنگ یادەوەری جەستە ..... ١٠٣
دارشتنەوەی پانتایی ..... ١٠٧
شانۆناسی و کولتور ..... ١١٠
لەنێوان ئەتمۆسفێر و ڕیتوال ..... ١٢٣
بنیاتی کولتوری لە بیناسازی شوێندا ..... ١٢٦
پەراوێز و سەرچاوەکان ..... ١٣١